د. محەمەد عابد جابری

# ئایین و دەوڵەت و پیادەکردنی شەریعەت

**وەرگێڕانی**

**فوئاد سدیق**

کوردستان- هەولێر

٢٠٠٦


**ناوی کتێب: ئایین و دەوڵەت و پیادەکردنی شەریعەت**

- نووسینی: محەمەد د. عابد جابری
- وەرگێڕانی: فوئاد سدیق
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ:محەمەد قادر
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: ١٠٩
- بەرگی یەکەم
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار

زنجیرەی کتێب –٥٤– (١٥٧)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن : 2260311**

www.mukiryani.com

# ناوەڕۆک


پێشەکی .............................................. ٥

**بەشی یەکەم**

پرسی ئایین و دەوڵەت .............................................. ٥١

١- ئایین و دەوڵەت لە مەرجەعییەتی کولتووریدا .............................. ٥٣

أ- پرسی جێبەجێکردنی ئەحکامەکان .............................. ٥٣

ب- (خەلافەت)و تەرازووی هێزەکان .............................. ٥٩

ج- (خەلافەت) کەلەبەرە دەستوورییەکان: .............................. ٦٥

د- ئایدیۆلۆژیای سوڵتانیو رەوشتی ئیسلامی: .............................. ٧٤

٢- ئایین و دەوڵەت لە مەرجەعییەتی رێنیسانسیدا: .............................. ٨٢

أ- زەرووڕەتی خۆپاراستن لە گشتاندنی گرفتەکانی دەوڵەتێکی عارەبی بەسەر دەوڵەتەکانی دیکەدا: .. ٨٢

ب- تیرەگەرییو دیموکراسی: .............................. ٨٨

ت- لەبری (عەلمانییەت): دیموکراتییەتو ئەقلاتییەت .............................. ٩٤

٣- ئایینو سیاسەتو شەڕی ناوخۆ: .............................. ١٠٠

**بەشی دووەم**

پرسی پەیڕەوکردنی شەریعەت .............................. ١٠٧

سەحوە و نوێخوازی .............................. ١٠٩

٢- رابردووخوازی (السلفیە)... یان تاقیکردنەوەی مێژوویی نەتەوە .............................. ١١٦

٣- توندڕەویی ..... بەلای راستو چەپدا: .............................. ١٢٤

٤- توندڕەوی لەنێوان باوەڕو شەریعەتدا: .............................. ١٣٩

٥- لەپێناو کۆششکارییەکی هاوشانی بەردەوام: .............................. ١٣٥

٦- بەجێیەتی (معقولیە) حوکمەکانی شەرعی: .............................. ١٤٣

٧- حوکمەکانو... سووڕانەوە: .............................. ١٥١

٨- هەموو سەردەمێك پێویستی تایبەتی خۆی هەیە: .............................. ١٥٧

٩- خۆتان لەو رادە شەرعییانە (حدود)انە بپارێزن کە بۆنی گومانیان لێدێ: .............................. ١٦٣

١٠- دەربارەی (پەیڕەوکردنی تەواوی شەریعەت): .............................. ١٦٩

# پێشەکی

## (١)

لەم چەند ساڵانەی دواییدا قسەی زۆر سەبارەت بە «ئایین و دەوڵەت» لە ئیسلامو هەروەها لەسەر «پەیڕەوکردنی شەریعەت» دەکرێت، هەربۆیەش تێبینی ئەوەمان کردووە زۆربەی ئەو بڵاوکراوەو وتارانەی بەرچاومان کەوتوون کە لەم بابەتە دەدوێن، چ لەم گۆشەنیگایەوە بێ یا ئەوی دیکەیانو، چ بەم پاڵنەرەوە بن یا ئەوی دیکەیان، ئاکارێکی دەمەتەقێئامێزی ئاشکرا یا شاراوە بە خۆوە دەگرن.

وتاری دەمەتەقێئامێزیش کە دەخوازێ بەر لە هەر شتێك رای نەیاران ببەزێنێ، خۆی وتاری وەڵامدانەوەو وەڵامدانەوەی بەرامبەرە، دواتریش هیچ زانیارییەك نادات‌و هیچ راستییەکیش ناسەلمێنێ.

هەندێ نووسەر هەن هەوڵدەدەن لە دەمەتەقێی راستوخۆوە تێپەڕنە جۆرە تۆژینەوەیەك لە چەشنی «تێڕوانینێکی تازە» یا بە واتایەکی دیکە »خوێندنەوەیەکی هاوسەردەمانە« ئەوانەش بەزۆری بۆ ئەمە یا لەچەند گریمانەیەکی داڕێژراودا هەنگاو دەنێن بێ ئەوەی پشت بەهیچ کام لە دەقە ئایینییەکان یاخود ئەزموونە مێژووییەکەی عەرەبی ئیسلامی ببەستن، یان بە لێکدانەوەی هەندێ دەقەکانەوە کە پتر لە بارگەی خۆی لێکدانەوەی لێ بار دەکەن.

ئەم جۆرە دەمەتەقێو «خوێندنەوانەش» بەزۆری فەرامۆشی جیاکردنەوەی نێوان زانست و ئایدیۆلۆژیاو نێوان ئەوانەی راستی مێژووین و ئەوانەی تەنها ئارەزوو حەزی خودن-رەنگە هەندێ جاریش بە ئەنقەست ئەم تێکەڵییە بکەن-ئەمەشیان چ لە خودی وتارەکە خۆیو چ لەسەر ئەو وتارەی لێیەوە یا لەبارەیەوە دەدوێت، کە وتاری راڕەو و تاقمو خودان «وتاران» و کۆششکارانن، چ ئەوانەی پێشوو چ ئەوانەی سەردەم.



بەڕای ئێمە ئەوە هەڵەیەکی میتۆدیی ترسناکە، چونکە »ئایین و دەوڵەت« و «پەیڕەوکردنی شەریعەت» لەو بابەتانەن کە دەکەونە ژێر کاریگەرێتی سیاسەت‌و ملکەچیش دەبن بۆ لۆژیك و پێویستیەکانیان. بەڵکو دەکرێ بگوترێ زۆربەی ئەو رێچکانەی تۆژەرە هاوچەرخەکان پشتی پێ دەبەستن لە سەرەتاوە بەکاریگەری هەلومەرجە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە ئاراستەکراون، خۆئەگەر خودی تۆژەرە هاوچەرخەکەش خۆی خودان مەیلی سیاسی بووبێ و ویستبێتی بیسەپێنێ، ئەوا ئەوکاتە راستییەکە لە نێوان تێکهەڵکێشی سیاسەتی رابردوو و رێ ونەکانی سیاسەتی ئەمڕۆ ون دەبێت. ئەوەی دەمانەوێ لەم چەند تێبینییە خێرایەدا کورت و پوختی بکەینەوە، جەختکردنەوەیە لەسەر زەرورەتی بونیادنانی رێچکەیەك کە راستگۆتربێ لەرێچکە مەزهەبیەکانی پێشتر، مەبەستم ئەوانەیە کە لەبنەڕەتدا وەکو بیروبۆچوونێك سەریانهەڵداوە و مەبەستیان پشتگیریکردنی هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراوبووە.

ئەو رێچکە رەسەنەش کە پێش هەموو رێچکەکان، لەئەزموونی مێژوویی عەرەبی ئیسلامی هەبووە، بریتی بووە لەکاری یاوەران (الصحابة) لە سەردەمی «خولەفای راشیدین»، ئەوەش چونکە دەقی قورئان و سوننەت یاساڕێژی کاروباری حوکمڕانیو سیاسەت ناکەنو ئەوەندە بەلای پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەتدا ناچن بەهەمان ئەو وردەکاری و روونکردنەوانەی باس لە مەسەلەکانی وەکو میرات و هاوسەرێتی-وەك نموونە-دەکرا.

بۆیە رێچکەی بنەڕەتی، گەر نەڵێین تاکە رێچکەیە، لە بواری پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت و مەسەلەی جێبەجێکردنی شەریعەت، ئەوە کاری یاوەرانە(الصحابة).

چونکە ئەوان پەیڕەوی سیاسەتیان کرد و بناغەی دەوڵەتیان دامەزراند و شەریعەتیان جێبەجێ کرد لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی رەسەن بۆ گیانی ئیسلام

بەر لە هەموو جۆرە تێگەیشتنێکی دیکە کە لە چوارچێوەی ململانێ و جیاوازی و ناکۆکییەکاندا سەریانهەڵدا کە مێژووی ئیسلام هەر لە ناکۆکیی نێوان عەلیو موعاویەوە پێیەوە ناسراوە .

دەگوترێ کە سەردەمی خولەفای راشیدین بەهەمان شێوە ناکۆکی سیاسی و بیروڕای جیاوازی بەخۆوە دیوە. ئەوەش راستە، ئەوەتا ناکۆکی و جیاوازی بیروڕاکانیان و شێوازی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان، فاکتەری بنچینەیین بۆ ئەوەی لێرە بە «کاری یاوەران» ناوی ببەین، چونکە هیچ کارێك بەبێ ناکۆکی و جیاوازی نابێت.

پشت بەستن بەکاری یاوەران لەسەردەمی «خولەفای راشیدین»یش وەکو مەرجەعییەتێکی بنەڕەتی یان تاکە ڕێچکە(لە کاتی پێویست)مانای داننان نییە بە هەڵە یان لادان لە هەموو ڕێچکەکانی دیکە کە لە لایەن رەهبەر (ئیمام)ی زیرەك و خاوەن پلەی بەرزی زانستی و پاکی و بابەتییەوە بونیادنراون. نەخێر بەڵکو دەبێت سەیری ئەو خەڵکانە بکەین کە توانیویانە چەند ڕێچکەیەك بۆ سەردەمەکانیان دابڕێژن و وەڵامی هەموو پێشهاتەکانی پێبدەنەوە کە لەو سەردەمەدا دەخرانەڕوو، لەلایەکی دیکەش ڕێکخستنی (ئیجتیهاد) و دانانی پڕەنسیپەکانی. چونکە سەردەمی ئێمە جیاوازی زۆری لەگەڵ سەردەمەکانی رابردوو و هەیە بەو پێیەش لە کۆمەڵێك کێشەو پێشهاتیش دێنە پێشەوە بەجۆرێك کە هەرگیز بە خەیاڵی دانەرانی پرەنسیپ و بنەماکانی بەرهەمهێنانی زانستی «فیقهی»دا نەدەهاتنەوە، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەت کە بەر لە دەرکەوتنی ناکۆکی و سەرهەڵدانی مەزهەب و تاقمەکان، کراوە و دوور بووە لە بەشبەشی، واتە وەك چۆن لەسەردەمی «خولەفای راشیدین»دا بووە.

ئەوەتا ڕێساو بنەچەکانی ئەم موجتەهیدانە بۆ ڕێکخستنی ئیجتیهاد لەسەردەمی



خۆیاندا ئامرازی سوودبەخش و لەوانەیە پێویستیش بووبن بۆ:

یەکەم: بەرهەمهێنانی زانستی فیقهی (فیقهی ئایین و فیقهی سیاسەت).

دووەم: بۆ پەرژینکردنی ئەم زانستە بەچەند بەرزەفتێك بۆ پاراستنی لە ئاژاوە و حەز و ئارەزووەکان، بەڵام ئایا دەکرێت هەمیشە ئەو یاسا و ڕێسایانە بە پێویست وگرنگ و سوودمەند دابنرێن؟

ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە زانست ڕێکدەخەن، وەکو یاسا مەنهەجییەکان بەشێوەیەکی گشتی تەنها بریتین لەچەند ئامرازێك، ئەگەر ئەو ئامرازانەش لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و زانیاری پێش نەکەون و نەگەنە ئاستی پێشکەوتنی ئەو بابەتەی کە ئامرازێکە بۆ گەیشتن پێی، ئەوە ئەو کاتە «ئامرازەکان» دەبن بەکۆتو بەند لە پێناوی سڕکردنی زانست لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سەپاندنی لاساییکردنەوە و کوشتنی گیانی هەوڵ و کۆشش.

با نموونەیەك بۆ قسەکەمان وەرگرین، عەیامێکە بەزۆری دوو ڕێسا لەسەر زارانن: ئەو ڕێسایەی کە دەڵێ «پەند لە گشتی وشەکانە نەك تایبەتمەندی هۆکارەکە» ئەوەی دیکەش کە بڕیاری (ئەحکامەکان لەگەڵ هۆکارەکانیان دەخولێنەوە نەوەك لەگەڵ حوکمەکانیان) ئەم دوو ڕێسایە میتۆدکراوانە لەدانانی شەرعزانەکان (فیقهناسەکان)و خودان رەچەڵەك (ئوسوولیەکان)ن، ئێمە نامانەوێ بە دوورو درێژی تانەیان لێبدەین، بەڵام دەمانەوێ وایان دابنێین کە خۆیان ئەوەن کە لە راستیدا هەروان، سەر بەو بەرنامەیەن کە موجتەهید بۆ خۆی دایناوە و بەشێك نین لە ئایین، میتۆد بۆخۆی ڕێگایەکە تۆژەر یا موجتەهید هەڵیدەبژێرێ. هەندێ کۆششکاریش هەن، لەوانەی میتۆدێکیان بۆ بەرهەمهێنانی زانستی فیقهی هەڵبژاردووە، کە ئەسڵەن دان بەم دوو ڕێسایە دانانێن. یاوەرانیش بەهیچ ڕێسایەکی لەم چەشنە پابەند نەبوون، ئەم جۆرە زاراوانەش لەسەردەمی ئەواندا ناسراو نەبوون.

جا کەوابوو چەمکی تایبەت و گشتیو جیاکاری نێوان هۆو «پەند»...تاد، چەمك و بۆچوونی «لۆجیکین» و رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی لەم چەمکانەی نەناسیون مەگەر لە سەرەتای سەردەمی تۆمارکردنەوە (التدوین) نەبووبێ، کە سەردەمی عەباسییەکانی بەراییە. راستە تۆژەر دەتوانێ رێ بەدی گوزارشتێك لەم رێسایە یا ئەوی دیکەیان لەکار و کردەوەی یاوەراندا بکات، بەڵام راستیشە یاوەران هەمیشە پابەند نەبوونە، نە بەم رێسایەو نە بەئەوی دیکەیان، بەڵکو ئەو تاکە رێبازەی هەمیشە رەچاویان کردبێ تەنها بەرژەوەندی بووە و هیچی دیکە. بەم پێیە زۆر جار دەبینین بەگوێرەی بەرژەوەندیی هەڵسوکەوتیان کردووە، بێ گوێدانە هەر دەقێك ئەگەرچی روون و رەوانو لاکەرەوەش بێت. کەواتە باردودۆخە تایبەتیەکانو ئەوجۆرە دواخستنەی دەقیان دەخواست. ئەوەش دواتر روون دەکەینەوە.

سەردەمی ئەمڕۆشمان پێویستی و سەرقاڵی تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ ئەوانەی سەپابوونە نێو بەرنامە و رێساکانی فیقهناس و خودان رەچەڵەکەکان (ئوسولییەکان) جیاوازە. چارەسەرکردنی سەرقاڵییو کێشەکانی ئەو سەردەمەشمان پێویستی بەوەلانانی ئەو کۆتو بەندە مەنهەجییانە هەیە کە لە رابردوودا بووبوونە مایەی بەستنەوەی زانستی ئایینی، مەبەستم ئەوەیە دەبێت بەشێنەیی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێتو لەگۆشەنیگای رێژەییو لە روانگەی مێژووییەوە سەیریان بکرێ. ئەگەر لێرەشەوە داوای دانانی کۆششو مەزهەبە رابردووەکانمان کردبێ لەنێوان دوو کەوانەوە و گەڕانەوەی راستەوخۆش بۆ (کاری یاوەران)، لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو بابەتەی چارەسەری دەکەین، بابەتێکی خاوەن سروشتی ئایینییە و لەئایینیشدا دەبێت بگەڕێینەوە سەر بنەچە، لەلایەکی دیکەوە (کاری یاوەران) لەو بوارەی باسی لێوەدەکەین، رێژەیی و تێڕاونینی مێژوویی پێوەدیاربووە، ئەمەش وایکردووە ئەو کارانەیان زیاترکراوە بووبێو زەمینەش لەبەردەم کرانەوەی دەرگای نوێخوازیو ئیجتیهاد خۆشتر بووبێ، ئەمەش لەمیانەی ئەو نموونانەدا دەردەکەوێت کە لە



داهاتوودا باسیان لێوەدەکەین.

سەبارەت بەپێویستی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی رێچکەی فیقهی بە پشت بەستن بە کردەوەکانی یاوەرانەوە دواین. پێویستە پێش هەر هەنگاوێکیش کە لەم پێناوەدا دەینێین، ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئێمە مەبەستمان لە «کردەوەکانی یاوەران» تێکڕای هەڵسوکەوتە سیاسی و تەشریعییەکانە،کردار و گوتاریان بێ. کەوابێ پرسەکە پەیوەندی بە ئەزموونێکی مێژوویی هەیە کە لە رابردوودا چوارچێوەکراوە، وەك ئەزموونەکانی دیکە، بە دەستکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانەوە کە ئەو سەردەمە کۆڵەگەی مێژووو کۆمەڵگە بوون. کەواتە با دەست بکەین بە بەرزکردنەوەی ئەو دەستکەوتانە، واتە راستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە کە خەرمانەیان بە دەوری بابەتی «ئایین و دەوڵەت»دا کردبوو. دوای ئەوەش دەگەڕێینەوە بۆ بابەتی «پیادەکردنی شەریعەت». راستیەکانیش ئەمانەن:-

**یەکەم:** عەرەب لەکاتی پێغەمبەربوونی محەمەد (د.خ)دا نە پادشاو نە دەوڵەتیان نەبوو، سیستەمی سیاسی-کۆمەڵایەتیی لە مەککە و مەدینە، سیستەمێکی کۆمەڵیی عەشیرەتگەری بووە و نەگەیشتۆتە ئاستی «دەوڵەت»، کە کۆڵەگەکەی زەوییەکی خودان سنوورێکی دیاریکراوە و کۆمەڵێ خەڵکی نیشتەجێی ئەو خاکەیە و دەسەڵاتێکی ناوەندی نوێنەرایەتی کردوون بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵەکە، بەپێی ژمارەیەك یاسا و نەریت بە بەکارهێنانی توندوتیژیش لەکاتی پێویست، توندوتیژییەك کە بەناوی گشت و بۆ بەرژەوەندی گشتی داپڕکرابێ. عەرەبی جەزیرەش بەر لە پەیدابوونی ئیسلام هاوشێوەی ئەو دەسەڵاتەیان نە لە گوندەکان و نە لە دەرەوەشیدا نەبووە. ئەمەشیان ناوەرۆکی کۆڵەواری (الجاهلیة)یە، ئەمەش ئیسلام ناوی نا (جاهیلیەت) کە مەبەستی ژیانی عەرەبە پێش سەرهەڵدانی محەمەد. ئەمەش تەنها بەمانای نەزانی نایەت، بەڵکو تەواوی بارە یاوەر و

هاوبەندەکەشی دەگرێتە، بەتایبەتیش پابەند نەبوونیان بە یاسا یاخود سیستەم و پەیڕەوێك و نەبوونی تیڕوانینێکی هەمەلایەن کە بەرژەوەندی گشتیی بەر لەهەر بەرژەوەندییەکان رەچاو بکات.

**دووەم:** کە لەگەڵ بە پێغەمبەر بوونی محەمەد (د.خ) موسوڵمانان دەستیان بە پیادەکردنی ئایینێکی تازەکردووە، نەك تەنیا وەکو هەڵوێستێکی تاکرەوانە بەرامبەر بە خودای پەروەردگار، بەڵکو وەکو رەفتارێکی کۆمەڵایەتی رێکخراو، ئەم رەفتارەش لەگەڵ پەرەسەندنی بانگەشەی پێغەمبەر(الدعوة المحمدية) (د.خ)، فراوانی و رێکخستنی زیاتری بەخۆیەوە دیتو، تا لە دوای کۆچکردنی بۆ مەدینە گەیشتە ترۆپکی رێکخستن.

لەگەڵ ئەوەش کە پێغەمبەر (د.خ) بە کردەنی سەرۆك و پێشەوا و رابەری کۆمەڵی ئیسلامی بووە، چەند جارێك و بەردەوامیش ئەوەی رەتکردۆتەوە کە بە پادشا یا بە سەرۆك دەوڵەت ناوی ببردرێ و بناسرێ. بەڵکو خۆی بە پێغەمبەر زانیوە و موسوڵمانانیش هەروا بەنێردراو و پێغەمبەریان ناسیوە وەك قورئانیش وەها باسی کردووە.

پێغەمبەریش(د.خ) چەندین جار بەشداری لەشەڕدا کردووە و پێشڕەویی شاڵاوەکانی کردووە و کاروباری کۆمەڵەکەی رێکخستووە و شەونخوونی بۆ یەکبوونی کردووە و قاسید و شاندی ناردوون و کار هەڵسوڕێنەرانی دامەزراندوون و... تاد. هەموو ئەو ئەرکانەشی وەکو پێشەوایەکی سیاسی یاخود فەرماندەیەکی عەسکەری (سوپایی) ئەنجام نەداوە، بەڵکو بەو پێیەی خاوەن پەیامێك و بڵاوکەرەوەی ئایینێکی تازەیە. جیاوازیش لە نێوان هەردوو باردا ئەوەیە کە پێشەوای سیاسی و سەرکردەی سەربازی تەنها گرنگی بە کاروباری دونیایی دەدەن و ، کاروباری حوکمڕانی و سیاسەت و ئەوانەش کە پەیوەندییان بەم بوارەوە هەیە لە لایەنی ئابووری و



کۆمەلایەتی و کولتووری کە ئەرکی بەجێ گەیاندنیان بە بوونی مرۆییەوە بەندە لەم جیهانەماندا. بەڵام پێغەمبەری نێردراو گرنگیدان و بانگکردنەکەی بەچارەنووسەوە بەندە، لەدوای ئەم دونیایەوە، بەحاڵی دوارۆژ و زیندووبوونەوەیە. جیا لەوانەش ئەوەی پەرەسەندنی بانگکردن بۆ لای خوا و کار و کردەوە بە رۆژی دوایی لەمەڕ رێکخستنی کاروباری دونیا بیخوازێ، چ لە بابەت خواپەرستیو سەوداکارییەوە بێ، یا لە بارەی جیهادو کۆشش لە رێی خوداو، چ لەبارەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئایین و نەتەوەکانی دیکەدا بێ، ئەوانەیان هیچیان بۆ خودی خۆی (د.خ) مەبەست نەبوونە، بەڵکو هەرهەمووی لەپێناوی ئایین و بڵاوکردنەوەی و داکۆکی لێکردنی بووە.

**سێیەم:** ئەو پەرەسەندنەی بانگی محەمەد (د.خ) لە رووی رێکخستنی کاروباری دونیا، دونیای پێغەمبەر (د.خ)و یاوەرانی، لەگەڵ بە کۆتا گەیشتنی بانگێشتەکە، گەیشتە رادەیەك لە فراوانی و پتەوی و هاوبەندی، کە یاوەرانی پێغەمبەر (د.خ) و ئەوانەی نزیکترین کەس بوون لێی هەست بەوە بکەن دابڕانی پێغەمبەر (د.خ)، دەبێتە مایەی دروستبوونی بۆشاییەکی دامەزراوەیی، چونکە ئەوەتا وا بانگێشتەکە بە ئاکامی دروستبوونی دەوڵەتێك یا شتێکی لەم بابەتەوە گەیشتووە. ئەگەر ئایینیش سروشێك بێت لەلایەن خواوە، کەس ناتوانێ لە پێغەمبەرەوە (د.خ) وەریبگرێت، یاخود لەدوای ئەودا بۆی بمێنێتەوە، بۆیە رێکخستنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی بانگێشتەکە(الدعوة)و بڵاوبوونەوەی پەرەیان سەندبوو، پێویستی بە کەسێك دەبێت کە لە دوای مردنی(وەفاتی)پێغەمبەر سەرپەرشتییان بکاو بەڕێوەیان بەرێ و شەونخوونی بەدیار چاك بەڕێوەبردنیان بکات. ئەم رێکخستنە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەش، هیچ ناوێکی سیاسی نەبوو، لەوەشدا پێغەمبەر (د.خ) ئەوەی رەتکردەوە کە بە پادشا (الملك) ناو ببردرێ لە(فەرهەنگی) زمانی عەرەبیشدا جگە لە زاراوەی

پادشا(الملك) زاراوەیەكی دیكە بۆ سەرۆكایەتی سیاسی نەبووە، ئەو زاراوەیەش لە ئیسلامدا رەتكراوەتەوە و سەركۆنەكراوە، بەو پێیەی كە (پادشا-الملك-)ی تاك هەر خودایە، بۆیە یاوەران لەجیاتی بە مانای پادشا وشەی (الامر)یان بەكاربردووە.

بۆیە بڕگەی (كێ ئەو كارە دەگرێتە دەست- من سیتولی هذا الامر-) مانای ئەو بڕگەیە دەبەخشێت كە لە سەردەمی ئێستادا بەكاردەهێندرێ «كێ سەرۆكایەتی دەوڵەت دەكات»، هەروەك بڕگەی «هیچی بەسەر ئەم كارەوە نیە» لەو بوارەوە مانای ئەوە دەبەخشێ (مافی لە پاشایەتی و سەرۆكایەتی نییە). ئاشكراشە ئەو ناوزەدكردنە لەشێوەی ناوزەدكردنی شتێكە بەپیشەكەیەوە: ئەركی سەرۆكی دەوڵەتیش دەركردنی بڕیارە (یان بڕیارەكانە).

وتمان پێش وەفاتی پێغەمبەر (د.خ) هەستێكی گشتی لەنێو یاوەراندا هەبوو سەبارەت بەپێویستی ئەوەی (كێ ئەم كارە دەگرێتە دەست) لەدوای پێغەمبەر (د.خ)، لەوبارەشەوە مێژوونووسە كۆنەكان باس لەوە دەكەن كە«عەباس»ی مامی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ عەلی كوڕی ئەبی تالیب باسیان لەو مەسەلەیە كردووە لەو كاتەی كە پێغەمبەر بۆ دواجار نەخۆش كەوتووەو پێی گوتووە «بڕۆ بۆلای پێغەمبەرو لێی بپرسە ئەگەر فەرمان بۆ ئێمەیە با پێمان بڵێت و دیارمان بكات، خۆ ئەگەر بۆ ئێمەش نیە با كەسێكی چاكمان بۆ رابسپێری». دەگێڕنەوە گوایا عەلی ئەوەی رەتكردۆتەوە، چونكە لەوە ترساوە كە رەنگە ئەگەر ئەو ئەم پرسیارە لە «پێغەمبەر» بكات ئاكامی خراپی هەبێ، ئەو كاتەش هاشمییەكان تا سەر لەم خەلافەتە بێ بەش دەبن.

ئەم رووداوەش بەڵگەیەكی روونە لەوەی كە یاوەران هەستیان كردبوو بانگێشتی محەمەد (د.خ) بەراستی بە ئاراستەی دەوڵەتەوە پەرەی سەندووە.

**چوارەم:** ئەو قورئانەی چەندین جار بە روونی باسی لە (نەتەوە) كردووە، نەتەوەی



ئیسلام و موسوڵمانان و فەرموویەتی (كنتم خير امة اخرجت للناس[1]) هەوڵی خۆدوورخستنەوەی داوە لەباسكردنی سیستەمی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری كە لە دەوڵەتێكی تایبەت بەم نەتەوەیە خۆدەنوێنێ.

بە ڕاستیش، قورئان یاسا و سنووری داناوە و حەڵاڵ و حەرامی دیاریكردووەو ئەرك و فەرزەكانیشی دەستنیشانكردوون، هەندێكیان مرۆڤ خۆی بە تەنیا بەجێیان دەهێنێ و ئەوانی دی بەكۆمەڵ و هەندێكی دیكەش لە پێناوی جێبەجێكردنیان پێویستی بە كەسێك هەیە كە ئەو كارە بگرێتەدەست.

قورئانیش بە روونی داوای لە موسوڵمانان كردووە كە گوێڕایەڵی ئەوان بكەن «يا ايها الذين آمنوا اطيعوا الله واطيعوا الرسول واولي الامر منكم[2]» (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەر و فەرمان بە دەستانی خۆتان بن). هەروەها قورئان سەركۆنەی ستەم و خۆبەزلزانینی كردووە و ستایشی مەشوورەتكردن(گفتوگۆ)و چاكەو دادوەری و...تاد كردووە. بەڵام باسی ئەوەی نەكردووە كە نەتەوەی ئیسلام پێویستە لەگەڵیدا (پادشا)ی ئیسلام یا «دەوڵەت»ی ئیسلامییان هەبێ، یاخود كێ ببێ بە جێنشینی پێغەمبەر لە بەڕێوەبردنی كاروباری ئەم نەتەوەیە، یاخود تەنها كە پێویست بێ كەسێكیش بۆ ئەم مەبەستە شوێنی بگرێتەوە. بەڵكو مەسەلەكەی بۆ موسوڵمانان جێهێشت وەك ئەوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەست بێ بەفەرموودەكەی پێغەمبەرەوە (د.خ) كە دەفەرموێ: «انتم أدرى بشؤون دنياكم» (ئێوە ئاگادارترن بەكاروباری دونیای خۆتان).

یەكەم دەستپێشخەریش كە مێژووناسان لەم بوارەدا باسیان لێوە كردبێ ئەوەبووە كە لە ئیبن عەبباسی مامی پێغەمبەرەوە (د.خ) دەیگێڕنەوە كاتێ پێغەمبەر لەسەرەمەرگ بووە، كە بە عەلی كوڕی ئەبی تالیب دەڵێ «دەستت بێنە بەیعەتت پێ بدەم (دەنگت پێ بدەم) تا بڵێن :مامی پێغەمبەری خودا بەیعەتی بە ئامۆزای

پێغەمبەری خودا دا، ئیتر خەڵکی خۆشتان(اهل البیت)بەیعەتت پێ دەدەن، جا ئەگەر فەرمانەکەش وابێ ئیتر قسە نابێت»، «عەلی»ش لە وەڵامدا دەڵێت «بۆ کێ هەیە لە ئێمە زیاتر خوازیاری ئەم فەرمانە بێ؟». دیسان سەربردەکە دەڵێ عەبباس پێشتر پرسیاری لە ئەبوبەکرو عومەر کردبوو کە ئاخۆ پێغەمبەر چ راسپاردەیەکی کردووە، ئەوانیش (ئەبو بەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتاب) بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. هەر چۆنێك بێت کە ئاخۆ ئەم سەربردەیە راستە یان نا، ئەوەی لەمێژوودا چەسپاوە ئەوەیە کە ئەنسار دەستپێشخەرییان کردووەو لە کەپرەکەی بەنی ساعیدە کۆبوونەتەوە تا لەنێو خۆیانا یەکێك هەڵبژێرن تا (*ئەم فەرمانە بەڕێوە ببا*) و لەوێشدا ئەبوبەکر و عومەر و کەسانی دی لە (المهاجرین - کۆچکەران) رکابەریان لەم «فەرمانە»دا کردوون.

**پێنجەم:** ئەو گفتوگۆیەی لە کەپرەکەی بەنی ساعیدە کرا و بە بەیعەت دان بە ئەبوبەکر وەك جێنشینی پێغەمبەر کۆتایی هات «کە(فەرمانی» موسوڵمانانی لەدوای پێغەمبەردا پێ سپێردرا) گفتوگۆیەکی سیاسییانەی تەواوبوو، تیایدا پارسەنگی هێزی سیاسی کۆمەڵایەتی (هۆز) مشتومڕەکەی یەکلا کردەوە، پێشتر بەدرێژی لە شوێنێکی دیکەدا سەربردەی ئەم گفتوگۆیەمان باسکرد[٣]. بۆیە لێرەدا پێویست ناکا خۆمانی پێ خەریك بکەین، بۆیە تەنها ئاکامە گشتییەکەی بیردەخەینەوە کە لەدوای لێکۆڵینەوە و بەشوێندا گەڕان پێی گەیشتن، ئەویش ئەوەیە کە یاوەران مەسەلەی جێنشینیی(خلافة) پێغەمبەریان بە چارەسەرێکی پڕاوپڕی سیاسییانە چارەسەرکرد، بەو پێیەی کێشەکە مەسەلەیەکی ئیجتیهادییە هەرواش مامەڵەیان لەگەڵدا کرد. لەوەدا پارسەنگی هێزیان رەچاوکردو توانا و لێهاتوویی و بەرژەوەندی کۆمەڵگەی تازەی ئیسلامییان لەبەرچاوگرت، لە هەموو ئەمانەشدا رەچاوی لۆژیکی «هۆز» کراوە، مەبەست رەچاوکردنی پارسەنگەکانە بەهەمان ئەو پێوەرانەی لە کۆمەڵگەی عەشیرەتگەریدا پیادەکراوە، بۆ مەسەلەی



(بیروباوەڕ-العقیدة)یش، لەوەیاندا کۆچکەران(المهاجرون)و پشتیوانان(الأنصار) وەکو یەك بوونە بەهەمان ئاست، بۆیە قسەی یەکلاکەرەوە ئەو قسەیە بووە کە ئەبوبەکر گوتوویەتی کە: «عەرەب جگە لەم گەڕەکەی قوڕەیش، قەرداری کەس نییە»، ئەمەشیان حوکمێکی بابەتییانەیە فەرمانێکی واقیعی بوو و(دیفاکتۆ) دەسەپێنێ. لێرەدا (الأنصار) دانیان بەوەدانا، دوای ئەوەی کە کاریگەرێتی «عەشیرەتگەری» تەسك تیایاندا جولایەوە (بەهۆی ململانێی نێوان ئەوس و خەزرەجەوە)، هەروەها لەو کاتەی کە بینویانە لۆژیکی المهاجرون پارسەنگترە لە تەرازووی رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی هاوبەشدا، بۆیە لێرەدا ناخوازین ئاماژە بە دوودڵیی و دواکەوتنی هەندێ لە خزمانی پێغەمبەر (د.خ) بدەین (هەروەك دەگێڕنەوە) لە بەیعەتدان بە ئەبوبەکر، وەکو عەلی و فاتیمە و عەبباس و زوبێری کوڕی عەوام و هەندێك لە یاوەرانی (المستضعفین-بێ پشتەوان و بێ خزم)، وەکو میقداد و سەلمان و ئەبو زەڕ و عەمماری کوڕی یاسر و تاد... دیسان پێویست بەوەش ناکات باس لە شێوازی بەیعەت پێدانی دواتری عومەر و عوسمان و عەلی بکەین کە تێیدا رەچاوی گفتوگۆ و راوێژکردن و پارسەنگی هێز کرابوو، بۆیە سیاسەت نەوەك ئایین، هەمیشە مەیدانی گفتوگۆ و ناکۆکی بووەو لە چوارچێوەشیدا یەکلاکراونەتەوە و بڕیاردراون. لەم چەند راستییە مێژووییەدا دەردەکەوێت مەسەلەی (پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت) نە لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ)و نە لەسەردەمی خولەفای راشیدین نەخراوەتەڕوو، بەڵام لەسەردەمی پێغەمبەردا هەموو هەوڵ و تواناکان بە ئاراستەی بڵاوکردنەوەی ئایین و داکۆکی لێکردنی بووە و هەموو «فەرمان»ێکیش لەم بوارەدا بەدەست خودان پەیامەکە (پێغەمبەر)ەوە بووە، بۆ ئەو وەچە بووە کەبۆی دەهاتە خوارەوە و بۆ کۆشش و تەقەللای خۆی و یاوەرانی بووە. کەسێکیش لەم فەرمان بەدەستبوونەیدا وەکو «پادشا» سەیری نەکردووە، چونکە وشەی (پادشا) نەویستراو و رەتکراوە

بووە، هەروەها وەکو (دەوڵەتیش) لێیـان نـەڕوانیوە، چـونکە وشـەی «دەوڵـەت» بەهەمان واتای ئێستای نەبووە، بەڵکو وەکو لە «لسان العرب»دا هاتووە (مانـای پاشەگری سامان و جەنگ بووە) الدولة بـالفتح و الدولـة بالـضم: العقبـة في المـال و الحرب، واتە گواستنەوەی لە حاڵەتێکەوە بۆ حالەتێکی دی. لەوەشدا دەستاودەست کردنی سـامان لـەنێو دەسـت و «هـەروەها خـەڵك و دەستاودەسـتکردنی بـاس و خواسانە لەنێوان خەڵکدا». هەروەها (ڕۆژان دەستاودەست دەکرێن). هەمـدیس لـە قورئانی پیرۆزدا سەبارات بە سامانەوە هـاتووە: «کـي لايکـون دولـة بـين الاغنيـاء منکم». لە بارەی جەنگیشەوە: دەفـەرموێ «وتلـك الايـام نـداولها بـين النـاس»، (جارێکیان ئەم تاقمە و جارێکی دی تاقمێکی دی سەردەکەوێ).

موسڵمانانیش لەسەردەمی یاوەراندا وایان نەدەڕوانییە ئیسلام وەك (دەوڵـەت)ێـك، بـەمانای دەستاودەسـتکردنی و دواتـر لەناوچـوونی و... تـاد، نـەخێر. ئـەوان دەیانڕوانییە ئیسلام وەك ئایینێك کە تەواوکەر و کۆتایی هەموو ئایینەکانـە و تـا ڕۆژی دوایی (قیامەت)یـش هـەر دەمێنێـت. بۆیـە بـە (نەتـەوەیان) بەسـتۆتەوە، نەتەوەشیان بـە ئیـسلامو پێغەمبـەری ئیـسلامەوە لکانـدووە: نەتـەوەی ئیـسلام، نەتەوەی محەمەد (د.خ). نەتەوەش بەم واتایە قەوارەیەکی کۆمەڵایـەتی و ڕۆحییـە مانـەوەی بەنـد نییـە بـەهیچ ڕێکخـستنێکی سیاسـییەوە. بـەم پێیـەش ئەگـەر نەتەوەکانی پێشوو دەوڵەتان دروستیان کردبن، مەبەستم ئەوسیـستەمە سیاسـی و سەربازییەیە کە سەرکردەو دامەزرێنەرانی دەوڵەتان پێکەوەی دەنێن، ئەوا نەتەوەی ئیسلام، لەتێڕوانینی موسڵمانانەوە، لە ڕێگـەی بـانگی محەمـەدەوە پێکـەوەنراوەو قەوارەی بۆ بەرجەستکراوە، بەر لەوەی ئەو بانگە لەئاکامدا پەرەبسەنێو ببێتە ئەو سیستەمە سیاسییەی کەئەمڕۆ بەدەوڵەت ناوزەدی دەکەین. زاراوەی (دەوڵەت)یـش وەکو زاراوەیەکی سیاسی لە ئارادا نەبووە تا ئـەو دەمـەی شۆڕشـی عەباسـییەکان سـەرکەوتووە کـە لـە زاری خۆیـان و لایەنگیرانیانـەوە گـوتراوە «ئەوەیـە



دەوڵەتەکەمان» یا شتێکی لەم چەشنە، وەك ئاماژە کردنێك بە دەستاودەسـتبوونی «فەرمانەکـە» لـە دەسـتی ئەمەوییەکانـەوە بـۆ ئـەوان. لێرەشـەوە لەسـەرزاری مێژوونووسانەوە گوتراوە «دەوڵەتی ئەمەوی» و «دەوڵەتی عەبباسـی» «دەوڵـەتی موعاویە» و «دەوڵەتی هارونەرەشید» و...تاد، ئەم زاراوانەش دەستاودەسـتبوونی «فەرمان» دەگەیەنن لە خانەوادەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکەوە، لە پادشـایەکەوە بـۆ ئەوی دیکەیان. ئەم زاراوانەش مانای راستەقینەیان لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەبیننەوە، کە دەفەرموێ: (وتلك الايام نداولها بين الناس).

کەوابوو ئەم پەیوەندییەی نێـوان ئـایین و دەوڵـەت، مایـەی تێفکـرین نـەبووە نـە لەسەردەمی پێغەمبەر و نە لە سـەردەمی خولـەفای راشـیدینەوە، بـەڵکو ئـەوەی بەراستی مایەی تێفکرین و گرنگیپێدان بووە لەکاتی نەخۆشـکەوتنی سـەرەمەرگی پێغەمبەر بووە (د.خ)، کـە کەلامناسـان (المتکلمـون) دواتـر بـە زاراوەی رابـەری (الإمامـة) یا (خەلافـەت) ناویـان بـردووە. ئەوەشـیان ڕێـك مەسـەلەیەکی تـەواو سیاسی بووەو رەنگە بەراستی یەکەمین مەسەلەی گـەورەی جێنـشینی بووبـێ لـە ئیسلامدا.

ئەبولحەسەنی ئەشعەری لە دەسپێکی کتێبەکەیدا (*مقالات الاسلاميين و اختلاف المصلين*) دەڵێت: «خەڵکان دوای پێغەمبەرەکەیان(د.خ) لەزۆر شـت نـاکۆك بوونـە، هەندێکیان فریوداو هەندێکیـشیان لەهەنـدێکی دیکـە بـێ بـەری بوونـە، تـابوون بەتاقمی جیاوازو حیزبی پارچە پارچە، بەڵام ئیسلام کـۆی دەکردنـەوە». هـەروەها دەڵێت «یەکەم جیاوازی نێوان موسوڵمانانیش لەدوای پێغەمبەریان (د.خ) جیاوازی بوو لە ئیمامەتدا» ئینجا باسـی کۆبوونەوەکـەی کەپرەکـەی بـەنی ساعدە و ئـەو گفتوگۆیە دەکات کە تیایدا ئەنجامدرا.

شەهرستانیش لەکتێبی *الملـل والنحـل*دا لیـستێك بـەو مەسـەلانە دێنێتـەوە کـە

موسوڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەرو لەدوای ئەویشدا (د.خ) تیایاندا ناکۆك بوونەو دەڵێ: «گەورەترینی ئەو ناکۆکییە لەنێو نەتەوەدا، ناکۆکی لە ئیمامەتدا بووە. ئەوەتانێ لە چ سەردەم و رۆژگارێکدا لەسەر بنەمای ئایینی شمشێر لە کالانەوە نەکێشراون وەك ئەوەی لەسەر ئیمامەتییەوە کێشراوە». پاشان باس لە ناکۆکی نێوان پشتیوانان و کۆچکەران (الأنصار و المهاجرین) دەکات سەبارەت بە دەستنیشانکردن و دانانی جێنشینێك (خەلیفە) بۆ پێغەمبەر، ئینجا سکاڵاکردنی هەندێ لە یاوەران سەبارەت بە دانانی عومەری کوڕی خەتاب لەلایەن ئەبوبەکرەوە کە پێیان گوتووە «تۆ ئێمەت بە رەقەکار و دڵڕەقێك سپاردووە». هەروا ناکۆکی (أهل الشوری-خودان مەشوورەتان)، واتە ئەو شەش کەسەی عومەری کوڕی خەتتاب دایمەزراندبوون بۆ هەڵبژاردنی جێنشینێك لەدوای مردنی خۆیدا، لەوێدا عوسمان بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردراوە نەك بە تێکڕای دەنگ، دیسان ناکۆکبوونی خەڵك لە دواکاتەکانی سەردەمی عوسماندا سەبارەت بەو هەڵوێستەی لە دژیا وەریانگرت کە پەرەی سەند، بوو بە شۆڕشێکی خوێناویو خودی عوسمان بەهۆیەوە تێیدا چوو. هەروەها ناکۆکی نێوان تەڵحەو زوبێرو عائیشە لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا و هەڵگەڕانەوەیان لێی و شەڕی سەختیان لەدژیدا داگیرساند، هەروەها ناکۆکی نێوان عەلی و موعاویە و جەنگی نێوانیان و هەروەها جەنگەکانی عەلی لە دژی خەواریج...تاد.

ئەم ناکۆکییانە و ئەو بەرەنگاربوونەوە و جەنگانەی لێیکەوتەوە، چەند هەڵوێست و ململانێی سیاسی ورووژێندراوی ئەو وەختە بوون بە بانگەشەی خزمایەتیو بەرژەوەندییەوە سەریانهەڵدا، کەچی ئایین بابەتی ئەو ناکۆکییانە نەبووە و هیچ کاتێکیش لایەنێکی ئەو ململانێیانە نەبووە، هەموو ئەم ناکۆکیو رکابەری و شەڕ و شۆڕانە لەیاوەران بوونە، هەموویان ئەم ئایینەیان ناسیوەو پەیڕەویان کردووەو لە رەفتار و ئاکارەکانی خۆیاندا نواندوویانە. بە مانایەکی دیکە، هەرگیز ئایین



مەرجەعی ئەم ناکۆکییانە نەبووە، بەڵکو ناکۆکییەکە ناکۆکیی سیاسی بووە، بەمانای گشتیی سیاسەتەوە" بە ناوی ئایین و لەدژی ئایینیش نەبووە.

ئەمە هەمووی بەر لە بەئارامبوون و جێگربوونی بارودۆخەکە بووە بۆ موعاویە و دروستبوونی دەوڵەتی ئەمەوی، بەڵام لە سەردەمی ئەم دەوڵەتەدا رژێمی فەرمانڕەوایی لەشێوازی (دامەزراندن)ەوە لە دوای مەشوورەت، گۆڕا بۆ شێوازی بۆ ماوەیی پشتاوپشت (وراپی)کە لە یەك خانەوادەوە خۆی بەرجەستە کردبوو. ئەگەرچی ململانێی چەکداری هەر بەردەوام بوو، سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی خەواریج و شیعەکان بەدرێژایی سەردەمی ئەمەویەکان بەردەوام بووە،. هەروەك شۆڕشەکانی شیعە لە رۆژگاری دەوڵەتی عەبباسییەکانیشدا هەر بەردەوام بووە. لە راستیدا ناکۆکی لەمەڕ ئیمامەتی هەر پەرەی سەندووە، راستەوخۆش لەدوای جێگیربوونی بارودۆخ بۆ موعاویەوە لە تەنیا هەڵوێستێکی سیاسییانەی کاتییەوە بۆ ئاستێکی تیۆریزمی (التنظیر) سیاسی.

لەبەر ئەوەی دەقە ئایینییەکان-مەبەستم قورئان و فەرموودە دەماودەمەکانی پێغەمبەرە کە هێشتا بەم فراوانییە نەبووبوو، بەلای مەسەلەی حوکمڕانییدا نەچووبوون، تاکە مەرجەعیش لەم مەیدانەدا ئەو کارو کردەوەی یاوەران بووە کە کردوویانە، مەبەستم ئەو رووداوانەی سەردەمی خولەفای راشیدینە و، لەبەر ئەوەش کە مەسەلەی سیاسی لەو سەردەمەدا وەك بینیمان بابەتی کێشەی ئاڵۆزبوونە، هەر بۆیە بیروڕا و تیۆر و لێکدانەوەکان لە مەڕ ئیمامەتیی و جێنشینیدا (الأمامة و الخلافة)، ئەوەندە جۆراوجۆرو لێکجیاواز بوون تا رادەی ئەوەی دژ بە یەکیش بن، چونکە هەر خودان رایەك ئەو رووداوانەی رۆژگاری خولەفای راشیدینی لە کردەوە هەڵدەبژارد، کە وەکو رێچکەیەك بۆ راو بۆچوونەکانی خۆی بشێ و بیانسەپێنێ، واتە پاساوی هەڵوێستی سیاسییانەی خۆیانی پێ بکات لە مەسەلەی حوکمڕانی لە سەردەمەکەیدا.

ئەگەر ئێمە بڕوانینە هەموو ئەو تیۆر و بیروبۆچوونانەی کە کەلامناسەکان (المتکلمون) و فیقهناسان لە مەڕ بابەتی ئیمامەتییەوە لە روانگەی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەتەوە دەریانبڕیوە، دەتوانین لە سێ هەڵوێست رەنگرێژیان بکەین:

**یەکەم :**خودان ئەم هەڵوێستە، ئیمامەتی، واتە دانانی ئیمام و دواتریش دامەزراندنی دەوڵەتێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، وەکو فەرزێك لە فەرزەکانی ئایینو کۆڵەکەیك (رکن) لە کۆڵەکەکانی ئەم ئایینە دەبینن. ئیمامەتیش لای ئەم تاقمە، کە شیعەکانن، (مەسەلەیەکی بەرژەوەندی نییە کە خەڵك تێکڕا تەگبیر لە دانانی ئیمامو بڕیار لەسەردانی بکەن -هەروەك شەهرستانی دەڵێ - بەڵکو مەسەلەیەکی ئوسولییە (رەچەڵەکە) و کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکەکانی ئایین کە ناشێ پێغەمبەران (سلاوی خوایان لەسەر بێت) فەرامۆشی بکەن و پشتگوێی بخەن و بیسپێرن بە خەڵك)، واتە وازهێنان و جێهێشتنی بۆ خەڵك بێ ئەوەی پێشتر دەستنیشان کرابێ.

شەهرستانی پتر لە روونکردنەوەی بیروبۆچوونی شیعەکانەوە دەڵێت :(ئەوانە تێکڕا کۆکن لەسەر پێویستبوونی دامەزراندن و بوونی دەقێك بەم مانایە و راگیربوونی پاکیو راستگۆیی پێغەمبەرانو ئیمامەکان لە ئاست هەر گوناهێکی گەورە و بچووکەوە).

لەسەر ئەم بنەمایەش شیعەکان دەڵێن «پێغەمبەر ئاماژەی بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالیب کردووە کە لەدوای ئەودا ببێ بەجێنشینو «ئیمام عەلی»ش بەهەمان شێوە ئاماژەی بەمە کردووەو رای سپاردووەو بەهەمان شێوەش ئیمامەکانی دوای خۆی لە وەچە و نەوەکانیدا ئەوەیان بەجێ گەیاندووە».

دووەم: تەواو ناکۆك و جیاوازە لەگەڵ هەڵوێستی یەکەمداو خودان ئەم هەڵوێستەش وای دەبینین کە ئیمامەتی و دەوڵەت فەرز نین، بەو مانایەی کە ئایین نایسەپێنێ و



بەدەست لێبەردانیش فەرمان ناکات، بەڵکو مەسەلەکەی بۆ موسوڵمانان جێهێشتووە، کە ئەگەر بتوانن بەبێ جەنگو ئاشووب و بەبێ خوێنڕشتن ئیمامێکی دادپەروەر بۆ خۆیان دابنێن ئەوە چاکترە، ئەگەر نەشیانتوانی یا نەیانکرد و هەر کەسەو بۆخۆی زامنی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی کردو حوکمەکانی شەرعی بەجێگەیاند هەروەك چۆن لە قورئان و سوننەتدا هاتوون، ئەوا پێویستیان بە بوونی ئیمامێك نابێت.

ئەوانەی ئەم رایەیان دەربڕیوە هەندێ لە خەواریجە پێشووەکان و نەجدەتییەکان (پەیڕەوانی نەجدەتی حەنەفین کە پێشەوای تاقمێکی خەواریجەکانە) و تاقمێکیش لە موعتەزیلە لەسەرووویانەوە ئەبوبەکری ئەسەم و هیشامی کوڕی عومەری فووتی و عەبادی کوڕی سلێمانن.

شەهرستانی باس لە بیر و بۆچوونی ئەو تاقمە دەکاتو دەڵێ: نەجدەتییەکان لە خەواریج و کۆمەڵێ لە قەدرییەکان (مەبەستی موعتەزیلەکانە) وەك ئەبی بەکری ئەسەم و هیشامی فووتی گوتوویانە: ئیمامەت فەرز نییە لە شەرعدا ئەگەر نەتەوە پەیڕەوی نەکات، لەسەر ئەوە سەرزنشت و سزا بکرێت، بەڵکو بە سەوداو رەفتاری خەڵکەوە بەندە، ئەگەر هاتوو دادپەروەر و هاوکار و پشتیوانی یەکتر بن لە چاکە و خواناسیدا و هەریەکەیان ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بەجێی بگەیەنێ، ئەوا دەستبەرداری ئیمامن و پێویست بە بەدواداچوونی ئەو نابن، جا کەوابێ هەریەك لە موجتەهیدەکان و هاوەڵانیان لە ئایین و ئیسلام و زانستو ئیجتیهاتدا وەك یەك وابن، خەڵکانیش وەك دانەی شانە وان، یا بەمانای خەڵك وەکو رانە وشترێك وان لە سەدان وشتردا یەکێکیان باربەر نەبن، (وەك بڵێی، لەیەکچووبن و کەمیان بە توانا و دڵڕاگر بن، هەروەك چۆن دەگمەنە وشترێك بدۆزییەوە بەرگەی گەشتێکی دوور خایەن و دژوار بگرێت)، داخۆ ئیتر چۆن ئیلتیزام و گوێڕایەڵبوونی بۆ کەسێکی وەکو خۆی پێ بکرێت.

شەهرستانی بەڵگەی ئەوانە دێنێتەوە، کە بە کورتی دەڵێت: «کە فەرز بوونی گوێڕایەڵی بۆ کەسێك لە نەتەوە (واتە ئیمام) یا دەبێ چەسپاو بێت بە سایە و دەقێکەوە لەلایەن پێغەمبەرەوە، لەوەشدا بەڵگەتان هێنا کە دەق بۆ کەس نەهاتووە (گوتارەکە لێرە ئاراستەی ئەهلی سوننەت کراوە لە خودانی رای سێهەم کە دواتر دێینە سەری)، یاخود بە هەڵبژاردنی موجتەهیدانەوە بێت، کە هەموو یەکێك لە کۆمەڵ لەم هەڵبژاردنە یەك را بن و تێکرا هەڵیبژێرن، کە ئەمەش نە ئەقڵ و نە واقیع قەبوڵی ناکات. واتە یەك رابوونی نەتەوە لەسەر یەکێك لە ئیجتیهادەکان مەحاڵە چ لەرووی تیۆری و چ بە کردەوە بێت. رووداوەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کە یاوەران نەیانتوانیوە بە تێکڕای دەنگ جێنشینی یەکەم (الخلافة الاولی) هەڵبژێرن: لەوەدا کۆچکەران و پشتیوانان (المهاجرون و الانصار) ناکۆك بوونەو، عومەر بەسەر پێیی بەیعەتی بە ئەبوبەکر داوە واتە بەبێ راوێژکردن و مەشوورەتکردن بە خەڵکی، بەهۆی پەلەپەلکردنی پشتیوانانەوە (بۆ بەیانی کە بەیعەتیان پێدا، کوڕانی ئومەییە و کوڕانی هاشم لاگیریی نەبوون) و هەوڵیاندا عەلی کوڕی ئەبی تالیب هان بدەن تابڕواتە پێشەوەو بەیعەت بۆخۆی بخوازێ، بەو پێیەی لە هەموان زیاتر نزیکترە لە پێغەمبەر و بەڕای ئەوان موستەحەقترینیانە.

بۆیە ئەوانە دەڵێن، کە نەکراوە لەسەر دەستی یاوەران کۆکبوون هەبێ، جا چۆن دەتوانرێ لەسەر دەستی غەیری ئەوان ئەو کۆکی و تەباییە بکرێت. لە بەڵگەکانی دیکەیان بۆ پشتگیری هەڵوێستەکەیان ئەوەیە کە دەڵێن: دانانی ئیمام بە هەڵبژاردن، لە دوو رووەوە پێچەوانەی یەکترە، لەلایەکەوە ئەگەر خەڵك ئیمام هەڵبژێرن فەرزە گوێڕایەڵی بن، جا چۆن دەبێ خۆیان هەڵیبژێرن و خۆشیان فەرزی گوێڕایەڵیبوونی بەسەرخۆیاندا بسەپێنن؟ لەلایەکی دیکەوە، ئەو کۆششکارانەی (المجتهدین) لە دانانی ئیمامدا بەشداربوونە بۆیان هەیە لە رووی ئیجتیهادەوە رای پێچەوانە و نەیاری ئیمامیان هەبێت، هیچ مەسەلەیەکیش نییە کە تیایدا نەشێ



نەیارییان لەگەڵ ئیمامدا نەبێت. جا چۆن دەشێ بە ئیمام دابنرێتو فەرزی گوێڕایەڵی بۆ هەبێت و مەرجی نەیاربوونیشی بۆ دابنرێ ئەگەر ئیجتیهاد ئەوە بخوازێ؟ نووسەرانی ئەم تاقمانە چەند بەهانەو بەڵگەی دیکە دێننەوە سەبارەت بەفەرزنەبوونی دانانی ئیمام، وەك دەبێژن «ملکەچبوونی مرۆڤ بۆ کەسێکی وەك خۆی کە حوکمی بەسەردا بدا لەوەی رێنوێنیو سەرەدەری پێ دەکاتو لەوەی رێنوێنی لێوە ناکات، ئەوکات زیانی پێ دەدات» بەو مانایەی کە دانانی ئیمام و دامەزراندنی دەوڵەت دەبێ تەنگ بەخەڵك هەڵبچنێ و لە ئازادییان کەم کاتەوە، ئەوەشیان زیانبەخشە بەوان و نەشیاوە). بۆیە رەنگە خەڵکەکە لە دژی ئەم تەنگ پێ هەڵچنین و زیان پێگەیشتنە راپەڕن (هەروەك باوە و، ئاژاوەو فیتنەگەری لێ بکەوێتەوە). هەروەها دیسان ئیمام لە گوناه بەدەر نییە، چونکە هەر تەنیا پێغەمبەران لە گوناه بەدەرن، بۆیە رەنگە ئیمام کوفر و خراپەکاری بکات. «ئەگەر ئەوکات لاش نەبرێ بەم کوفرەی زیان بە نەتەوەکەی دەگەیەنێ و ئەگەر لاشبدرێ دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ئاژاوە و فیتنەگەری»، جا کەوابوو ئیمام دانەنان سەلامەتتر و چاکترە[٧].

دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین هێنانەوەی ئەم بەڵگانە لەلایەن ئەوانەوە، مانای ئەوە نییە بڵێین ئیتر ناشێ ئیمام دابنرێت، بەڵکو ئەوان تەنها بە فەرز و ئەرکی نازانن، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ دانانی ئیمام یان (جێنشینی شەرعی) مەسەلەیەکە ناچێتە خانەی ئەرکی شەرعییەوە یا قەدەغەکراوی شەرعییەوە، بەڵکو لەکارە شیاوەکانە و دەکرێ کاری پێبکرێت و دەستبەرداری بن و جێبهێڵرێت. بۆیە دەیانبینین ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەگەر زەرووڕەت ئەوەی خواست خەڵك ئیمام دابنێن، بۆیان هەیە، بەڵام دەبێ سەر راست و دادپەروەر بێ و هەرواش بمێنێتەوە.

شەهرستانی بیرۆکەی ئەوانە روون دەکاتەوە و لە زاری ئەوانەوە دەڵێ: (بەڵێ ئەگەر «خەڵك» پێویستیان بەرابەرو سەرۆکێك بوو کە شکۆی ئیسلام بپارێزێوخەڵکی

له یەکدی نزیك بکاتەوەو بە هەوڵ و کۆششی خۆیەوە پێگەیشتبێ و پێشڕەوی کردبێ تا دانراو بێ واتە کرابێ بە ئیمام، ئەوەیان رەوایە، بە مەرجێ لە کردەوەدا هەر بەراستپەروەری و دادپەروەری بمێنێتەوە، تاکو ئەگەر بە ناڕەوا ستەمی لەکەسێك کرد لەهەر مەسەلەیەك ئەوا فەرز و ئەرکە لەسەریان لایبدەن و وەدەری نێن. ئەوەش وەك چۆن بە عوسمان و عەلییان کرد (ر.خ)، کاتێ کە عوسمان ئەم کارانەی کرد لایاندا، کە لاشنەچوو، کوشتیان. کاتێ عەلیش بەم حوکمە رازی بووو گومان لە ئیمامەتی ئەودا کرا، لایاندا و کوشتیان[٨]».

سێیەم: خۆی لەخۆیدا هەڵوێستی سێیەمیان  وەڵامێکە بۆ هەردوو هەڵوێستەکەی تر، ئەویش هەڵوێستی تێکڕای سوننییەکان و زۆربەی «موعتەزیلە» و خەواریجەکان و مورجیئەکانە. هەمووشیان لەسەر ئەو رایە کۆکن لە لایەك ئیمامەتیی پێویستە و لە لایەکی دیکەوە بە هەڵبژاردنە نەك بەدەق‌و سایە. بێجگە لەمە و ئەوی دیکە لەزۆر شتدا لێکجیان" لەوانە هەندێکیان وایدەبینن کە پێویستبوونی ئیمامەتی بە ئەقڵ (هۆش) تێیدەگەیت، هەندێکی دیکەش وایدەبینن کە بە شەرع پێویست دەبێت و، هەندێکی دیکەیان هەردوو لێکدانەوەکان تێکەڵ دەکەن. لەراستیدا ناکۆکیش لەو مەسەلەیە بۆ بنج‌و بنەوانی مەزهەبەکان دەگەڕێتەوە، نەك بۆ خودی کێشەکە :ئەوەتا «موعتەزیلەکان» ئەوانەی کە لە بنج و بنەوانی راڕەوەکەیانەوە دەبینن کە ئەقڵ (هۆش) بۆ خۆی هەست بە چاکە و خراپە دەکا و دەڵێن: ئەقڵ (هۆش) حوکم دەدا کە چاکبوونی نەتەوە بە واتای چاودێریکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان لێیان، دەخوازێ رژێمێك و سیستەمێك لە حوکمڕانیان تێدا دابمەزرێ و، هەستکردنی یاوەران بەهۆشیانەوە بۆ ئەم بەرژەوەندییە وایکرد دەستپێشخەربن لە هەڵبژاردنی جێنشینێك بۆ پێغەمبەر هەر دوای ئاگاداربوونیان لە وەفاتی پێغەمبەر.

بەڵام سونییەکان کە بەرهەڵستکاری بنج و بنەوانی «موعتەزیلەکان»ن کە دەڵێ:



بەر لە هاتنی شەرع ئەقڵ هەست بە چاکە و خراپەی کردووە دەکا ، هەربۆیەش بڕیاردەدەن کە تاکە گەڕانەوەو تاکە رێگا لە جیاکردنەوەی نێوان چاکە و خراپەدا ئەو شەرعەیە کەبەهۆیەوە رەواو ناڕەوا (حەلال و حەرام) بناسین. ئەوانە «سوننەکان» دەڵێن: زەروورەتی ئیمامەتی (رابەری) مەسەلەیەکە لەڕێگەی شەرعەوە هەستی پێدەکرێ‌و دەناسرێ نەوەکا بەئەقڵ، بەڵگەی شەرعی بنچینەییشیان بۆئەمە، ئەگەر هەرتاکە بەڵگەشیان نەبێ لەم رووەوە کە باسی بکەن، کۆبەندی (ئیجماعة)، کۆبەندی یاوەران لەسەر دانانی جێنشینێك (خەلیفەیەك) بۆ پێغەمبەر. ئاشکراشە کە کۆبەندی (ئیجماع) سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکانی یاساکاری لە ئیسلام لە لای تێکڕای خەڵکی سونەوە، بەڵام بڕیاری لەسەر نەدراوە بەم شێوەیە، تەنها لەلای شافیعییەوە نەبێت، واتە دوای نزیکەی سەدە و نیوێك لە وەفاتی پێغەمبەرە. ئاشکراشە پەنابردنی سوننییەکان بۆ ئیجماع لە بەڵگەهێنانەوە بۆ راکەیان دەربارەی ئەم مەسەلەیە، سەرەڕای جیاوازی موجتەهیدەکان لە بەڵگەبوونی ئەم ئیجماع و کات و چۆنییەتی و....تاد، رەنگدانەوەی راستەقینەی ئەوانەیە کە دەڵێن پێویستبوونی ئیمامەتی (رابەری) بە شەرع دەزانرێ، ئەوانە نە لە قورئان و نە لە سوننەتدا بەڵگەیەکی وایان دەستنەکەوتووە کە لە بەرژەوەندی راکەیان بێت. بەمانایەکی دیکە لێرەدا ئەزموونی مێژوویی نەتەوە دەبێتە سەرچاوە و مەرجەع، نەك دەقی ئایینی، هەروا چۆن جیاوازیش بوونە لە بەڵگەهێنان بۆ پێویستبوونی ئیمام (رابەر)، ئاواش جیاوازیان هەبووە لە مەسەلەی هەڵبژاردنیدا. کێ ئیمام (رابەر) هەڵبژێرێ؟ ژمارەی ئەوانە چەندە کە دروستە ئیمام (رابەر) دابنێن؟ ئەوەش لێرە بەپێویست نازانرێ دیاری بخەین، مادامەکێ تاکە رێگا و سەرچاوەیەك کە پشتیان پێ بەستبێ لە هەڵبژاردنەکەدا  ئەزموونی مێژوویی نەتەوەکە بێ، کە دەوڵەمەندە و هەمەجۆرە و بەفریای هەموو خودان رایەکان و مەزهەبەکان دەکەوێ بەو رادەیەی پشتیوانی لە

بیروبۆچوونەکانیان بکات کە پەیڕەوی دەکەن، با لێرەدا سەیرێکی چۆنییەتی فەراهەمکردنی ئەم ئەزموونە بکەین کە ژێدەرانی ئیمامەت (رابەری) تیایدا رێدەکەن. بەگشتی دەکرێ فەراهەمکردنی ئەزموونی مێژوویی ئەم نەتەوەیە بۆ سێ جۆر پۆلین بکەین:

١- فەراهەمکردنێك لەپێناو پاساوکردنی رووداو و هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەتایبەتیش ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مێژوویی مەرجەع دانانەوە" سەردەمی خولەفای راشیدین.

ئەوەتا هەندێ تاقمی شیعە و خەواریجەکان، گومانیان لە شەرعییەتی ئەو شێوازە دەکردکە لە «دانانی» «خولەفای راشیدین»ەوە بەرێوەچووەو باشترین مەسەلەیان خستۆتە پێشەوە، هەندێکیان وایان دەبینی کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان چاکترە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەوانە لەپێش ئەودا دانراون، لەوەشدا «بەچاك زانراو» بەسەر «چاکتر»ەکە سەپێنراوە، ئەم بڕوا و رێبازە لەلایەن زەیدی کوڕی عەلی ئیمامی شیعەکانەوە قەبووڵکراوەو پەیڕەوانی زەیدیەت بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە میانڕەوانی شیعەن و، بەشی هەرەزۆری شیعەکانیش دژ بەم رێبازە بوونە و رەتیان کردۆتەوە و بە(رەتکەرەوەکان-الرافضة) ناسراون، کە ئەوانەش شیعەی ئیمامین. لە بەرامبەر ئەمەشدا ژێدەرانی ئیمامییەت لە سوننییەکان، مەبەستیان بووە وەڵامی ئەم گومان و تانەلێدانەی شیعەکان بدەنەوە و لەئاکامدا ئەم وەڵامدانەوانە وەکو تیۆری سیاسی دێنە پێشەوە لە پاکانەکردن بۆ ئەوەی روویداوە، نەوەك بۆ روونکردنەوەی ئەوەی پێویست بێ ببێت.

٢- فەراهەمکردن لە پێناوی پاساو هێنانەوە بۆ ئێستا و شەرعییەت پێدانی، لە رێگەی بەپەیڕەوکردنی هەندێ لە رووداوەکانی پێشوو وەك چەند بنچینەیەکی پێوانەیی بۆ ئەندازەگرتنی رووداوەکانی ئێستا و پاساودانان بۆیان. بەم پێیە



لەدەستپێشخەری عومەری کوڕی خەتابدا بە بەیعەتدان بۆ ئەبوبەکر لەکۆبوونەوەی کەپرەکەدا بنچینەیەکیان هەڵێنجا بۆ پاساوکردن بۆ ئەو وتارەی کە دەڵێت: دەشێ بە بەیعەتپێدانی یەك تاکەکەسیش ئیمام دابمەزرێ، ئەمەش بۆ پاساوهێنانەوە کە گوایە نە ئەو کات و نە پێشتریش دەستەی مەشوورەتکردن(الشوری) نەبووە. هەروەها لێدوانەکەی ئەبوبەکریشیان بەبنچینەو یەکلاکەرەوە داناوە، کاتێك لە کۆبوونەوەی ژێر کەپرەکەدا توانی بەهۆیەوە هەڵوێستەکان یەکلابکاتەوە. مەبەست ئەو وتەیەیە کە تیایدا دەڵێت «لا تدين العرب الإ لهذا الحي من قريش- جگە لەو گەڕەکەی قورەیش عەرەب قەرداری کەس نییە»، ئەو وتەیەشیان بەبنچینەدانا لە پێناوی پاساوهێنانەوە بۆ شەرعییەتی گرتنەدەستی حوکمڕانی لەلایەن خاوەن هێز و تواناکان پاش خولەفای راشیدین، بەو پێیەی خەڵك تەنها مل بۆ خاوەن هێزەکان دەدەن، تا ئەو مەسەلەیە گەیشتە ئاستی پیادەکردنی تیۆری «هێز و دەسەڵات» و بێدەنگی بوون لە شورا، بەڵکو بە ئاشکرا کار گەیشتە ئاستی لادانی لە کاتی داڕشتنەوەی ئەو بنەمایەی کە دەڵێت «زەوەی زەبری بەدەستبێ، دەبێت گوێڕایەڵی بکرێ».

٣- فەراهەمکردن لەپێناوی پەسەندکردنی «باری دەوڵەت» هەرچەندێکیش ئەم دەوڵەتە دوورکەوتبێتەوە و لاتەریك بێت لە نموونەی باڵای ئیسلامەوە لەچەشنی (باری نا دەوڵەت-حالة اللادولة». ئەوەشیان بەزەقبوونەوەی ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لەنەتەوەو ئایین دەکەن لە حالەتی فیتنەگەری و دەرچوون لە ڕووی (ئیمام)دا، لەوەشدا نموونەی رکابەری و ململانێی عەلی و موعاویە و شەڕی سیففەین (صفين) یان هێنانەیەوە وەکو نموونە بۆ ئەو بارەی کە رەنگە لە ئاکامدا پێی بگات لە حالەتی دەرچوون لەڕووی «ئیمامدا». دواتریش بەیعەتدانی حەسەنی کوڕی عەلی بۆ موعاویەو پێدانی فەرمان بە ئەو، دەکەن بەنموونەیەکی دیکە بۆ زەقکردنەوە و دیارخستنی گرنگی و زەرووربوونی کۆبەندی سیاسی و بە چاکتر

زانینی لەهەر نەیارێك تەنانەت ئەگەر نەیارەكە خودان مافیش بێت.

زاراوەی (أهل الجماعة) كەدواتر بە سوننە هاوبەند دەكرێت (واتە خودان سوننەت و كۆڕوكۆمەڵ) بۆ خودی ئەو رووداوە دەگەڕێتەوە. لێرەشدا ئەو پەشۆكاوی و هاودژییەی پێڕەوانی ئیمامەت (رابەری) تێی كەوتوون لە ئەهلی سوننەت ئەوەیە كە ئەوانە كۆكن لەسەر ئەوەی جێنشینی لەگەڵ موعاویەدا هەڵگەڕاوەتەوە بۆ (پادشایەكی توندڕەو)) (لەئەسڵدا بە (ملك عضوض) هاتووە لە وازهێنانی حەسەن بۆ موعاویە و بەیعەتپێدانی بۆ ئەو و پاشان تەواوی یاوەرانی كەمابوونەوەو ئەوانەی سەربەوانیشبوون بەیعەتیان پێدا. ئەم بەیعەتپێدانە بەنموونەیەكی مەرجەعی دەزانن لەسەر ئیجماعی سیاسی، تەنانەت ئەوساڵەشیان بەساڵی جەماعە ناوزەدكردووە.

ئاشكراشە بەستنەوەی ئەوەیان بەوی دیكە، كە خۆشیان لە ڕوانگەی مێژوویی و سیاسییەوە هاوبەندن، وادەكەن كە (هەڵگەڕانەوەی جێنشین بۆ پادشا- انقلاب الخلافة الی ملك)) لە رێگەی ئیجماعێكی سیاسی بووبێ لە ((ساڵی جەماعە))دا. بۆ سووككردنی مەرگەساتی ئەم ئەنجامەش بانگەشەیان بۆ فەرموودەیەكی پێغەمبەر (د.خ) كردووە كە تیایدا هاتووە ((خەلافەتی لە ئۆمەتی مندا سی ساڵە و دواتر پادشاهییە)) ماوەی سی ساڵیش ماوەی خەلافەتی هەر چوار خولەفای راشیدینە.

هەروا فەرموودەیەكی دیكەش هەیە پتر بەڵگەدارە لەوەی ئێمە گەرەكمانە كە بەم گوزارشتەیە ((پێغەمبەر دەفەرموێ ئەو فەرمانە بەپێغەمبەرایەتی و میهرەبانیو جێنشینییەوە دەستی پێكردووەو دواتر دەبێ بەپادشایی توندڕۆیی و ئینجا بێدادی و ستەمكاری و تا دەگاتە بەدڕەوشتی و گەندەڵی لەنێو نەتەوەدا)).

ئەو فەرموودانەی لەم چەشنەشن، مەبەستم ئەوانەیە كە مۆركێكی سیاسییان



پێوەیە و خزمەتی بۆچوونی لایەنێكی دیاریكراو دەكەن، لەوبارەشدا خزمەتی كێشەی ئەمەوییەكان كەن، فەرموودەی گومانلێكراون و بەزۆریش هەڵبەستراون. ئەگەر بشكرێ ئەم ((فەرموودەیە)) وەكو رەخنە لە ئاست ئەو بارودۆخەی ئەوانەی تێیدا ژیاون كە هەڵیانبەستوە، ئەوە دەچەسپێنی كە كارەكە بەهێزبوونێكی راستەوخۆی پڕۆسەی (هەڵگەرانەوەی خەلافەت- انقلاب الخلافة- بۆ پادشایەكی توندڕۆ- ملك عضوض)، بەو مانایەی كارێكە پێغەمبەر (د.خ) پێشبینی لێوەكردووە، مانای سیاسی ئەو جۆرەش لە خستنەڕووی مێژوو و فەرموودە (پێكەوە)، بریتییە لە بڕیاردان و بەرجەستەكردنی بنەمای ((ناكرێ لەوە باشتربێ)). ئەم چەشنە لە فەراهەمكردن بۆ ئەزموونی مێژوویی نەتەوە لە فیقهی سیاسی سوننەدا، وادەكات پەیوەندی نێوان ئایینو دەوڵەت ئاڵۆز و تێكچڕژاو بێت.

بەڵام نەبوون و دەستنەكەوتنی دەقی روون و ئاشكرا لە قورئان و سوننەتدا، بۆرێكخستنی كاروباری حوكمڕان و دەوڵەت ئەوە ناگەیەنێ كە ئیسلام بەگشتی پێوەندی بە پرسی حوكمڕانییەوە نییە، ئەزموونی مێژوویی نەتەوە ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە: بانگەشەی محەمەد بۆ دەوڵەت لە سەردەمی خودی پێغەمبەریشدا پەرەیسەند، موسوڵمانانیش پارێزگاریان لەم دەوڵەتە كرد، بەو شێوەیە بووبێ یان ئەوی دیكە، بەوپێیەی كە بۆ پاراستنی ئایینەكەو داكۆكیكردن لە ((حەوزە)) خاكی ئیسلام پێویستبووە. ئەوە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، قورئان و فەرموودەكان زۆر بابەت دەگرنەخۆ كە دەكرێ بەلانی كەم وەك بنەچەی ئاكارەكانی حوكمڕانی لە ئیسلامدا دایان بنێین، وەك پێداهەڵگوتن بە مەشوورەتكردن (الشوری)و هاندان بۆ پەیڕەوكردنی و بانگەوازكردن بۆ بەرقەراركردنی دادوەریو كۆمەككردنی هەژار و نەدار و هەموو ئەوانەی لەو بارەوەن و....تاد.

ئاشكراشە پیادە و بەرجەستەكردنی(تجسیم) ئەم بنەچە رەوشتییانە لە دەوڵەتدا دەخوازی كە حوكمڕانان (زانا) بن بە ئایین و دڵسۆزبن بۆیو بەگوێرەی ئەو

راوەستاوبن. چونکە پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت نابێ بەپەیوەندییەکی جێگیرو بەردەوام، تەنها ئەگەر ئیمام (رابەر) خۆی بەرجەستە و دەستنیشانی یەکبوونی ئەم ئایین و دەوڵەتە نەبێت، چونکە خۆی نوێنەری ئەم نەتەوەیە و بەناوی ئەوەوە رەفتار دەکات. زانستیش لەئایین مانای ئەوە نییە تەنها زانیاری بەحوکمەکانی هەبێت، بەڵکو هەروا -ئەوەش گرنگتریانە — توانا و دەسترۆیی لە ئیجتیهاددا هەبێت، بەچەشنێ بتوانێ حوکمەکانی ئەو ئیجتیهادە رێبکا لەگەڵ پێشکەوتن و رەچاوی بەرژەوەندی گشتی تێدابکات لە هەر سەردەم و رۆژگارێکدا، هەربۆیەش کەلامناسەکانی بەرایی (المتکلمون الاوائل) «زانستیان» بۆ ئیمامەتی بە مەرج داناوە.

بەم شێوەیە کۆکردنەوەی ئایین و دەوڵەت لەکەسایەتی ئیمامدا، ئەگەر وەدیهاتبێ ئەوا لە رۆژگاری خولەفای راشیدین بووە، دوای ئەوان نەتواندراوە ئەوە جێبەجێ بکرێ، رۆژان و ساڵانیش کاری لەو جۆرەیان دژوارتر و دەگمەنتر کردووە، تا ئەوڕادەیەی گەورە زانایانی ئیسلام ئەوەیان وەك قەزاوقەدەر بینیوە کە رەتکردنەوەی بۆ نییە. ئەبوبەکری کوڕی عەرەبی فیقهناسی ئەشعەری ئەندەلوسی ناسراو، دەڵێ: «میرەکان-فەرمانڕەواکان - بەر لە ئەمڕۆ و لە سەرەتای ئیسلامدا، زانا بوونە و خەڵکە رەشۆکییەکەش سەرباز بوونە، بۆیە سیستەمەکەیان پەرەی سەندووە و گەشاوەتەوە، عەوامە سەرکردەکان تاقمێك بوونە و میرەکانیش تاقمێك، پاشان خودا فەرمانەکەی بە دانانی خۆی گێڕا و قەدەری پێشووی وابوو کە زانایان ببنە تاقمێك و میرەکانیش بە تاقمێك و عەوامەکەش پۆلێك و سەربازانیش پۆلێکی دیکە، جا کارەکان تێکچڕژان و بار و گوزەرانی جەماوەریش شڵەژا و خەڵك لە راستە شەقام لادران، ئینجا وایان نیشاندا کەدەیانەوێ راستەڕێ ببنەوە، بۆیان نەکراو هەرگیز بۆشیان ناکرێت. مەحاڵە، ئەگەر کەسێك لێی لابدات بتوانێ بگاتە مەرامەکانی».



ئەگەر ئیبنو عەرەبیش واببینێ کە لێکجیابوونەوەی میرەکان لەگەڵ زانایان لە دوای خولەفای راشیدین قەزا و قەدەر و خواهێنان بوو بێت و واش ببینێ کە ئومێد ناکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو بارودۆخەی لە سەرەتای ئیسلامدا هەبووە، لە بەرامبەریشدا دەبینێ کە دەبێ میر و فەرمانڕەوایان پرس و راوێژ بە زانایان بکەن و بە گوێرەی ئامۆژگاری و فەتواکانیان هەڵسوکەوت بکەن. لەوەشدا لە راڤەکردنی فەرموودەی خودادا کە دەڵێ: «یاأیها الذین آمنوا أطیعوا الله وأطیعوا الرسول وأولي الأمر منکم» (أولي الأمر منکم) دوو گوتاری لە مەڕدا هەیە :یەکێکیان وایدەبینێ کە مەبەست لەوە خاوەن سەرا و میرانن، واتە سەرکردە سەربازیەکانە کە پێغەمبەر (د.خ) بەسەر لەشکر و تیپەکاندا دایمەزراندبوون، ئەوەشیان کۆنترین ئەو دوو گوتارەیە کە ئاماژەمان پێیدا. ئەوی دیکەیان وایدەبینێ کە مەبەست لەوە «زانایان»ن ئەوەش رای پاشەبەرەی یاوەران (تابعین)و ئیمامو دواترەکانە.

پاشان ئیبنو عەرەبی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: «راستییەکەشی لای من، تێکڕای میر و زانایانن، بەڵام میرەکان لەبەر ئەوەی بنەوانی (فەرمان) لەلای ئەوانەو حوکمڕانیش بۆئەوانە، زانایانیش، لەبەر ئەوەی پرسیار لێکردنیان بۆ خەڵکی بە ئەرك و پێویست داندراوە و وەڵامدانەوەشیان پێویستکراوە و بەگوێکردن و پەیڕەوکردنی فەتواکانیشیان بەئەرك و پێویست دانراوە». ماوە بپرسین: ئەی کێ حوکمڕانان ناچار بکا کە پرس و راوێژ بەزانایان بکەن و کار بەگوێرەی فەتواکانیان بکەن؟ ئەو پرسیارەش هەروا بە هەڵسوڕاوی دەمێنێتەوە کە ئاخۆ هەر بە ئامۆژگاریکردنێك وا دەکەن؟ ئەزموونیش ئەوەی سەلماندووە کە تەنها ئامۆژگاریکردن بەس نییە، بۆیە دەبێ بە زۆری زۆردارەکی بۆ ئەمە هەڵیان بکا، لەرێگە بەجۆشدانی خەڵك لە دژیان (ئەوەشیان تاکە هێزێکە کە زانایان دەتوانن بەکاری بخەن). لەو بارەشدا: کێ بێ زامنی ئەوە بکا کەئەم کارە بە فیتنەگەری و ئاشووب هەڵنەگەڕێتەوە، زانایانیش لە خەڵکی هۆشیار بە زیانی ئەو فیتنەگەرییە

و پتر لەخەڵکان سوورن لەسەر خۆپاریزی لێیەوە.

ئەم پرسیارانەش یەکسەر دەمانگوازێتەوە بۆ بەشی دواتری ئەو لێکۆڵینەوەیەمان، واتە بۆ مەسەلەی پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی شەریعەت.

٣- ئەگەر بابەتی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت لە ئیسلامدا بەهۆی نەبوونی دەقەکان لە قورئان و سوننەت بنالێنێ، سەبارەت بە پێویستبوون یان پێویست نەبوونی دانانی ئیمام و «دامەزراندنی دەوڵەت» دیار بکات و دەستنیشانی چۆنیەتی هەڵبژاردنی و مەودای دەسەڵاتەکانی...تاد بکات. لە حاڵەتی پێویستبووندا راستییەك هەیە کە جێگەی مشتومڕ نییە، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام بیروباوەڕە و شەریعەتە. ئەگەر بیروباوەڕیش تایبەتبێ بە باوەڕبوون بەخودا و بەفریشتەکانی و بەکتێب و پێغەمبەرانی و رۆژی دوایی، کە دەکرێ لە پەیوەندی مرۆڤ بەخودا کۆیبکەینەوە، کەواتە شەریعەت جگە لە خوداپەرستی کە ئەویش دەچێتە خانەی هەمان چوارچێوەی پەیوەندی، ئەوا دیسان چەند حوکمێکی بە سروشت کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، کە پەیوەندییەکانی خەڵك بە یەکترەوە رێکدەخات، کە هەر دەبێت دەسەڵاتێك هەبێت ئەم حوکمانە جێبەجێ بکات، وەك دانانی سنوورو سزاکان و...تاد. ئەوە سەرەڕای ئەرکی داکۆکیکردن لە حەوزەی ئیسلام و شوێنە دووردەستەکانی، کە دەچنە چوارچێوەی جیهادکردن کە ئەویش فەرزێکی ئایینییە، لەگەڵ جیاوازی نێوان فیقهناسانەوە سەبارەت بە جۆری ئەم فەرزەوە، کە ئایا فەرزی کیفایەیە یاخود فەرزی عەینە. لە هەردوو باریشدا دەخوازێ سەرکردایەتییەك هەبێت کاری لەشکرگیریی و خۆئامادەکردن و نەخشەکێشی و پلان و ستراتیژییەت و...تاد جێبەجێ بکات. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، دەوڵەت لەئیسلامدا بەراستی هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا دروستبووەو، دواتر لە سەردەمی خولەفای راشیدین پەرەیسەندوو ەو فراوانبووە لەرێگەی ئەم دووشتەوە :جێبە جێکردن و پەیڕەویکردنی حوکمە شەرعییەکان



لەلایەك و خۆبەختکاری و جیهادکردن لەلایەکی دیکەوە.

هەروەها ئەگەر وتمان، پێویستە ئیمام دابندرێت و دەوڵەت دابمەزرێت، یاخود پێویست نەبێت لەرووی ئایینییەوە، ئەوا چەند حوکمێکی شەرعی هەن بۆ جێبەجێکردنیان پێویست بە دەسەڵاتێك دەکەن، بۆیە پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە چۆن حوکمەکانی شەرع لەمیانەی ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی ئیسلامدا پیادەکراون، بەچاوپۆشی لەشێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە پیادەیان دەکات؟ «دەوڵەت و دەزگا دادوەرییەکەی هەروەك چۆن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کە دەوڵەتیان هەیە، یا مەرجەعیەتی رۆحی یاخود فیقهی لەو وڵاتانەی کە موسوڵمانان تێیدا کەمینەی ناو دەوڵەتێکن کە خەڵکەکەی ئیسلام نین».

خۆ یەکەم شتێکیش کە پێویست بێ لێیەوە هەڵکەین لەم مەسەلەیەدا، بەو پێیەی کە شەریعەتی ئیسلام هەمووی بەیەك جار بۆ پێغەمبەر (د.خ) دانەبەزیوە، بەڵکو لەسەرخۆ (التدریج) و بەنۆرە دابەزیوە، ئەم لەسەرخۆ بوونەش بۆ گونجان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵی ئیسلامی و رەچاوکردنی گۆڕانی بارودۆخی گشتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و... تاد بووە. هەروەها ئەم نۆرەیە بۆ لەگەڵ رۆیشتنی تەشەنەکرنی بیروباوەڕ بووە لە دەروونو تێربوونی گیانی خەڵك بووە بەم بیروباوەڕانە و تێگەیشتنی لەمەبەست و ماناکانی و لایەنی بەرژەوەندی تیایاندا. لێرەشدا مەسەلەی ناسخو مەنسوخ دێتە پێش، کەزۆر لەحوکمەکانی قورئان لە چەند ئایەتێکدا بڕیاری لەسەرداون دواتر بەچەند حوکمێکی دیکە لە ئایەتی پاشتر سڕاونەتەوە و لە کارکەوتوون، نەك هەرئەوەیان و بەس، بەڵکو سەرجەم ئەو حوکمە شەرعییانەی لە قورئانەوە هاتوون لە ڕاستیدا بەبۆنەی ئەو رووداوانەوەبووە کە لەمەڕ یاخود دەرهەق کەسانێکەوە روویاندابێ، یا لە وەڵامی چەند پرسیارێکی ئاراستەکراودا لەلایەنی کەسانێکەوە بووە.

لێرەشەوە پەیوەندی زۆری حوکمەکانی گوزارشت لە «هۆیەکانی دابەزین» دەکەن، واتە ئەو بۆنانەی کە پەیوەست بوونە بە دابەزینی حوکمەکە لە یەکەمجاردا، پێویستە لێرشدا ئەوە بڵێین کە سەرجەم حوکمە شەرعییەکان لە ئیسلامدا یەك پرەنسیپ رێکیان دەخات، کە بەرژەوەندی گشتییە، ئەویش یان بۆ هێنانەکایەی بەرژەوەندییەك بووە یان بۆ دوورخستنەوەی زیانێك بووە. بەرژەوەندیش مەبەستی شەرعە، بۆیە حوکمە شەرعییەکان لە ئیسلام لە لایەن سێ بنەماوە رێکدەخرێن، ئەوانیش: نەسخ و هۆیەکانی دابەزین و مەبەستەکانن.

ئەم پێوەندییە بەهێزەی نێوان حوکمە شەرعییەکانو نێوان ژیان و پێشکەوتنیان، کە ئەویش «پەیوەندییەکە» لە هەر سێ دەرهاویشتەکەدا بەرجەستەو جێگیر دەبێت کە ئەوانیش وەك وتمان «نەسخ و هۆیەکانی دابەزین و مەبەستەکانی شەرع یاخود بەرژەوەندییەکانن» کە بەڕوونی لەو ڕۆڵەدا دەرکەوت کە یاوەران گێڕاویانە لە یاساکاری (التشریع) لە سەردەمی پێغەمبەردا، ئەوەتا زۆرن ئەو «دابەزین» و ڕووداوانەی کە لە بارەیانەوە پرس بەپێغەمبەر (د.خ) کراوە، بێ ئەوەی ئەو سروشەی بۆ هاتبێتە خوارەوە کە وەڵامی داونەتەوە، کە لەوەدوا راوێژی بەیاوەرانی کردووە و بە پێی ئەو زانیاری و لێزانینەی هەیانبووە سەبارەت بە پرسەکانو ئاگاداربوونو پێزانینی بەرژەوەندی گشتی فەتوایان لەبارەیدا داوە و پێغەمبەریش (د.خ) بەباشی زانیوەو پەسندی فەتواکانی کردوون و بووە بە یاسایەك بۆیان، کە رەنگە دواتریش یا لەهەمان کاتدا سروشی بۆ هاتبێ بۆ بڕیاردان لەسەر فەتوای یاوەرانەوە(الصحابة).

بەڕاستیش عومەری کوڕی خەتتاب لەم بوارەدا و لەیاوەران ناوی دەرکردبوو پتر لەم لایەنەدا هەڵکەوتبوو. فەتواکانی بەزۆری شیاوو گونجاوبوون لەگەڵ ئەو سروشەی دەهاتە خوارەوە، کەهەندێك بە (پەسندکردنەکانی عومەر-موافقات عمر) ناویان بردووە و لەم بارەشەوە چەند کتێبێکیان داناوە و چەند فەرموودەیەکی



پێغەمبەریش (د.خ) سەبارەت بەم مەسەلەیە دێننەوە کە ئاماژە بۆ ئەمە دەکەن، وەك ئەوەی لە ئیبنی عومەری دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویە: «خود هەق و راستی لەسەر زار و دڵی عومەردا جێگیرکردووە» هەروا لەئیبن عومەر خۆی دەگێڕنەوە کە دەڵێ: «هەرگیز فەرمانێك لەخوداوە دانەبەزیوە کە گووتوتبێتیان و تا فەرموویێتی، وەك ئەوەی کە عومەر گووتوویەتی: ما نزل بالناس أمر قط فقالوا و قال، إلانزل علی نحو ما قال عمر». هەروەها لەسەر زاری موجاهیدەوە دەیگێڕنەوە کە دەڵێ: «عومەر کە رایەکی دەردەبڕی، پاشان لە قورئانیشدا دادەبەزی»، لەوبارەشەوە باس لەوەدەکەن کە عومەر کوڕی خەتتاب خۆی بێگومان ئەوەی زانیوەو شانازیشی پێوەکردووە، ئەویش گووتوویەتی: (لەگەڵ خودای خۆمدا لە سێ شتدا گونجاوبووین، گووتم ئەی پێغەمبەری خودا، خۆزیا جێنەزرگەی ئیبراهیممان دەکردە شوێنی نوێژکردن، جا ئایەتی (واتخذوا من مقام ابراهیم مصلی[٩]) دابەزی و، گووتم «ئەی پێغەمبەری خودا ئافرەتەکانت چاك و خراپ دەڕۆنە لایان، خۆزیا فەرمانت پێدەفەرموون سەرپۆش بکەن، ئیتر ئایەتی سەرپۆشکردن دابەزی، هەر دیسان ئافرەتانی پێغەمبەر لە ئیرەیی(الغیرة) یەکتردا لەلای کۆبوونەوە و پێم گوتن: نەبادا ئەگەر ئێوە تەڵاقبدا، خودا هاوسەری لەئێوە باشتری پێبدا، بەهەمان شێوە دیسان بەو ئایەتەی کە ئاوا دەفەرموێ دابەزی. سەربردەیەکی دیکە دەگێڕنەوە لە بارەی رەزامەندی (موافقة) رای عومەر لە مەر دیلەکانی بەدر کە دواتر سروش دابەزی لە بارەیەوە، هەروەها چەند ئایەتی دیکە لە قورئان دابەزیون بە هەمان دارشتنی کە عومەر بەر لە دابەزینیدا گوزارشتی لێکردوون، بۆیە ناویان لەو جۆرە ئایەتانە ناوە «ئەو ئایەتە قورئانیانەی کە لەسەر زوبانی عومەرەوە دابەزیون[١٠]».

ئەم «پەسندکردن و رەزامەندییانەی عومەر» ئەگەر نیشانەی شتێك بن، ئەوا بەڵگەی ئەوەن کە شەریعەتی ئیسلامی بەگوێرەی پێویستی بارودۆخی

کۆمەڵایەتیی ئەوکاتە دابەزیوە، مەبەستم رووی بەرژەوەندییە تێیدا، چونکە سروش بۆ عومەر نەهاتووە، بەڵکو شارەزایی‌و پسپۆڕی کۆمەلایەتی ئەو و هەستی یاسایی ناسکی و سووربوونی لەسەر رەچاوکردنی بەرژەوەندی لە تێڕوانینی بۆ مەسەلەکانی شەریعەتدا جووت بێ کەهەردوو وێکڕا لە مەبەستێکی بنچینەییدا یەکدەگرنەوە، ئەویش بەرژەوەندی گشتییە، لێرەوە ئیجتیهاد سەرچاوەیەك بووە بۆ یاساکاری (التشریع) لە ئیسلامدا، چونکە کۆششکاری مانای دەرخستنی رووی بەرژەوەندییە، چ لە سەرەتا و لە کۆتایی، سەرەتا چونکە موجتەهید دەبێ لە ئارەزوویەکی راستگۆیانەوە هەڵبکا بۆ گەیشتن بەرووی بەرژەوەندی لەو بابەتەی کە تۆژینەوەی تێدا دەکات، کۆتاییەکەش لەبەر ئەوەی ئەو ئاکامەی پێیدەگات مەبەستم ئەو حوکمەیە کە دەیبینێ، دەبێ تیایدا رەچاوی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی بکات (یاخود زیانێکی پێ وەلانێ).

ئەم پرەنسیپە، کە پرەنسیپی بەرژەوەندییە، ئەو پێگەیە کە یاوەران لە پیادەکردنی شەریعەتدا جەختیان لەسەر کردۆتەوە، کە ئەگەر پەیوەندی بە دەق و سایەیەك هەبووبێ یا نەیبێ، ئەو نموونانەی خوارەوە دێن، کە مشتێکن لە خەروارێك و وێنەیەکی ئاشکرامان دەربارەی چۆنییەتی بەجێگەیاندنی ئەم شەرعانەو پیادەکردنیان لەلایەن یاوەرانەوە پێشاندەدەن. ئەویش وەك دەیبینین، مومارەسەیەکی ئیجتیهادییە و بەرژەوەندی وەکو پرەنسیپو سەرەتا دەزانێت. ئەگەر هاتوو ئەم بەرژەوەندییەش لەگەڵ دەقدا نەیاربوو لەهەر حاڵەتێکدا ئەوا حوکمیان لەرووی بەرژەوەندییەوە داوە و کارکردنیان بە پێی ناوەڕۆکی دەقەکە دواخستووە، لەوەشدا ئەم نموونەمان هەن:

١- پێغەمبەر (د.خ) پشتی بە(لامەرکەزی) بەستبوو، بە واتایەکی دیکە پەیڕەوی کردووە کەئەمڕۆ واناوزەد دەکرێ، لە پەیوەندی لەگەڵ بەشەکانی دوورگەی عەرەبی کە پێش کۆچی دوایی تارادەیەك هەموویان هاتبوونە نێو ریزی ئیسلامەوە،



خەڵکی ئەو دەڤەرانەی بە هۆی شەڕ ببوون بە موسڵمان وەك نەجد و حیجاز، فەرمانداری خۆی بۆ دادەنان، بەڵام دەڤەرەکانی دیکە لەبەر ئەوەی ئیسلامبوونی خۆیان رادەگەیاند، فەرمانداریی دەدا بەمیر و سەرۆکەکانیانەوە، لەبەر ئەوەش چونکە زەکاتدان تەنها فەرزێکی ئیسلام بووە کە دەکرا وەکو پێوەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ حوکمڕانی حیسابی بۆ بکرێت بۆ مانەوەی ئەو سەرۆك و میرانە و پابەندبوونیان بەئیسلام. بۆیە پێغەمبەر (د.خ) مەرجی زەکاتدانی خستبووە سەریانەوە. بەم شێوەیە زەکاتدان هێمای پابەندبوونی سیاسیی بووە، وێڕای مانا ئایینییە کۆمەڵایەتییەکەی.

هەروەها هێمای پابەندبوونیش بووە و زۆر لە پیاوانی عێلەکان بە «سەرانە» یاخود باجیان زانیوە کە دەیدەن بەخودی پێغەمبەر (د.خ) بەو پێیەی کە سەرۆکێکە و لەسەریانە گوێڕایەڵی بکەن، بۆیە زۆر لەوانە قایل نەبوون لە سەردەمی ئەبوبەکردا بیدەن کە تازە جێنشینی وەرگرتبوو، بەو بەهانە و هەنجەتەی کە گوایە پێشتر زەکاتیان دەدا بە پێغەمبەر (د.خ) بەگوێرەی گرێبەند یاخود پێکهاتنێك بوو لە نێوانیاندا، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوانە پابەندبوونی خۆیان بۆ ئیسلام و بەردەوامبوون لەم ئیسلامبوونەیاندا راگەیاندبوو. بۆیە ئەو هەڵوێستەیان زۆر پرسیاری لەنێو یاوەراندا دەورووژاند، کە ئاخۆ ئەمانە (هەڵگەڕاوبن) وەك باقی ئەو عێلانەی هەڵگەڕانەوەیان‌و دەرچوونیان لە ئیسلام راگەیاند بەپێشڕەوی سەرۆکەکانیان کە بانگی پێغەمبەرایەتی خۆیان دەکرد، یاخود دەبێ وادابنرێن کە بەردەوامن لە ئیسلامبووندا؟

ئەمە راستەوخۆ لە دوای وەفاتی پێغەمبەردا یەکەمین و دەسپێکی ئەو پرسیارانە بوو کە رووبەڕووی یاوەران بوونەوە لە بواری جێبەجێکردنی شەریعەتدا. لەوانە هەبوو دەیگوت: با وەکوکافری هەڵگەڕاوە لەگەڵیانا نەجەنگین، کەچی هەبوو دەیگوت: لە دژیان دەجەنگین. عومەری کوڕی خەتتابیش لەوانەبوو کە خوازیاری

جەنگ لەگەڵ کردنیان نەبوو، بەڵام ئەبوبەکر لەپۆلی ئەوانەی دیکە بوو، سەرچاوەکان دەڵێن گفتوگۆیەکی قووڵ لەم پرسەیەدا لەنێوانیان کراوە. عومەر بەتوندی نارەزایی خۆی لە شەڕکردن لەگەڵیاندا راگەیاندووە، بەوەی گوتویەتی: «چۆن لەگەڵیاندا بجەنگین پێغەمبەری خودا (د.خ) فەرموویەتی: فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکا بجەنطم تا دەڵێن لاالە الاالله کەئەوەشیان گوت ئەوا خوێنو سەروماڵیان لەمن پارێزراو و حەرام دەبێت؟» دەگێڕنەوە کە ئەبوبەکریش وەڵامی دابێتەوە و گوتبێتی «ئەی پێغەمبەر (د.خ) پاش ئەمەیان نەیفەرمووە: (تەنها بەرەوا بونییەوە- إلا بحقها-) مافیشیان هەیە نوێژ بکەنو زەکات ببەخشن» هەروا گوتوویەتی سوێندم بەخودا ئەگەر(عەگال)ێکم پێ ببەخشن کە پێشتر بە پێغەمبەری خودایان دابێ و ئێستا نەیدەن، شەڕیان لەگەڵ دەکەم. هەر واشیکرد.

بەو جۆرە دەبینین یاوەران لەئاست ئەم پرسە ترسناکە رووبەڕووی دوو هەڵوێستی لێکجودابوونەتەوە، تا رادەی ناکۆك بەیەکدیشەوە و، هەر یەکەشیان پاساوی خۆی هەبووە: **هەڵوێستی یەکەم :** تەنیا لە گۆشەی ئایینەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە کە ئەوەتا میللەت پابەندبوونی خۆیان بە ئیسلامەوە راگەیاندووە، دەقەکەش لەم مەسەلەیەدا روونە کە ناشێ شەڕیان لەگەڵدا بکرێ. **هەڵوێستی دووەم:** تەنها لەگۆشەی دەوڵەتەوە سەیری مەسەلەکە دەکات. زەکات نەك هەر بە تەنیا فەرزێکی ئایینی بێ و مرۆڤ بەجێیبگەیەنێ بە بەخشینی بۆ ئەوانەی شایستەی ئەم پێبەخشینەن کە قورئان باسیان دەکات، بەڵکو زەکات سەرەڕای ئەوەش هێمای پابەندبوونی سیاسی بووە، بۆیە زەکاتدان لای ئەبوبەکر مانای بەردەوام بوون لە دانپێدانان بە سەرۆکی کۆمەڵی ئیسلامی (واتە دەوڵەت) دەبەخشێ، کەچی نەدانی مانای دانپێدانەنان دەبێت.

ئەبوبەکر سووربوو لەسەر بیر و راکەی خۆی و عومەریش هاتە ژێرباری بڕیارەکەی جێنشین (الخلیفة)، بەوەش کوشتار لەدژی هەڵگەڕاوان -ئەوانەش کە زەکاتیان



نەدەدا- دەستپێیکرد. لەئاکامدا ئەبوبەکر سەرکەوت و یەکێتی موسوڵمانانی مسۆگەرکردەوە و شکۆ و هەژموونی دەوڵەتەکەشی بەرقەرارکردەوە. وادیاربوو عومەری کوڕی خەتتاب بە درێژایی جێنشینی ئەبوبەکر وای دەبینی کە هەڵوێستی راست ئەوە بووە کە ئەو مەزەندەی بۆی چووە سەبارەت بەوانەی زەکاتیان نەدەدا، واتە پێویست ناکات شەڕیان لەگەڵدا بکرێت. بۆیە هەر یەکسەر دوای وەفاتی ئەبو بەکر و وەرگرتنی جێنشینیی، دەستپێشخەری کرد لەدڵدانەوەی ئەوانەی زەکاتیان نەدابوو لەگەڵ بەردەوام بوون لە موسڵمان بونیاندا، بۆیە بڕیاریدا (تالان و سامانەکانیان بگەڕێنێتەوە و بەندییەکانیان ئازادبکات و دیلەکانیان بەربدات).

بەم شێوەیە خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب گەڕایەوە بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت بەو رووەی کە ئیجتهادەکەی بۆی چووبوو و تەنانەت دوای ئەوەی کە ئەبوبەکر بەر لە ئەودا بەشێوەیەکی جیاش هەمان مەسەلەی جێبەجێکردبوو. خەڵکان و یاوەرانیش هیچ جۆرە نیگەرانییەکیان نەبوو لەم جیاوازییە لەمەڕ پەیڕەوکردنی شەریعەت لەیەك مەسەلەدا. مەسەلەکە واتێگەیشتن کە پێویستبوو تێیبگەن: ئەبوبەکر بەلای بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی کردەوە کە ئەو رۆژە هەڕەشەی لێدەکرا بۆیە جەنگی لەگەڵ زەکاتنەدەراندا دەکرد. بەڵام عومەری کوڕی خەتتاب لەو کاتەی کە جێنشینی وەرگرت، دەوڵەت پتەو و راگیر و سەقامگیربوو، بۆیە وایبینی کە بەرژەوەندی وا دەخوازێ دڵیان بداتەوە و ئەم لاپەڕەیە بە یەکجاری دابخات، بەو مەرجەی لەگەڵ ئاییندا گونجاوبێ، واتە لەگەڵ دەقی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کە بە بەڵگە هێنایەوە. بەم پێیە دەبینین پەیڕەوکردنی شەریعەت هاوکات بوو لەگەڵ بەرژەوەندی، ئەمەش مانای وا نییە شەریعەت لەگەڵ گۆڕانی بەرژەوەندییەکانەوە بگۆڕدرێ، نەخێر، شەریعەت جێگیرە و رەهایە، چونکە لە خواوەیە. بەڵام بەو پێیەی کە مەبەستی خەڵك بە دەستهێنانی قازانج و خۆپارێزی لە زیانە و، بەو پێیەش کە قازانج و زیان مەسەلەی رێژەیین و بە گوێرەی گۆڕانی

بارودۆخەکانەوە دەگۆڕێن بۆیە «پەیڕەوکردن» خۆی لەخۆیدا دەبێت لەگەڵ گۆڕانی بەرژەوەندییەکاندا بگۆڕدرێن، مەسەلەکەش لێرە بەمانای لەکارخستنی دەق نایەت، بەڵکو تەنها دواخستنیەتی بە هەستکردن و پێحەسانی روویەکی دیکەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی.

٢- لەو تەگبیرانەی عومەری کوڕی خەتاب کردوونی و تیایدا رووی بەرژەوەندی بەسەر دەق و سایەدا بالاتر بینیوە و رەچاوی کردووە، بڕیارەکەیەتی بە دابەشنەکردنی زەوی و زاری باشووری عێراق بەسەر جەنگاوەراندا و لەبری ئەوەدا پەنابردنی بوو بۆ سەپاندنی باج بەسەر خەڵکی ئەو، لێرەوە دەبینین عومەری کوڕی خەتاب جارێکی دیکە بەرژەوەندی خستۆتە پێش دەق و سایە، واتە بەرژەوەندی موسوڵمانان لە ئاییندە دەخاتە پێش بەرژەوەندی هەنووکەیی هەندێکیان. قورئانی پیرۆز بەئاشکرا باس لەوەدەکات کە دەستکەوتەکان بەسەر جەنگاوراندا دابەش بکەن، جا ئەم دەستکەوتانە گوێزراوە بن یاخود نەگوێزراو (المنقولة او غير المنقولة)، وەك زەوی و شتی دیکە. کاتێ موسوڵمانانیش عێراقو خاکە بەپیتەکەیان ئازادکرد، گفتوگۆیەك لەنێوان یاوەراندا لە مەڕ ئەم مەسەلەیە روویدا و، تاقمێکیان وایان بەباشزانی بۆ ئەمە شەریعەت پەیڕە و بکەن و کار بە دەقی قورئان بکرێ، کە دەخوازێ دابەشبکرێن بەسەر جەنگاوەراندا. کەچی عومەری کوڕی خەتتاب بەرژەوەندی ئاییندەو نەوەکانی داهاتووی هێنایە بەر چاوی خۆی، بۆیە رازی نەبوو بەمەو پرسی: (جا چۆن بۆ ئەو موسوڵمانانەی بێن و ببینن زەوی و زارەکان و مەڕ و ماڵاتیان وادابەشکراون کە لە باوکانەوە بۆیان ماوەتەوە و ئێستا دەستیان بەسەرداگیراوە؟ ئەمە چ رایەکە؟») عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف پێی گووتووە «ئەی را چییە؟ ئەی ئەوە نییە وا خودا زەویو ماڵاتی خۆیانی بۆ گێڕاونەتەوە؟ عومەریش وتوویەتی: (بەڵێ وەك ئەوەی دەیڵێیت وایە، بەڵام من ئەوە نابینم. سوێند بەخودا، لە دوای من شارێك ئازادناکرێ کە دەستکەوتی



گەورەتان تێدا دەستکەوێ، بەڵکو نەبادا نەگبەتی بەسەرماندا بێنێت، جا ئەگەر هاتوو زەوی عێراقم بەماڵاتەوە و زەوی شامم بەماڵاتەوە دابەشکرد ئەی ئەستانە دوورەدەستەکانی نزیك بە دوژمنان چۆن بەرگری بکەین؟ ئاخۆ بەشی وەچەو بێوەژنانی ئەو ئەستانەش‌و غەیری ئەوەش لە خەڵکی شام و عێراق چی بێت؟).

گفتوگۆش لەنێوان عومەر لەلایەك و داخوازانی دابەشکردنەکە لەخودان مافانی (اصحاب الحق) جەنگاوەرانەوە لەلایەکی دیکە تا دەهات توونەدتر دەبووە بۆیە عومەر راوێژی بە یاوەران کرد، لەوەشدا پێی وتن: «وادەبینم ئەم دوو وڵاتە بەماڵاتەوە بهێڵمەوە وەك خۆیو باج بەسەریاندا بسەپێنم» بە دەرخستنی رووی بەرژەوەندی وەك کە بینیویەتی، ئینجا وتوویەتی «داخۆ ئەم کە لەبەر و هەرێمە دوورە دەستانەتان بینیوە، ئەی ئەوانە پێویست نییە پیاوانێك پاسەوانیان لێوەبکەن؟ ئەوشارە مەزنانەی وەك شام و جەزیرە و کوفەو بەسرە و میسرتان بینیوە، دەبێ کوڕانی خۆیان هان و جۆشبدەن بەرگری لەو کەلەبەرانەوە بکەن و تفاق و بژێویشیان بۆ فرە بکەن، ئەگەر وانەبێ گاوران دێنەوە شارەکانیان. یاوەرانیش کە راوێژیان پێکرابوو، وتوویانە: کارەکە روون بووەوە، ئەویش فەرمانی دا بەدانانی باج لەسەریان)).[١١]

٣- ئاشکرایە کە قورئان باسی (المؤلفة قلوبهم[١٢])ی کردووە لەنێوان ئەوانەی مافیان لە زەکاتەوە هەیە (موستەحەقاتی زەکات). پێغەمبەریش (د.خ) زەکاتی داوە بە هەندێ لە گەورە پیاوانی قوڕەیش کە تازە موسوڵمان ببوون، تەنانەت بۆ هەندێ لەوانەش کە هێشتا موسوڵمان نەبووبوون، بەمەبەستی راکێشانیان و دەستەمۆکردنیان. دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: «من بۆیە دەیدەم بەو پیاوەو، غەیری ئەویش لای من خۆشەویستترن، چونکە دەمەوێت دڵی نەرم کەم». کاتێ ئەبوبەکریش جێنشینی وەرگرت بەم مەسەلەیەدا رۆیشتەوە، بەهەمان رەوتی پێغەمبەر و فریای داخوازی دوو پیاو کەوت لە (المؤلفة قلوبهم) کە پارچە زەویان

پێبدات. کە عومەر بەمەی زانیوە، رقی هەڵساو پێیگوتوون :«پێغەمبەری خودا (د.خ) ئەو دەمەی ویستوویەتی دڵتان نەرم بکات). موسوڵمانان ئەو وەختە کەمبوونە، خوداش ئەمڕۆ ئیسلامی دەوڵەمەندو فرەکردووە، بڕۆن بۆخۆتان بکۆشن و هەوڵبدەن، ئەگەر چاودێری و سەرپەرشتیمان کردن ئیتر خودا چاودێری و سەرپەرشتیتان ناکات». لەوەشدا رووندەبێتەوە کە ئەبوبەکر پابەندی پەیڕەوکردنی شەریعەت بووە بەپێی دەقی قورئان و وەك چۆن پێغەمبەریش (د.خ) وایکردووە. بەڵام عومەر بینیویەتی ئەو بەرژەوەندییەی کە پێشتر بۆ زەکاتدان بە (المؤلفة قلوبهم) لە ئارادابووە، ئەمڕۆ نەماوە، ئەوەتا ئیسلام بەهێزە و پێویستی بە نەرمکردنی دڵی کەسێکەوە نییە، ناشبێ لەوەدا وا تێبگەین کە عومەر (ر.خ) دەق و سایەی لەکارخستووە، بەڵکو دەبێ بڕوانینە کارەکەی سەبارەت بەم مەسەلەیەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ رەچاوکردنی ئەوەی «بەرژەوەندییە بنەچەکەوە- المصلحة الاصل-» لە زەکاتدا دەناسرێ، ئەویش سووککردنەوەی پێویستی هەژار و داماوانە و (المصلحة الفرع- بەرژەوەندی لکە) کەشی فەرامۆشکردووە، مەبەستم لەدەستەمۆکردنی (المؤلفة قلوبهم)ە، کەئەویش بەرژەوەندییەکی کاتی بووە و ئێستا نەماوە.

٤- لەو پرسانەی کە یاوەران تێیدا پابەندبوون بەشەریعەت لەسەر بنچینەی رەچاوکردنی بارودۆخ و پابەند نەبوون بە وشە بە وشەی ئەو دەقەی بۆ مەسەلەی بڕینی دەستی دزە. لەوەدا ئەوەی باوەو بەناوبانگە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە لە «ساڵی گرانی» کە نەیهێشتووە بەهۆی برسییەتییەوە دەستی دزێك ببڕن، وا دەگێڕنەوە کە چەند مێردمنداڵێکی کۆیلە(غلماناً) وشتری پیاوێك دەدزن و ئەویش سکاڵای خۆی لای عومەری کوڕی خەتتاب لە بەرامبەریان تۆمار دەکات، عومەریش دەنێرێ بەدوای خاوەنی مێردمنداڵەکانو پێی دەڵێ: «دەبینم برسیتکردوون»، ئینجا لەخاوەن وشترەکە دەپرسێ کە بایی چەندەو دواتر فەرمان بە



خاوەن منداڵەکان دەکا پارەکە بدا بەخاوەن وشترەکە و وازیشی لە مێرمنداڵەکان هێنا. عومەر بەخاوەن وشترکەی وتووە: «خۆئەگەر مەزەندەم وایە کاریان پێدەکەن و برسییان دەکەن تا ئەگەر لەبەرامبەر حەرامی خوداش بن بیخۆن، پارچەپارچەم دەکردن، بەڵام سوێندم بەخودا ئەگەر لەمەودوا ئاوەها بەڕەڵایان بکەیت پارەیەکی زۆرت سزا دەدەم کە ئازارت بدات». لەوەشدا دەگێڕنەوە کە ئیبنی عەبباس هەمان رەفتاری کردووە کە کۆیلەیەکیان لەبەردەمی ئەودا بۆ دادگاییکردن راگرتووە کە گوێدرێژێکی دزیوە و سەری بڕیوە. کە وتوویەتی: «من لەوە ترساوم لەبرسانا بمرم» بۆیە بەری داوە بەبێ ئەوەی فەرمانی دەستبڕینی بەسەردا بدات و فەرمانی بە ئاغاکەی (کۆیلەکە) کردووە پارەی گوێدرێژەکە بژمێرێت. هەروەها دەگێڕنەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب لەبارەی کەسێکەوە وتوویەتی کە لە «بەیتول مال» دزیکردبوو «دەستی نەبڕن، ئەوە مافێکی خۆی لێرە هەیە». هەروا سەبارەت بەکۆیلەیەك کە ئاوێنەی هاوسەری ئاغاکەی دزیبوو، وتوویەتی «دەستبڕینی بۆ نییە، خزمەتکارەکان کەلوپەلی خۆتانی دزیوە».

٥- لەم بارەشەوە لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: «دەستبڕین لە رێبواریدا نابێ» یا وتراوە «لەغەزاکردندا» نییە. لەزەیدی کوڕی سابیتەشەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی «لەشەڕدا رادەگری ناکرێت (حەد ناگیرێ) لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەوانەی حەددیان لەسەر بگیرێ رابکەن بۆلای دوژمندا». هەروا لە حوزەیفە(حذیفة)وە دەگێڕنەوە کە نەیهێشتووە حەد بگرن لەمەی خواردنەوەدا لەسەر یەکێك لەسەر لەشکر سەربازییەکانەوە، نەبادا دوژمن ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی. ئەوەشیان فیقهناسەکان بەدواخستنی حەدگرتن لەسەر پێی دایدەنێن، لە نموونەی ئەوەشدا حەدگرتن دواخراوە لەسەر ئافرەتی دووگیان و شیردەر و لە کاتی نەخۆشبوون و سەرما و سۆڵە و گەرمادا، چونکە جێبەجێکردنی شەریعەت و حەدگرتن لەمجۆرە بارانەدا، باری دووگیانی و شیردان و

نەخۆشی و سەرما و گەرما، دەبێتە مایەی ئازاردانی کەسی ناوبراو، ئازاردانێکی ئەوتۆ کە لە حەدگرتنەکەدا نەبێت. بنەچەکەش (الاصل) لێرە: رەچاوکردنی بەرژەوەندی حەد لەسەرگیراوەکەیە. بەم پێیە بەرژەوەندی دەبێ هەموو کات ئامادەبێت لەجێبەجێکردنی شەرعدا، هەروا دەبێ رەچاوکردنی یەکەم ئەو بێت.

٦- بەڵام مەیخۆر، حەدگرتنێکی دیاریکراوی ئەوتۆی لەمەڕ دانەبەزییوە، بەڵام کاتێ مەیخۆرێکیان هێناوەتەوە بەردەم پێغەمبەر (د.خ)، پێغەمبەریش بەو یاوەرانەی وتووە کە لەگەڵیدا بوون: لێیبدەن ئەوانیش هەریەکەی بەدەست یا بەجلی خۆی کە بەدەستیانەوەبووە یا بە کەوش لێیان داوە، کە دەرچووەتە دەرێ یەك لەئامادەبوان هاواری لێکردووە (خودا ریسوات بکا) پێغەمبەریش(د.خ) وەڵامی ئەوانەی داوەتەوە و فەرموویەتی: (ئەوە مەڵێن، هاوکاری شەیتان مەبن بەسەریدا).

کارەکەش هەروا رۆییوە لە پەیڕەوکردنی شەریعەت بەسەر مەیخۆراندا، مەبەستم ئەوەیە سەرزەنشتکراوە و لێیدراوە بەبێ دیاریکردنی ژمارەی لێدانەکان، تا لە جێنشینی عومەردا وا روویداوە کە خالیدی کوڕی وەلید سەرکردەی سوپا دەنێرێتە لای ئەو و سکاڵا دەکا کە خەڵکان سەرقاڵی مەیخواردنەوەن و ئەو سزایەیان پێ هیچ نییە (واتە تەنها لێدانەکە). ئینجا عومەر راوێژی بە یاوەرانکردووە، عەلی کوڕی ئەبی تالیب وتوویەتی «ئەگەر پیاو مەست بوو (سەرخۆشبوو) وڕێنە دەکات، کە وڕێنەشیکرد بوختان دەکات، بوختانکەریش حەدی هەشتا قامچی لەسەر دەگیرێ». ئینجا عومەر وتوویەتی: «هەشتا قامچی لێدەن وەك بوختانچی». بەم پێیە کە مەیخواردن وا باونەبووە رادەی سزاکەی کەمبووە. بەڵام کاتێ مەیخواردن زۆربووە و هەڕەشەی لێکترازان و تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، رادەی سزادانەکەیان پترکردووە بە دوورخستنەوە و خۆپاریزی لەو کارە ئەوەی خواستووە.



٧- نموونەی ئەوەش مەسەلەی ژنخوازی کچانی جوولەکەو نەسرانییەکان، کە قورئان شیاوی کردووە. بارودۆخی تایبەتی روویانداوە و عومەری کوڕی خەتتابیان وا لێکردووە کەقەدەغەی بکات. دەگێڕنەوە کە حوزەیفە ئافرەتێکی جوولەکەی خواستووە. عومەر کە پێی زانیوە، بۆی نووسیوە و داوای لێکردووە دەستبەرداری بێت، کە حوزەیفە لێی پرسی داخۆ بۆچی، ئەی ئەوەتا بەدەقی قورئانی شیاونەبووە؟ عومەر وتوویەتی: «من لەوە دەترسم فریو بخۆن و هاوسەریی سۆزانییان بکەن». لە سەربردەیەکی دیکەدا وتوویەتی: «من لەوە دەترسم موسوڵمانان چاو لەتۆ بکەن (لاساییت بکەنەوە) و ئافرەتانی خودان پەیمانان (أهل الذمة) لەبەر جوانییان هەڵبژێرن بەمەش دەمەوێ ئاشووب و فیتنەگەری لە ئافرەتانی موسوڵمانان بەدوور بگرم). عومەریش جێبەجێکردنی وشە بە وشەی دەقەکەی وەلاناوە و رەچاوی بنەچە (الاصل)کەی کردووە، کە ئەویش خۆپارێزییە لە زیان. لەگەڵ ئەوەشدا کە زیانەکە تا ئێستا رووی نەداوە، بەڵام ئەگەری روودانی بەسە بۆ ئەم خۆپارێزییە. بەتایبەتیش کە رۆژگارەکە رۆژگاری لەشکرگێری گشتی بووە لە پێناوی ئازادکردنی خاکدا، لەراستیشدا موسوڵمانان بۆ دەقەکە گەڕانەوە، ئەو کاتەی بارودۆخەکەش گۆڕاو ئەو زیانە مەزەندەکراوەش لە ژنخوازی لەخودان پەیامەکان لاوازتر و نەشیاوتر بوو.

ئەوانە چەند نموونەیەك بوون سەبارەت بە (پەیڕەوکردنی شەریعەت) لە سەردەمی یاوەراندا، هەمووشیان شاهیدی ئەوەن کە ئەوانە (یاوەران) لە میانەی ئەو بەرژەوەندییە یاخود ئەو (زیانە)ی لێیدەکەوێتەوە روانیویانە جێبەجێکردنەکە. ئەلجوەینی ئیمامی هەردوو مزگەوتی گەورە(مەککەو مەدینە) دەڵێ: «ئەگەر باری یاوەران (ر.خ) تاقی بکرابوایەوە کە ئەوانەش پێشەنگی (الأسوة) یەکتربوون لە تێڕوانیندا، هیچ کامێکیان لە کۆڕی راوێژکردندا لەبنەچە دۆزینەوە یا لە وروژاندنی ماناکان نەگەڕاون و ئینجا بە پێوانەگرتنی رووداوەکان بەو پێیەی کە

دڵنیای بن هەوڵیان نەداوە، (وەك ئەوەی فیقهناسەکان لە پێوانەگریدا کردوویانە). بەڵام ئەوانە (یاوەران) بە ڕووەکانی راوە (الرأي) دەچوونە خوارەوە، بەبێ سەرنجدان بە بنەچەکاندا، کە هەبووبن یاخود نەبووبن). مەبەست لە (بنەچەکانیش-الاصول-) ئەوانەن کە فیقهناسەکان بۆ مەزهەبە فیقهییەکانیان داڕشتوون.

هەروا دەڵێت: یاوەرانی پێغەمبەر (د.خ) (أصحاب رسول الله) هەرگیز لەسەر نەخشە و ڕێبازی مشتومڕخوازەکانی ئەو سەردەمە (سەردەمی ئەلجوەینی خۆی) نەرۆیشتوون لە دامەزراندنی بنەچە و گرنگیدان بە هەڵێنجان لێیانەوە و خۆ خەریککردن بە ڕێکردنی نەخشەی ناسراو و هۆگربووی هاوچەشنەوە، بەڵکو ئەوانە یەکسەر حوکمەکانیان ڕێدەکرد و لە کۆڕی راوێژکردندا، بە بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە دەیان بەستنەوە)). بەرژەوەندی گشتیش تاکە بنەچەی پشت پێبەستراوی یاوەران بووە، لە پەیڕەوکردنیان بۆ حوکمەکانی شەرع. کە فیقهیش پەرەی سەند و وایلێهات (بە تیۆری) تێپەڕی واقیع و سەرەنجامی ڕووداوەکان و حوکمە دابەزیوەکانی کرد تارادەی گونجاوو شیمانەیی بێت، واتە بۆ بواری گریمانەکێ و ئەگەر دانان و هەرچییەکی مەزەندەی بۆ بچێت لەو بوارانەدا.

فیقهناسەکان دەستیانکرد بە دانانی چەند بنەچەیەك بۆ حوکمڕانی تێڕوانینی فیقهی کە لقوپۆپەکانیشیان (وردەکارییەکانیان) بە دەورەیاندا ڕێکبخەن، چ ئەوانەش کە واقیعین و چ ئەوانەش کە مەزەندەکراون. ئینجا کارەکە پتر پەرەی سەند تا وایلێهات هەندێ لە لقەکان بوونە ئەسڵ و بنەچە بۆ لقی دیکە و ئیتر بەهەمان شێوە. هەموو ئەمانەش (مەبەستم واقیعییەکان و مەزەندەکراوەکانن) پەیوەست و مەحکوم کران بەبارودۆخی سەردەمەو ەو هەرهەمووشیان لەیەك نزیك و هاوچەشنی یەکتر بوون.

بەڵام ئەمڕۆ، کە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری تەکانێکی گەورەی لە پەرسەندن و



گەشەکردندا بەخۆوە بینیوە و وایکردووە ژیانی هاوچەرخمان لەچەشنی واقیعێکی جیا لە ژیانی رابردوو بێت، بۆیە ئەمڕۆ پەیڕەوکردنی شەریعەت لەسەر بنچینەی رەچاوکردنی بەرژەوەندی سەرتاسەری پێویستی بە رەسەنکردنی بنەچەکانی هەیە. هەروەك چۆن یاوەران وایانکردووە. یا بەدەستەواژەیەکی دیکە بڵێین، پەیڕەوکردنی شەریعەت، ئەو پەیڕەوکردنەی کەگونجاوتربێ لەگەڵ ڕۆژگار و بارودۆخ و پێشکەوتنەکانی، دەخوازێ سەرلەنوێ ڕێچکەیەك بۆ پیادەکردن بونیاد بنرێتەوە، ئەو تاکە مەرجەعیەتەش کە دەبێت باڵاتربێ لەسەر تەواوی مەرجەعیەتەکانی دیکەدا، کە کار و کردەوەی یاوەرانە، ئەوەیان تاکە مەرجەعیەتێکە کە بتوانێ موسوڵمانان لەسەر یەکڕا کۆبکاتەوە. چونکە پێشتر لە دروستبوون و دامەزراندنی مەزهەبەکان و سەرهەڵدانی ناکۆکی، هەرئەویش دیسان دروستتر و شیاوترە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك، چونکە لەسەر رەچاوکردنی بەرژەوەندی سەرتاسەرییەوە بونیادنراوە.

## پەراوێزەکانی پێشەکی

١- قورئانی پیرۆز (سورةتی آل عمران) ئایەتی١١٠.

٢- هەمان سەرچاوە (سورەتی النساو) ئایەتی٥٩.

٣- بڕوانە محمد عابد الجابري، العقل السياسي العربي-محدداتـه وتجلياتـه، نقـد العقـل العربـي، ٣ (بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٠) القسم ١ :محـددات، الفـصل ٤ :(مـن الـردة الى الفتنة :القبيلة).

٤- بڕوانە :هەمان سەرچاوە :القسم١، الفصل،٤ الفقرة٣.

٥- قورئانی پیرۆز (سورەتی الحشر) ئایەتی٧.

٦- هەمان سەرچاوە (سورةتی آل عمران) ئایەتی١٤٠.

٧- بڕوانە درێژەی ئەمەیان لە :أبو الفتح محمد بن عبدالكريم الشهرستاني، نهاية الاقدام في علم الكلام، وأبو الفضل عبدالرحمن بن أحمد عضدالدين الأيجي، المواقف.

٨- الشهرستانی هەمان سەرچاوە.

٩- قورئانی پیرۆز (سورةتي البقرة) ئایەتی١٢٥.

١٠- بڕوانە درێژەی ئەمەیان لە: جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي، الاتقان في علوم القرآن.

١١- بڕوانە: يعقوب بن ابراهيم أبو يوسف، كتاب الخراج، ص١٤.

١٢- قورئانی پیرۆز (سورةتي التوبة) ئایەتی٦٠.

## بەشی یەکەم

# پرسی ئایین و دەوڵەت

## ١- ئایین و دەوڵەت لە مەرجەعییەتی کولتووریدا

### أ- پرسی جێبەجێکردنی ئەحکامەکان

... بەڵێ دەکرێت سەرکەوتوویت لە قەناعەت پێکردنی ئەوەی کە تەنیا لەناو مەرجەعییەتی کولتووریدا بیر لەوە دەکاتەوە کە مەسەلەکە هەرگیز پەیوەندی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی دوور لە هەموو بنەمایەکی ئایینی (دولة ما عدة) نییە و هەروەها پەیوەندی بە لابردنی رواڵەتی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگەش نییە، دەکرێت گەورەترین سوێندی بۆ بخۆیت کە مەبەست نە ئەمەیە و نە ئەوەیە و ئەویش بە گوتنی «خوا دەزانێت» قایل و بێدەنگ دەبێت. بەڵام هەرگیز ناتوانیت قەناعەتی پێبهێنیت کە جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت واتای دابڕانی ئیسلام لەو «دەسەڵات»ەی کە دەبێت جێبەجێکردنی ئەو ئەحکامانەی بگرێتە ئەستۆ، ناگەیەنێت، کەواتە پێویستە لە سەرەتادا جیاکردنەوەیەك لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئەحکامەکان و لەنێوان ئەو **دامەزراوە کۆمەڵایەتییەی کە ناونراوە دەوڵەت، لە ئارادا هەبێت.**

هیچ شتێکیش بەربینایی تاریك ناکات و بزربوونی ویجدانی و گومڕابوونی فیکری وەکو پرسیارە ساختەکان رووبەڕوو ناکاتەوە. پرسیارە ساختە و درۆکانیش وەکو پرسیاری منداڵانە، ئەو پرسیارانەی کە گرفتی ساختە لە وشیاریدا سەرهەڵدەدات و دەیخاتە روو بەو شێوەیەی کەگرفتی راستن. مەترسی پرسیاری ساختەش لەوەدایە کە پێویستی بە وەڵامێکی ساختە هەیە کە ئەویش لەخۆیدا گرفتێك یان کۆمەڵە گرفتێکی ساختە دەورووژێنێت. چونکە هەموو پرسیارێك لە شێواز و داڕشتنی جووتێکی بەرامبەر دەخرێتەروو دەکرێت، پرۆژەی وەڵامێك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. کاتێکیش وەکو: «ئایا ئیسلام ئایینە یان دەوڵەتە؟» ئەوا بەرپرس و



دوا بە دواش هزر –یضع المسؤول و بالتالي الفکر- دەخاتە بەردەم دابەشکردنێکی ئەقڵی دوو پرسیارەکە گەمارۆدراوەکە، ئەوەش یەکێك لەم دوو مەسەلەیە دەسەپێنێت، یان (ئیسلام ئایینە نەك دەوڵەت) یاخود «ئیسلام ئایین و دەوڵەتە» بەڵام ئەگەری سێیەم واتە(ئیسلام دەوڵەتە نەك ئایین) ئەوا ئەگەرێکی شیاو و لەبار نییە، چونکە ئیسلام بە پێناسە ئایینە.

پرسیارە ساختەکانیش لە زۆرجاراندا پرسیارێکن کە شێوەکانیان (الاشکالیة) لە واقیعەوە وەرناگرن، بەڵکو دەربڕی شێوەیەکی هزرێکی خەونییە، یاخود هزرێکی رووت، میتافیزیکی، یاخود لە بوارێکی دیاریکراودا گرفتێك دەخاتەروو کە ناوەڕۆك و سنوورەکانی لە بوارێکی دیکەوە هەڵگوێزراوەتەوە. ئەو دوو لایەنەی کە ئێمە پێوەی سەرقاڵین، دوو لایەنی ئایین و دەوڵەتە لە هزری نوێی عەرەبی دا کە لە دواجۆری گرفتەکانە، چونکە پرسیاری «ئایا ئیسلام ئایینە یان دەوڵەتە» هەرگیز لە رابردوودا لەوەتەی ئیسلام دەرکەوتووە و تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی پێشوو نەخراوەتە روو، بەڵکو لەسەرەتادا و لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو بەناوەڕۆکێکەوە کە سەر بە کولتووری ئیسلامی نییە، خراوەتە روو، ناوەڕۆکێکی رێنیسانسی کە بنەماو بەشەکانیمان لەو نموونە شارستانییە ئەوروپییەی کە عارەب ویستوویانە و دەیانەوێت لە نیشتمانەکانیان وەدی بهێنن، بەدی نەکردووە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە پێشکەوتن و رێنیسانس.

راستە گیروگرفتەکان رێگا بە گواستنەوە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە نادەن، تەنیا ئەگەر لەو بوارەی کە بۆی دەگوازرێتەوە جۆرە پاساوێك بۆ پرۆسەی گواستنەوە هەبێت، بە واتا کاریگەرییە دەرەکییەکان تەنیا بە هەبوونی ئامادەبوونێکی (ناوخۆیی) لەوەبەرەوە کاریگەری دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گوازراوە تەنانەت لەم حاڵەشدا بەنامۆییو نائاسایی دەمێنێتەوەو گیروگرفت دەورووژێنێتو

دەبێتە هۆی رووبەڕووبوونەوەو لێکدان لەناو ئەوەی کە بۆی گوازراوەتەوە ئەگەر ئەو گوازراوەیە بە جۆرێکی تەواوو شیاو سەرکەوتوو بگونجێندرێت.

گرفتی پەیوەندی لەنێوان ئایین و دەوڵەت هەروەکو بۆ بواری عارەبی لەسەدەی رابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیە گوازراوەتەوە، هێشتا بەجۆرێکی پێویست لە واقیعی هزریو شارستانییەتی عارەبدا نەگونجێنراوە تاوەکو بەراستی ببێتە دەربڕی گیروگرفتو داخوازییەکانی، نەوەك ببێتە دەربڕی گیروگرفتو داخوازییەکانی ئەو واقیعە ئەوروپییەی کە لێوەی گوازراوەتەوە. کەواتە هەوڵدەدەین رزگارمان بێت لە داوەکانی پرسیاری ساختە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە خودی ئەو پرسیارەی لێ بکرێت ئەگەر رەگەزە قەڵبەکانمان لێ کردەوە ئەوا ئەوکاتە دەکرێت بەو شێوازەی کە دەربڕی واقیعی عارەبی بێت، بخرێتە روو دەربارەی رەنگدانەوە تایبەتییە پێشووەکانو ئەوانەی ئێستاو دەربارەی داخوازییەکانی نەتەوەیی عارەب و ئاواتەکانی ئایندەیو لە پێناو ئەم مەبەستەدا بابەتەکە لەسەر چوار قۆناغ تاووتوێی دەکەینو لە هەریەکێکیاندا ئاستێك لە ئاستەکانی شێوەکە هەروەك لە هزری عارەبی تازەو هاوچەرخدا خراوەو دەخرێتە روو. یەکەمجار تەماشا لەو چۆنییەتیەی کە دەبێت مەسەلەکە لەناو مەرجەعییەتی کولتووریدا بخرێتەروو، بکەین تاوەکو ئەگەری ئەوە هەبێت وەڵامدانەوەیەکی هەڵگوێزراو لە خودی مەرجەعییەتەکەوە دەستەبەر بکرێت، پاشانو لە دووەم جاردا ئەو رەگەزانەی کە وەڵامدانەوەی مەرجەعییەتەکە دیاری دەکەن، شی دەکەینەوەو سێیەمیش تەماشای چۆنییەتی خستنەڕووی شێوەکە لە مەرجەعییەتی رێنیسانسی عارەبی تازەو هاوچەرخ دا دەکەین: لە چوارەمیشدا تیشك دەخەینە سەر پەیوەندی مەسەلەکە بە واقیعی عارەبی ئێستاو ئاسۆی ئایندەی.

با ئێستاش دەست بە خستنەڕووی مەسەلەکە لەسەر ئاستی یەکەم بکەین، ئاشکراشە ئامانجمان لێرەدا شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو ئامانجمان



بەچوارچێوەکردنێکی بابەتەکەیە بەجۆرێك کە نزمترین ئاستی تێگەیشتن و گەیشتن و لێکحالیبوون بڕەخسێنێت، وەك قەناعەتێك لە ئێمەوە بەوەی کە گرنگترین کۆسپەکانی بە یەکگەیشتن و لێکحاڵیبوون لە نێوان تەوژمە هزرییەکانی عەرەبی هاوچەرخ، داخراوەیی هەر یەکێکیانە لەناو مەرجەعییەتی تایبەتی خۆیداو بەستنەوە رەهاکەی پێیەوەو رەتکردنەوەی هەرچ رەوتێکی دیکە جگە لەو. ئەمەش یان بەهۆی نەزانین یاخود لەبەرچاونەگرتن، یاخود بەهۆی پۆلینکردنی ئایدیۆلۆژییە بەو واتایەی کە ئایدیۆلۆژیا دەبێتە «بیروبۆچوونەکانی رکابەرەکەم».

مەرجەعییەتی کولتووری بابەتی «ئایین و دەوڵەت» لە مێژووی ئیسلامی سیاسیو فیکری پێکهاتووەو بەتایبەتی رەسمییەکەی، سەرهەڵدانی ئیسلام تا سەرەتاکانی سەدەی رابردوو، ئەوەش ئەو ماوەیەیە کە ئیسلام جیهانێکی شارستانییەتی پێکدەهێناو خۆ لەخۆیدا کیفایەتی دەکردو گرفتەکانی نەدەزانی جگە لەوانەی کە لەخۆیدا دروست دەبوون و چارەسەرێکی دیاریکراویان بۆ دەدۆزرایەوە.

ئەم جیهانە (داخراوە)، کە بۆخۆی سەربەخۆیەو بۆ گیروگرفتەکانی فراوانە، ئەو جیهانەیە لە ناوەوەیدا ژمارەیەکی ئێکجار زۆر لە رۆشنبیرەکانی وڵاتانی عەرەبی لە رێگای رەنگدانەوەکانی بیری تێدا دەکەنەوە، نەك تەنیا شێخو زاناکان، بەڵکو لاوان و رۆشنبیرانیش.

پرەنسیپی دامەزرێنەری ئەم مەرجەعییەتەو تەحەکوم کردن لە ئاراستەکردنیدا ئەوەیە کە هەر شتێك لە بەرامبەر ئیسلامدا دابنرێت. پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. سەبارەت بەو دوو لایەنەی کە جێگەی مەبەستمانە لێرەدا، واتە دوو لایەنی ئایینو دەوڵەت، ئەوا ئەگەر بەناوەڕۆکە رەسەنە ئەوروپییەکەی خرایە روو کە داوای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکات، ئەگەر بەم ناوەڕۆکە لەو مەرجەعییەتە کولتوورییەماندا خرایەروو، ئەوا ئەو خستنە رووە بێ ئەملاو ئەولاوەك

«دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئیسلام» و بە هەوڵێکی ئاشکرا بۆ لەناوبردنی لە قەڵەم دەدرێت.

لەبەرچی؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، وەڵامێکی چڕوپڕ پێویستە لە تۆمەتە خۆڕاییەکانی وەك توندڕەوی و دەمارگرژی و ئاسۆ تەسکی...هتد خۆ بپارێزرێت، چونکە زیانەکانی لە سوودەکانی پترە، سەرباری ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی تێنەگەیشتنە، یاخود بەلای کەمەوە حاڵینەبوون لە سنوورەکانی ئەو بیرکردنەوەی کە لە مەرجەعییەتی کولتوورییەوە دەردەچێت کەواتە با بڕوانینە چۆنییەتی تێگەیشتن لە دەستەواژەی (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت) لەناو مەرجەعییەتی کولتووریمان، ئەو مەرجەعییەتییەی کە تەحەمولی ئەم دوو لایەنە (دوولایەنی ئایین/ دەوڵەت) ناکات، چونکە لە هەموو مێژووی ئیسلامدا (ئایین)ێك نەبووە جودابکرێتەوە یاخود جودا کردنەوەی لە دەوڵەت پەسند بکات، هەروەها (دەوڵەت)ێك نەبووە کە رازی بێت ئایینی لێ جیابکرێتەوە. لە راستیشدا فەرمانڕەوا هەبووە کە جۆرە نەرمییەکی لە مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی ئایینی وەکو جیهاد یاخود بەرەنگاربوونەوەی داهێنان لە ئاییندا نیشاندابێت، بەڵام هیچ کام لە فەرمانڕەواکان لە مێژووی ئیسلامدا لە توانایاندا نەبووە کە دەست لە پشتبەستن بە ئایین هەڵبگرێت، چونکە هیچ کامێکیان نەیدەتوانی شەرعییەتێك بۆ حوکمڕانییەکەی لە دەرەوەی شەرعییەتی راگەیاندنی خزمەتی ئایینو بەرزکردنەوەی پایەکانی بدۆزێتەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە لەهیچ قۆناغێکی مێژووی ئیسلامدا نەبووە کە، دامەزراوەیەکی تایبەت بە ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵکو کەسانێك بوون کە ئیجتیهادیان لە ئاییندا دەکردو لەبارەی ئەوکارەسات یاخود ئەو گیروگرفتانەی کە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە دەکەوتنەوە، فەتوایان دەدا. کەواتە دەستەواژەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت یاخود دەوڵەت لە ئایین



لەناو مەرجەعییەتی کولتووریدا بێ ئەم لاو ئەولا یەکێك لەم دوو مەسەلەیە یاخود هەردووکیان دەگەیەنێت: یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی باوەڕنەبوو بە ئایینو نائیسلامیو، یاخود دابڕانی ئیسلام لەو (دەسەڵات)ەی کە جێبەجێکردنی ئەحکامەکان دەگرێتە ئەستۆی.

بەڵێ لەوانەیە بتوانرێت سەرکەوتن بەدەستبهێنرێت لە قەناعەت پێهێنانی ئەوەی کە تەنیا لەناو مەرجەعییەتی کولتووریدا بیردەکاتەوە بەوەی کە مەسەلەکە هەرگیز پەیوەندی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی باوەڕنەبوو بە ئایین نییە و هەروەها پەیوەندی بە نەهێشتنی رووالەتی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگەش نییە، دەکرێت سوێندی گەورەی بۆ بخۆی کە مەبەست ئەم و ئەو نییەو، ئەویش تەنیا رازی دەبێت بە وتنی (خوا دەزانێت)و بێدەنگ دەبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت قەناعەتی پێبکەیت کە (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت) واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام لەو (دەسەڵات)ە دابڕێت کە جێبەجێکردنی ئەحکامەکان دەگرێتە ئەستۆی. کەواتە دەبێت دەستبکرێت بە جیاکردنەوە لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئەحکامە شەرعییەکانو لەنێوان ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەی کە ناونراوە (دەوڵەت)، بۆچی؟ چونکە ئایین لە روانگەیدا بریتییە لەو ئەحکامانەی کە دەبێت جێبەجێ بکرێنو دەوڵەتیش ئەو (دەسەڵات)ەیە کە دەبێت ئەو جێبەجێکارییە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

کەواتە ئەو پرسیارەی کە دەسپێکمان بوو، پرسیاری «ئایا ئیسلام ئایین و دەوڵەتە؟» واتا ئیسلامییەکەی نادۆزێتەوە، واتە ئەوەی کە قابیلی وەڵامدانەوەیە لەناو ئەزموونی شارستانیەتی ئیسلامەوە، تەنیا ئەگەر بە دووبارە دارشتنەوەی پرسیارەکە نەبێتو وشەی (ئەحکام) بخەینە شوێن وشەی دەوڵەت. ئایا چۆن دەبێت لەو دارشتنە تازەیەی پرسیارەکەوە تێبگەین؟

**ب- (خەلافەت)و تەرازووی هێزەكان**

كەواتە تەنیا شتی جێگیر كە مەرجەعییەتی كولتووری دەیدا پێمان ئەوەیە كە ئەحكام لە قورئاندا هەیەو پێویستی بە «وەلی ئەمر» هەیە بۆ جێبەجێكردنیان لە جیاتی كۆمەڵی ئیسلامی. چەمكی «وەلی ئەمر» چەمكێكی فراوانە، چونكە بە سەرۆكی خێزان و هۆزیش دەگوترێت، هەروەها بە زاناو فەقێ موسوڵمانەكانو بە فەرمانڕەوای موسوڵمان لەناو خاكی ئیسلام جا والی یان ئەمیر یان خەلیفە بێت، دەگوترێت.

پەیوەندی لە نێوان ئایین و دەوڵەت لە مەرجەعییەتی كولتووریدا لە چوارچێوەی ئەم راستییە مێژووییەدا دیاری دەكرێت كە بریتییە لەوەی ئیسلام لە كۆمەڵگەیەكدا دەركەوتووە كە دەوڵەتی تێدا نەبووە، دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیش بەجۆرێكی پلە لە دوای پلە پێكهاتووە، بەڵام بە تەوژمی خێرا لە میانەی بڵاوبوونەوەی بانگەشەی ئیسلامیو سەركەوتنی پێغەمبەر لە هێرشەكانیدا و بە چۆنییەتییەكی تایبەتی كردنەوەی (مەكە) لە یەكەمجار، پاشان لە دووەم جاردا لە میانەی بڵاوبوونەوەی هێرشەكان و سەركەوتنی عەرەب لە دەركەوتن وەك هێزێكی جیهانی و بەو پێیەش چوونە ناو پەیوەندی نێودەوڵەتی فراوانەوە.

ئەمە راستییەكی مێژووییە كە دیالۆگ و گفتوگۆ هەڵناگرێت، بەڵام راڤەكردنی ئەم راستییە مێژووییە بەجۆرێك كە رێگا بدات بە كۆتایی یەك ئاكامی تەشریعی، كارێكی ئەوەندە ئاسان نییە. چونكە ئەو بەڵگانەی كە دەكرێت بۆچوونێكی دیاریكراوی پێ بسەلمێندرێت یەكسانە لەگەڵ ئەو بەڵگانە كە دژەبۆچوونێكی دیكە دەسەلمێنێت.

بەم جۆرەش لەلایەكەوە:



- ناتوانرێت بەجۆرێكی رەها ئەوە بگوترێت كە پێغەمبەر (د.خ) لە سەرەتای بانگەشەكەیداو لەنێو ئەو ئامانجانەی كە دایناوبوو، یەكێك لەوانە دامەزراندنی دەوڵەت بوو، چونكە نە لە (فەرموودەكانی ــ حەدیس)و نە لەوانەی كە لەلایەن هاوەڵەكانی گێڕدراوەتەوە، شتێكی وای تێدانییە تا ئەم مەسەلەیەی پێ بسەلمێندرێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە، هەواڵێكی گوێزراوە هەیە كە پێغەمبەر (د.خ) بەجۆرێكی رەها پێشنیارەكەی خەڵكی مەككەی لە سەرەتای بانگەشەكەیدا رەتكردەوە كە تیایدا پێشنیاری ئەوەی بۆ دەكەن كە بە سەرۆكێك لەسەر خۆیان دایبنێن لە بەرامبەر ئەوەی كە واز بێنێت لە بانگەشەكردن بۆ ئایینە تازەكە، ئەمەش بەجۆرێكی یەكلاخەرەوە دەردەخات كە ئامانجی پێغەمبەر (د.خ) بەلای كەمەوە لەسەرەتادا- بڵاوكردنەوەی ئایینە تازەكە بوو نەك دامەزراندنی دەوڵەت یان وەدەستهێنانی سەركردایەتییەك، -هەروەها لە قورئاندا نییە ئەوەی كە بەجۆرێكی ئاشكرا بانگەشەی ئیسلامی بە بانگەشەیەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت یا شانشینی یاخود ئیمپراتۆرییەت، لێكبداتەوە. لەلایەكی دیكەشەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا دوو راستی هەن كە قسەیان تێدا ناكرێت.

- **راستی یەكەم:** قورئان كۆمەڵە ئەحكامێكی تێدایە كە فەرمان بە موسوڵمانان دەدات تا كاری پێبكەنو لەنێوان ئەو ئەحكامانەشدا هەندێكیان پێویستیان بە بوونی دەسەڵاتێك هەیە تا لە جیاتی كۆمەڵ جێبەجێیان بكات وەكو سزای دزیكردن بۆ نموونە.

- **راستی دووەم:** جێبەجێكردنی ئەو ئەحكامانەی كە لەنێوانیاندا جیهادو فەتح...هتد، سەرئەنجام بووە هۆی پەرەسەندنی بانگەشەی ئیسلامی بۆ دەوڵەتێكی رێكخراوی خاوەن دامەزراو كە لەگەڵ پەرەسەندنو فراوانبوونی جیهانی ئیسلامی جوگرافی و شارستانی و هزری، پەرەی سەندوو فراوانبوو.

لەپاڵ ئەو چوار راستییە یەکسانە جووت بەرامبەر جووت کە رێگە نادەن بە ئامانجێکی یەکلاخەرەوە لە بابەتەکە دەربچین، ئەزموونی مێژوویی ئیسلامو فیکری فیقهی رێنماکاری هەیە.

لە رووی مێژووەوە زانراوە یەکەم جیاوازی زەق و مەترسیدار کە لەناو موسولْمانەکاندا روویدا، جیاوازی راستەوخۆیان بوو لە دوای مردنی پێغەمبەر (د.خ) ئەویش سەبارەت بە دیاریکردنی ئەوەی کە جێنشینی دەبێت.

جیاوازییەکەش لەنێوان موهاجیرینو ئەنساردا بوو، هەر یەك لەوانە پێیان وابوو کە دەبێت جێنشینی پێغەمبەر (د.خ) لە نێوان خۆیاندا دیاریبکرێتو بەپێی ئەوەی کە کتێبەکانی مێژوو باسی لێو دەکەن، دیارە ئەو بەڵگە تیۆریو شەرعییانەی کە هەردوو لا خستبوویانە روو، بەرامبەر یەك بوونو ئەوەی کە مەسەلەکەی لە کۆتاییدا بەلا یەکدا خست وەبیرهێنانەوەی موهاجیرین بوو بۆ برا ئەنسارەکانیان کە (عارەب تەنیا ملکەچی ئەم بنەچەی قورەیش دەبێت) بەواتای ئەوەی کە تەنیا هۆزێکی پالاوتەکراو بۆ سەرکردایەتی، هۆزی قورەیشەو بەو پێیەش تەرازووی هێزەکان مەسەلەکەی یەکلاکردەوە، سەرئەنجام بیرۆکەی «میرێك لە ئێمەو میرێك لە ئێوە» بەلاوە خراو بە موبایەعەکردنی «ئەبوبەکر» بۆ جێنشینی پێغەمبەر (د.خ)، هەموو کارەکە بە سوودی موهاجیرین بەلادا کەوت ، نەخاسمە کاتێك ئەبوبەکر رایگەیاند «ئێمە میرینو ئێوەش وەزیرەکان» و ئەو قسەیەی رووبەڕووی ئەنسارەکان دەکردەوە.

ئەم رووداوە، رووداوی کۆبوونەوەی موهاجیرینو ئەنسار لە سەقیفەی بەنی ساعیدە لە شاری مەدینە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە، چوارچێوەی مەرجەعی سەرەکییە، ئەگەر تەنیا هەرخۆی نەبێت کە زاناکانی ئەهلی سوننی مەزهەب لە بنیاتنانی تیۆریان لە خیلافەتدا پشتیان پێوە بەستووە. هەرچەندە زاناکان ئیجتیهادیان تێداکردووە لە



شەرعییەتی ئیسلامی بەخشین بە هەموو ئەو فەرمانڕەوایانەی کە مێژووی ئیسلامی ناسیونی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گیرۆدەی رووداوەکانی کۆبوونەوەی سەقیفەی بەنی ساعیدە بوون، بەو پێیەی کە هەموو ئەوەی کە تێیدا روویداوەو کۆتایی پێهێنراوە لە ئەنجامەکان، پێشینەیەکی ئیسلامییە کە هێزی یاسایی هەیەو بە دەستەواژەیان بە (بنەما)یەکیان زانی کە دەبێت پێوەرەکانی لەسەر بکرێت، کە ئەو بنەمایەش لە سێ رەگەزی سەرەکی پێکهاتووە:

- رەگەزی یەکەم لەوەدا رەنگدەداتەوە کە هەموو گرفتەکە لەوەدا کۆدەکاتەوە کێ جێنشینی پێغەمبەر دەبێت واتە لە هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە دەبێتە وەلی ئەمری موسولْمانان، بەوەش تیۆری خەلافەتی سوننی مەزهەب، دەوڵەت وەکو دامەزراوێك ناخاتە روو، بەڵکو تەنیا گرنگی بەو کەسە دەدات کە موبایەعە دەکرێت کە خەڵکی بە قورئانو سوننەتی پێغەمبەر بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو حوکم بکاتو بەبێ هیچ جۆرە مەرجێکی پەیوەست بەو دامودەزگاو کەنالانەی کە لە رێگایانەوە ئەو دەسەڵاتە موتڵەقەی کە پێی بەخشرا، پیادە بکات. چونکە کۆمەڵی ئیسلامی بەڕێوەبردنی هەموو کارەکە بە جۆرێکی تەواو بە خەلیفە دەسپێرێت لە رووی ئەوەی کە پەیوەندی بە دەزگاکانی جێبەجێکردنو بنیاتنانی دامودەزگاکانی دەوڵەتو هەڵبژاردنی وەزیرو والییەکان...هتد، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامی مافی چاودێریکردنی بۆ سەر فەرمانڕەوا بۆخۆی ناهێڵێتەوە، چونکە فەرمانڕەوا هەر کە موبایەعە دەکرێت ئەوا لەبەردەم خوادا بەرپرس دەبێت نەك لەبەردەم ئەوانەی کە موبایەعەیان کرد. بەو هۆیەش کۆمەڵی ئیسلامی جگە لە ملکەچبوون چی دیکەی لەبەرمدا نییە، چونکە فەرمانو حوکمەکانی فەرمانڕەوا ئەو پرەنسیپە ئیسلامییەی کە دەڵێت «ملکەچبوون بۆ بەندەیەك نییە کە بەرپەرچبوونی فەرمانەکانی خوای لە دواوە بێت» بەسەریدا پیادەناکرێت.

- رەگەزی دووەم لە تیۆری خەلافەتی سونیدا، یەکتایی خەلیفەیە (وحدانیة الخلفیة)، بە واتا خەلیفە لە هەموو ولاّتی ئیسلامدا تەنیا یەکێکە. بەلێ ئەو خەلیفەیە دەتوانێت یەکێك لە وەزیرو والییەکان دەستنیشان بکات کە بەناوی ئەوەوە حوکم بکاتو دەشکرێت بەشێك لە دەسەلاّتەکانی بە کەسانی دیکە بەپێی حاڵو هەلومەرج ببەخشێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی تیۆری فیقهییەوە، خەلیفەی موسوڵمانان تەنیا یەك کەسەو ناکرێت لە یەکێکدا زیاتردانی پێدابنرێن. کاتێکیش کە خەلافەتی ئەمەوی لە ئەندەلووسو خەلافەتی فاتیمی لە قاهیرە لە پاڵ خەلافەتی عەباسی لە بەغدا هاتنە ئاراوە، هەریەك لەم خەلافەتانەو ئەوانەی کە دوایشیکەوتوون بە خەلافەتی شەرعی رەوایان دەزانی. ئەمە لەرووی تیۆری فیقهییەوە، بەلاّم لە راستیدا ولاّتی موسوڵمانان هاوکات چەندین دەوڵەتی رکابەرو تەباو هەندێکجار لە دژی یەك شەڕکەری بەخۆیەوە بینی، هەموو ئەو دەوڵەتانەو تا ئێستاش دەوڵەتی ئیسلامین.

- رەگەزی سێیەم: کە خەلافەت بەپێی بۆچوونی خەڵکی سونی مەزهەب لە رێگای «هەڵبژاردن» دەبێت نەك لە رێگای دەقەوە. (ئەم پرەنسیپە لەدژی شیعە ئاراستە کراوە). چونکە بەهۆی ئەوەی کە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەدوای مردنی پێغەمبەر بیروبۆچوونیان ئاڵوگۆڕ کردو جیاوازی کەوتە نێوانیانو پاشان رێککەوتنو ئەبوبەکریان موبایەعە کرد، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێغەمبەر لە دوای خۆیەوە خەلافەتی بە کەس نەسپاردووە. بەلاّم هەڵبژاردن لەتیۆری خەلافەتی سونی مەزهەب لەوە ناچێت بەولاوە کە: پێغەمبەر کەسی لەدوای خۆی بۆ جێنشینی خۆی دیاری نەکرد. بەلاّم چۆنییەتی هەڵبژاردنی خەلیفە بابەتێکە کە هاوسەنگی هێزەکان تێیدا بڕیار دەدات، چونکە هەر کەسێك داوای خەلافەتی بۆخۆی کردو دەسەلاّتی خۆی سەپاندو توانی خەڵکی بە زۆرە ملێ یاخود بەخۆشی خۆیان کۆبکاتەوە، ئەوا خەلیفەیە. بەلێ لەسەردەمی ئیسلامییە سەرەتاییەکاندا



زۆرینە مەرجی ئەوەیان دانا کە خەلیفە لە قورەیش بێت، بەلاّم ئەم مەرجە لەلایەن گروپی دیکەوە بەرەنگاری لێکرا، چونکە پشت بە بنەمایەکی شەرعی ئاشکرا نابەستێت هەرچۆنێکیش بێت، یەکلاخستنەوە بۆ هێزبوو نەك بۆ بنەچە. ئەوەش هەروەکو چۆن موبایەعەکردن لەدوای سەرکەوتنی داواکاری خەلافەت دەهاتە ئاراوە، بەوپێیەش بەیعەتکردن لە رووی پراکتیکییەوە جۆرە ملکەچ کردنێك بوو بۆ واقیع.

کەواتە تیۆری خەلافەتی سونی مەزهەب بە گشتی هەوڵێکە بۆ بە یاساکردنی واقیعێك کە خراوەتە روو، بەو هۆیەشەوە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان تیۆرەکانی زانا ئایینییەکان لە بابەتی خەلافەتو لەنێوان رواڵەت یاخود ئەو رووالّەتە واقیعییەی کە فەرمانڕەوایی ئیسلامی لەسەر بوو، لە ئارادانییە. لێرەشەوە تەنیا شتێکی نەگۆڕ کە مەرجەعییەتی کولتووری پێمانی دەبەخشێت ئەوەیە ئەحکامێك لە قورئاندا هەن پێویستییان بە «وەلی ئەمر» هەیە تا لەبڕی کۆمەڵی ئیسلامی جێبەجێیان بکات. چەمکی«وەلی ئەمر» لە ئیسلامدا چەمکێکی فراوانەو دەکرێت بە گەورەی خێزانو بە سەرۆکی هۆزو هەروەها بە زاناو بە فەرمانڕەوای موسوڵمان لە ولاّتی ئیسلامدا جا چ والی یاخود میر یاخود خەلیفە بێت بوترێت. ئەوەی کە پێویستە لەم بارەیەوە تێبینی بکرێت ئەوەیە قورئان دەستەواژەی ئولی ئەلئەمری بە کۆ بەکارهێناوە نەك بە تاك لە ئایەتی مەرجەعییەت لە مەسەلەی حوکم، ئەویش ئایەتی «یاایها الذین آمنوا اطیعوا الله واطیعوا الرسول واولي الامر منکم»[1].

واتای ئەوەش پێویست نییە لە رووی شەرعییەوە وەلی ئەمر یەکێك بێت بە ژمارە.

پوختەکەی بەو پێیەی کە پێغەمبەر لێگەڕا کە مەسەلەی خەلافەت بۆ هاوەڵەکانی لە دوای خۆیەوە بەجێ بمێنێ (ترك الامر) تاوەکو بە لایەکیدا بخەنەوە، ئەوا ئەوەی

که هاوەڵەکان پەسندیان کردو ئەوەی کە خەلیفەکان لە دوایانەوە هێنایانە ئاراوەو ئەوەی کە زاناکان لەبارەی خەلافەتەوە وتوویانە، هەموو ئەوە بۆ ئیجتیهاد دەگەڕێتەوە، ئیجتیهادیش لە مەسەلەیەکدا کە بە موسوڵمانەکان سپێردرابێت جیاوازی تێدەکەوێت بە پێی جیاوازی سەردەمو گۆڕانی بارودۆخ، تەنیا شتی نەگۆڕیش هەروەکو وتمان لە رووی شەرعەوە ئەوەیە کە ئەحکامێکی شەرعی هەن جێبەجێکردنیان پێویستی بە بوونی وەلی ئەمر دەبێت. بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی هەر لەسەردەمی کۆبوونەوەی سەقیفەی بەنی ساعیدە دەوڵەتێکە موسوڵمانان لەبارەیەوە بڕیار دەدەن بە پێی ئەوەی کە تەرازووی هێزەکان، هێزە مەعنەویو هێزە مادییەکان بەسەریاندا دەیسەپێنێت. بەو پێیەش کە هەموویان موسوڵمان بوون یاخود لانی کەم بەوپێیە هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئەوا مەسەلەی پەیوەندی دەوڵەت بە ئایینەوە نەخرابووە روو و نەشدەکرا بخرێتە روو. ئەوە لەو مەسەلانە بوو کە ناکرێت بیری لێبکرێتەوە، چونکە هەموو شتێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، ئیسلامە، جگە لەوەی کە خوا بە دەقێك لە قورئان یاخود لەسەر زاری پێغەمبەر حەرامی کردبێت. دەقێك لەم جۆرە نییە کە موسوڵمانان پابەند بەجۆرێك لە حوکمێکی دیاریکراو بکات، هەروەها دەقێك نییە لە جۆرە حوکمێکی دیاریکراو رێگا بگرێت. هەر ئەمەش وای لە هەندێ پیاوانی گرووپە ئیسلامییەکان کرد کە ئەگەری پێویست نەبوون بە خەلیفە بە جۆرێکی رەها بخەنەروو و بەتایبەت لە دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە هەر یەکێکیان لە رووی ئایینییەوە بەوەی لەسەرێتیو لە دژی بنیاتنراوە، بەوپێیەش پێویستی بە فەرمانڕەوا نامێنێت.

**ج- (خەلافەت) کەلەبەرە دەستوورییەکان:**

ئیتر سیستەمێکی حوکمڕانی نییە کە ئیسلام یاسای بۆ داڕشتبێت، بەڵکو لەگەڵ پەرەسەندنی بانگەشەی محەمەدیدا سیستەمێکی حوکمڕانی لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە هاتە ئاراوە کە هەر لە سەرەتاوە پشتی بە نموونەی میر لە جەنگدا.



بەستبوو. ئەوەش ئەو سەردەمە پێویستی پێ هەبوو و بارودۆخەکەش دەیسەپاند. کاتێکیش دەوڵەتی عارەبی ئیسلامی لەگەڵ فتوحاتو دەستکەوتەکانو بڵاوبوونەوەی ئیسلام پەرەیسەند، نموونەی (میری جەنگ) توانای لەخۆگرتنی ئەو پەرەسەندنانەی کە روویاندا لەباردانەبوو، هەربۆیە بۆشاییەکی دەستووری روویدا.

لەو مەسەلە سەرنج راکێشانەش ئەوەیە نووسەرو دانەرەکان لە (هزری ئیسلامی هاوچەرخ)دا لە میانڕەو و توندڕەوەکان خۆیان دەپاراست لە درێژدادڕی ئەوەی کە بنچینەییو بنەمایە بۆ پێویستییەکانی سەردەمی ئێمەو، خۆیان بەوەوە خەریك دەکەن کە بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەوەی کە رووبەڕوومان دەبێتەوە، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. دروشمێك هەیە ئەوانەی کە لەچوارچێوەی ئاراستەی ئیسلامیدا پۆلینکراون بەرزی دەکەنەوە، ئەویش دروشمی ئیسلام چارەسەرە. لەوکاتەشدا ئەم دروشمە مەسەلەیەکی بێ بابەت دەخاتەڕووو کاتێك لە رووی موسوڵمانەکاندا بەرزی دەکاتەوە-چونکە چۆن دەکرێت کەسێك موسوڵمان بێت بێ ئەوەی باوەڕی بەوە هەبێت کە ئیسلام بۆ هەموو شوێنو سەردەمێك دەست دەداتو، هەمیشە ئەویش چارەسەرە. ئەمەش هەروەکو چۆن مەسیحی لە مەسیحییەتییەکەیو جولەکە لە جولەکایەتییەکەیو بوزی لە بوزایەتییەکەی بیردەکەنەوە-هەڵگرانی ئەو دروشمە دەیانەوێت وەکو دروشمێکی سیاسی ئایدیۆلۆژی لەرووی دروشمەکانی دیکەدا بەکاریبهێنن. لەم حالەتەشدا پێویستە دیالۆگ سەبارەت بەناوەڕۆك یاخود ئەو ناوەڕۆکانەی کە بەو دروشمە بکرێت لە بارێکی دیاریکراوداو لە بەرامبەر مەسەلەو گیروگرفتێکی دەستنیشانکراودا.

کەواتە ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێت ئەمەیە: ئەو ناوەڕۆکانەی لەلایەن هەڵگرانییەوە بەم دروشمە سیاسییە ئیسلام چارەسەرە بدرێت چییە؟ لێرەدا لێکۆڵەرەوەو پرسیارکەرو وەدوکەوتووو هەموو ئەو کەسانەی کە لە روویەکەوە ئەم دروشمەیان لا گرنگە، خۆیان لەبەردەم بۆشاییەکدا دەبیننەوە: ئەو سیستەمە

سیاسییەی کە رازی دەبێت بە ئیسلامی وەسفبکرێتو لە هەمان کاتدا گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی سەردەمانو هاودەنگ بێت لەگەڵ پێویستییەکانو ئاراستەی پێشکەوتنی مێژوو، دەبێ چی بێت؟ بەس نییە کە بوترێت فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا لەسەر راوێژکاری و دادپەروەری و برایەتی بنیاتنراوە، چونکە هەموو ئایینو رێبازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەر هۆیەکی سادە دروشمی لەو جۆرە بەرز دەکەنەوە ئەویش دروشمێکی بەهای مرۆیی نەمرو نموونەی بڵندیان تێدایە کە هەموو کاتێك ئادەمیزاد هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات. لەبەر ئەوەی نە لە قورئان نە لە سوننەتی پێغەمبەردا دەقێکی تەشریعی نییە بۆ ئەوەی مەسەلەی فەرمانڕەوایی رێکبخاتو بەهۆی ئەوەی کە پێغەمبەر کۆچی دوایی کردبێ ئەوەی جێنشینێك لەدوای خۆی دیاریبکاتو بێ ئەوەی شێوازی دەستنیشانکردنی جێنشینینیش بخاتەڕووو بێ ئەوەی بواری کارەکانیو ماوەی حوکمڕانیش دیاریبکات. لەبەر ئەوە هەموو مەسەلەکە دەچێتە چوارچێوەی ئەو مەسەلانەی کە فەرموودەی پێغەمبەر (ئێوە باشتر لە کاروباری دونیایی خۆتان شارەزاترن)ی بەسەردا پیادە دەکرێت. کەواتە بۆ شارەزایی و ئیجتیهاد بەجێهێڵراوە. هەر لەبەر ئەوەش دروشمی «ئیسلام چارەسەریە» کاتێك وەکو دروشمێکی سیاسی بەرزدەکرێتەوە، ئەوا بە دروشمێکی بێ ناوەڕۆك دادەنرێت ئەگەر هەڵگرەکەی کۆمەڵە ئیجتیهادێکی دیاریکراوو روون و تێروپڕ لەپرسە سیاسیەکەدا، کە پرسی فەرمانڕەواییە بەتایبەتی نەخاتەڕوو.

ئیجتیهاد لە ئیسلامدا، هەروەکو لە هەموو ئایینو رێبازەکاندا، لە بۆشاییو لە هیچەوە سەرهەڵنادات، چونکە هەموو شتێك لەسەر هیچ دروست نابێت. ئیجتیهاد لە ئیسلامدا لەو مەسەلانەدایە کە دەقی تێدانییەو لەم حاڵەتەشدا بەرژەوەندی گشتی کە هەلومەرجی سەردەم دەیخولقێنێت بە مەرجەع دادەنرێت و



رەوشتی ئیسلامی ئاراستەکەرو ئەزموونی مێژوویی نەتەوەش جێگای پەندو عیبرەت وەرگرتنە.

لەم لایەنەی دوایی دەست پێدەکەینو دەپرسین: ئەو دەرسە بنەڕەتییەی کە ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی عارەب لە مەسەلەی فەرمانڕەواییدا پێشکەشمانی دەکات، چییە؟ ئەو وەڵامەی کە جیاوازی لەسەری نایەتە ئاراوە، دەکرێت بەمجۆرە دابڕێژرێت:

رووداوی سیاسی سەرەکی لە مێژووی عارەبی ئیسلامیدا بریتییە لە «وەرچەرخاندنی خیلافەت بۆ شانشینی». لێرەشەوە ئەم پرسیارە پێویستە قووت دەبێتەوە: بۆچی خەلافەت بۆ شانشینی گۆڕدرا؟

بۆچی ئەو ئاستەنگە سیاسییەی کە لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا روویدا بەجۆرێکی سیاسی دەستووری چارەسەرنەکرا تاوەکو رادەیەك بۆ شێواندنی بارودۆخەکەی دابنایەو خەڵکی لەو فیتنەو شەڕە ناوخۆییەی لابدایە کە بە وەرچەرخاندنی خەلافەت بۆ شانشینی کۆتایی هات.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت پەندو عیبرەتی سیاسی لە رووداوەکانی «فیتنەی گەورە» کە رووداوەکانی دوا ساڵی (٦) حوکمڕانی عوسمانی کوڕی عەفانە، وەربگرین، ئەوا پێویستە بوترێت «ئەوەی روویدا، رەنگدانەوەی بۆشاییەکی دەستووری گەورە بوو لەو سیستەمە حوکمڕانییەی کە لەدوای کۆچکردنی پێغەمبەرەوە هاتە ئاراوە». ئەو بۆشاییەش ئەمڕۆ لەم سێ پرسە سەرەکییەدا کۆدەبنەوە:

١- نەبوونی شێوازێکی یاسایی دیاریکراو بۆ دیاریکردنی خەلیفە ئەبوبەکر کە لە بارودۆخێکی خێراو نائاساییدا دانرا، هەربۆیە دیاریکردنی(تعیین) رێکەوت بوو (فلتە). هەروەکو عومەری کوڕی خەتاب وتی، بەوەش ئاماژەی بە بەیعەتی ئەبوبەکر دەدا کە بەبێ پلاندارِشتنێکی لەوەو پێش جێبەجێکرا. کۆبوونەوەی ئەنسارەکان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان بۆ خیلافەت، ئەو هۆکارە بوو

کاروبارەکەی گەیاندە ئەو شێوازەی کە تێپەڕی، چونکە دانوستان ڕەوتێکی توندی گرتە خۆی‌و جیاوازی کەوتە ناو بۆچوونەکان‌و خەریك بوو جیاوازییەکە پەرەبسێنێت بۆ ئەنجامێکی یەکجار خراپ ئەگەر کردارەکەی عومەر نەبوایە. کاتێك ئەبوبەکری موبایەعە کردو دوابەدوای ئەویش موهاجیرین‌و ئەنسار موبایەعەتیان پێکرد. ئەبوبەکر بەختی لە هەموو هاوەڵەکانی دیکەی پێغەمبەر پتر بوو بۆ دەستەبەرکردنی ڕازیبوونی خەڵکی‌و هەڵبژاردنیان. ئەبوبەکر ڕێگای لە دووبارە بوونەوەی ئەو ڕێکەوتە (فلتە) گرت کاتێك عومەری کوڕی خەتابی لە دوای ڕاوێژکاری خەڵکی‌و دەستەبەرکردنی ڕازیبوونیان، دیاریکرد. عومەریش خۆی لێ لادا کاتێك شەش کەسی دەستنیشانکرد تاوەکو یەکێك لەناو خۆیان بپالێون‌و عوسمانیان هەڵبژارد، کەواتە تەنیا یەك شێواز نەبوو بۆ دیاریکردنی خەلیفەو دەرگا بە کراوەیی مایەوە بۆ هەموو ئیجتیهادەکان‌و هەروەها بۆ ئەگەرەکان. ئەگەر بکرێت ڕەگ‌و ڕیشەی شۆڕش لەسەر عوسمان بۆ ئەو ململانێیە بگەڕێندرێتەوە کە لە نێوان لایەنگرانی‌و لەنێوان هەوادارانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە ڕۆژانی (شورا)دا ڕوویداو واتە لەمیانەی ئەو دانوستان‌و بگرەو بەردەیەدا کە بووە هۆی دیاریکردنی عوسمان وەکو خەلیفەیەك، ئەوا ئەوەی کە ڕوویدا لە بەرەڵڵایی سیاسی‌و فیتنەی خوێناوی کە بە کوشتنی عوسمان کۆتایی هات، هەرگیز بەوجۆرە ڕوونەدەدا ئەگەر بۆشایی دەستووری نەبوایە کە ڕەنگدانەوەکەی سەرباری ئەوەی کە باسکرا لەم دوو مەسەلەدا گەڵاڵە دەبێت.

٢- دیارینەکردنی ماوەی ویلایەتی خەلیفە: ئەمەش شتێکە دەکرێت لێی تێبگەین ئەگەر ئەرکە بنچینییەکەی خەلیفەمان وەبیرخۆمان هێنایەوە لەوکاتەدا، ئەویش دەبێت میر (امیر)ی موسڵمانان بێت و جیهادی لە شەڕەکانی هەڵگەڕانەوەکردبێت یەکەمجار، ئینجا لە جەنگەکانی فتوحاتدا بەشداری کرد بێ. میر بە دەستەواژەی عارەبی کۆن سەرکردەی سوپایە لە جەنگداو بەهۆی ئەوەی کەس نەیدەزانی جەنگ چەندی دەخایاند ئەوا دیاریکردنی ماوەی فەرمانڕەوایی (میر) بەکارێکی شیاو لە



قەڵەم نەدەدرا: دەسەڵاتدارییەتی میر درێژەی دەبوو تاوەکو جەنگ بەردەوامی هەبوایە، مەگەر لەسەر کار لابرایە یاخود بکوژرایەو ئەوکاتەش یەکێکی دیکە دەخرایە جێگەی، بەڵام ئەرکەکەی بەبێ یەك‌و دوو هەر بە کۆتایی جەنگ کۆتایی پێ دەهات‌و نازناوی (میر)ی لەدەست دەداو دەگەڕایەوە شوێنی خۆی وەکو خەڵکی دیکە. بەهۆی ئەوەی کە دەقێکی تەشریعی نە لە قورئان‌و نە لە سوننەتی پێغەمبەردا نەبوو کە مەسەلەی فەرمانڕەوایی ڕێکبخات‌و بەو پێیەی کە عارەب نەریتێکی پتەویان لە بواری فەرمانڕەوایی‌و دەوڵەتدا نەبووە، ئەوا نموونەی میر کە لە خەیاڵی موسوڵمانەکاندا پاش کۆچکردنی پێغەمبەر هەبوو، نموونەی میری سوپابوو، ئەم نموونەیەش باڵادەست دەبێت بەسەر ئەقڵی سیاسی عارەبی لەوکاتەدا. بەمجۆرەش کاتێك هاوەڵەکان ئەبوبەکریان وەکو جێنشینی پێغەمبەر دیاریکرد، ئەوا ئەوکارەیان کرد بۆ ئەوەی جێنشینی بکات لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکە و لە پێشەنگی ئەو (کاروبارانە)و لە سەرووی هەموویانەوە بەرەنگاربوونەوەی لە ئایین هەڵگەڕاوەکان.

کەواتە موبایەعەیان کرد وەکو سەرکردەیەکی گشتی بۆ سوپای موسوڵمانان‌و هەر بەو هۆیەشەوە دەگونجا کە بیر لە دیاریکردنی ماوەی فەرمانڕەوایی بکەنەوەو کاتێك تەنیا دوای دوو ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی کۆچی دوایی کردو خەڵکی موبایەعەی عومەری کوڕی خەتابیان کردو بە «ئەی خەلیفە، خەلیفەی پێغەمبەری خوا» بانگیان دەکرد، ئەو دەستەواژەی لەلا قورس بوو و دەستەواژەیەکی دیکەی بەدڵبوو کە یەکێك پێی وت، دەستەواژەی «میری باوەڕداران» (امیر المؤمنين)، بەدڵی بوو چونکە دەربڕی ناوەڕۆکی ئەرکەکەی بوو کە سەرکردایەتی کردنی سوپای موسوڵمانان بوو لەو جەنگانەی کە لەدژی هەڵگەڕاوەکان و پاشان لەدژی فارسەکان لەعێراق‌و ڕۆمەکان لە شام بەرپایان دەکرد. کەواتە عومەر سەرکردەیەکی گشتی سوپای موسوڵمانان بوو، میرێك بەسەر میرەکانیانداو هەرگیز شیاو نەبوو ماوەی دەسەڵاتدارییەتی

دیاریبکرێتو موسوڵمانان خەریکی جەنگی فتوحاتە گەورەکان بوون. عومەر خەنجەری لێدراو هێشتا جەنگ بەردەوامی هەبووو عوسمانیش بەجێنشینی دانرا تاوەکو هەمان ئەرك ئەنجام بداتو هەروەها شیاو نەبوو ماوەی دەسەڵاتدارییەتی بەهەمان هۆوە دیاری بکەن.

ئەو شتە تازەیەی کە لە سەردەمی عوسماندا روویدا ئەوەبوو کە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی زۆری خایاند (تاوەکو خەڵکی لێی بێزاربوون)و پیاوێکی بە تەمەن بووو لە حەفتاساڵیدا کرا بە خەلیفەو لەدوا ساڵەکانی خیلافەتیدا گیروگرفتەکان زۆربوونو جیاوازییەکان سەریانهەڵداو ئاستەنگی دەستووری بەرپابوو. خەلیفەی بە تەمەنیشدا چوو کۆمەڵێك لە خزمو کەسو کارو خاوەن بەرژەوەندییەکان دەوریان دابووو بڕیاریان بۆ دادەناو بە خراپی هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئامۆژگارییەکانیش بۆ چاککردنەوەی بارودۆخەکە سوودی نەبوو، چونکە (گروپی فشار)و «دروستکارانی بڕیار» کە لە دەوروبەری خەلیفەدا بوون دەیانزانی چۆن ناچاری بکەن لە بەڵێنەکانی بە چاکسازی پاشەکشێ بکات و ، لەبەر ئەوەش هیچ رێگایەك لەبەردەم شۆڕشگێڕاندا نەبوو جگە لەوەی کە داوای لێبکەن دەست لەکار بکێشێتەوە، بەڵام چۆن؟ کێ لەدوای ئەو ئەوکارە بگرێتە ئەستۆی خۆی؟ بەکام «یاسا» یاخود کارێکی پێشینە داوای لێبکرێت دەست لەکار بکێشێتەوە؟ ئاستەنگێکی دەستووری مەترسیدار بوو تەنیا بەخوێن چارەسەر دەکرا، چونکە کاتێك کە یاسا نامێنێ، شمشێر قسەی خۆی دەکات.

٣- دیارینەکردنی بوارەکانی پسپۆڕی خەلیفە نە لە بەیعەتی ئەبوبەکرو نە لە بەیعەتی عومەرو عوسماندا، هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە (میری سوپا) بوو کەرێگای نەدەدا مەسەلەی بوارەکانی پسپۆڕی بخرێتە روو، مەسەلەی بوارەکانی پسپۆڕی لەو شتانە نەبوو کە «بیری لێکرابێتەوە» لەو سەردەمەدا چونکە سەردەمی فتوحاتو دەستکەوتو بڵاوبوونەوە بوو لەسەر زەمین.



بەڵام کاتێك دەستکەوتەکان زۆر بوونو باری گوزەرانی خەڵك گۆڕدرا، چەند دیاردەیەك دەرکەوتن نەدەکرا چاوی لێ بپۆشرێتو رەخنەو بەرهەڵستی نەکرێتو کاتێکیش هەموو ئەوانە روویاندا، ئەوا مەسەلەی بوارەکانی پسپۆڕی خۆی سەپاند، ئەو مەسەلەیە بە توندی خرایە روو لەمیانەی ئەو رەخنانەی کە شۆڕشگێڕان لە عوسمانیان گرت کە هەموویش لە یەك مەسەلەدا پوختدەکرێتەوە ئەویش لەو رادەیەی کە بۆی دیاریکرابووو تێپەڕیو خزمو کەسو کاری خۆی دامەزراندو دەستکاری لە پێنج یەکی دەستکەوتەکاندا کرد...هتد.

کاتێکیش شۆڕشی لەدژی بەرپابوو، لە وتارێکدا کە بۆ خەڵکی وت هاتبوو: «ئایا چیتان لە مافەکانتان لەدەستداوە؟ بەخوا کەمتەرخەمیم نەکردووە لە گەیشتنی بەوەی کە بەر لەمن پێتان دەگەیشت و ئێوەش بەرهەڵستکاری ئەوتان نەدەکرد (مەبەستیعومەری کوڕی خەتاب بوو) شتێك لە پارەکان مانەوە، ئایا بۆچی ناتوانم دەستکاری پاشماوەی ئەو پارەیە بەوجۆرە بکەم کە دەمەوێت؟ کەواتە بۆچی ئیمام بووم؟» کاتێکیش شۆڕشگێڕان گەمارۆیان داو پێیان وت:«دەستەڵاتدارە خراپەکارەکانت)لەسەر کار لاببەو کار بەوانە بسپێرە کە دەستیان ناچێتە موڵك و سامان و خوێنمانەوە و ئەوەی کەبە ناهەق لێمان براوە بۆمانی بگەڕێنەرەوە» عوسمان وتی: «**کەواتە من هیچم لەدەستدا نییە ئەگەر ئەوەی کە دەتانەوێت بیکەمە بەرپرس بەسەرتانەوەو ئەوەیشی رقتان لێبێت لەسەر کاری لا ببەم، کەواتە دەسەڵات لەدەستی ئێوەدایە**».

بەمجۆرەش کەلەبەری دەستووری سێیەم روخساری خۆی لەسەر زاری خودی خەلیفەدا ئاشکرا کرد: رەخنەو داواکارییەکانی شۆڕشگێڕانی رەتکردەوە چونکە دەستکاری کردنی پارەی زیادەی بەکارێك دەزانی کە تەنیا پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێتو بەوجۆرەی کە دەخوازێتو تەنیا بەخۆیەوە بەندە. هەڵبژاردنی کارگێڕو والییەکانو کارەکە (واتە حوکمڕانیو دەسەڵاتدارییەتی) واتا و ناوەڕۆکی لەدەست دەدات ئەگەر

ئەو دەسەڵاتانەی لێ سەندرایەوە، بەڵام وەڵامی شۆڕشگێڕەکان کە هاوەڵانی گەورەی وەکو عەماری کوڕی یاسرو سەرباری پشتیوانی لێکردنی لەلایەن تەلحەو زوبێرو عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە بەجۆرێکی جیاواز بوو بۆ ئەرکی خەلیفەو وای لێتێدەگەیشتن کە دەسەڵاتی خەلیفە بەستراوەیە نەك کراوە بێت بەو جۆرەی کە خەلیفە تێی دەگاتو وەڵامەکەیان بەم جۆرە بوو:

**«وتیان: قەسەم بەخوا یان بەوجۆرە دەکەیت کە دەمانەوێت یان ئەوەتا واز لەکارەکەت دێنیت یا دەکوژرێیت ئیدی بۆخۆت بڕوانە یاخود وازبێنە»** هەڵبەتە عوسمان رازی نەبوو ئەوەی کە داوایان کرد جێبەجێی بکات و سووربوو لەسەر مانەوە لە حوکمڕانیداو وتی: «کراسێك داناکەنم کە خوا لەبەری کردبم» و ئیدی چل شەو ئابلوقەیان داو پاشان کارەکە بەوە کۆتایی هات کە گروپێك بەسەر دیواری کۆشکەکەیدا هەڵگەڕان و (محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر) رابەرییانی دەکرد و عوسمان کوژراو قورئانێك لەبەر دەستیدابوو و دەیخوێندەوە.

بەم پێیەش سیستەمێکی حوکمڕانی نییە کە ئیسلام تەشریعی کردبێت، بەڵکو لەگەڵ پەرەسەندنی بانگەشەی محەمەدی سیستەمێکی حوکمڕانی هاتە ئاراوە کە هەر لەسەرەتاوەو دوای کۆچی دوایی پێغەمبەریش پشتی بە نموونەی (میری جەنگ) بەستەوە، ئەوەش پێویستی ئەو کاتە بووو بارودۆخەکە دەیسەپاند. کاتێکیش دەوڵەتی عارەبی ئیسلامی لەگەڵ فتوحاتو دەستکەوتو بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا پەرەی سەندو نموونەی (میری جەنگ) لە ئاستی ئەو پەرەسەندنەدا نەبوو هەربۆیە بۆشاییەکی دەستووری دەرکەوت کە لە میانەی ئەو سێ کەلەبەرەی ئاماژەمان پێیاندا ئاشکرا بوو. بەهۆی ئەوەی کە مەسەلەکە لە رێگایەکی تیۆری زانستییانەی بە ئاشتی چارەسەر نەکرا هەر بۆیە قسەی یەکلاخەرەوە بۆ شمشێر مایەوەو بەهۆیەشەوە «خەلافەت بۆ شانشینی گۆڕدرا».



**د- ئایدیۆلۆژیای سوڵتانیو رەوشتی ئیسلامی:**

دیاریکردنی شێوازی مومارەسەکردنی (شورا) بە هەڵبژاردنی دیموکراتی سەربەستە، دیاریکردنی ماوەی دەسەڵاتدارێتی سەرۆکی دەوڵەت لە حالەتی سیستەمی کۆماریدا لەگەڵ سپاردنی ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکار بۆ حکومەتێکی بەرپرسیار لە بەرامبەر پەرلەماندا، لە هەردوو حاڵەتی سیستەمی پاشایەتیو کۆماریدا، دیاریکردنی بواری دەسەڵاتی هەریەك لە سەرۆکی دەوڵەتو حکومەتو پەرلەمان بەجۆرێك کە تەنیا پەرلەمان ببێتە سەرچاوەی دەسەڵات، ئەوانە پرەنسیپنو ناکرێت لەسەردەمی ئێستادا شورا مومارەسە بکرێت بەبێ دانپێدانانیو کارپێکردنی مومارەسە بکرێت.

ئەو کەلەبەرە دەستوورییانەی کە لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا دەرکەوتنو بوونە هۆی « وەرچەرخانی خەلافەت بۆ شانشینی ئەمەوی؟» بەتەنیا پەندو عیبرەتی سیاسی دانادرێن کە لە ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی عارەبی ئیسلامی وەربگیرێن (تەماشای لێکۆڵینەوەی پێشوومان بکە)، لایەنی دیکەش هەیەو دەبێت دیاربخرێت، بەتایبەتی ئەو چۆنێتییەی کە فەرمانڕەوا ئیسلامییەکان پەیڕەویان دەکرد لەپێناوی بەخشینی رواڵەتێکی شەرعی بە حوکمڕانییەکەیان پەیڕەویان دەکرد هەر لە (موعاوییە)وە کە یەکەمین (پاشا)یە لە ئیسلامدا و موعاوییە چاك دەیزانی فەرمانڕەوایی بە گورزی شمشێر زەوت کردووە و بەو پێیەش ئەو شەرعییەتەی نییە کە حوکمڕانی ئیسلامی لەسەردەمی ئەبوبەکرەوە لەسەری دامەزراوە، واتە شەرعییەتی شورا، هەربۆیە کەوتە دەستەبەرکردنی شەرعییەت بۆ حوکمڕانییەکەی لە (قەزاو قەدەر) لەلایەکەوەو کارکردن لەپێناوی رازیکردنی خەڵکی بە بەشداریکردنیان لە بەروبوومی حوکمڕانییەکەیداو بەتایبەتیش لە رووە مادییەکەی. هەر لەبەر ئەوەش دەبینین لە وتارێکیدا ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە هەر چییەك روویدابێت لە جەنگ لەنێوان ئەوو عەلی کوڕی ئەبی تالێبو سەرکەوتنو دەسەڵات گرتنەدەستی بۆ قەزاو

خوا قەدەری خوا دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوەش خوا خۆی بە (زانینی لەوەو پێش) بڕیاری ئەوەی دا کە ئەمەوییەکان دەسەڵات بگرنە دەستی چونکە شایستەی ئەوەن و لەهەموو خەڵکی پتر لەکاروباری حوکمڕانیدا شارەزاییان هەیە. کارگێڕانی(اعمال) هەمان ئەو بیرۆکەیان دووپات کردەوەو لەوانەش زیادی کوڕی باوکی لە وتارە بە ناوبانگەکەیدا کە بە(بتراو) ناوی رۆیشتووە تێیدا گوتی: «خەڵکینە، ئێمە بووینە کارگێڕانتان و دەتانپارێزین و بە دەسەڵاتی خوا بەڕێوەتان دەبەین کە پێی بەخشیوین و بەو داراییەی کە خوا پێی بەخشیوین بەرگریتان لێدەکەین» موعاوییەش لەبەردەم بەرهەڵستکارانی دانانی یەزیدی کوڕی بە جێنشینی وتی: «کاری یەزید قەزایەك بووە لە خواوەو خەڵکی هیچ جۆرە بڕیارێکیان لەو رووەوە لەدەستدا نییە».

ئەمە لە روویەکەوە، لە روویەکی دیکەوە موعاوییە سیاسەتێکی (واقیعی) گرتە بەرو هەوڵی خۆی دا تاوەکو خەڵکی بەچاوی «واقیعی سیاسی» تەماشای مەسەلەی دەسەڵات بکەن کە لەسەر بنەمای ملکەچبوون بۆ (دیفاکتۆ) پێك هاتووە. لە دوای تەواوبوونی بەیعەتەکەی موعاوییە لە شاری ئەلمەدینە لەساڵی «الجماعة»دا لە وتارێکیدا وتی: «من ئەم دەسەڵاتەم بەهۆی خۆشەویستی و سۆزی ئێوەو دڵخۆشبوون بە حوکمڕانیمەوە وەرنەگرتووە، بەڵام بەم شمشێرەم لێم زەوتکردن» پاشان وتی کە هەوڵی داوە زۆر لە خۆی بکات تاوەکو لەسەر رێبازی ئەبوبەکر یان عومەر یاخود عوسمان بڕوات، بەڵام دەرروونی ئەوەی رەتکردەوەو نەیتوانی، پاشان وتی: «هەربۆیە رێبازێکم بۆ خۆم گرتەبەر سوودێکی بۆ خۆم و ئێوە تێدایە: پشت بە یەك بەستنەوەیەکی باش و لە یەکگەیشتنێکی جوان، ئەگەر بە باشترینی خۆتانم نازانن ئەوا من باشترم وەکو دەسەڵاتدارێك» خەلیفە ئەمەوییەکانی دوای موعاوییە لەسەر ئەم رێبازە رۆیشتن و پشتیان بە بیرۆکەی ملکەچی (جبر) وەکو ئایدیۆلۆجیایەك و پارەو دارایی بەخشین وەکو مومارەسەیەکی سایسی بەستەوە، ئەو بیرۆکەیەو ئەو مومارەسەیە بنەمای لەسەر بنیات کرد.



کاتێکیش شۆڕشی عەباسی لە بنیاتنانی دەوڵەتی خۆیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، نەدەبوایە پیاوەکانی ئایدیۆلۆجیای ملکەچی (جبر)ی ئەمەوی پیادە بکەن، بەتایبەتی عەباسییەکان کەسانێکیان لە ریزدابوون کە بەرهەڵستکاری ئەمەوییەکانیان دەکرد و بەرەنگاریان بوونەوە بە هەڵکردنی دروشمی ئایدیۆلۆجیای دژ بەوانە ئەمەوییەکان و لە پێشەنگیان دروشمی (قەدەر)ە واتە سەربەستبوونی مرۆڤ و توانای هەڵبژاردنی و بەو هۆیەشەوە بەرپرسە لەکارەکانی، لەپێناو ئەوەشدا کەوتنە هێنانەوەی پاساوی شەرعی بۆ دەسەڵاتیان نەك لە قەزاو قەدەر هەروەك ئەمەوییەکان پیشەیان بوو، بەڵکو لە (ئیرادەی خواو خواستەکانی)و وتیان خوا خۆی خواستوویەتی حوکمڕانی بکەن و ئەوانیش بە ئیرادەی خوا حوکمڕانی دەکەن و بە خواستی ئەویش هەڵسوکەوت دەکەن. ئەبو جەعفەری مەنسور دامەزرێنەری راستەقینەی دەوڵەتی عەباسی لە وتارێکیدا وتوویەتی: «ئەی خەڵکینە من دەسەڵاتی خواوەندم لەسەر زەوییەکەی، بەڕێوەتان دەبەم بە سەرخستن و رێنمایی و پشتیوانی کردنی و من پاسەوانی ئەوم لەسەر موڵك و سامانەکەی. بە خواست و ئیرادەی ئەو دەستی تێوەردەدەم و بە ئیزنی خۆی دەیبەخشم». بەمجۆرەش ئەو خەلیفەیەی کە لە سەردەمی خەلیفە راشدینەکاندا جێنشینی پێغەمبەر بوو (ئەبو بەکر) یاخود جێنشینی خەلیفەکەی پێغەمبەر بوو (عومەر) یان جێنشینی خەلیفەی خەلیفەی پێغەمبەر بوو (عوسمان)، لەسەردەمی عەباسییەکاندا خەلیفە بووە (خەلیفەی خوا)و ( سوڵتانی سەر زەوی)و ئەوەش بووە بنچینەی شەرعییەت لەلای خەلیفە عەباسییەکان. ئەم بنچینەیەی کە یەکجار دوورە لە ئیسلامەوە بەهۆی ئەوەی کە (ئبنولموقەفەع)و نووسەری دیکە لەوانەی کە (نووسەری بەردەستی سوڵتانەکان- کتاب السلاگین-)ن گواستوویانەتەوە دەربارەی ئایدیۆلۆجیای سوڵتانی فارسی و هی دیکەش کە بەرامبەرییەك لەنێوان حوکمڕانی ستەمکارو تاکڕەو لەنێوان خواوەندا دەکات و هەندێ جاریش بەهاوتاکردنی هەردووکیان و دانانی حوکمڕان وەکو خواوەندێك.

بەڵام «فیقهی سیاسەت» لەماوەیەکی درەنگدا بەتایبەتی لەگەڵ «ماوردی»دا نەبێت، دەرنەکەوت، بەر لەوەش «قسەکردن بوو لە ئیمامەتیدا» کەزاناکانی سوننی مەزهەب بەهۆیەوە وەڵامی بۆچوونەکانی شیعەو رەتکەرەوەکانیان (الروافض) بە جۆرێکی تایبەتی کە دانیان بە خیلافەتی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانیان نەدەناو رەتیان دەکردنەوەو دەیانوت پێغەمبەر لەدوای خۆی ئیمامەتی (واتە هەردوو دەسەڵاتی ئاینیو زەمەنی) بە عەلی کوڕی ئەبی تالیب سپارد بەپێی وەسییەتنامەیەك، زاناکانی سوننی مەزهەبیش وەڵامی ئەو بۆچوونەیان دەدایەوە بە سەلماندنی راستو دروستی خیلافەتی هەریەکێك لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلیو پشتیان بە رووداوە مێژووییەکان دەبەستەوە، پاشان بنیاتیان لەسەر ئەوە کردو وەکو مەرجیان لە ئیمامەتو شێوازی هەڵبژاردنی ئیمامیان ژمارد..هتد، بەوەش هەولیان دەدا کە ئەو چۆنێتییەی کە کاروبارەکان لەسەردەمی خەلیفە راشدینەکاندا بەسەرچوون ئاستی بۆ (پێشینەی) یاسایی بەرز بکەنەوە، ئەمەش هەمووی بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی باتنییەکان **(الباطنية)** و رەتکەرەوەکانی شیعە بوو. هەربۆیە (فیقهی سیاسەت) لەراستیو ناوەڕۆکیدا، تەشریعێك بوو بۆ رابردووی حوکمڕانی لە ئیسلامداو بەتایبەتی ماوەی خەلیفە راشیدینەکانو تەشریعێك نەبوو بۆ ئێستاو داهاتووی. بەڵێ راستە ماوردی هەولێدا جۆرە شەرعییەتێك بەسەر حوکمڕانی سەردەمی خۆیدا ببەخشێت لەسەر ئاستی «ئەحکامی سوڵتانی» واتە پۆستە کارگێڕییەکان و(ویلایەتە ئاینییەکان) لە دادگاو شتی دیکەش، بەڵام ئەو (تەشریعەی) تەنیا وەسفێك بوو بۆ دیفاکتۆیەكو هەوڵدان بۆ داپۆشینی بە جۆرە شەرعییەتێکی فیقهی. (فیقهی سیاسەت) لەدوای ماوردیو لەمیانەی زنجیرەیەك لە تەنازولکاریو وازهێنان لە مەرجەکان پەرەی سەند، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی دان بەوەدا بنرێت کە حوکمڕانی بەهێزو سەرکەوتن دەستەبەر دەکرێت (غەزالی ئەوەی کە لەدواوەی هات) پاشان زاناکان گەیشتنە ئەوەی کە



«پرەنسیپێکی گشتی» دابڕێژن کە (فیقهی سیاسەت) بە تەواوەتی لە ئارادا نەهێڵێت. پرەنسیپێك کە دەڵێت: ئەوەی کە زەبرو زەنگی زێتر بوو دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت، خەڵکی (سادە)ش لە مەغریب بەمجۆرە دەریانبڕی: «خوا ئەو کەسە سەردەخا کە دەسەڵاتی دەکەوێتە دەست». ئەوانەن ئەو وانە سیاسییانەی کە ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی عارەبی ئیسلامی پێشکەشمانی دەکات، ئەو وانانەی کە یەکەمجار لە سیاسەتی پیادەکراوەوە وەرگیراوە بەر لە وەرچەرخانی خیلافەت بۆ شانشینی. (کەلەبەرە دەستوورییەکانی کە لەکۆتایی سەردەمی عوسماندا دەرکەوت: تەماشای لێکۆڵینەوەی پێشوو بکە) پاشان هەڵگەڕانەوەی بۆ سیستەمێك کە بەدوای شەرعییەتێکدا بۆخۆی دەگەڕا کە پشتی بە فرتو فێڵی ئایدیۆلۆژیو بەخشینی سیاسییەوە دەبەستەوە. بەرلەوەشو لە دواییشییەوە" لە زەبرو زەنگو زاڵبووندابوو. بەڵام ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی عارەبی ئیسلامی تەنیا سیاسەتێکی پیادەکراو نەبوو، بەڵکو ئەوەیشە کە پێی دەڵێن رەوشتی ئیسلامی لە حوکمڕانیدا، ئەو رەوشتەی کە ئیلهامی بە هزری ئازاد دەبەخشیو هیوای لە چاکسازیو گۆڕاندا دەبووژاندەوە. رەگەزە بنچینییەکانی کە دەبێت لەسەردەمی پێغەمبەردا رەچاوبکرێن، ئەمانەن:

١- شورا: قورئانی پیرۆز شورای کردە خەسڵەتێك لە خەسڵەتە چاکەکانی لەپاڵ بڕواکردن بەخواو پشت بەستن پێیو خۆپاراستن لە گوناهە گەورەکان و نوێژکردن. خوا فەرموویەتی: (فما اوتيتم آمنوا وعلى ربهم يتوكلون. والذين يجتنبون كبائر الاثم والفواحش، واذا ما غضبوا هم يغفرون. والذين استجابوا لربهم واقاموا الصلاة وامرهم شورى بينهم ومما رزقناهم ينفقون. والذين اذا اصابهم البغى هم ينتصرون)[٢].

قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر هەمان واتا دەکاتەوە کاتێك وتار ئاراستەی پێغەمبەر دەکات تاوەکو شورا بکاتە سیفەتێك لە سیفەتە چاکەکان کە دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لەسەری بنیات بکات. خوای گەورە فەرموویەتی: (فبما رحمة من

الله لنت لهم، ولو كنت فظا غليظ القلب لانفضوا من حولك، فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الامر)[٣].

٢- بەرپرسیارییەتیو دابەشكردنی لە جەستەی كۆمەڵدا. فیكری سیاسی لە شارستانییەتەكانی رۆژهەڵاتی دێرین، لە فیرعەونیو بابلیو عیبریو فارسی لەسەر نموونەی (شوان) پێكهاتووە كە رانە مەڕێك بلەوەڕێنێ. فەرمانڕەوا (شوانە)و كەسانی دیكەش رانن (واتە خەڵكی ئاسایین). ئەم نموونەیەش لەسەر بەرامبەركردن لەنێوان (شوانی گەردوون) (خوا)و شوانی (رانە) ئادەمیزاد (خەڵك). بەڵام لە ئیسلامدا ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر نەك ئیسلامی ئایدیۆلۆژیای سوڵتانی ناوەڕۆكی (شوان) واتایەكی دیكەی هەبوو، ئەوەش لەمیانەی حەدیسی پێغەمبەری بەناوبانگ:

(الا كلكم راعي وكلكم مسؤول عن رعيته: فالامام الذي على الناس راع، وهو مسؤول عن رعيته، والرجل راع على اهل بيته، وهو مسؤول عن رعيته، والمراة راعية على اهل بيت زوجها وولدة، وهي مسؤولة عنهم، وعبد الرجل راع على مال سيده، وهو مسؤول عنه، الاكلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته) ئاشكراشە لێرەدا چاودێریكردن (الرعاية) واتاكەی پاراستنی ئەمانەتو لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییە، ئەوەش تەنیا كاری تاكەكەسێك نییە، بەڵكو دابەشكراوە بەسەر جەستەی هەموو كۆمەڵدا لەبەرزترین كەسەوە بۆ نزمترینیان، ئەو گرنگییە سیاسییەی كە لەدوو توێی ئەم پرەنسیپەدایە ئەوەیە كە بەرپرسیارێتی دابەش دەكات، نە تایبەتە بە یەكێكو نە كەس دەبێت تاكڕەوی تێدا بكات.

٣-رەگەزی سێیەم لەو رەگەزانەی كە دامەزرێنەری رەوشتی ئیسلامین لە بواری حوكمڕانیو سیاسەتو كاروباری دیكەی دونیای كە دەقێكی شەرعی لە بارەوەی نییە، فەرمودەی پێغەمبەرە (وانتم ادری بشؤون دنیاكم) رۆژێكیان پێغەمبەر بەلای خەڵكێكدا تێپەڕی كە خەریكی پێتاندنی خورمابوونو پرسیاری لێكردن كەچی



دەكەنو ئەوانیش وتیان: دەپیتێنین تاوەكو بەرهەم بدات، پێغەمبەر فەرمووی: وازی لێبێننو كاتێك بەجێیان هێشت بەرهەمی نەبوو كە ئەوەشیان وت پێیانی وت: «ئێوە شارەزاترن بەكاروباری دونیای خۆتان» بەهۆی ئەوەیش كە كۆچی دوایی كرد بەبێ ئەوەی جێنشینی خۆی دیاری بكات، یاخود شێوازی هەڵبژاردنیو جۆری ئەو بوارانەی كە تایبەتن بەوو، هیچ شتێكی دیكەی لەكاروباری حوكمڕانیو سیاسەتدا باس نەكرد، ئەوا چارە نییە لەدانانی لەریزی ئەو بابەتانەی كەدەچنە سەر فەرموودەی «انتم ادری بشؤون دنیاكم». ئەبوبەكر كاتێك هەڵبژێردرا لە وتارەكەیدا وتی: «ئەی خەڵكینە، بوومە فەرمانڕەوا بە سەرتانەوەو باشترینی ئێوە نیم، ئەگەر منتان لەسەر هەق بینی ئەوا پشتیوانیم لێ بكەنو ئەگەر لەسەر ناهەق بووم ئەوا رێنماییم بكەن». بە بۆچوونی ئێمە ئەوانەن ئەو بنچینانەی كە رەوشتی ئیسلامی لەكاروباری حوكمڕانیو سیاسەتدا لەسەری هەڵچنراون. ئێمەش لێرەدا وشەی رەوشت بەكاردێنین چونكە ئەو دەقانەی كە ئەو پرەنسیپانە دیاریدەكەن دەقی تەشریعی نین یاخود بەلای كەمەوە وا دانراوە یاخود دادەنرێت، ئەمەش بواری ئیجتیهاد لەكاروباری حوكمڕانیدا یەكجار فراوان دەكاتو تەنیا بە سنووری بەها بەرزەكانی كە ئیسلام بڕیاری لەسەر دەدات، بەسراوەتەوە.

لێرەوە بەروونی ئاشكرا دەبێت كە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فیكری سیاسی لە ئیسلامدا، نابێت لەگەڕانەوە بۆ بیروبۆچوونەكانی ماوردی كەسانی دیكەوە سەرهەڵبداتەوە، چونكە ئەو بۆچوونانە نەسەپێنراون بەسەرماندا، بەڵكو بارودۆخی سەردەمەكەیان سەپاندی، بەڵكو پێویستە پرۆسەی بنیاتنانەوەی فیكری سیاسی ئیسلامی هاوچەرخ لەدووبارە رەسەنكردنەوەی ئەو سێ پرەنسیپانە بێت كە لەگەڵ بارودۆخو پێویستییەكانی ئەم سەردەمەی ئێستاماندا بگونجێندرێت: دیاریكردنی شێوازی پیادەكردنی (شورا) بەهەڵبژاردنی دیموكراتی ئازادو، دیاریكردنی ماوەی دەسەڵاتداریتی سەرۆكی دەوڵەت لەحاڵەتی سیستەمی كۆماریدا لەگەڵ سپاردنی

ئەركی دەسەڵاتی جێبەجێكار بەحكومەتێكی بەرپرسی لەبەردەم پەرلەماندا لەحاڵەتی هەردوو سیستەمی كۆماری‌و شانشینی، هەروەها دیاریكردنی بواری دەسەڵاتی هەریەك لەسەرۆكی دەوڵەت‌و حكومەت‌و پەرلەمان بەجۆرێك كە تەنیا پەرلەمان ببێتە سەرچاوەی دەسەڵات، ئەمانەن ئەو پرەنسیپانەی كە ناكرێت (شورا) بەبێ ئەوان پیادەبكرێت. ئەمانە ئەو پرەنسیپانەن كە دەتوانن ئەو سێ كەلەبەرە دەستوورییەی كە لە كۆتایی سەردەمی عوسماندا سەریانهەڵداو بوونە هۆی «وەرچەخانی خیلافەت بۆ شانشینییەكی بێ ئەنجام» بگرنەوە (لێكۆڵینەوەی پێشوو).

ئیدی، بەبۆچوونی ئێمە هیچ پاساوێك نییە ئەو پاراستنەی هەندێ لە بزاڤە سیاسییە (ئیسلامی)یەكان لە دیموكراتیەتی نوێ رێگا پێبدات.

پاساو هێنانەوە بۆئەوەی كە خەلیفە لە ئیسلامدا دەكرێت لەرێگای موبایەعەكردنی تاكەكەسێك یاخود چەند كەسانێك دیاریبكرێت‌و بەوەی كە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی دیارینەكرێت چونكە گرێبەندی بەیعەت وەكو گرێبەندی كڕین وایەو گەڕانەوەی تێدا نییە، بەوەی كە موبایەعەكردنی پێویست دەكات هەموو شتەكانی پێبسپێردرێت‌و بوارەكانی دەسەڵاتی دیارنەكرێت، ئەم پاساوانە هەموویان پشت بەبنەمایەك نابەستێتەوە چ لەڕووی دەقی شەرعی یاخود بۆچوونی ئەقڵی، بەڵكو بۆچوونەكانی فەقیهەكانی سیاسەتی وەك ماوردی‌و كەسانی دیكە دێننەوە. ئەوانەی وتان بیروبۆچوونەكانیان رەنگدانەوەی بارودۆخ‌و هەلومەرجی ئەو سەردەمەی خۆیان بوو، جا چ وەڵامی شیعە (رەتكەرەوەكان) بوویێت، یاخولەپێناو چەسپاندنی ئەو دیفاكتۆیەی كە فەرمانڕەوای ئەو سەردەمە بە زەبر و زەنگ و زۆرەملێ سەپاندبوویان.



## ٢- ئایین و دەوڵەت لە مەرجەعییەتی رێنیسانسیدا:

### أ- زەروورەتی خۆپاراستن لە گشتاندنی گرفتەكانی دەوڵەتێكی عارەبی بەسەر دەوڵەتەكانی دیكەدا:

نیشتمانی عارەبی ئێستا دەوڵەتێك‌و كۆمەڵگەیەك نییە، بەڵكو چەندین دەوڵەت‌و چەندین كۆمەڵگەیەو لەم بارودۆخە مێژووییەی ئێستا هەریەكێكیان هێشتا بە تایبەتمەندی خۆیەوە ناسراوەتەوە كە چەندین مەسەلەی جۆراوجۆری لێدەكەوێتەوە، وەكو مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئایین‌و دەوڵەت. كەواتە پێویستە لەبەر رۆشنایی واقیعی هەر وڵاتێكی عارەبی بەجوداوە بڕوانینە مەسەلەكە. دەبێت خۆمان بپارێزین لە گشتاندنی گرفتەكانی تاكە دەوڵەتێك‌و بیكەینە گرفتی نەتەوایەتی. «چونكە نەتەوەكەمان جیاوازی لەنێوان ئەو ئایینانەی كە پێویستە لەنێوان بەندەو خولقێنەرەكەیدا بێت‌و، ئەو مەدەنییەتانەی كە لە نێوان مرۆڤ‌و هاونیشتمانەكەیدایە یاخود لەنێوان ئەوو لەنێوان حكومەتەكەیدایە كە لەسەریدا حاڵەتەكانی دامەزراوەی كۆمەڵایەتی‌و رێژەی سیاسی بنیاتدەنرێت و رادەیەكی جیاكەرەوەی نێوان ئەو دوو پرەنسیپە نایابە لەڕووی خوو ئایینەوە دانانێن‌و، چاوەڕوان ناكرێت هەروەكو شاراوە نییە لەیەكێكیاندا یاخود لەهەردوویاندا سەركەوتن بەدەست بێنن» لێرەشەوە «دەبێت بەربەستێك لەنێوان دەسەڵاتی سەرۆكایەتی، واتە دەسەڵاتی روحی لەڕووی خودو خووەوە بەكاروباری ناوخۆیی جێگیر كە بە گۆڕانی زەمەن‌و حاڵەكان ناگۆڕدرێت، نەبەستراوە، بەپێچەوانەی سیاسەتەوە كە پەیوەستە بەكاروباری دەرەكی نا جێگیرو قابیلی گۆڕان‌و چاكسازی بەپێی شوێن‌و كات‌و حاڵ. هەربۆیە ئاوێتەكردن لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتە نایابە لە بنچینەداو دژ لەوەی كە پێیانەوە پەیوەستەو لەبابەتەكانیدا، كارێكە دەبێتە هۆی

ناکۆکی لەنێوانمانداو زیانێکی ئاشکرامان پێدەگەیەنێت لە ئەحکامو ئایینەکانداو زێدەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین هەرگیز لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا مەدەنییەتو ژیانو پەرەسەندنی لەئارادا نابێت).

ئەمەبوو بوترۆس بوستانی لەساڵی ١٨٦٠دا نووسی لەئەنجامی ئەو فیتنەیە تایفەگەراییە کە لەلوبنانو سوریا ئاگرەکەی داگیرسا، لە ڕۆژنامەکەی (نەفیر سوریا) کەئەو کاتە دەریکردن. هەروەکو زۆر دەقی دیکەش، ئەم دەقە بەناوئاخنو باری ئەوەی کە وتوویەتیو ئەو بۆنەیەی کە تێیدا وتراوە دیاریدەکرێت. با لەبارەی هەریەکێك لەم سێ لایەنانە شتێك بڵێینو دەبینین ئەمانە هەمان ئەو ڕەگەزانەن کە مەسەلەی (ئایینو دەوڵەت)ی پێ دیاریدەکرێت لەمەرجەعییەتی ڕێنیسانیسی عارەبی تازە.

دەربارەی ناوئاخنی دەقەکە ئاشکرایە کە: بانگەشەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بۆ دانانی رادەیەکی جیاکەرەوە لەنێوان ئایینەکانو مەدەنییەتەکاندا بۆ پێویستی دانانی بەربەستێك لەنێوان دەسەڵاتی روحیو دەسەڵاتی مەدەنیدا: بەو وتە بەناوبانگەی کە دەڵێت: ئەوەی بۆ خودایە بەخودا بدرێتو ئەوەی بۆ سیزەرە بە سیزەر بدرێت. ئەوەش مەرجی پێشکەوتنو ڕێنیسانسە.

ئاشکرایە ئەم بانگەشەیە لەفیکرێکدا واتای دەبێت کە جیاوازی لەنێوان خوداو سیزەردا بکاتو لەمێشکی خۆیدا ئەو بابەتەو ئاراستەکانی وێنابکات وەك ئەوەی خودا لەلایەك بێت و سیزەر لەلایەکی دیکە، یان وەکو دوو رکابەر یاخود وەك دوو هاوپەیمان. ئەم حاڵەتەش لەئەزموونی ئەورووپای مەسیحیدا دەبینینەوە کە گرنگترینیان سێ جۆرن:



**جۆری یەکەم:** ئەوەیە کە مەسیحییەت لەسەرەتای دەرکەوتنیدا زانیویەتی: لەلایەکەوە دەوڵەتێك هەبوو کە ئیمپراتۆری ڕۆمانی سیزەر لەسەر لوتکەکەی بووو چونکە دەوڵەت بوو هیچ ئایینێکی دیاریکراوی پەیڕەو نەدەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە مەسیحی کوڕی مەریەمو لەدوای ئەویش «پاپاکان» هەبوون کە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەتیان لەناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیدا گرتە ئەستۆ.

پەیوەندی لەنێوان ئایینو دەوڵەت پەیوەندییەکی دوژمنکارانەبوو، دەوڵەت لەدژی مەسیحییەتدا جەنگیو چەوساندییەوە بەچالاکییەکی تێکدەری ژمارد...هتد.

**جۆری دووەم:** لەگەڵ سیزەر قوستەنیتینی یەکەم، یاخود قوستەنتینی گەورە، کە لە دوای سەرکەوتنی لەیەکێك لە جەنگەکانیدا لەساڵی (٣١٢)ی زایین بڕیاریدا کە دان بەمەسیحییەتدا بنێت وەکو ئایینێکی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، ئەمەش دەرگای بۆ کڵێسای کاسۆلیکی واڵاکرد تا ببێتە دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتداو، لەهەندێ کاتیشدا لەمێژوویی ئەورووپادا دەبوو بە دامەزراوێك لەسەرووی دەوڵەتدا: دەسەڵاتی بەسەر ژیانی ڕۆحو هەژموونو توانای بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیدا هەبوو.

**جۆری سێیەم:** ئەوەیە کە بە ڕێنیسانسی ئەورووپیو بارودۆخەکەیەوە بەستراوەتەوە کەبەجیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت کۆتایی هاتبوو: لەگەڵ سێکولاریزم (عەلمانییەت)، عەلمانییەتیش واتای دژایەتیکردنی ئایینیو بەرەنگاربوونەوەی نابەخشێت، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەی پەیوەندی بەدنیاوە هەیە جودابکرێتەوە لەوەی کە پەیوەندی بەڕۆژی قیامەتەوە هەیە. ئەوەش لەڕێگای ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسیو فێرکردنو هەموو دامودەزگا گشتییەکان بخرێنە دەستی کەسانێکەوە کە لە لایەنی ئایینییەوە بێلایەن بنو دوورخستنەوەی قەشەو ئوسقوفو هەموو کەسێك کە نوێنەرایەتی کڵێسا دەکات لەو شوێنانە.

لەهەموو ئەو جۆر و حاڵەتانەدا، ئایین هەیەو دەوڵەت هەیە: یان وەکو دوو رکابەر، یان تێکچڕژاو، یاخود وەکو دووانی لەیەکدی جودابوو، لەهەموو ئەو جۆرو حاڵەتانەشدا ئایین دامەزراوێکە لەکڵێسا رەنگدەداتەوە کە لقەکانی بەناو کۆمەڵگەدا رۆیشتووە، دەوڵەتیش دامەزراوێکە لەو دەزگایانەیدا رەنگدەداتەوە کەئەویش بەناو کۆمەڵگەدا رۆیشتووە. ئەوە ناوئاخنی ئەو دەقەبوو کە ئەزموون یاخود ئەو ئەزموونانەی کە ئەوروپا لەسەر ئاستی پەیوەندی لەنێوان ئایینی دەوڵەتدا زانیویەتی، بەمەرجەعییەتی داناوە. بەڵام خاوەنی دەقەکە، بوترسی بوستانی، مەسیحییەکی لوبنانی عارەبەو لە پێشەنگانی رێنیسانسی عارەبی تازەیە، لەسەدەی رابردوودا ژیاوە، واتە لەسەردەمێکدا کە لوبنان هەروەکو هەموو وڵاتانی عارەبی، ویلایەتێکی عوسمانی بوو، وەك زانراویشە، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەناوی خەلافەتەوە حوکمڕانی دەکردو چەوساندنەوەو تاکڕەوی بەسەر عارەبی موسڵمانو مەسیحیدا بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدەدا، لێرەوە رێنسانس لە هزری بوترسی بوستانیدا هەروەکو لەهزری بیرمەندانی عارەبی دیکەو مەسیحییەکانیان بەتایبەتی بەبیرۆکەی جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت بەسترایەو چونکە نموونەی ئەو رینیسانسەی کە بەهۆیەوە بیریان دەکردەوە نموونە ئەوروپییەکەبوو، ئینجا چونکە زەبرو زەنگی تورکو خەلافەتی کە تورکەکان بەناوییەوە حوکمڕانیان دەکردو مێژووی پەیوەندیان لەگەڵ عارەبدا، هەموو ئەمانە لەچاوی ئەوجۆرە کەسانەی کردنە سەرچاوەی دواکەوتن، بەواتای ئەوەی کە پێشکەوتن دەستەبەرناکرێت بەسەربەخۆبوون نەبێت لەوانە، ئەمەش لەهەمانکاتدا واتای جیابوونەوە لەخەلافەتو جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت دەگەیەنێت. لەکۆتاییدا بۆنەی دەقەکە دەمێنێتەوە، ئەویش فیتنەی ساڵی (١٨٦٠)ە لەنێوان مەسیحیو دروزەکان لەلوبناندا. بوترسی بوستانیش خۆی تەرخانکرد بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئاسەوارانەی کە لەو فیتنەیە کەوتنەوە لەرووی گرفتەکانی



رقوکینەی ئایینیو بە باشی زانی هەروەکو زانیمان چارەسەری گرفتی تایەفەگەرایی ئایینی لەلوبناندا لەجیاکردنەوەی ئایینە لەدەوڵەت.

لەوەی باسی لێکرا ئاشکرا دەبێت، فاکتەرە یەکەمەکانی دەستنیشانکەری دووالیزمی ئایینو دەوڵەت لەمەرجەعییەتی رینیسانسی عارەبی، سێ فاکتەری سەرەکین: سروش لە ئەزموونی ئایینی ئەوروپی وەرگرتن، گرفتی تایفەگەری ئایینی، بەستنەوەی رێنیساس بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، واتە ئیلهام وەرگرتن لە رێنیسانسی ئەوروپی. ئەم سێ فاکتەرەش جیاوازییەکی بنچینەیی گشتیان لەگەڵ ئەوانەی کە پەیوەندی لەنێوان ئایینو دەوڵەت لەمەرجەعییەتی رینیسانسیدا بیردەکاتەوە کە سنووردارکراوە بەو فاکتەرانەی کەباسمانکردن، بەتایبەتی کاتێك کە مەسەلەی رینیسانسی بەجیاکردن و بەتایبەتی کاتێك کە مەسەلەی رینیسانسی بەجیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دەبەسترێتەوە، لێرەدا بیرمەندی ناو مەرجەعییەتی کولتووری ئیسلامیدا دیاریدەکەن هەیە. ئەمەش لەیەك گەیشتن سەختدەکات و لەنێوان ئەوەی کەلەناو ئەو مەرجەعییەتەدا بیردەکاتەوەو ئەوەی کە لەناو مەرجەعییەتی رینیسانسیدا بیردەکاتەوە کە سنووردارکراوە بەو فاکتەرانەی کەباسمانکردن، بەتایبەتی کاتێك مەسەلەی رینیسانسی بەجیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دەبەسترێتەوە، لێرەدا بیرمەندی ناو مەرجەعییەتی کولتووری دەبینێت کەمەسەلەکە بەپێچەانەی ئەوەیە بیرمەندی «عەلمانی» دەیڵێت، چونکە ئەزموونی مێژووی عارەبی ئیسلامی راستییەکی مێژوویی پێدەبەخشێت کە قسەی تێدا ناکرێت، ئەویش ئەوەیە کە عارەب بەدەرکەوتنی ئیسلام هەستانە سەرپێو توانیان لەرێگایەوە دەوڵەتێك دامەزرێنن و چەندین مەملەکەت فەتح بکەن و شارستانییەتێك پێکبێنن...هتد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو وێنەیەی کە لەهزریدایە جێگیرو نەگۆڕبێت، وێنەیەك کە لەنێوان پەیڕەوکردنی ئایینو نێوان رێنیسانسدا پەیوەندییەك نیشاندەدات، پەیوەندی هۆو

ئەنجام (علە معلول)و مەرجو مەرج بۆداندراو بەهەمان جۆری کەبانگەشەکاری عەلمانییەت پەیوەندییەك لەنێوان جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و لەنێوان رینیسانسدا بەجۆری هۆو ئەنجام مەرج و مەرج بۆداندراو دەبینێت.

لێرەدا ساختەی ناو ئەو دووانەیە دەردەکەوێت: دووانی ئایینو دەوڵەت لەهزری عارەبی هاوچەرخدا، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کە هەموو لایەنێك پابەندی ئەوە دەبێتەوە کە مەرجەعییەتییەکەی دەداتێو بەتەنیا راستییەکی نەری دەزانێ. ئەمە لەکاتێکدا مەرجەکانی رێنیسانس یەکێك نین، بەڵکو زۆرنو یەکانگیرنو بەپێی بارودۆخو سەردەم دەگۆڕدرێن، چونکە لەوانەیە رەگەزێکی دیاریکراو مەرجێك بێت بۆ رێنیسانس، لەئەزموونێکی مێژوویی دیاریکراوداو، لەوانەشە بەپێچەوانەوە بێت، یان رەگەزێکی بێ لایەنو یاخود رەگەزێکی رێگر لەرێنیسانس، یاخود دووانەی ئایین و دەوڵەت لە هزری عارەبی هاوچەرخدا گرفتێکی ساختەیە، چونکە گرفتەکانی ئێستای دادەپۆشێتو بازی بەسەردا دەداتو لەبری ئەوەش گرفتی دیکە دەخاتەڕوو کە چارەسەرکردنی دەبێتە مەرجێك بۆ رینیسانسو پێویستییەکی ئایینده.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە رزگاربوون لەو ساختەییەی کە ئەم دووانەیە دەیخەنەڕوو سەرەتاو بەر لەهەموو شتێك لەوەدایە جیاکردنەوە لەنێوان گرفتی ئایینو دەوڵەتو گرفتی رینیسانسو پێشکەوتنو، تەماشاکردنی هەریەکێکیان بەحیسابی ئەوەی کە گرفتێکی سەربەخۆیە لەخۆیداو ملکەچی چەندین گۆڕانکارییە، لەوانەش ئەگەر لەسەرووی هەموویانەوە نەبێت، جۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان کەهەنو جۆری دەسەڵاتی سیاسیو سروشتی... هتد. بەدەربڕینێکی کورت، پرسی پەیوەندی نێوان ئایینو دەوڵەت پێویستە لەرۆشنایی رەنگدانەوە واقیعییە تایبەتییەکانی هەموو وڵاتێکی عارەبی بەجودا چارەسەربکرێت. کەواتە دەبێت لەڕاستی واقیعی ئێستاوە دەستپێبکرێت، ئەویش



نیشتمانی عارەب ئێستا یەك وڵاتو یەك کۆمەڵگە نییە، بەڵکو چەندین وڵاتو کۆمەڵگەیەو لەم بارودۆخە مێژووییەی ئێستادا هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە کەچەندین مەسەلەی لێدەکەوێتەوە، وەکو پرسی پەیوەندی نێوان ئایینو دەوڵەت. کەواتە دەبێت بڕوانینە ئەم پرسە لەسەر رۆشنایی واقیعی هەموو وڵاتێکی عارەبی بەجیا دەبێت لەگشتگیریکردنی گرفتەکانی وڵاتێکی عارەبی بەجۆرێك کە بکرێتە گرفتی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین، گرفتی پەیوەندی نێوان ئایینو دەوڵەت لەنیشتمانی عارەبدا گرفتێکی نەتەوەیی نییە، بەڵکو گرفتێکی تاك وڵاتییە، (واتە لە هەر وڵاتێکی عەرەبیدا بەجۆرێکە ــ وەرگێڕ).

**ب- تیرەگەریی‌و دیموکراسی:**

**دووانەیی ئایینو دەوڵەت لەهزری عارەبی نوێ و هاوچەرخدا، دووانەیەکی ساختەو درۆیە، ساختەیە، چونکە گرفتی دیکەی راستەقینەی بەشێوەیەکی رێژەیی تێدا شاردراوەتەوە، گرفتی تیرەگەرییە لە هەندێك وڵاتانی عارەبیدا، ئەو گرفتەش رەنگدانەوە ئەوە لە راستێکی رێژەیی بەتەنها، چونکە بەسەر هەموو وڵاتانی عەرەبیدا بەگشتی ناکرێ، بەڵکو ئەوەی لێ دەوێ لەجیاتی ئەو راستیە هەمەلایەنەیە نەبوونی دیموکراسی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە لە نیشتمانی عەرەبی، هەر لە کەنداوەوە بیگرە تا ئۆقیانووس.**

لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا لە شیکردنەوەی دوانەیی ئایین و دەوڵەت لە هزری نوێی هاچەرخی عارەبدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە: کەرتی فراوان و بەرین لە پیرو گەنجان لە نیشتمانی عەرەبدا، ئەم دوانەیە (ئایین و دەوڵەت) داناڕێژنەوە، بە واتا گرفتی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت چ بە داواکردن بۆ گەیشتن پێی بێت، واتە نەگەیشتنی ئایین و دەوڵەت بەیەکدی، یان بە جیاکردنەوەی یەکێکیان لەئەوی

دیکەیان بێت. پێکهاتەیەکی ئامادە نەبووە لە مەرجەعیەتی کولتووریداو هەروەها لە هزری ئەوەی کە بیری لێدەکاتەوەو لەناوبدا. بەڵام کاتێک هەمان گرفت لەمەرجەعییەتی رێنیسانسی عارەبیدا دەخرێتەڕوو، ئەوا لەڕاستیدا گرفتێکی نەتەوەیی ناخاتەڕوو کە هەموو نیشتمانی عارەب بگرێتەوە، بەڵکو بارێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی دەخاتەڕوو کە پەیوەستە بەچەند وڵاتێکی عارەبی دیاریکراو بەجۆرو پلەی جیاوازەوە. ئەو بارەیە کە تایەفەگەرایی ئایینی پێدەگوترێت. بەم جۆرەش بەم ئەنجامە گشتییەوە دەرچووین، کە پرسی پەیوەندی لەنێوان ئایینو دەوڵەت پێویستە لەرۆشنایی زانیارییەکان و رەنگدانەوەکانی هەموو وڵاتێکی عارەبی بەجیا چارەسەربکرێتو، پێویستە خۆمان دوور بخەینەوە لەوەی کە گرفتی وڵاتێکی عارەبی بکەینە گرفتێکی نەتەوەیی. ئەگەر بەخێرایی تێڕوانینێکی گشتی وڵاتە عارەبەکانمان لە واقیعی ئێستایاندا کرد، دەبینین پەیوەندی لەنێوان ئایینو دەوڵەت وەکو گرفتێك خۆی ناخاتەڕوو، نە لەسەر هزرو نەلەسەر کۆمەڵگەو نەلەسەر دەسەڵات، تەنیا لەو وڵاتانە نەبێت کە تایفەگەرایی ئایینی وەك پێکهێنەرێکی بنچینەیی لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی تێدایە. ئەو وڵاتانەش: لوبنانو سوریاو میسرو سودانن. بەڵام وڵاتانی دیکەی نیشتمانی عارەب، مەبەستیشمان مەغریبو مۆریتانیاو جەزائیرو تونسو لیبیاو ئوردونو سعودییەو یەمەنو وڵاتانی خەلیجو عێراق، ئەوا تایفەگەرایی ئایینی بەهیچ شێوەیەك تێدا نییە، یاخود کەمایەتییە ئایینییەکانی کە لەو وڵاتانەدا هەن رێژەیەك پێکدێنن کە گرفتی کۆمەڵایەتی سیاسیش ناهێننە ئاراوە.

ئەو وڵاتە عارەبانەی کە بەدەست گرفتی تایفەگەرایی ئایینییەوە دەناڵێنن، بەهەمان جۆر رووبەڕووی ئەو گرفتە نابنەوەو هەمان سەنگیشیان نییە لەهەموویاندا، چونکە مەسەلەی تایفەگەرایی لە لوبناندا وەکو ئەوەی سوریا نییە، بەڵام لە میسردا مەسەلەکە تایبەتمەندییەکی مێژوویی هەیە بەجۆرێك کە



تایفەگەراییەکە لەو وڵاتەدا بووە فرەییەك لەناو یەکەیەکدا کە یەکەی نیشتمانییە، نەك ئەوەش بەڵکو یەکێتی هەستی نیشتمانییە. بەڵام لەسودان، دۆخەکە جیاوازە، گرفتەکە لەوێ لەسەرئاستی ئایینیو زمان دەخرێتەڕوو، هەروەها لەسەر ئاستی ئینتیمای ئیتنیکی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو چارەسەرییەی لەگەڵ سروشتی گرفتەکە لە لوبناندا دەگونجێت بۆنموونە بۆ هەر یەکێك لەمیسرو سوریاو سودان ناگونجێت، بەڵکو گرفتەکە جۆرە چارەسەرییەکی تایبەتی پێویستە لەوانەیە کەمێك یان زۆر جیاوازی هەبێت لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە. لەبەرئەوەش، واتە بەهۆی ئەوەی تەنیا چارەسەرییەك نییە کە بۆهەموو ئەو وڵاتانە دەستبدات، بۆیە چارەسەری پێویستو گونجاو ناکرێت لەلایەن هاوڵاتیانی ئەم دەوڵەتە یا ئەو دەوڵەت لەدەرەوە بسەپێندرێت، بەڵکو دەبێت هەر بۆخۆیان پێویستە لەسەریان بەدوای چارەسەرییەکی گونجاودا بگەڕێین.

کەواتە لەمافو پسپۆڕی ئێمەو هیچ هزرڤانێکی عارەب نییە کە خۆی بەنوێنەری دانیشتووانی ئەم وڵاتە یاخود ئەو وڵاتە لەوڵاتانی نیشتمانی عارەب دابنێ، لەرووی بیرکردنەوە لەگرفتە تایبەتییەکانیاندا. ئەم هەڵوێستەش خۆ لادان یان خۆدوورخستنەوەی ئێمە نییە، بەڵکو ئەمە هەڵوێستێکی بابەتی زانستییەکە بەرژەوەندی نەتەوایەتی دەیسەپێنێت. چونکە هەموو هزرڤانێکی عارەب چەند بەتواناو دڵسۆزبێت، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات ئەگەر خۆی بەنوێنەرێك لەبری بیرمەندەکانی وڵاتێکی عارەبی دیکە دابنێتو، بکەوێتە بیرکردنەوە لەو گرفتەی کەتەنیا رووبەڕووی ئەوان بۆتەوەو چارەسەری جۆراوجۆریان بۆ بخاتەڕوو. لەوانەشە ئەو هەڵەیەی کەئەو بیرمەندە پێی هەڵدەستێت هەڵەیەك لەسەر ئاستی زانیاریو ئاستی راستی چارەسەرکردن نەبێت، بەڵام لەوانەیە بەبێ چەندو چۆن هەڵەیەك بێت لەسەر ئاستی بەرژەوەندی نەتەوایەتی. چونکە ئەوەی زۆربەی کات روودەدات ئەوەیە کاتێك هزرڤانێکی عارەبی بیر لەگرفتێك دەکاتەوە کەلەوڵاتێکی

عارەبی دیکەدا بێت نەك لەوڵاتەکەیدا، ئەوا لەڕووانگەیەکی نەتەوایەتییەوە بیری لێدەکاتەوەو بەو پێیەش دەکەوێتە مەترسی گشتگیری کردنەوە، بۆنموونە لە وڵاتانی عارەبدا بەگشتی بیر لەمیانەی حاڵەتێکی تایبەتییەوە کەحاڵەتی لوبنانە، یاخود حاڵەتی سوریا، یان حاڵەتی میسر دەکاتەوە. هەر بۆیە بۆ نموونە بانگەشە دەکات، هەروەك چەندین جار ڕوویداوە کە (چارەسەرییەك بۆ گرفتەکانی نیشتمانی عارەب نییە تەنیا پیادەکردنی عیلمانییەت نەبێت) بێگومان لوبنانی ئەو ڕستەیە ڕاستو دروست دەبینێت. هەربۆیە وەکو دروشمێکی پێشکەوتووخوازی خەباتگێڕانە دەیگرێتەبەر، بەڵام مەغریبی، یاخود مۆریتانی، جەزائیری، یاخود تونسی، یان لیبی، یان ئوردونی، یان سعودی، لەزۆربەی کاتدا کاردانەوەیان لەڕووی ئەم پرسیارانەوە ئاشکرا دەبێت: عەلمانییەت چییە؟ بۆچی عەلمانییەت؟ لەجۆری دیکەی ئەو پرسیارانەی کە ئەوە دەردەخات گیروگرفتەکە ئەوەندە پەیوەندی پێوە نییە.

ئەوەی کە خرایە ڕوو هەموو لایەنی «تایبەتی» مەسەلەکەبوو، بەڵام «تایبەتی» پوختەی ڕەهابوونی نییە: لەتایبەتیدا هەمیشە شتێك لە گشتیدا هەیە، هەروەها گشتی تەنیا پوختەی پێکهاتەیی ئەوەیە کە لەنێوان ڕەگەزەکانی هەموو جۆرێك لەجۆرەکانی تایبەتیدا هاوبەشە.

کەواتە دەبێت لایەنی گشتی کە خۆی لەدوای تایبەتیدا لەمەسەلەی تایفەگەرایی لەم وڵاتە عارەبەو ئەو وڵاتە عارەبەدا حەشارداوە، نادیدە نەگیرێت.

ئەگەر ئێمە ئێستا لەگۆشەی گشتییەوە بڕوانینە گرفتی تایفەگەرایی ئایینی، لە نیشتمانی عارەبدا، ئەوا بێ هیچ گومانێك وەك واقیعێکی کۆمەڵایەتیو مێژوویی دەبینین. بەڵام ئەو واقیعە تایفەگەراییە خۆی وەکو گرفتێك ناخاتەڕوو تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە هەموو واقیعی کۆمەڵایەتی بەدەست گرفتێکی گشتییەوە نەناڵێنێت. ئەو گرفتە گشتییەش کە واقیعی عارەبی بەگشتی لە کەنداوەوە تاوەکو



ئۆقیانۆس بەدەستییەوە دەناڵێنێت، گرفتی دیموکراتییەتە بەهەردوو ڕەهەندی سیاسیو کۆمەڵایەتیەوە، ئەگەر ئەو گرفتە پەیوەندی لەنێوان ئایینو دەوڵەتدا وەکو ئەنجامێك لەئەنجامەکانی دەردەکەوێت.

ئەگەر لوبنان وەکو نموونەیەك وەربگرین، ئەوا دەبینین پەیوەندی لەنێوان تایفەگەرایی ئایینیو سیاسی لەچلەکانەوە بەجۆرێك ریکخراوەکە لەسەرەتاداو تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی واقیعی لوبنانی بوو، تەرازووی هێزەکانی تایفەگەرایی بووو لە بەرژەوەندی تایفەی مارۆنیدا بوو چونکە پتر پەرەی سەندبووو پتر چوو بووە بەناو جەستەی کۆمەڵگەی لوبنانی نوێ. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کەهەموو دەیزانن، هەربۆیە ئاسایی بوو کە پەیوەندییە «دیموکراتی»یەکان لەسەر بنچینەی ئەو واقیعە ڕێکبخرێت و هەر بۆیە بەشی سەرەکی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەر تایفەی مارۆنی کەوت، ئەو شتەی کە ڕەنگدانەوەی هێزەکەی بوو (هێزی ڕەواو یاخود نارەوا، لێرەشدا بواری حوکمدان لەو مەسەلەیەدا نییە) هێزە فیعلییەکەی یاخود بەلای کەمەوە ڕووالەتییەکەی لەنێوان تایفەکاندا. لەگەڵ ئەو ستەمەی کە بەتایفەکانی دیکە گەیشت، کەچی لوبنان وەکو وڵاتێکی دیموکراتی تا ڕادەیەك لەسەر ئاستی سیاسیو فیکری ڕۆژنامەگەری بەلای کەم مایەوە.

بەڵام «دیموکراتی» لوبنانی لەبری ئەوەی پەرەبسێنێت بە پێی پەرەسەندنی واقیعی لوبنانی، کەچی بە بەنکراوی لەهەمان ئەو ڕێکخستنو (بارەی) کەیەکەم جار لەسەری هاتە ئاراوە، مایەوە. تایفەی مارۆنی لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە زاڵ بوو، باڵادەستییەکەشی لەسێبەری خودی (دیموکراتی)یەتی لوبنانیدا زیاتربوو، لەهەمان کاتیشدا تایفەکانی دیکەش لەڕووی دیموگرافیو ئابووریو سیاسیو فیکرییەوە پەرەیان سەندو جیاوازی لەنێوان (چۆنییەتی) مارۆنیو لەنێوان (چۆنییەتی) لوبنانی بەگشتی، بەرەو پلەی سفر دەڕۆیشت، لایەنی کەم لەڕووی وشیارییەوە. ئەو کاتە (دیموکراتی)یەی لوبنانی زۆرە ملێیەکی قەناعەت پێکەری

لەرووی سیاسیو ئابووریو لەکەشو هەوایەکی عیلمانیو لەکەش و هەوایەکی لە سەربەستی هزرو ئازادیو رادەربڕین، دەهێشتەوە.

گومانیش لەوەدا نییە عەلمانییەتو ئازادی هزرو رادەربڕین ناتوانێ جیاوازییەکان لەبوارەکانی دیکەدا قەرەبۆ بکەن، هەروەها ناتوانن تا هەتایە لەکاردانەی ئەو ستەمەی کەلەبالادەستبوونی گروپێك لەگروپەکان لەدەسەڵاتی سیاسیو ئابووری، دەکەوێتەوە سووکبکەنەوە. جەستەی لوبنانی لەو کراسی (دیموکراتی)یەتەی کە لەچلەکاندا لەبەریکرا، گەورەتربوو، هەربۆیە دەبوایە ئەو کراسە بدڕابوایە تا ئەو جەستەیە لەسەر راستییەکەی خۆی دەردەکەوێت کە جەستەیەکی نەخۆشە بەتایفەگەرایی کە لێرەدا واتایەکی تایبەتی وەردەگرێت، واتای ئیستیغلالکردنی تایفەیەکی دیاریکراو بۆ تایفەکانی دیکە بەجۆرێکی راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ. لەبەر ئەوەش کە لوبنانییەکان نەگەیشتنە ئەوەی کراسێکی دیموکراتی تازە دروستبکەن ئەو پەرەسەندنەی کەتایفە جیاوازیەکانی دیکە دووچاری بوونەوە، بگرێتەخۆی، ئەوا شەڕی ناوخۆ بەردەوامی دەبێت.(٤)

نموونەی لوبنان، نموونەی تایفەگەرایی عارەبییە کە لەنەبوونی دیموکراتییەتدا دەنگی مەترەلۆزەکان بەکاردەهێنێ، لەنیشتمانی عارەبدا، دەنگی دیکەش هەن کە دەربڕی هەمان دیاردەن بە شێوازی دیکە، بەڵام بەجۆری جیاواز، هەروەکو ئەوەی کە لەسوداندایە. بەڵام لە وڵاتانی عارەبی دیکە کەبەدەست تایفەگەرایی ئایینییەوە نانالێنن، ئەوا رۆڵەکانی پێویستی کۆمەڵگە بۆ دیموکراتییەتو دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدروشمی جیاواز دەخەنەڕوو: هەیە خودی دروشمی دیموکراتییەت بەرزدەکاتەوە، هەیە دروشمی مافی کەمایەتییەکان بەرزدەکاتەوەو، هەیە بانگەشە بۆ زەرورەتی شۆڕش بەسەر دەرەبەگایەتیدا دەکات....هتد.



دووانەیی ئایینو دەوڵەت لەهزری عارەبی نوێ و هاوچەرخدا، دووانەیەکی ساختەو درۆیە. ساختەیە، چونکە گرفتی دیکەی راستەقینەی تێدا شاردراوەتەوە بەشێوەیەکی رێژەیی، گرفتی تیرەگەرییە لە هەندێك وڵاتانی عارەبیدا، ئەو گرفتەش رەنگدانەوە ئەوە لە راستیێکی رێژەیی بەتەنها، چونکە بەگشتی ناکرێ بەسەر هەموو وڵاتانی عەرەبیدا، بەڵکو ئەوەی لێ دەوێ لەجیاتی ئەو راستیە هەمەلایەنەیە نەبوونی دیموکراسی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە لە نیشتمانی عەرەبی، هەر لە کەنداوەوە بیگرە تا ئۆقیانووس.

### ت- لەبری (عەلمانییەت): دیموکراتییەتو ئەقلاتییەت

**بە بۆچوونی خۆم، پێویستە دروشمی (عەلمانییەت) لە فەرهەنگی هزری عارەبیدا دوور بخرێتەوە و بە دروشمی (دیموکراتی)و (ئەقلانییەت) قەرەبو بکرێتەوە، چونکە ئەم دوو وشەی دوایی دەربڕی تەواوی پێویستییەکانی کۆمەڵگەی عارەبن:**

بەجۆرێکی گشتی دەکرێت بوترێت هیچ دروشمێك لە دروشمەکانی هزری نوێی عارەبی مایەی خراپ تێگەیشتنو شێواندن نەبووە وەك دروشمی «عەلمانییەت»، وشەکەش وەرگێڕانێکی سەرنەکەوتووانەی وشەی لایکی فەرەنسییە، لەبەر ئەوە وشەی (لایك)هیچ پێوەندی بە وشەی زانست (العلم)نییە، چونکە ئەسڵی وشەکە یۆنانییە: (لایکۆس)و واتاکەی (ئەوەی کە سەربەگەلە) ئەوەش لەبەرامبەر (کلیرۆس)دا واتە پیاوانی ئایین گروپێکی ئایینی گروپێکی تایبەتی پێکدێنن (پیاوانی کلێسا لەئایینی مەسیحیدا). کەواتە (لایك) بۆ هەموو کەسێکە کە پیاوی ئایینی نەبێت، واتە سەر بە پیاوانی کلێسا نەبێت. ئەوە واتای ئەسڵی وشەکەیە. پاشان جۆرە لادانێك لە بەکارهێنانی (لەفەرەنسیدا) روویدا و بەمەستی دوژمنایەتی بۆ ئایینو پیاوەکانی بەکارهات.

بەهۆی ئەوەی کە فێربوونی ئایین کاری کڵێسابوو لەناو دێرەکاندا ئەنجامدەدرا، ئەوا فێربوونی گشتی کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکرد تەنیا بریتی بوو لە زانیارییە ماتماتیکیو سروشتیو مرۆییەکان. لێرەشەوە (لایك)ی لەفەرەنسادا بەفێربوونەوە بەسترایەوەو واتاکەی: «فێربوونی زانست لەقوتابخانەو وەرگرتنی پەروەردەی ئایینی لەکڵێسا» و هەروەکو جان لاکروا دەڵێت: «بیرۆکەی لایکی بەرامبەر بەرهەڵستکار بیرۆکەی ئایینی نییە، بەڵام بەلای کەمەوە پێویست دەکات جیاوازییەك لەنێوان ئەوەی کە پەیوەندی بەدونیاوە هەیەو ئەوەی کە پیرۆزە ئەنجامبدرێت. ئەو بیرۆکەیە مەزەندەی ئەوەدەکات کە لایەنێك لەژیانی مرۆیی ملکەچی ژێرمستی ڕێنماییە ئایینییەکان نابێتەوە و یاخود لایەنی کەم دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی». لێرەشەوە ڕێبازی (لایك)ی ئەو ڕێبازەیە کە داوادەکات ژیانی گشتی ملکەچی دەسەڵاتی ئایینو پیاوەکانی نەبێت (ئایین لێرەدا ڕێنماییەکانی کڵێسایە بەو پێیەی کە دامەزراوێکە کە ململانێ لەگەڵ دەوڵەتدا دەکات لەسەر دەسەڵات بەسەر خەڵکیدا: دەوڵەت خاوەن جەستەی خەڵکەو کڵێساش خاوەن روحیانە).

کەواتە ئاشکرایە کە «لایك»ی لەبنەچەدا بیرۆکەیەکە بەبارێکی تایبەتییەوە بەستراوەتەوە، باری ئەو کۆمەڵگەیەی کە کڵێسا دەسەڵاتی روحی لەدەستدایە: ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئایین تێیدا لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤو خودا بنیاتنەنراوەو بەڵکو لەسەر پەیوەندییەك کە لە میانەی (پیاوی ئایین)ەوە دەڕوات، ئەو پیاوەی کە کاری ئایینی وەك ئەركو پیشەیەك بەکاردێنێتو لە رووی ڕێکخستنەوە بە دامەزراوەیەکی ئایینی بڵندەوە بەستراوەتەوە کە خۆی بە تەنیا یاسادانەرێك لە بواری ژیانی ڕۆحیدا دادەنێت. لەوە روونتر ئەوەیە ئەم بیرۆکەیە بە تەواوەتی نامۆیە لە ئایینی ئیسلام و پەیڕەوانی: چونکە ئایینی ئیسلام لەسەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئادەمیزادو لەنێوان خودادا تەنراوەتەوەو دان بەهیچ ناوەنجییەکدا نانێتو دەسەڵاتێکی ڕۆحی تێدا نییە کە تایبەت بێت



بەگروپێكو دەسەڵاتی زەمەنیش تایبەت بێت بەتاقمێکی دیکە. بەکورتی خستنەڕووی دروشمی (لایك)ی، واتە ئەوەی کە بە «عەلمانییەت» وەرگێڕدراوە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە پەیڕەوی ئیسلام بکات، خستنەڕوویەکی بێ پاساوو ناڕەواو هیچ واتایەکی نییە.

کەواتە بۆچی ئەم دروشمە لەجیهانی عارەبدا خراوەتەڕوو؟ ئەو پێویستییانەش کە داوا دەکران لەمیانەوەی دابینبکرێن، چین؟

دروشمی «عەلمانییەت» بۆیەکەمجار لەجیهانی عارەبدا لەناوەڕاستی سەدەی رابردوو خرایەڕوو. ئەوانەیش کە خستوویانەڕوو بیرمەندی مەسیحی بوون لەشام، شامیش لەوکاتەدا وەك زۆربەی وڵاتە عارەبەکانی رۆژهەڵات ملکەچی دەوڵەتی تورکی عوسمانی بوون کە ئیمپراتۆرییەتێکی فراوانی بەناوی (خەلافەتی ئیسلامی) (بەڕاشکاوی یان بە پەنهانی) حوکمڕانی دەکرد.

مەسیحییە عارەبەکان کە ئەوکاتە بانگەشەیان بۆعەلمانییەت دەکرد، دەیانویست بەچۆنییەتیکی سادەو شەرمنەوە باس لەوەبکەن کە هزرڤانانی دیکەی عارەبی بەگوڕوتینو راشکاوانە دەیانخستنەڕوو. کاتێك دروشمی (سەربەخۆبوون لەتورك)یان بەرزکردەوەو پاشان هەردوو دروشم یاخود رەوت لەدروشمێك یان رەوتێك یەکێکیان گرت کە بەڕەوتی (عارەبایەتی ـــ العروبة)و پاشان بە (نەتەوەی عارەبی) ناسرایەوە. کەواتە دروشمی (عەلمانییەت) لەجیهانی عارەبیدا لەپەیوەستێکی ئۆرگانی (عضوي) لەگەڵ دروشمی (سەربەخۆبوون لەتورك) خرایەڕوو، بەو پێیەش کە (سەربەخۆبوون لەتورك) لەهەمانکاتدا واتای دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی دەگەیاند (لایەنی کەم لەرۆژهەڵات، واتە لە ویلایەتە عوسمانییە عارەبەکان). ئەوا ئەوسێ چەمکە (عەلمانییەتو سەربەخۆییو یەکێتی) بەجۆرێکی ئۆرگانی پێکەوە بەستران، بۆ ئەوەی یەك واتا ببەخشن، کەهاتنە ئارای دەوڵەتێکی عارەبی

لەرۆژهەلاتو ملکەچی دەسەلاتی عوسمانی نەبێت. لێرەوەش هزری نەتەوەیی عارەب دروشمی عەلمانییەتی بەرزکردەوە کەواتاکەی لەگەڵ ناوەڕۆکی دروشمی (سەربەخۆییو یەکێتی)دا تێکەڵبووبوو. کاتێکیش بزووتنەوەیەکی رکابەر پەیدابوو و دروشمی «کۆمەڵگەی ئیسلامی» خستەڕوو، ئەوا لەراستیدا جۆرە بەرهەڵستکارییکردنی سەربەخۆبوونی ولاتە عارەبەکان بوو لەتورك کەبەفەرمانو ئاراستەکردنی دەسەلاتی عوسمانییەوە دەجوولانەوە. کاتێکیش کە ئەوە روویدا، دژایەتیکردن لەنێوان ئەو دوو ئاراستەدا چڕدەبووەوە کە یەکێکیان بانگەشەی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی دەکرد بە رابەرایەتی تورکو ئەوی دیکەشیان بانگەشە بۆ دەوڵەتێکی عارەبی یاخود یەکێتییەکی عارەبی دەکرد. بانگکەرانی «عارەبایەتی» مەبەستیان دوورخستنەوەی ئیسلامو ئایین نەبوو. دروشمی عارەبایەتی لەبنچینەدا لەدژی سیاسەتی بەتورککردنی عوسمانییدا هەروەکو زانراوە بەرزکرایەوە. ئەمە پوختەی ئەو چوارچێوە ئەسڵییەبوو کە دروشمی عەلمانییەتی لە ولاتی شام {سوریای گەورە}دا خستەڕوو، پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە ئەم دروشمە هەرگیز لەولاتانی رۆژئاوای عارەبو نیمچە دوورگەدا بەرز رانەگیرا. لەوانەشە بەهەمان ئەو توندییە لەخودی میسردا کە کەمایەتییەکی قیبتی گرنگی تێدایە، بەرز نەکرا. کاتێکیش ولاتە عارەبەکان سەربەخۆبوونو تیۆری دانان بۆ بیرۆکەی عارەبایەتیو (نەتەوەی عەرەب) دەستیپێکرد، دروشمی (عەلمانییەت) سەرلەنوێ و بەتایبەتی لەو ولاتە عەرەبیانەی کە کەمایەتی ئایینییان تێدایە (بەتایبەتی مەسیحی) خرایەڕوو، ئەوەش کەپاساوی بۆ خستنەڕووی ئەو دروشمەدەدا، هەستکردنی ئەو کەمایەتییانەبوو بەوەی کە دەوڵەتی عارەبی یەکگرتووی کە نەتەوەی عارەب بانگەشەی بۆدەکات، زۆربەی دانیشتوانی موسڵمان دەبن، ئەوەش لەوانەیە سەرلەنوێ بارێکی لەو جۆرەی سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانی لێبکەوێتەوە. کەواتە واتای راستەقینەی دروشمی (عەلمانییەت) لەم چوارچێوە تازەدا، چوارچێوەی



تیۆردانان بۆ دەوڵەتی یەکگرتن، بەجۆرێکی فەسلەجی بە گرفتی مافی کەمایەتییە ئایینیو بە چۆنییەتێکی تایبەتی مافیان لەوەی کە بە ئایینی زۆرینە حوکم نەکرێن، بەسترابووەوە. بەمەش (عەلمانییەت) واتای بنیاتنانی دەوڵەتی لەسەر بنچینەی دیموکراتی ئەقلانی دەبەخشی نەك لەسەر بنچینەی زاڵبوونی ئایینیداو، لە گەرمەی گفتوگۆو مشتومڕی سیاسی ئایدیۆلۆجی لەنێوان حزبو رەوتە فیکرییەکان، هەندێکیان ئەو واتای بە دەستەواژەی (جیاکردنەوەی ئایینی لە دەوڵەت) دەربڕی. ئەم دەستەواژەیەشی بەهیچ شێوەیەك کۆمەڵگەی ئیسلامی پێشوازی لێ نەدەکرد، چونکە لە ئیسلامدا هیچ واتایەك بۆ دژایەتیکردن لەنێوان ئایینو دەوڵەتدا نییە. ئەو دژایەتیکردنە واتای نابێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە دەستەیەکی رێکخراو مافی پیادەکردنی دەسەلاتی رۆحی لەسەر خەڵکی بگرێتە ئەستۆ لە بەرامبەر دەسەلاتێکی زەمەنی کە دەستەیەکی سیاسی (دەوڵەت) پیادەی بکات.

پرسی «عەلمانییەت» لە جیهانی عارەبدا ساختەو درۆیە، بە واتای ئەوەی کە دەربڕی پێویستییەکان بێت بە ناوەڕۆکێکی نەگونجاو لەگەڵ ئەو پێویستییانەدا: پێویستی بە سەربەخۆبوون لە چوارچێوەی یەك ناسنامەی نەتەوایەتیداو، پێویستی بۆ دیموکراتی کە رێز لەمافی کەمایەتییەکان بگرێتو، مافی بۆ پیادەکردنی ئەقلانی سیاسەت، ئەمانە هەموو پێویستی واقیعینو، داواکاری گونجاوو پێویستن لە جیهانی عارەبدا، بەلام نەك تەنیا گونجاویو زەروورەتییەکەی لە دەستدەدا، بەڵکو رەوابوونیشی کاتێك کە بە دروشمێکی لێلاوی وەکو دروشمی (عەلمانییەت) بخرێتە روو.

ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین، ئەوەیە پێویستە هزری عارەبی بە چەمکەکانیدا بچێتەوە، لە رێگای وردبوونەوە لێیانو، ناوەڕۆکەکانیان بە جۆرێکی لێبکرێت کە لەگەڵ پێویستییە واقیعییەکاندا کە خراونەتە روو، بگونجێت.

بە بۆچوونی خۆم، پێویستە دروشمی (عەلمانییەت) لە فەرهەنگی هزری عارەبیدا دوور بخرێتەوەو بە دروشمی (دیموکراسیەت)و (ئەقلانییەت) قەرە بو بکرێت، چونکە ئەم دوو وشەی دوایی دەربڕی تەواوی پێویستییەکانی کۆمەڵگەی عارەبن" دیموکراسیەت بە واتای پاراستنی مافەکانە: مافی تاکەکانو مافی کۆمەڵەکان. ئەقلانییەتیش واتای دەرچوونی پیادەکردنی سیاسی لە ئەقڵو پێوەرە لۆجیکیو ئەخلاقییەکانی، نەك لە حەزو توندڕەویو گۆڕینی ئارەزووەکان. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە چ دیموکراسیەت، چ ئەقلانییەتیش واتای دوورخستنەوەی ئیسلام ناگەیەنن، نەخێر، ئەگەر زانیاری و رەنگدانەوە واقیعییەکان وەربگرین ئەوا پێویستە لەسەرمان بڵێین ئەگەر عارەب (ماددەی ئیسلام) بوون ئەوا ئیسلام رۆحی عارەبە.

لێرەوە زەروورەتی دانانی ئیسلام بە راستکەرەوەیەکی بنچینەیی بوونی عارەبی: ئیسلامی رۆحی بە نیسبەت عارەبە موسوڵمانەکانو ئیسلامی شارستانی بە نیسبەت هەموو عارەبەوە، موسوڵمانانو ناموسوڵمان.

دووبارە دامەزراندنەوەی هزری نەتەوایەتی لەسەر دوو پرەنسیپی دیوکراسیەت و ئەقلانییەت، لەبری پرەنسیپی عەلمانییەتو جێگیرکردنی ئیسلام لەو پلەو پایەی کە دەبێت لەتیۆرو پیادەکردندا داگیر بکات، ئەمە لەو بنەمایانەن کە پێویستە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی هزری نەتەوەیی عارەبی لێوە دەست پێبکات. ئەو فیکرەی کە دروشمی یەکێتی عارەبو یەك نیشتمانیی عارەب لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو بەرز دەکاتەوە.



## ٣- ئایینو سیاسەتو شەڕی ناوخۆ:

**بەڵام پوختەکردنی هەموو ئیسلام لە مەسەلەی (حیجاب)و (بڕینی دەستی دز)و ئەوجۆرە شتانە، ئەوا راکردنە یاخود بێ دەسەڵاتییە لە خستنەڕووی دۆزە سیاسییە راستەقینەکانو رووبەڕوو بوونەوەی ئەو ئەرکانەی کە ئاشکرای دەکاتو بەوپێیەش خزانە بەرەو باری (الذین فرقوا دینهم وکانو شیعا) بەرەو تایەفەگەراییو شەڕە ناوخۆییەکان. کەواتە بە ئاگابن لە سیاسەت نەوەك ئایین بۆ فاکتەرێکی جیاکەرەوە بگۆڕێت لەبری ئەوەی کە وەك لەناوەڕۆکیدا رەگەزی کۆکردنەوەو یەکبوونە، بمێنێتەوە.**

بەر لە کۆتایی بەم زنجیرە لێکۆڵینەوانە بهێنم کە تیایدا پرسی ئایینو دەوڵەت لە هزری عارەبی هاوچەرخدا خرایە روو، شیکردنەوەیەکی کورتی ئەو دیاردەیەی کە رەنگدانەوەی لە واقیعی سیاسی ئێستای عارەبدا هەیە، دیاردەی بەکارهێنانی ئایین لە سیاسەتداو ئەوەی کە لێی دەکەوێتەوە لە شەڕی ناوخۆی راشکاو یاخود ناوەڕۆکی شاراوە. بۆ ئەوەی خوێنەر وا لێبکەین لەو سنوورانەدا کە بیری لێ دەکەینەوە، لەگەڵماندا بیربکاتەوەو بۆ ئەوەی بەوپێیەش خۆمان بپارێزین لەو تێگەیشتنە خراپەی کە لەجیانەکردنەوە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی دیاردەیەکدا دەکەوێتەوە، بەپێویستی دەزانین جارێکی دیکە ئاماژە بەوە بدەین کەئێمە جیاوازی لەنێوان عەلمانییەت بە واتای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت لەلایەکەوەو، لەلایەکی دیکەوە لەنێوان ئامادەبوونی ئیسلام وەکو شەریعەتێكو رەوشتێك دەکەین لە کۆمەڵگەیەکدا کە زۆربەی ئەندامانی موسوڵمانن. عەلمانییەت، بە واتای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، دروشمێکە نارەخسێتو لەگەڵ واقیعدا ناگونجێتو ئەرکێکی پۆزەتیڤانە ئەنجام نادات، ئەگەر دامەزراوەیەك نەبێت نوێنەرایەتی ئایین بکاتو بە ناوییەوە قسەبکاتو لەهەمان کاتیشدا ململانێ لەگەڵ دەوڵەتدا لە رووی دەسەڵاتییەوە ئەنجام بدات، ئەوا لە ئەنجامدا دەوڵەتێك لەدژی دەوڵەتێك دەبێت یاخود دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتێکدا لەناو یەك کۆمەڵگەدا دروست دەبێت. ئاشکراشە چارەسەرکردنیش لەم حاڵەتدا جیاکردنەوەیە لەنێوانیاندا، ئەویش بە دیاریکردنی بوارەکانی هەر یەکێکیانە بەجۆرێك کە لایەنێکیان

بە ئەركى بوارەكانى خۆى هەڵدەستێت بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئەوەى دیكەدا رووبەڕوو نابێتەوە. لە ئەوروپاشدا ئەم جۆرە جیاكردنەوەیە روویداو یەكێكیان بە دەسەلاتى رۆحى تایبەت كرا (كلێسا)و ئەوەى دیكەشیان بە دەسەلاتى زەمەنى (سیاسى: دەوڵەت) تایبەت كرا.

كۆمەڵگەیەك كە پەیڕەوى ئیسلام بكاتو بەهۆى خودى ئەو ئایینەوە، دامەزراوەیەكى ئایینى تێدا نییە، چونكە ئایین لە ئیسلام تایبەتە بەخودى تاكەوەو پەیوەندى لەنێوانیانداو لەنێوان یەزداندا پەیوەندییەكى راستەوخۆیەو پێویست بە وەساتەیەك ناكات. ئەوەى كە ئەمجۆرە كۆمەڵگەیە پێویستى پێى هەیە جیاكردنەوەى ئایینە لە سیاسەت، بەواتاى خۆپاراستنى لەبەكارهێنانى ئایین بۆ مەبەستە سیاسییەكان، بەو پێیە كە ئایین نوێنەرایەتى ئەوەى كە رەهاو جێگرە دەكات. لەكاتێكدا سیاسەت نوێنەرایەتى لەوەى كە رێژەییو بگۆڕە دەكات سیاسەت بەرژەوەندییە تایبەتى یاخود گروپییەكان دەجولێنێتەوە، بەلام ئایین دەبێت لەوە دوور بخرێتەوەو بپارێزرێت ئەگینا ناوەڕۆكو رۆحى لەدەست دەدات.

ناوەڕۆكى ئایینو رۆحەكەى ئەوەیە كە یەك دەخاتەوەو جیاناكاتەوە (یوحد ولا یفرق). ئایینى ئیسلام ئایینى (یەكتا ـــ التوحید)ە، ئەوەش بە دەربڕینى یەكتایى لەسەر ئاستى باوەڕ (یەك خواوەند)و یەكتایى لەسەر ئاستى كۆمەڵگە (یەك نەتەوە)و یەكتایى لەسەر ئاستى تێگەیشتنى ئایین و پیادەكردنى: (ان الذین فرقوا دینهم وكانوا شیئا لست منهم في شيء)[٥]. بەلام سیاسەت ناوەڕۆكو رۆحەكەى ئەوەیە كە جودادەكاتەوە: سیاسەت لە هەموو شوێنێكدا هەیە كە جیاوازى تێداهەبێت، یاخود ئەگەرى روودانى جیاوازى تێدا هەبێت، بەو پێیەش لە «هونەرى بەڕێوەبردنى جیاوازى» نزیكترە تا لە هەر شتێكى دیكە. بەڕێوەبردنیشى لێرەدا بەواتاى بەڕێوەبردنى ئەو جیاوازییەى كە لە ئارادا هەیەو یاخود هەوڵدان بۆ خولقاندنى جیاوازییەكى تازەى دیكە. لێرەوە بەستنەوەى ئایین بە سیاسەتەوە ـ هەر چۆنێك بێت جۆرە پلەى ئەو بەستنەوەیەـ دەبێتە هۆى ئەوەى كە میكرۆبى جیاوازى بخرێتە ناو ئایینەوە. جیاوازیش لە ئایینەدا ئەگەر لە



بنچینەدا سیاسى بێت ئەوا بێ چەندو چۆن تایفەگەرایى دێنێتە ئاراوەو پاشانیش دەبێتە هۆى شەڕى ناوخۆ. مێژووش ئێستاو رابردووى، شایەدێكە لەسەر ئەوە چونكە لەسەردەمى عوسمانەوە، واتە لەوەتەى كە دەستكرا بەبەكارهێنانى سیاسیانەى ئایین لە كۆمەڵگەى ئیسلامیدا، جیاوازى تێكەوتووەو شەڕى ناوخۆیى ئارام نابێتەوە. تا بەجۆرێك دیكە سەرلەنوێ دەست پێبكاتەوە، بەلام هەمیشە لە رێگاى بەكارهێنانى ئایین لە سیاسەتدا جۆرە بەكارهێنانێك.

### چۆن بەكارهێنانى ئایین لە سیاسەتدا دەبێتە هۆى شەڕە ناوخۆییەكان؟

پرسیارێكى بنچینەییە پێویستە بكرێت و، دەبێت بەروونى وەلامى بدرێتەوە، چونكە ئەوەى كە بوترێت بەكارهێنانى ئایین لە سیاسەتدا دەبێتە هۆى شەڕى ناوخۆیى، قسەیەكە هەر وەكو دیاردە دژایەتى لەگەڵ ناوەڕۆكى ئایینەدا دەكات. مەبەستیشم مۆركە یەكتاییەكەى، لۆجیك پێویست دەكات كە ئایین بەوپێیەى رەگەزێكى یەككگرتنە، جۆرە (یەكێتى)یەك لە سیاسەتدا دروست بكات، ئەو یەكێتییەى كە نزمترین پلەكانى رێگرتنە لە خزاندنى جیاوازى بەرەو شەڕى ناوخۆ. بەلام واقیع بەپێچەوانەى ئەوەیە، چونكە ئەوەى كە روودەدات، بەكارهێنانى ئایین لە سیاسەتدا (ئەقڵى سیاسى) كۆمەڵ پەناى بۆ دەبات كاتێك كە لە بەرژەوەندیدا نییە دۆزە كۆمەلایەتییە ئابوورییەكەى بەجۆرێكى سیاسى راشكاو هاوتا بخاتەروو، چونكە ئەو كارە مۆركى ماددى ئیستیغلالى ئەو دۆزە ئاشكرا دەكات. یاخود كاتێك ئەو كۆمەڵە بەهۆى سستى وشیارییەوە، بەهۆى ئەوەى كە نەگەیشتۆتە ئاستێك لە پەرەسەندنەوە كە بتوانێت دۆزە كۆمەلایەتییە -ئابوورییەكەى بە ئاشكرا بخاتە روو- لە هەردوو حاڵەتەكەشدا بەكارهێنانى ئایین لە سیاسەتدا بە مۆركێكى تایفەگەرایى یاخود مەزهەبى دادەپۆشرێت كە بنەماكەى گەڕاندنەوەى ململانێیەكى دێرینەو سەرلەنوێ بووژاندنەوەى هێماو ناوەڕۆكە ئایدیۆلۆجییەكانە. ئەو شتەش پێویست دەكات كە ئەو كۆمەڵە بۆ (هۆزێكى رۆحى) بگۆڕدرێت (ئەمەش شتێكى پێویستە، چونكە

مەرجەکانی بوونە کۆمەڵایەتییەکەی نایکاتە گروپێك لە ئاستی (چینێکی کۆمەڵایەتیدا). ئەوەیشی کە لە لوبناندا روودەدات باشترین نموونەیە کە ئەو مەسەلەیە روون بکاتەوە: چونکە کۆمەڵەی مارۆنی ئایین بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردێنێت، واتە پابەندی تایفەگەراییە (کە واتاکەی دابەشکردنی پۆستە حکومییەکانەو بەوپێیەش بەرژەوەندییە مادییەکان لەسەر هەمان بنچینەی تایفەگەرایی نادادپەروەرانە کە دەوڵەتی لوبنانی لەسەر دامەزراوە). چونکە لە بەرژەوەندی ئەودا نییە دۆزەکەی کە پاراستنی تایبەتمەندییە ئابوورییەکانییەتی بەجۆرێکی سیاسی بە راشکاوانە بیخاتە روو، بەهۆی ئەوە کە سیاسەت (دەسەڵات)ەکە ئەو بەرژەوەندییانە دەپارێزێت، کە بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە بکاتە واقعێکی جێگیر کە نابێت بگۆڕدرێت، پەنا دەبات بۆ بەستنەوەی بە ئایینەوەو مافی جیاوازی لە ئاییندا وا لێدەکات کە ئەو جیاوازییەی کە لە سیاسەتدا هەیە (واتە جیاوازییە چینایەتییەکان) تێدا هەبێت. ئەمە لەلایەکەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە جەماوەرە هەژارەکانی لوبنان دەبینین کە زیانێکی پتری پێ دەگات لەتەنیا سوودوەرگرتنی مارۆنییەکان لە دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریو ناتوانێت ئەو (زیانەی) کە پێی دەگات بەجۆرێکی سیاسی راستەوخۆ بخاتەروو. چونکە مەرجەکانی بوونی کۆمەڵایەتی کە توانای خستنەڕووی دۆزەکەی وەکو چینێك هەبێت، ئەگەر رکابەرە بنچینییەکەیان خستە سەر (کە ئیستغلالی سیاسی ئابووری پیادە دەکات: مارۆنییەکان) کە خۆی وەك تایفەیەکی ئایینی نەك چینێکی کۆمەڵایەتی، دەناسێنێت، ئەوا ئەو کاتە تێدەگەیشتین چۆن وشیاری بە ئیستیغلال کردن لەلایەن هەژارو نەدارەکانی لوبنانی و بێ پشتەوانەکانی بۆ خۆی شێوەیەکی تایفەگەرایی وەردەگرێت (شیعە، دروز، سونی مەزهەبەکان). لێرەشەوە ململانێیەکە بە ئاسانی بۆ شەڕێکی ناوخۆیی تایفەگەرایی دەخزێت تەنانەت ئەگەر لەسەرەتای کاردا شێوەی ململانێی چینایەتی هەبووبێت. ئەوەی کە لە لوبناندا روودەدات، نموونەی ئەوەیە کە لەوانەیە لە هەموو وڵاتێکی دیکەدا کە ئایینی لە سیاسەت بۆ پێویستییەکی سیاسی بەکاربێنرێت دووبارە بێتەوە.



وڵاتە عارەبەکان بەگشتی ئەگەری ئەوەیان لەبەردەمدایە کە بە جۆرێکی دیکە بەدەست ئەو «پێویستی»یەوە بناڵێنن، لەبەر ئەوە بەرپرسیارییەتی ئەوەی کە ئەمڕۆ بە «ئاراستەی ئیسلامی» یان بە «ئوسوڵی» یان بە «ئیسلامی سیاسی» ناوی دەبرێت، بەرپرسیارییەتێکی گەورەو مەترسیدارە، چونکە هیچ شتێك لەوە ئاسانتر نییە کە بانگەشەی ئایینی بۆ بانگەشەیەکی جیاکەرەوە بگۆڕدرێتو بەو ترازاندنە، لەبری ئەوەی کە وەك رەگەزێکی کۆکردنەوەو یەکبوون بمێنێتەوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ پاساو بۆ بوونی «ئیسلامی سیاسی» دەڕەخسێنێت، مەبەستم بوونی مێژووییە، زەبروزەنگو ستەمەکە رەفتاری دەوڵەتو چینی خاوەن دەسەڵات دیاری دەکات کە بەهۆیانەوە (واتە زەبروزەنگو ستەم) جەماوەری هەژارو رابەرە رۆحییەکانیان لە گوندو شارەکان لەرووی ماددیو دەروونییەوە دەناڵێنن.

زەبرو زەنگو ستەم کە رەوتە ئایدیۆلۆجییە تازەکان (لە وڵاتە عارەبەکاندا) سەرکەوتوو نەبوون لەبەرەنگاربوونەوەیانداو سەپاندنی ئەلتەرناتیڤی دیموکراتی لەجێگایاندا. ئەگەر بڕوانینە مەسەلەکە لەم گۆشەیەوە دەبینین کە (ئیسلامی سیاسی) ئەمڕۆ ململانێی تایفە لەدژی تایفەدا دەنوێنێت: تایفە لە رووی تیۆرییەوە بەلای کەمەوە، زۆربەی خەڵکی دەگەیەنێت کە بەگشتی رەشو رووتن، چینی هەڵبژاردەش ئەوا لەرووی تیۆریو پراکتیکییەوە، کۆمەڵێ فەرمانڕەوایەو ئەوانەی کە لە سوودمەندان پێیانەوە بەستراون. تایفەی یەکەم لە بنچینەدا تافەگەرایی نییە چونکە لەرووی واقیعییەوە زۆرینە دەنوێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو لە هەموو کاتێکدا هەڕەشەی ئەوەی لێدەکرێت کە بۆ گۆڕەپانێکی بەپیتی تایفەگەرایی وەربگێڕدرێت: چونکە ناکرێت لە سیاسەتدا بەرژەوەندییەکان و دژایەتییەکانێتی، یاخود لەبارەی جیاوازی بۆچوونەکان سەبارەت بە رێگاکانی رووبەڕووبوونەوەی رکابەر...هتد. لێرەوە ئەو نەخۆشییە هەمیشەییەی کە ئەو گروپانەی ئایین لە سیاسەتدا بەکاردێنن، بە دەستییەوە دەناڵێنن، نەخۆشی جیابوونەوەیە بۆ گروپو تاقمی جۆراوجۆر کە یەکتر بە کافر لە قەڵەم دەدەنو ئەوەش رکابەرە راستەقینەکەیان لەبیر دەباتەوەو پشتگوێی دەخەنو بە ململانێی ناوخۆییەوە

خەریك دەبن. کەواتە (ئیسلامی سیاسی) لە دەستەبەرکردنی ئامانجە مێژوویییەکانی کە بوون‌و پاساوی ئەو بوونەی پێ دەبەخشن سەرکەوتوو نابێت ئەگەر خۆی بۆ ئاستی ئەو ئامانجانە بەرز نەکاتەوەو مەسەلەی زەبروزەنگ‌و ستەم‌و ئەوەی کە پەیوەستە پێیانەوە یاخود لێیان دەکەوێتەوە لە مەسەلەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان، بەجۆرێکی سیاسی روون‌و بە وتارێکی سیاسی راشکاو بیخاتەروو، تەنیا ئەگەر نەچووە ناو سیاسەتەوە لە دەرگا رەسمییە هاوچەرخە فراوانەکەوەی، بەڵام پوختەکردنی هەموو ئیسلام لە مەسەلەی (حیجاب)و (بڕینی دەستی دز)و ئەوجۆرە شتانە، ئەوە راکردنە یاخود بێ دەسەڵاتییە لە خستنەڕووی دۆزە سیاسییە راستەقینەکان‌و رووبەڕوو بوونەوەی ئەو ئەرکانەی کە ئاشکرای دەکات‌و بەوپێیەش خزانە بەرەو باری (الذین فرقوا دینهم وکانو شیعا) بەرەو تافەگەرایی‌و شەڕە ناوخۆییەکان. کەواتە بە ئاگابن لە سیاسەت نەوەك ئایین بۆ فاکتەرێکی جیاکەرەوە بگۆڕێت لەبری ئەوەی وەك لەناوەڕۆکیدا رەگەزی کۆکردنەوەو یەکبوونە، بمێنێتەوە.

**پەراوێزی بەشی یەکەم:**

١- قورئانی پیرۆز- صورە النساو-الآیە ٥٩.

٢- هەمان سەرچاوە- صورە الشوری-الآیات ٣٦-٣٩.

٣- هەمان سەرچاوە- صورە ئاڵ عمران-الآیە ١٥٩.

٤- ئەم دەقە نووسراو بلاوکرایەوە لە ساڵی (١٩٨٥)دا.

٥- قورئانی پیرۆز، صورە الانعام-الآیە ١٥٩.

## بەشی دووەم

# پرسی پەیڕەوکردنی شەریعەت

## سەحوە و نوێخوازی

ئەو خەوتووەی شەوێکی تەواو دەخەوێ بۆئەوەی بەیانی هەڵسێتەوە، دەتوانێ وەك هەموو رۆژێك لەگەڵ رەوتی ژیانی خۆی گوزەربکات. بەڵام دانیشتوانی ئەشکەوت، یان ئەوانەی لەم چەشنەن، بۆ گوزەرکردن لەگەڵ رەوتی ژیانیان تەنها سەحوەیان بەس نییە... بەڵکو یەکەم جار پێویستیان بەنوێکردنەوەی هزرو هۆش هەیە بۆئەوەی ژیانی نوێ بەشێوە راستییەکەی ببینن.

لەم ساڵانەی دواییدا، لەگۆڕپانی گوتاری (خیتابی) عەرەبی ئیسلامی هاوچەرخدا دەستەواژەی «سەحوەی ئیسلامی» بڵاوبووەتەوە. ئەگەرچی ئەم دەستەواژەیە بەچەند رووداوێکی دیاریکراو پەیوەستە، لەسەرووی ئەم رووداوانەش (شۆڕشی ئێرانی)و هەروەها سەرهەڵدانی هەندێ لەو رەوتو رێکخستنانە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن (سیستەمی ئیسلامی) لەلایەنە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا پراکتیزە بکرێ.

بۆیەو لەگەڵ ئەوەشدا، بەتێڕوانینی ئێمە وشەی (سەحوە) لەفەرهەنگی ئیسلامیدا بەنامۆ دێتە بەرچاو یاخود بەلایەنی کەمەوە، نە لەگەڵ ئەوەی هەیەو نە لەگەڵ ئەوەی پێویستە ببێ، ناگونجێ. چونکە وەسفکردنی ئەوەی لەئێران روویدا، یاخود ئەو بزاڤ و رەوتانەی لەوڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بانگەشەی پراکتیزەکردنی (سیستەمی ئیسلامی) دەکەن، بەوەی کە (سەحوەی ئیسلامی)یە، ئەوەمان دێنێتەوە بەرچاو کەئیسلام بەرلەمانە نووستبوو، یان شوێنبزربوو. کەچی لەکاتێدا ئیسلام، چ وەك بڕواو چ وەك نموونەی بەرزی ژیان، نەهیچ رۆژێك (نووستوو)و نەلەویژدانی موسوڵمانانو رەفتاری زۆربەیاندا شوێنبزربووە.



ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە، وشەی (سەحوە)، بەبۆچوونی ئێمە، ئەو داخوازیانە دەستەبەر ناکات کە دەبێ موسوڵمانان لەو بارودۆخەدا بیکەن تیایدا ژیانی هاوچەرخ، بە دیاردە و ئاڵۆزییە جاجیاکانییەوە، رووبەڕوویان دەبێتەوەو لەگەڵیان لەململانێدایە... (سەحوە) هەڵچوونو وروژانە نەك کردار، موسوڵمانانیش پێویستیان بەکردارە نەك تەنها بەهەڵچوون، هەتا ئەگەر هەڵچوون گوزارشتیش بێت لەوەی کە لەدەروونیاندا دەکوڵێ. ئێمەش ئەوە بەدوور نازانین کە وشەی (سەحوە) تەنها وەرگێڕانی ئەو وشەیە بێت کە لە زمانە ئەوروپاییەکاندا بەرامبەر ئەم وشەیە هەیە... رۆژنامەکانی رۆژئاواش ئەو بزاڤانەی بەناوی ئیسلام لەوڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی دیکەدا هەنە بەو جۆرە وەسفدەکەن کە وەرگێڕانەکەی لەم زمانانە (سەحوەی ئیسلام)ە.

هەرچۆنێك بێت، بڕوامان وایە وشەی (سەحوە)، چ هەندێ نووسەرانی عەرەب دایان نابێو چ لەزمانێکی ئەوروپاییەوە وەرگێڕدرابێت، هیچ شتێك لە فەرهەنگی ئیسلامی ناگۆڕێت. ئێمەش کە دەڵێین (فەرهەنگی ئیسلامی) مەبەستمان ئەو چەمکانەیە کە کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی پڕیەتی لێیان و بەباشترین شێوەش ئەوە جێبەجێ دەکات کە وشەی (سەحوە) داوای لێدەکات جێبەجێی بکات، لەسەرووی چەمکە ئیسلامییە بنەڕەتییەکانیش چەمکی (نوێخوازی)یە.

ئێمە کاتێ لێرەدا هەڵسەنگاندنێك لەنێوان هەردوو وشەی (سەحوە) و (نوێخوازی)دا دەکەینو بەکارهێنانی دووەمیمان لەیەکەم پێباشترە، ئەوەش لەبەر ئەوەمان نییە کەتەنها ئەو وشەیان لەکەلەپوورو هزرماندا رەسەنەو ئەوی دیکەیان لەزمانێکی دیکەوە وەگێراوەو سەر بەکەلەپوورێکی دیکەیە، بەڵکو لەبەرئەوەمانە چونکە ئەو رەهەندەی هەردوو وشەی بۆ دەگەڕێتەوە یەك نین: سەحوە بۆ رەهەندێکی رووکەشو هەلومەرجی کاتی دەگەڕێتەوە. بەزۆریش ئەوانەی دەوستەواژەی (سەحوەی ئیسلامییان بەکارهێناوە خەڵکی بیانینو مەبەستیان لەم

دەستەواژەیە وەسفکردنی دیاردەیەکی هەلومەرجی کاتی بووە. ئەگەر هاتوو ئەم دیاردەیەش بەهەلومەرجییەتی خۆی وەرگیرا ئەوا وەك کەفێك لەسەر رووی مێژووەوە دێتو دەچێت نەك لەناخییەوە. کەچی (نوێخوازی) بە پێچەوانەی ئەوەیە بۆ کارێك دەگەڕێتەوە کە زۆر قووڵەو بەهەموو قورساییەکەیەوە بەرەو ئایندە شۆڕدەبێتەوە، بۆیە دەکەوێتە ناخی مێژووو بەبەردەوامی رێگای خۆی دەگرێو ئەم بەردەوامییەش ئاراستەدەکاتو بەهیوای ئەوەشە کۆنترۆڵی ئەم بەردەوامییە بکات.

بەڕاستیش ئەوەی ئەمڕۆ موسڵمانان پێویستیان پێیەتی (نوێخوازی)یە نەك تەنها (سەحوە).

ئەو بەرەنگاربوونەوانەی رووبەڕووی جیهانی عەرەبیو ئیسلامی دەبنەوە نەك تەنها پێویستیان بەکاردانەوە هەیە، بەڵکو پێویستیان بەکردار هەیە. کرداریش لەسەردەمی ئێستادا سەرەتاو بنەتاکەی کرداری ئاوەزە (عەقلە)، کەچی کرداری زوبان دوانبێژیو پەندیاریو رێنوێنی....)و کرداری دەستو ماسولکەکان (شێوەو هێزی هەرچۆنێك بێت) لەرۆژی ئەمڕۆدا بەکەڵك نایەن، چونکە ئەمڕۆ سەردەمێکە هەموو شتێك تیایدا بەکرداری هۆشمەندایەتی پەیوەستە: بەتۆکمەکردنو رێکخستنو حیسابکردنی هەنگاوەکانو گەمارۆدانی مەزەندەکانو تەسککردنەوەی بازنەی رێککەوتو کتوپڕییەکان تاکو ئەوپەڕی رادەی... لەبەرامبەر ئەم واقیعە نوێیەشدا (سەحوە)  هەر بەتەنها شتێکی بێ کەڵکە، هەتا ئەگەر (سەحوەیەکی هزری)یش بێت... کەچی (نوێخوازی)، هەرخۆی بەتەنهاش، بە کەڵکە.

(نوێخوازی)ش سەبارەت بەدیدوبۆچوونی ئیسلامی بەشێکە لەخودی ژیان، **ئەوەش بە بەڵگەی فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرمان (د.خ.): ((إن الله يبعث لهذه الأمة، على رأس كل مائة سنة، من يجدد لها دينها) أو (أمر دينها))، واتە پێغەمبەرمان دەفەرموێ: خودای گەورە، سەری هەر سەدساڵێك، نێردراوێك بۆئەم میللەتە**



دەنێرێ بۆئەوەی ئایینیان نوێ بکاتەوە. مادامەکیش ئیسلام ئایینو دنیا لێکدی جیاناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە چاکردنی کاروباری ئایین بەچاکردنی کاروباری دنیاوە دەبەستێتەوە، بۆیە نوێکردنەوەی کاروباری ئایین واتە نوێکردنەوەی کاروباری دنیا. هەروەها مادامەکیش کاروباری دنیا لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێ، بۆیە چەمکی نوێگەریو پێداویستەکانی هەردەبێ بەگوێرەی بارودۆخو گەرداوەکان بگۆڕێ.

ئا بەم جۆرە ئەگەرچی هەندێ لە فەقیهە کۆنەکان (نوێخوازی)یان بەوە لێکداوەتەوە کە بریتیە (لابردنی بیدعە -کسر البدعة)و گێڕانەوەی موسڵمانان بەرەو سەربردەو ژیاننامەی پیاوچاکەکانی پێشینان. ئێمە نابێ وەك لاساییکردنەوەیەك بۆئەوان لە سنووری ئەم واتایە بوەستینو خۆمان بەو پێناسەیە ببەستینەوە کە بۆ بیدعە بەکاریانهێناوەو لەبارودۆخی سەردەمی خۆیانو هەلومەرجەکانی واقیعەکەیان وەریانگرتووە.

کەچی بیدعە (البدعة) لەزاراوەی ئیسلامدا، هەموو کاتێك، نەئەوەندە نەفرەت لێکراوبووەو نەبەرەهایی قەدەغە (حەرام)کراوە، بەڵکو پێشینان خۆیان بیدعەکانیان لێکدی جیاکردۆتەوە، واتە باشەکانیان (ئەوانەی سوودیان بۆ خەڵك هەیە یان دەبنە هۆی چاککردنی رەفتار) لەنەفرەت لێکراوەکان (ئەوانەی زیان بەخەڵك دەگەیەننو وایان لێدەکەن لەرەفتاری راستو دروست لابدەن) جیاکردۆتەوە.

کەچی چەندین فەقێی (فقيهى) سەردەمی چەقینو بەستەڵەكو سەرەوژێربوون لافو گەزافێکی زۆریان لەسەر ئەو پێشهاتانەوە لێداوە کە ئیسلام لە جێبەجێکردنی چەمکی بیدعە (بدعە)دا بەهیچ شێوەیەك رێگای پێنەداوە واتای نەفرین (الـژم) بگەیەنێ، بەهیچ شێوەیەکیش ئەو پێشهاتانە لەو بیدعانە (البدع) نەبوونە کە ئەو واتایە بگەیەنێ، بەڵکو زۆریان لەنوێگەرییە پێویستەکان بوونە.

هەندێ لە فەقیهەکانی سەردەمی چەقین و بەستەڵەك و سەرەوژێربوون، دروستکردنی قوتابخانەکانیان بە بیدعە (بدعە) دانا، ئەوەش بەبیانووی ئەوەی کە زانست لەسەردەمی پیاوچاکانی پێشینان لەمزگەوتەکان وەردەگیرا. هەروەها هەندێکیان دروستکردنی جۆگەو ئاوبارەکانیان بە بیدعەی گومڕا (البدع الضالة) دانا، ئەوەش بە بیانووی ئەوەی کە گوایە یاوەرانی پێغەمبەر نەیانزانیوە ئەم ئاوبارانە دروستبکەن... هتد.

ڕەتدانەوەی (الامام الشاطبی) فەقێی موجتەهیدی (ئەندەلوس)م زۆر پێخۆشە کە لەساڵی (٧٩٠ك) کۆچی دوایی کردووە. ڕەتدانەوەکەیم لەبەر ئەوە پێخۆشە چونکە ڕەتدانەوەیەکی ئیسلامیو هۆشمەندایەتیو مێژوویی بووە. (الامام الشاطبی) بانگی ئەوانەی کردووە لەو گۆشەنیگایەوە سەیری (نوێخوازی) نەکەنو بڵێن ئەم چەمکە لەسەردەمی یاوەرانی پێغەمبەر نەبووە یان ئەوانە باسیان نەکردووە، بەڵکو لەو گۆشەنیگایەوە سەیری بکەن کە تاچەند بەرژەوەندی تێدایە.

(الامام الشاطبی) سەبارەت بەو فەقێیانە دەفەرموێ:

(إن عَدّوا كل مُحدثِ العادات بدعة فليعدّوا جميع مالم يكن فيهم -أيّ الصحابة- من المأكول والمشارب والملابس والكلام والمسائل النازلة التي لا عهد بها في الزمان الأول - زمان الصحابة- بدعة. وهذا تشنيع. فإن من الفوائد ما تختلف بحسب الازمان والامكنة والامم، فيكون كل من خالف العربالذين ادركوا الصحابة اعتادوا مثل عوائدهم غير مُتّبِعين لهم، وهذا من المستنكرات جداً). لێرەدا (الشاطبی) سوورە لەسەر جیاکردنەوەی نێوان بیدعەکانی پەیوەست بەپەرستنەکانو کاروبارەکانی تایبەت بەپەرستنو، هەروەها بیدعەکانی پەیوەست بەو کاروبارانەی کەژیانی کۆمەڵایەتیو بەرەو پێشبردنی پێویستیان پێیەتی. هەرشتێکیش نەبێتە هۆی وازهێنان لەپەرستنێك لەو پەرستنانەی ئیسلام بڕیاری لەسەرداوە، یان نەبێتە



هۆی سەرلەنوێ هێنانەوەی پەرستنێك کە ئیسلام بڕیاری لەسەرنەداوە، ئەوە بەبیدعە (بدعة)- بەو واتایەی کە نەفرینی لێکراوە- دانانردێ.

لێرەدا بەرتەنگی پێناسەی کۆنی (نوێخوازی)یمان بۆ ڕووندەبێتەوە. ئەگەرهاتوو، هەروەك چەند فەقێیەك دەڵێن، کردمانە (لابردنی بیدعە - كسر البدعة)، ئەوا بازنەکەیمان تا پلەیەك بەرتەنگ کردەوە کە تەنها تایبەت بێ بە وەستان دژی ئەو لادانانەی لەپەرستنەکاندا دەکرێن، ئەوەش یان بەزیادکردنی یانیش بەوازهێنان. ئەو کارەش ئەگەر لەسەردەمەکانی پێشووتر بەس بووبێت ئەوا ئەمڕۆ نە بەسەو نە ئەوەش کە لە (نوێخوازی)یمان مەبەستە دەستمان دەکەوێت.

بەڵێ لەوانەیە ئەمە ناوی لێبندرێ (سەحوە)، لەم حالەتەشدا واتای ئەو دەستەواژەی کە ئەمڕۆ بڵاوە، دەستەواژەی (سەحوەی ئیسلامی) بۆ ئەو ڕووتێکردنە دەگەڕێتەوە کەلەبەرەو بەجێگەیاندنی دابونەریتی ئایینی و پابەندبوون بەهەندێ لەدیاردە ئاکارییەکانی ئایینی دەبیندرێ. کەچی کاروبارەکانی دنیا، واتە جیا لەوانەی باسمانکردن، بەردەوام چاوەڕوانی (نوێخوازی)نە... کە زۆربەی ئێمەش چاوەڕێی نوێخوازییە.

ڕاستە یەکێك لەو دیاردانەی ئەمڕۆ ناوی بە (سەحوەی ئیسلامی) دەبەن ئەوەیە کە داوای پیادەکردنی (سیستەمی ئیسلامی) لەهەموو لایەنەکانی ژیان دەکەن، کە ئەوەش پێشترو ئێستاو لەمەودواش وەك داواکارییەك دەمێنێتەوەو هەر موسڵمانێکیش بانگەشەی بۆدەکات. ئەوەش لەبەرئەوەی چونکە (سیستەمێکی ئیسلامی) ئامادەکراوی دەستنیشانکراوی زانراو نییە کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە: جگە لەوەی بە پەرستنەکانو بارەکانی کەسێتیو هەندێ لەو سەوداگەرییانە پەیوەستە دەقەکان کۆنترۆڵ دەکەن. بۆنموونە لەبواری ئابووریو سیاسەتدا تەنها چەند بنەمایەکی گشتی هەیە کە بەشێوەیەك لەشێوەکان

لەوبوارانەدا ئاکاری ئیسلام بڕیاردەدا، دواتریش (سیستەمی ئیسلامی) لەو بوارانەدا بە ئیجتیهادەوە بەندە. کەواتە رابوونی راستەقینەی خوازیار، بەڵکو نوێخوازی راستەقینەی خوازیار، بریتییە لەدۆزینەوەی چەند چارەسەرییەکی کردەنی بۆئەو کێشانە کەسەردەمی ئەمڕۆمان دەیخاتە بەردەمماننو لەرابردومان نەدەزاندران، ئەو چارەسەرییانەی پڕن بەئاکاری ئیسلامی. بەڵێ، بەڵام دەبێ توانای ئەوەشی هەبێ بەرەو راستەڕێی پێشکەوتن پاڵمان پێوەبنێ، راستەڕێی رۆیشتن لەگەڵ سەردەمو هاویەشیکردن لەدەوڵەمەندکردنی دەستکەوتەکانی.

کاتێکیش کە لەو گۆشەنیگایەوە سەیری پرسەکە دەکەین، ئەوا ئێمە دەبینین کەوا کارەکە وا ئاسان نییەو پێویستی نەك تەنها بە (سەحوە)، یان تەنها بە (بیدعەی چاك) هەیە، بەڵکو پێویستی بەنوێکردنەوەیەکی ریشەیی، نوێکردنەوەیەکی کەلەناخەوە هەڵقوڵابێ، هەیە. ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو شارستانییەتە هاوچەرخەی تیایدا دەژین، بمانەوێو نەمانەوێ، لەرەگەزی ئەو شارستانییەتە نییە کەپێشینانمان زانیویانەو، لەهەمان کاتیشدا درێژبوونەوەیەکی راستەوخۆی ئەم شارسانییەتە نییە، هەروەها لەدەستکردی ئێمەشدا نییە، بەڵکو دەستکردی خەڵکی دیکەیەو، ئێمە تیایدا لەلایەنە جیاجیاکانی وەك زانستو تەکنیكو ئابووریو دابونەریتەکانو هزرو ئایدیۆلۆژیا، پاشکۆی ئەم شارستانییەتەین. دواتریش ئەو رووبەڕووبوونەوانەی بەرەنگارمان دەبنەوە لەو چەشنە نینە کە ناوی (بیدعة)یان لێبنێین تاکو نوێخوازی بە (لابردنی بیدعە)ەوە ببەستینەوە، هەروەها لەو چەشنەش نییە کە (سەحوە)یان بەس بێ تاکو بگەینە ئەو بڕوایە کە بەتەواوی رێگامان بڕیوە، بەڵکو بریتییە لەچەند رووبەڕووبوونەوەییێکی شارستانی بەتەواوی نوێ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان پێویستیان بەهزری بەتەواوی نوێو شێوازی بەتەواوی نوێ هەیە... ئەمەش لە (سەحوە) پایەی بەرزتر و رەگی قوڵترە.



کەچی کارەکە تاڕادەیەك ئاسانتردەبێ ئەگەر هاتوو تەنها رووبەڕووی ئەو بۆشاییە بووینەوە کەبووەتە هۆی چەشتنی دەردەسەری چەقینو سەرەوژێربوون بەرلە هەڵسانەوەی نوێمان، بەڵکو بۆشاییەکە هەموو رۆژێ لەنێوان ئێمەو ئەو زانستو تەکنۆلۆژیایەی شارستانییەتی هاوچەرخ، هەتا لەسەردەمی ئەو راپەڕینەشمان، بەماوەیەکی زۆر فراوان زیاتر دەبێ. کەواتە کارەکە تەنها (سەحوە) نییە. ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو نوستووەی شەوێکی تەواو دەنوێ بۆ ئەوەی بەیانی لەخەو هەڵسێتەوە، دەتوانێ رەوتی ژیانی خۆی وەك هەموو رۆژێك گوزەر پێبکات... بەڵام دانیشتوانی ئەشکەوت یان ئەوانەی لەم چەشنەن بۆ گوزەرکردن لەگەڵ رەوتی ژیانیان، تەنها (سەحوە)یان بەس نییە، بەڵکو یەکەمجارو بەرلەهەموو شتێك پێویستیان بەنوێکردنەوەی هزرو هۆشیان هەیە بۆئەوەی ژیانی نوێ بەشێوە راستیەکەی ببینن.

ئێمەش ئەگەرچی تاقیکردنەوەی (یاوەرانی ئەشکەوت)مان نەچەشتووە، کە حەوت کەس بوونو هەشتەمییان سەگەکەیان بوو، هەروەك چۆن گەلە سەرەتاییەکان لەدەستیان چەشتووە. ئێمە پێشترو ئێستاش لەدەست ئەشکەوتی ئەفلاتون دەناڵێنین، ئەو ئەشکەوتەی ئەوانەی تێیدا فڕێدران ناچاربوون روویان بۆلای دیوارەکان وەربگێڕن تاکو تیشکی رۆژ نەبینن، بەڵکو تاکو تەنها ئەو سێبەرانە ببینن کە لەسەر دیوارەکان دەهاتنە بەرچاو و تیشکی رۆژ دروستی دەکردن.

## ٢- رابردووخوازی (السلفية)... یان تاقیکردنەوەی مێژوویی نەتەوە

تاقیکردنەوەی مێژوویی نەتەوەی عەرەب، تاقیکردنەوەی ئێستای لەگەڵ شارستانییەتی هاوچەرخ، ئەوەی بەس نییە کە تەنها دڵمان بۆنموونە چاکەکانی

رابردوومان خورپەی بێت. چونکە لەرۆژێکدا کە مێژوو هی ئێمە بوو و جیهان تێکرا دەکەوتە ناو ماڵی ئێمە، ئەم نموونەیە بەس بوو...

لەیادمە کاتێ کە لەچلەکانو سەرەتای پەنجاکاندا منداڵو لاو بووین، ئەوکاتی روخساری سەرەکی پێکهاتەی شێوەی رابردووخوازی لە بیر وهۆشماندا بریتی بوو لە دوژمنداری لەگەڵ داگیرکار، جەنگان دژی جادوگەری و نەهێشتنی سەردانی گۆڕی چاك و پیران، هەروەها پووچەڵکردنەوەی چەندین ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەی (میللییانەی) دەکەونە ناو چوارچێوەی ئەوانەی کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن «فۆلکلۆر»، ئەمەو بێجگە لە خواترسی و بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی دابونەریتی ئاییینی... هتد.

بەکورتی، «رابردووخوازی» لەو ناوەندە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە دابوو کە تێیدا دەژیاین، ئەو کاتەی لەچلەکانو سەرەتای پەنجاکاندا چاومان لەژیاندا وەك مرۆڤێکی تازەو بەرهەڵستکارێکی بارودۆخی ئەوکات، کردەوە. ئەوەش چ لەو لایەنەی کە لە حوکمی بیانی خۆی نیشاندەدا، یانیش لەو لایەنەی کەلەواقیعی نیشتمانی دواکەوتووی کەلەپووری بەر لەماوەی داگیرکاری خۆی نیشاندەدا.

ئەوکات هیچ نازناوێك، لەچاوی ئەوکەسەی هەڵیگرتبوو، لەنازناوی «رابردووخوازی» پیرۆزتر نەبوو، بەڵکو لەلایەن ئەو کەسە و لەلایەن گەلەوە لەنازناوی «نیشتمانپەروەری» بەرزتربوو. چونکە نیشتمانپەروەرێتی بەشێك بوو لەبنەماو هێزی رابردووخوازی، لە کاتێکدا رابردووخوازی بەلایەنی کەمەوە وەك رەفتارێکی ئایینیو کۆمەڵایەتی هەبوو، بنەمایەکی نیشتیماپەروەرێتی نەبوو. بەگوزارشتێکی دیکە، رابردووخوازی بەزیادەوە نیشتمانپەروەریی بوو... ئێمە کاتێك بچووك بووین، وەك نیشتمانپەروەرێکی دنیاو دوارۆژ سەیری سەلەفییەتمان دەکرد، کە بەڕاستیش دڵسۆزی هەردوو لایان (دنیا و دوارۆژ)بوو و خۆی لەپێناو



هەردووکیانا بەخت دەکرد.... بەڕاستیش ئەمە لە «مەغریب» وابوو، لە مەغریبی چلەکان کە منداڵ بووینو لەوێدا دەژیاین، هەروەها لە مەغریب سییەکان و بیستەکانیش هەروابوو... بێگومان لەو ماوەیە یان پێش ئەو ماوەیە لە وڵاتەعەرەبییەکانی دیکەش کار هەر وابووە. کەچی رەوشەکەی مەغریب، لەگەڵ ئەمەشدا، لە خاڵێکی بنەڕەتیدا جیاوازی لەگەڵ رۆژهەڵاتدا هەیە: سەلەفییەت لە مەغریب بەرەو ئەوەچوو کە لەگەڵ بزاڤی نیشتمانی تێکەڵاو ببێ و ئامانجە نوێخوازییەکانی لەخۆوە بگرێو کۆتاییەکەشی بەوەهات کەلەناویدا توایەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە داگیرکاران رێبازپەرستیان هێنایەگۆڕێ و ئەوکەسانەشیان دژی نیشتمانپەروەرێتی و سەلەفییەت هاندا کە لەدەوری ئەو رێبازپەرستییە کۆببوونەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە نیشتمانپەروەرێتی خەباتگێڕ بەتەواوی لەهەناوی سەلەفییەت دەرچوو، هەروەك سەلەفییەت بەجەستەی کۆمەڵ بڵاوبووەوەو بەسەر رێبازپەرستیدا زاڵبوو، کەلەڕووی ئایینیەوە ناحەزی بوو، ئەوەش بەتێکەڵبوونی لەگەڵ بزاڤی نیشتمانپەروەریو بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات دژی داگیرکارو داردەستو ئەڵقە لەگوێکانی. بێگومان سەلەفییەت لە رۆژهەڵات، لەماوەی گەشەکردنیدا، بەئاراستەیەکی ئەوتۆدا رۆیشت کە تارادەیەك جیاوازی لەگەڵ مەغریبدا هەبوو، ئەوەش لەبەرچەند بارودۆخێك کە مەغریب پێشترو ئێستاش لێیان رزگاربووەو ئێستا بواری ئەوەمان نییە باسیان بکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەلەفییەت بەمەزەندەو بڕوای سەلەفییەکانو هەروەها بەمەزەندەی چینێکی فراوانی جەماوەری عەرەبی موسڵمان بریتییە لە: راستیو دروستی لەڕەوشتدا، نوێخوازی لە ئاییندا، کارکردن لەپێناو ئایندەدا، ئەمەش لەرێگای بانگەشەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ (سەربردەو ژیاننامەی پیاوچاکانی پێشان). سەلەفیەتیش بەو مانایەی سەدەی بیستەم یان نۆزدەهەم لەدایك نەبوو، بەڵکو

هەموو ئەو بزاڤە چاکخوازییە ئیسلامیانەی کە خاوەنەکانیان سەر بەڕێبازی سوننەن، بەگوێرەی ئەم واتایە سەلەفین.

لەڕاستیشدا تێکڕای ئەو بزاڤانە وێنەی ئایندە لەسەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی ئیسلامییەوە وەك سروش وەردەگرن، کەئەو سەردەمەش بەگشتی، سەردەمی «سەلەفیی چاکە» «السلف الصالح» کە هەندێ کەس دەیبەنەوە بۆ سەردەمی یاوەرو لایەنگیرانی پێغەمبەر، بەتایبەتی سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین، کەچی هەندێکی دیکە وای لێدەکەن کەهەموو ئەو پاشاو فەرماندارانە بگرێتەوە کەشوێنی خەلیفەکانی راشیدینیان هەڵگرتووەو لەسەر رێوشوێنی ئەوان رۆیشتوون، وەك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، یان ئەو فەقیە و زانا ئایینیانەی لەسەر رێڕەوی یاوەرانی پێغەمبەر رۆیشتوون، بەبێ ئەوەی خۆ بەچاخو سەردەمێك ببەستنەوە. ئەو بەپەرۆشییە بۆ (سەربردەی سەلەفییەتی چاك) بریتییە لەو واتایەی کە هەرکەسێك دەیداتە سەلەفی و دەیکاتە دروشمێك بۆ رەفتار یان هزر یان کاری چاکسازی.

بەئەنقەست ئەو رووە گەش‌و واقیعییەمان بەدەرخست تاکو بە هۆیەوە سەلەفییەت و مێژووی ئیسلامی بناسرێ، نەك لە پێناو بانگەشەکردن بۆ سەلەفییەتێکی دیکەی کۆن یان نوێ، بەڵکو لەپێناو دەرخستنی ناوەڕۆکی مێژوویی‌و ئایینی دروشمێکی ئەوتۆ کە ئەمڕۆ واسەیر دەکرێ هاوشانی رابردوو و کۆنەپەرستییە، هەروەها لەپێناو دوورەپەرێزی لە نوێخوازی‌و پەیڕەوکردنی شێوازەکانی (هزرو ئامرازەکانی) سەردەم.

کەچی باسکردنی سەلەفییەت، ئەگەر تەنها هەر ئەوەندەبێ کە دیارمانکردو رووەکانی دیکەمان پشتگوێخست، ئەوا ئەو باسکردنە ناتەواوو نا مێژوویی دەبێ. مەبەستیشمان لێرەدا لە (رووەکانی دیکە) هەر لایەنێك لەلایەنە سلبییەکان نییە،



هەروەها مەبەستیشمان هەر لایەنێك لەو لایەنە ناتەواوانە نییە کە لەوانەیە سەلەفییەت دەردەسەری لەدەستکێشابێ یان - چ کۆن‌و چ نوێ- چەسپاندبێتی، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە سەلەفییەت -چ وەك بزاڤێکی چاکخوازی هزریی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، یان وەك رەهەندێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی باوەڕو رەفتاری ئایینی -نەدەکەوتە دەرەوەی مێژووی عەرەبی ئیسلامی، بەڵکو یەکێك لەدیاردەکانی ئەزموونی مێژوویی‌و دیاردە چاکسازییەکانی نەتەوەبوو، هەروەها بەڵکو تیایدا یەکێك لەدیاردەکانی چاکسازی بوو.

لەواقیعیشدا ئەگەر سەیری هەموو ئەو بزاڤە سەلەفییانە بکەین کە مێژووی ئیسلامی لەچوارچێوەی ئەو شارستانییەتەدا ناسیوینی، کە بەشارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی دیاریدەکرێ، ئەو شارستانییەتەی لەسەردەمی خۆیدا شارستانییەتی جیهان بووە، دەبینین ئەو بزاڤانە هەموویان وەك گوزارشتێکن لەپرۆسەی خۆگێڕانەوەی هاوسەنگی ئەو رێڕەوەی مێژووی عەرەبی کە هەر لەسەرهەڵدانی ئیسلامەوە گرتوویەتیەبەر.

بەواتایەکی دیکە، سەلەفییەت هەمیشە بەشێك بووە لەو ئەزموونە مێژووییەی ئیسلامی سوننی، کە بەهۆیەوە ئەو ئەزموونە بوون‌و بەردەوامیی دەپارێزێ کاتێ کە پێشکەوتنی ناوەوەی ئەو ئەزموونە هەڕەشە لە لەناوچوونی دەکات.

کەواتە سەلەفییەت جۆرێکە لە خۆڕاگری بەرامبەر ئەو نەخۆشییە ناوخۆییانەی لەخۆیانەوە دروست دەبن. هەروەها سەلەفییەت، کاتێ کە شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی شارستانییەتی جیهانی سەردەمی خۆی بوو، بۆ ئەو بەس بووەو لەهەمانکاتیشدا سەرکەوتوو بووە. واتە مەبەستم ئەوەیە کە ئەم شارستانییەتە نەبەلاوەنراوەو نەشارستانییەتێکی دیکەی هاوچەرخی ئەو، لەڕووی کاتەوە، هەڕەشەی لێکردووە.

ئەوەی دیاریشە ئەوەیە ئەو شارستاییەتە هاوچەرخەی ئەمڕۆ تێیدا دەژینو بەهۆی هزرو تەکنیكو کەرەستەو چەکەوە، وەك شارستانییەتێك بۆ تێکڕای سەردەمی ئەمڕۆمان خۆی بەسەر ئێمەو خەڵکانی دیکەوە سەپاندووە، بەتەواوی شارستانییەتێکی دیکەی نوێیەو دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئەو شارستانییەتە عەرەبییە ئیسلامییەی کە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، لەهەمانکاتیشدا بەربەرکانێی دەکاتو لەدەرەوەو ناوەوەی هەڕەشەی لێدەکات... دواتریش، ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی عەرەبی ئیسلامی، ئەو ئەزموونەی ئێستا لەگەڵ شارستانییەتی هاوچەرخ، هەر بەتەنها خۆی بەس نییە کە سروشتی نموونەی (سەلەفییەتی چاکی) تێدا ئەنجامبدرێ. چونکە ئەم نموونەیە بۆ ئێمە بەس بوو کاتێ کە مێژوو مێژووی خۆمان بوو، ئەو رۆژەی تێکڕای جیهان دەکەوتە ناو ماڵی ئێمە.. کەچی ئەمڕۆ دەبێ دڵمان بەوە رایی بێ -ئەگەر هەندێکمان پێویستی بە دڵڕاییبوون هەبێ- کە ئێمە بەلایەنی کەمەوە لەئایندەیەکی نزیکدا بەتەنها نین... کەواتە ئەو نموونەیەی پێویستە وەك سروشتێك لەپێناو گێڕانەوەی خۆبنیاتنانەوەی ئێمەو پاراستنو پتەوکردنی دژی تواندنەوەو لەناوچوونو دەستبەسەرداگرتن وەربگیرێ، نابێ لەو جۆرە (نموونەی -سەلەفییە) بێ کە خۆی بەتەنها وەك جیهانێك پێشکەش بکاتو هەرخۆی پێ بەس بێ، بەڵکو پێویستە هەموو ئەزموونە مێژووییەکەی نەتەوەکەمان بگرێتەوەو لەهەمانکاتیشدا سوود لەئەزموونی مێژوویی ئەو نەتەوانە وەربگرێ کە وەك ئێمە لەپێناو بوونو پارێزگاریکردن لەبوونیان خەباتدەکەن. هەروەهاش سوود لەئەزموونی مێژوویی ئەو نەتەوانە وەربگرین کە ئەمڕۆ شارستانییەتەکەی خۆیان وەك شاستانییەتێکی جیهانی سەپاندووە.

کاتێ کە هەموومان بەتەنها لەماڵێکدا بووینو ئەویش ماڵی خۆمانبوو، سەلەفییەتی کاریگەرو کارڕاییکردنی بەس بوو. بەڵام کەبووینە بەشێك لەهەموو، ئەوا تاکە رێگا بۆ سەلماندنی بوونمانو پارێزگاریکردن لەتایبەتمەندییەکانی خۆمان



لەناو ئەو هەمووەدا بریتییە لەچۆنیەتی سەوداکردن لەگەڵ ئەو هەمووە بەو ژیربێژییەی (لۆژیکەی) خۆی کە کاری تێدەکات، واتە بە لۆژیکی ئەو، بەڵام لەشوێنەکانی خۆمان نەك لەشوێنەکانی کەسانی دیکە. ئەو لۆژیکی هەمووەش، کە ئەمڕۆ ئێمەش دەگرێتەوە (مەبەستم لێی لۆژیکی شارستانییەتی هاوچەرخە) لەدوو بنەما پوخت دەکرێتەوە: هۆشمەندایەتیو دیدی رەخنەکاری. هۆشمەندایەتی لەئابووریو سیاسەتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دیدی رەخنەکاریش بەرامبەر هەموو شتێك لەژیان، بەرامبەر سروشت و مێژوو و کۆمەڵو هزرو رۆشنبیریو ئایدیۆلۆژیا. ئەمەو کەچی لۆژیکی (سەربردەی سەلەفییەتی چاك) کە لەئەزموونی مێژوویی ئوممەتیئیسلامدا خۆی لە (شارە چاکەکە)دا دەنوێنێ، شتێکی دیکەبوو: لۆژیکێك بوو لە سەر ئەم بنەمایەی خوارەوە وەستابوو: دنیا تەنها پردێکە بەرەو رۆژی دوایی (الآخرة).

ئەم لۆژیکەش، کاتێ کە سەردەمەکە تەنها سەردەمی بڕوابوون بوو، نەك سەردەمی زانستو تەکنیكو ئایدیۆلۆژیا، کارو پیشەی خۆی رادەپەڕاند.

بەڵێ ئەم لۆژیکی باوەڕبوونە لەهەموو ساتو کاتێکداو بۆ هەموو خەڵك بەگشتیو موسڵمانان بەتایبەتی دەستدەداتو بەکەڵك دێت، چونکە ئەم لۆژیکە لەکەلەپووری ئەوانە، بەڵام وەك رەوشتێكو شەپۆلێکی مرۆیی لە پەیوەندی مرۆڤەوە لەگەڵ خودای خۆیو لەگەڵ رۆژی دواییدا، تەنها بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا دەستدەدات. بۆیە (سەربردە- ژیاننامە) لێرەدا پێویستە وەك سەربردەیەکی رەوشتیو سەرچاوەیەکی چاکەکاریو خوداپەرستیو.....هتد، بمێنێتەوە. بەڵام بێجگە لەوەش، پێویستە لۆژیکێکی دیکەی لەهەمان ژیاندا بۆ بدۆزینەوە، واتە مەبەستم ئەوەیە لۆژیکێکی دیکەی لەیاسای پەرەسەندنیو ئاراستەی رەوتیو هاوسەنگی هێزەکاندا بۆ بدۆزینەوە.

بەڵێ ئیسلام تەنها «سەربردەیەکی رابردوو» نییە و کاتی بەسەرچووبێ... بەڵکو، هەروەك هەموو موسڵمانێك بڕوای وایە، بۆ هەموو ساتو کاتێکدا دەستدەدات. بەڵام سەلماندنی ئەم قسەیە شتێکەو کردنی بەواقیعیش شتێکی دیکەیە... کەچی هەموو خاوەن ئایینەکان، چ کۆنو چ نوێ،بڕوایان وایە ئایینەکانیان بۆ هەموو ساتو کاتێك بەکەڵکە، بۆیە بڕوای پتەویان پێی هەیەو وایدادەنێن کە راستییەکی باڵای کەم وێنەیە، هەتا ئەگەر ئەو خاوەن ئایینانەش بوودی یان جوولەکە یان نەسرانیو.... هی دیکەش بن. ئەگەر بهاتبوایە ئەوانە لەو بڕوایەدا بوونایە کە ئایینەکانیان بەکاتو ساتێکی تایبەتییەوە بەندەو کاتییە، ئەوابێگومان بڕوای ئایینییان بەهێز نەدەبوو و لەڕیزی ئەوانیش نەدەژمێردران، چونکە پەیڕەوکردنی هەر ئایینێك، یەکەم جارو بەرلەهەموو شتێك لەو پێودانگەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەوکەسە یان ئەو خەڵکانە باوەڕی رەهایان بەوە هەیە کە ئەو ئایینە بۆ هەموو کاتو ساتێك دەستدەدات.

کەواتە پرسەکە لەوەدانییە کە ئایا ئیسلام بۆ هەمووکاتو ساتێك بەکەلکە یان نا، چونکە هەر موسڵمانێك ئەوە بڕوایەتیو ئەو موسڵمانەش بەموسڵمان دانانـدرێ ئەگەرهاتوو چرکەیەك گومانی لەو بڕوا ئایینییە سەلمێنراوەدا هەبوو. بەڵام پرسی بەردەستو ئەوەی پێویستە کەهەموودەم بخرێتەگۆڕێ بریتییە لەو پرسەی کە ئایا موسلمانی ئەمڕۆ بۆ ئێستای خۆیان (ئەو ساتەیئەمڕۆیان) دەستدەدەن. واتە توانایان لەسەر ئەوە هەیە کەلەگەڵ سەردەمی خۆیان بگونجێن، بۆئەوەی «سەربردەیەکی» کۆن تەواوبکاتو بیکاتە واقیعێکی زیندووی بەکەڵك بۆئەوەی نەوەی ئایندە لە بنیاتنانی «سەربردەی تایبەتی خۆی» سوودی لێوەربگرێ.

ئەزموونی مێژوویی ئوممەتی ئیسلامیش پێویستە لەرۆژی ئەمرۆدا زیندووبکرێتەوە -ئەمەش بەبنیاتنانی بەشێکی نوێی کە بتوانێ بچێتە ناو سەردەمی ئەمڕۆ، ئەو



سەردەمەی کەلەهەموو رۆژو کاتژمێرێکدا، هەموو شتێك تیایدا سوورە لەسەر ئەوەی کە سەردەمی (بەرەچە — خَلَف)ە نەك سەردەمی (رابردوو- سَلَف).

**٣- توندڕەویی ..... بەلای راستو چەپدا:**

توندڕەویی لەناو رەوتی سەلەفییەتی هزری عەرەبی هاوچەرخ هەندێ پاساوی بوونی هەیە، کەلەوانەش نەبوونی دیموکراسییەتی سیاسیو کۆمەڵایەتییە، بەڵام یەکێك لە پاساوەکانی بوونی ئەم رەوتەش ئەوەیە ئەم ئاراستەیە (بۆچوونە) تا ئێستا نەیتوانیوە وەك پێویست هزری ئیسلامی نوێ بکاتەوە.

کاتێ کە ناوی (ئیسلام) یان (ئیسلامییەکان) لەوتاری سیاسیو رۆژنامەنووسی هاوچەرخ دەهێندرێ، بەزۆری بیر بۆ ئەو کۆمەڵە توندڕەوانە دەچێ کە دروشمی (ئیسلام)یان هەڵگرتووەو بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆیان لە سێبەریدا شاردۆتەوە. ئەوەش یەکێکە لەو هەڵە باوانەی کە قسەی زۆر رادەکێشێ. چونکە رەوتی ئیسلامی، یان ئەوەی هەندێ جار گوزارشتی (ئیسلامی سیاسی) بۆ بەکاردەهێندرێ، کەرتێکی فراوانی رای گشتی عەرەبی هاوچەرخ بەخۆیەوە دەگرێ کە هەر لەناوەندی چەپەوە تا ئەوپەڕی راست درێژدەبێتەوە، ئەو شوێنانە جێگای کۆمەڵە ئایینییە توندڕەوەکانە، بەتەواوی وەك ئەوەی کە رەوتی نوێخوازی لەگۆڕەپانی هزریی عەرەبی لەناوەندی راستەوە تا ئەوپەڕی چەپ درێژبووەتەوە، کە ئەو شوێنانەش هی کۆمەڵە خۆ بەچەپزانە توندڕەوەکانە. ئێمەش کە جووتەی راست/چەپ لێرەدا بەکار دەهێنین، ئەوا ئێمە لەپێناوی تەنها ئەرکە رەوانکارییەکەی، ئەم کارە دەکەین. ئێمە وەك ئامرازێکی پۆلینکردن وەریدەگرین نەك بۆ مەبەستێکی دیکە.

کەچی ئەو ناوەڕۆکە ئایدیۆلۆژییەی ئەم جووتە (ڕاستو چەپ) لەڕۆژئاوا هەیەتی - کە (ڕاست) گوزارشت لەهێزە سەرمایەدارو لیبرالو کۆنەپەرستەکان دەکاتو (چەپ)یش گوزارشت لەهێزە سۆشیالیستو پێشکەوتنخوازەکان دەکات- ئێمە لێرەدا بایەخی پێنادەین، بێجگە لەمەش لەگەڵ بارودۆخی جیهانی عەرەبی ئەمڕۆش ناگونجێ، چونکە مەرج نییە هەرکەسەی لەڕەوتی نوێخوازی پۆلین بکرێ سوشیالیست یان پێشکەوتنخواز بێت، هەروەها هەرکەسەی لەرەوتی ئیسلامی پۆلین بکرێ مەرج نییە سەرمایەدار یان کۆنەپەرست بێت.

ئێمە لێرەدا جووتەی ڕاست/چەپ تەنها لەپێناو دەستنیشانکردنی پێگەی کۆمەڵە توندڕەوەکان بەکاردەهێنین، کە ئەوانەش دووجۆرن: جۆرێکیان لەوپەڕی لایەك لە لایەکانی دادەنێین و ناوی لێدەنێین (چەپ)، جۆرێکیشیان لەوپەڕی لای بەرامبەری دایدەنێین و وەك پێویستییەك ناوی لێدەنێین (ڕاست).

ئەو پرسیارەش کە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بیخەینەگۆڕێ بریتییە لە: ئەو توندڕەوییەی دەکەوێتە ئەوپەڕی چەپ، ئایا دژی کێ دروست بووە و، هەروەها ئەو توندڕەوییەش کە دەکەوێتە بەرامبەری، لەوپەڕی ڕاستدا، دژی کێ دروست بووە؟

نەکردنی ئەم پرسیارە وا لەمرۆڤ دەکات هەندێ جار دوای دەسەڵاتی وتەکان بکەوێت و لەو بڕوایەدابێ کە توندڕەویی ئەوپەڕی چەپ، نەیارەکەی (ناحەزەکەی) ئەو توندڕەوییەیە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕاست. ئەمەش بڕوایەکی هەڵەیە و مێژووی دروستبوونی توندڕەویی، چ لەولایەو چ لەوی دیکە، بەدرۆی دەخاتەوە. هەروەها ئەو هەڵوێستو تێزانەی توندڕەوەکان لەهەردوولادا دەیخەنەڕوو ئەمە بەدرۆ دەخەنەوە.

لەڕاستیدا توندڕەویی بە لای چەپدا لە بنەڕەتدا هەر دژی خۆی ئاراستەکراوە، هەروەك چۆن توندڕەویی بەلای ڕاست دژی خۆیەتی، بەزۆریش ناحەزی داخ لە دڵی



توندڕەویی هەریەکێك لەدڵی توندڕەویی هەریەکێك لەلایەکان (چ لەڕاست و چ لەچەپ) ئەوەیە کە لە هەموو کەس لێیەوە نزیکترە.

توندڕەویی بەلای چەپدا، لەو سەردەمەی ئەمڕۆ و لە نیوەی دووەمی شەستەکان لە ئەورووپا سەریهەڵداو هەر لەوێش و لەچەندین لای جیهان —لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان- گەیشتە لوتکەی. چونکە کۆمەڵەیەکی خۆبەچەپزانی توند دروستبوونو خۆیان بە جێگرەوەیەکی نوێی نەك هەر ڕاستڕەوەکان بەڵکو خودی چەپڕەوەکانیش نیشاندا. دواتریش بوونە ناحەزی ڕاستەوخۆی حزبە کۆمۆنیستییە باوەکان و حزبە سوشیالیستییەکان بەگشتی (واتە ئەو حزبانەی ئەو خۆ بەچەپزانانە بەناحەزیان دادەنان). لە ڕاستیدا ئەم کۆمەڵە خۆ بەچەپزانانەش دژی ڕاستڕەوەکان یان ڕاستڕەوی ڕاستڕەوکان خەباتیان نەدەکرد، بەڵکو بەهەموو هێزێکیانەوە دژی خودی چەپڕەوکان کاریان دەکرد (ئەو چەپڕەوانەی کە بەرامبەر خۆیان بەڕاستڕەویان دەژماردن).

نموونەی ئەو جۆرە ڕاستڕەوە توندانە ئەوەیە کە کۆمەڵە توندڕەوەکانی ناوەخۆیان - وەك بەرپەرچدانەوەیەکی خودی ڕاستڕەوەکان- دەبنە توندڕە و، نەك دژی چەپڕەوەکان. کۆمەڵە ئیسلامییە توندڕەوەکانیش دەبنە ناحەزی رەوتی ئیسلامی (ناوەندگر) یان (میانڕۆ)، هەروەك (دەرچووەکان -الخوارج)ی سەردەمی تازە پەیدابوونی ئیسلام، کە (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) سەر بەڕێبازی ئایینی بوو و (معاویە)ش سەر بەڕێبازی دنیایی بوو، ئەمە لە ناو ئیسلامدا، نەك لە دەرەوەی، ئەو توندڕەوییەش کە لە ڕیزەکانی (عەلی) سەریهەڵدا و یاوەرەکانی بەناوی (دەرچووەکان -الخوارج) ناویان دەرکرد، لە بنەڕەتدا دژی خودی (عەلی)بوو، بۆیەش ناویان لێنرا (دەرچووەکان -الخوارج) چونکە لە ڕیزی (عەلی) دەرچوون. ڕاستە ئەوان دژی (معاویە)ش بوون، بەڵام دەرچوونەکەیان بەهیچ شێوەیەك زیانی بە (معاویە) نەگەیاند، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبەرژەوەندی ئەوبوو. زیاتریش لەمە،

ئەوان کاتێ کە سەرپێچی (عەلی)یان کردو دەرچوون لەبەر ئەوەی بە ناوبژیکاری رازی ببوو، یەکسەر شەڕیان دژی (معاویە) نەکرد، بەڵکو دژی (عەلی) و یاوەرەکانی جەنگان، پاشان ئەوان پیلانیان بۆ ئەوە دانەنا کە تەنها (معاویە)ی تیرۆر بکەن، بەڵکو ویستیان هەردووکیان پێکەوە بە رەشەکوژی لەناو ببەن، لە تیرۆرکردنی (عەلی) سەرکەوتن‌و نەشیان توانی بگەنە (معاویە). ئەگەر بهاتبوایە ئەوان بەر لە جێبەجێکردنی پیلانەکەیان بیریان بکردبوایەوە، بۆیان روونەدەبووەوە کە زۆر بە چاکی دەیانتوانی (عەلی) تیرۆر بکەن، چونکە هیچ پاسەوان و پارێزگاریکردنێکی نەبوو، کەچی لە تیرۆرکردنی (معاویە) هەلی سەرکەوتنیان زۆر کەم بوو، چونکە ئەو پاسەوانی هەبووو زۆر ئاگاداری خۆی بوو. توندڕەویش خاوەنەکەی کوێر دەکات و راستییە بابەتییەکانیش بە باشی نابینی و وای لێدەکات بە چاوێکی ئەفسووناوی سەیری جیهان بکات.

کاری کۆمەڵە توندڕەوییەکانیش، بە پێگە جیاجیاکانیانەوە، وەك کاری (دەرچووەکان-الخوارج)ە، ئەگەرچی -بەزۆری- دژی ئەو لایەنەی خۆیان (دەردەچن) یان (شۆڕش دەکەن) کە میانڕۆیی بەرامبەر لایەنە ناحەزەکەی بەرامبەری دەکات (خۆ بە چەپزانەکانیش، وەك بەرپەرچدانەوەیەك لەسەر سەوداکردنی چەپڕەوەکان لەگەڵ راستڕەوەکان، دژی ئەو چەپڕەوانە شۆڕش دەکەن، توندڕەوە راستڕەوەکانیش دژی ئەو راستڕەوانە شۆڕش دەکەن، لەبەر ئەوەی جۆرە میانڕۆییەك نیشان دەدەن)، ئەمەش بە زۆری و بەشێوەیەکی گشتی گورزێکی جەرگبڕە دژی ئەو لایەنە توندڕەوەی کە لێی دەرچووە و لەهەمان کاتیشدا سوود بە لایەنەکەی دیکەی دەگەیەنێ.

ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گۆشەگیری کۆمەڵە توندڕەوەکانی راست‌و چەپ، بۆیە دەکەونە پەراوێزو هەمان ئەزموونی توندڕەوی لەگەڵ خۆشیان دووبارە دەکەنەوەو بۆ چەندین کۆمەڵ بەش بەش دەبن‌و دەبنە ناحەزو ناکۆك لەگەڵ یەکترو



هەر کۆمەڵەیەکیش ئەوی دیکە بە کافر و نۆکەر دەزانی، هەروەك چۆن لە ریزەکانی (دەرچووەکان-الخوارج) روویدا، کە هەمیشە یەکەم ناحەز نزیکترین دراوسێیە.

ئا هەر بەمجۆرەش بزاڤە توندڕەوەییەکان لە کۆتاییدا وردو خاش دەبن و دەتوێنەوە.

ئەوەی پێویستیشە لێرەدا بیسەلمێنین ئەوەیە کە رروینەداوە، مەزەندەشم وایە رۆژێك لەرۆژان روونەدات، قەت کۆمەڵێکی توندڕەو لەو لایەنە یان لەوی دیکە بارودۆخەکەی گۆڕیبێ یان مێژووی دروستکردبێ. مێژووش ئەو هێزانە دروستی دەکەن کە بە زۆری لەناوەندەوە لە ململانێدان، شۆڕشەکانیش، هەتا ئەگەر توندڕەوەکانیش تێیدا بەشداری بکەن، بە یەك ئەنجام کۆتاییان دێت، ئەویش ئەوەیە، دەسەڵات ئەو میانڕۆیانە وەریدەگرن کە لە ناوەنددان یان لەو نزیکن. ئەمەش راستییەکە توندڕەوەکان چاکی دەزانن، بۆیە دەبینین بە زۆری دروشمیان وەرگرتنی دەسەڵات نییە، بەڵکو (شەهیدبوونە) لەپێناو (دۆزەکەیان)دا، بەڵام جۆری ئەو دۆزەو، دەرفەتی وەدیهێنانیو، ئامرازەکانی یان هۆکارەکانی خزمەتکردنی بەشێوەیەکی کردەیی مێژوویی، ئەو شتانە توندڕەو بیریان لێناکاتەوەو ناشتوانێ بیریان لێبکاتەوە. بۆیە توندڕەوی لەو حالەتەدا دەبێتە جۆرە تێڕوانینێکی ئەفسووناوی بۆ جیهان‌و شێوەیەکی ئەوتۆ دەپۆشێ وەك بلێی بۆ پێشەوە رادەکات. بۆیەش شتێکی ئاساییە کە ببینی توندڕە و لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ یان بە پێچەوانەوە باز بازانێ بکات.

لەوانەشە راکردن بەرەو پێشەوە شێوەی (کۆچکردن) بۆ وڵاتانی دیکە بپۆشێ کە پێشتر ناحەزبوونەو، لەوانەشە لەوێ رۆڵی (خزمەتکار) یاخود (دەرگەوان)ی بەکرێگیرا و لەپێناوی (هیچ دۆزێك نا) بگێڕێ... (خۆی بە تەنها داوای تانەلێدان و شان لەشاندان و ململانێ دەکات). ئەوەش جۆرێکە لەو عەقڵە ساختەیەی کە

لەگەڵیدا هەر کەسە راستی و سروشت و پێگەی خۆی لە بیر دەکاتو تەنها ئەو شتە دەبینێ کە خۆی وا مەزەندە دەکات لەگەڵیدا نییە.

توندڕەوی چەندین شێوەو جۆری هەیە... هەروەها توندڕەوی لەناو رەوتی سەلەفییەتی هزری عەرەبی هاوچەرخدا هەندێ پاساو بۆ بوونی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوەش بێگومان لەکاتی نەبوونی دیموکراسییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵام یەکێك لەپاساوەکانی بوونیشی ئەوەیە کە تاکو ئێستا رێبازی سەلەفییەت نەیتوانیوە نوێخوازی پێویست لە هزریی ئیسلامیدا بکات، ئەو نوێخوازییەی وا لەم رێبازە دەکات کە لەگەڵ پێشکەوتن بڕوات و لەگەڵ واقیعەکە هاوبەند بێ، بە تەواوی وەك چۆن توندڕەوی بەلای چەپ، کە لە کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکان گەیشتە ئەوپەڕی، پاساوی بوونی خۆی، لەلایەك، لە نەبوونی دیموکراسییەتو، لەلایەکی دیکەشەوە لەو بەستەڵەکە هزرییە دۆزییەوە کە بەگشتی تووشی (چەپ)ببوو.

ئەوەی ماوە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، توندڕەوی ئایینی هەمیشە سەر بە سیاسەتەوەیە. کاتێ کە سیاسەت لە ئاییندا لەسەر ئاستی باوەڕەوە پەیڕەو دەکرێ، ئەوا توندڕەوییەکە دەکەوێتە گۆڕەپانی باوەڕەوە. کاتێکیش کە سیاسەت لە ئاییندا لەسەر ئاستی شەریعەتەوە پەیڕەو دەکرێ، ئەوا توندڕەوییەکە دەکەوێتە گۆڕەپانی شەریعەتەوە. ئەمەش تێبینییەکە لە تۆژینەوەی دادێ بە درێژی باسی دەکەین.

## ٤- توندڕەوی لەنێوان باوەڕو شەریعەتدا:

پرۆسەکانی (پێکەوە سازانی) رووکەش سەردەمیان بەسەرچووە، ئەو پرۆسانەش بەوانە دەچن کە زانستی کەلام (کەلامناسی) لە قۆناغەکانی دروستبوونییەوە زانیویەتی.



ئەوەی ئەمڕۆش لە گۆڕەپانی شەریعەتدا لێمان داوا دەکرێ بریتییە لە ئەنجامدانی وەك ئەو کارانەی کە فەیلەسووفەکانی شەریعەت لە بواری باوەڕدا ئەنجامیان داوە (بۆ نموونە، هەروەك فخرالدین الرازي)، واتە مەبەست گێڕانەوەی بونیادی بەرنامەیی (میتۆدییەتی) بیرکردنەوەیە لە شەریعەتدا، ئەوەش لە کلاورۆژنەی چەند پێشەکییەکی نوێو (چەند مەبەستێکی) هاوچەرخ. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەوەی ئەمڕۆ لێمان داوا دەکرێ بریتییە لە نوێخوازییەکی ئەوتۆ کەنەك تەنها لە کۆشکاریکردن لە لقەکانەوە هەڵقوڵابێ، بەڵکو لە گێڕانەوەی رەسەنایەتی بنەچەکانو گێڕانەوەی بونیادی ئەو رەسەنایەتییەوە هەڵقوڵابێ.

مێژووی ئیسلامی هەر لە یەکەمین دەیەکانی سەدەی یەکەمی کۆچییەوە چەندین جۆری توندڕەویو زێدەڕۆیی بەخۆوە بینی، کە هێشتا شوێنەواری هەندێکیان بەشێوەیەك لە شێوەکان لە گۆڕەپانی هزریی ئایینی عەرەبی هاوچەرخدا ماوەتەوە. ئەگەرهاتوو ئێمەش بزاڤە توندڕەوییەکانی ئیسلاممان هەر لە (ئاژاوەی گەورە-الفتنە الكبرى)وە تاکو ئێستا خستەڕوو، ئەوا بەبێ بواردن دەبینین پەیوەندییەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە سیاسەتەوە هەیە، ئەوەش تا رادەیەکی ئەوتۆ رێگامان پێدەدا کە بڵێین" توندڕەوی لە ئیسلامدا هەمیشە جۆرە گوزارشتێك بووە لە هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو. ئەوەش کارێکە تێگەیشتنی ئاسان دەبێ ئەگەرهاتوو لە ئەزموونی شارستانییەتی عەرەبی پەیوەستی ئایین بە سیاسەتو، سیاسەت بە ئایینمان بەرچاو گرت، چونکە سیاسەت بەناوی ئایین پیادە دەکرا و شەرعییەتی تێدا دەویسترا، ئەوەش وایکرد ململانێی سیاسی بەزۆری لەژێر چەتری ئایین ئەنجام بدرێ.

لێرەدا پێویستیمان نە بە ناسینی بزاڤە زێدەڕۆو توندڕەوەکانی ئیسلامی هەیەو نە بەشێوەی سیاسی هەڵوێست و خستنەڕووی تێزەکانیان هەیە، چونکە ئەمانە (دەرچووەکان، زێدەڕۆکان، بزاڤە پەنهانییەکان... هتد) ناسراون، بەڵکو لێرەدا

دەمانەوێ ئەوە بەدیار بخەین کە چ شتێك بزاڤە ئیسلامییە توندڕەوە هاوچەرخەکان لەو بزاڤانەی وەك خۆیان جیا دەکاتەوە کە لە چاخەکانی پێشوودا هەبوون. بزاڤە زێدەڕۆیە توندڕەوە کۆنەکان لەسەر ئاستی بیروباوەڕەوە توندڕەوی و زێدەڕۆییان ئەنجام دەدا، کەچی بزاڤە توندڕەوە هاوچەرخەکان ئەم توندڕەوییە لەسەر ئاستی شەریعەتەوە ئەنجام دەدەن. نە خەواریجەکان نە بزاڤە پەنهانییەکان، بە رەوت و جۆرە جیاجیاکانیانەوە، مەسەلەی (جێبەجێکردنی شەریعەتیان) دەخستەڕووو نە ئەو مەسەلەشیان دەکردە دروشمێك بۆ خۆیان. بەڵکو هەموو دروشمەکانیان لە ئاستی (باوەڕبوون)دابوو-واتە پەیوەندی لەنێوان خودا خۆی و سیفاتەکانی، بە زۆری و بە ویستی خۆ، دادپەروەری خودایی، چۆنیەتی خولقاندن...هتد).

راستە ئەو کێشە سەرەکییەی کە (وتە)ی لە باوەڕدا لێ پەیدابوو، کێشەی (پێشەوایەتی)یە، ئەو کێشەیەی کە بنەڕەتی دووبەرەکییە لە ئیسلامدا، بەڵام هەروەها ئەوەش راستە کە ئەو کێشەیە، (پێشەوایەتی) یان (خەلیفایەتی) لەسەر ئاستی باوەڕەوە خرایەڕوو، نەك لەسەر ئاستی (شەریعەت)، ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کە سیاسەت لە ئاییندا لەسەر ئاستی بیروباوەڕدا ئەنجام دەدرا، نەك لەسەر ئاستی شەریعەت. بەڵام ئەمڕۆ، کارەکە بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە بزاڤە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەگەڵ هی دیکەی وەك خۆیان لە چەندین ئاراستەی سەلەفیەتی کاروبارەکانی پەیوەست بە (شەریعەت)، نەك بە (باوەڕ)، جیاوازییان هەیە، ئەوەش وا دەگەیێنێ کە سیاسەت ئەمڕۆ لە ئایین، لەسەر ئاستی شەریعەت ئەنجام دەدرێ نەك لەسەر ئاستی باوەڕ. لێرەشدا، بۆ ئەوەی ئەو بوارە بزانین کە سیاسەتی تێدا ئەنجام دەدرێ، ئەوە بەسە ئاماژە بەو دروشمە بکەین کە ئەو بزاڤانە بەرزی دەکەنەوە، دروشمەکەش بریتییە لە (جێبەجێکردنی شەریعەت).

ئا بەمجۆرە، لەجیاتی کێشەکانی بە زۆرە ملێ و خۆویستی و بڕوابوون و گومڕایی و پاککردنەوە و پێکچوواندن...هتد، کە پێشان مشتومڕیان لەسەر دەکرا و ئەوانەش



کە ئەو مشتومڕیان دەربارەی دەکرد دابەش دەبوونە سەر دوو بەش: میانڕۆ و توندڕەوەکان، ئەمڕۆش دەبینین چەند کێشەیەکی دیکە هەنە پەیوەستن بە شەریعەت و شەریعەتزانی، وەك دەستبڕینی دزو سوو (ریبا) و خۆپۆشینی ئافرەت (حجاب)....هتد، ئەوانە مشتومڕیان لەسەر دەکرێ و دەربارەی جێبەجێکردنی شەریعەت خەڵك تیایاندا بیروبۆچوونی جیاجیایان هەیە، واتە ئەمڕۆ سیاسەت بەشێوەیەکی ئیسلامی لەسەر ئاستی شەریعەت، نەك ئاستی باوەڕ، پیادە دەکرێ، هەروەك چۆن لە رابردووش هەر وابوو.

ئەم گواستنەوەیە یان گۆڕانە بۆچی؟ بۆچی موسڵمانانی کۆن سیاسەتیان لەسەر ئاستی باوەڕەوە پیادە دەکردو لە رووی سیاسیشەوە لە کاروبارەکانی شەریعەتدا هیچ جیاوازییەکیان نەدەبوو.

هەروەها بۆچی ئەمڕۆ، لەرووی سیاسییەوە، لەسەر ئاستی شەریعەت، نەك لەسەر ئاستی باوەڕ، جیاوازییان کەوتۆتە نێوان.

وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە لە مێژوو داوا بکەین، واتە لە سیاسەت، نەك لە خودی ئایین.

مێژووش ئەوەمان بۆ دەستنیشان دەکات کە جیاواز بوون لەسەر ئاستی باوەڕ لە ئیسلام بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی دروستبوونی بۆ یەکەم جار، کە تیایدا-هەروەك گوتمان-کێشەی سەرەکی بریتی بوو لە کێشەی پێشەوایەتی ئایینی (الامامە)، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا کێشەیەکی ناوەخۆییە. دووەم قۆناغیش، قۆناغی چەسپاندن و نەخشەکێشانە، ئەوەش ئەو کاتە دەستیپێکرد کە ئیسلام بەرەنگاری باوەڕ و ئایینەکانی ئەو گەلانە بووە و، کە بوونە ئیسلام، لێرەشدا جیاوازییەکە لە سەرەتادا شێوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی پۆشی (مەوالییەکان، یەکلاکەرەوەکان، گەلپەرستی) و دواتریش پەرەیسەند تاکو بووە جیاوازییەکی بە

تەواوی هزریی و بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەرکەوت کە بەرەنگاربوونەوەیەکی لە نێوان سیستەمی باوەڕی ئیسلام و ئەو سیستەمە باوەڕیو هزرییانە دروستکرد کە لە شارستانییەتەکانی بەر لە ئیسلام وەك کەلەپوورێك مابوونەوە. ئەوکاتە جیاوازی لە ئاستی (باوەڕ)دا هەبوو لەبەر ئەوەی چەند سیستەمێکی هزری ئایینی هەبوو.

کەچی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا، لە یەك ئاستی پەرەسەندندا تەنها یەك سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوو، ئەم کارەش نەدەبووە هۆی جیاوازبوون لە ئاستی شەریعەتدا (ئەگەر بشبوایە ئەوا لە مەسەلە یەکجار بچووکەکان دەبوو، وەکو ئەو جیاوازیانەی نێوان مەزهەبی حەنەفی (مەزهەبی خەڵکی عێراق، کە تا رادەیەك پێشکەوتوو بوون)و مەزهەبی مالکی (مەزهەبی خەڵکی مەدینە، کە ئەوانەش لە ئاستێکی دیکەی پێشکەوتن دابوون)، جیاوازی نێوانیشیان لە پلەدا بوو، نەك لە جۆر).

هەر بەوجۆرەش دەتوانین بڵێین کە رەوتی سەلەفیەتی هاوچەرخیش هەر لەناوەوە دروستبوو، کێشەی سەرەکیشی لە سەرەتادا ئەو بیدعانە بوون کە لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا پەیدابوون (سەردانی چاكو پیران، سۆفیگەری). پاشان ئەم رەوتە، لەمیانەی بەرەنگاربوونەوە لەنێوان کۆمەڵگەی ئیسلامیو سیستەمە شارستانییە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییە نوێیەکانی ئەوروپا، نەخشە دەکێشێ-ئەمەش قۆناغی دووەمی هاوچەرخە-. لێرەشدا بەرەنگاربوونەوە بۆ یەکەم جار شێوەی سیاسی وەرگرتبوو (واتە لەلایەك بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی داگیرکاری ئەوروپا بووو لەلایەکی دیکەشەوە بریتی بوو لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ، یان دژی، خەلافەتی عوسمانی). پاشان کارەکە پەرەیسەند تاکو گەیشتە ئەو رادەیەی دووبەرەکییەکە لە ئاستی سیستەمی کۆمەلایەتیدا (واتە سیستەمی ئیسلامیو شەریعەتی ئیسلامی بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداریو سیستەمی کۆمۆنیستی...هتد)، شێوەیەکی مەزهەبی وەرگرت.



هەروەك چۆنیش زێدەڕۆیی لە کۆنەوەو لەسەر ئاستی باوەڕەوە خۆی دژی مەزهەبە میانڕۆییەکان نیشاندا، ئا بەمجۆرەش توندڕەوی ئەمڕۆکە لەسەر ئاستی شەریعەتدا خۆی بەدژی مەزهەبە میانڕۆییەکان نیشانددا، هەروەها چۆن کێشەکانی شەریعەت لە رابردوودا بە کێشەی لاوەکی دادەنران (دووبەرەکییەکانی نێوان مەزهەبە فیقهییەکان نەدەگەیشتنە ئاستی توندڕەوی). هەر بەمجۆرەش ئەو دووبەرەکییانەی لەبواری باوەڕدان (سوننە، شیعە، ئەشعەرییە، حەنبەلییە) دووبەرەکی لاوەکین، دواتر جەخت لەسەر ئاستی شەریعەت دەکرێ، بۆیەش دروشمی جێبەجێکردنی بەرز دەکرێتەوە... ئەو پوختەیەی ئێمە لەو بەراوردکارییانەدا دەمانەوێ بیگەینێ ئەوەیە کە دیاردەی دووبەرەکی یان ناتەبایی لە ئیسلامدا، لەوانەش دیاردەکانی زێدەڕۆییو توندڕەوی، ئەگەر بەچاوێکی مێژوویی سەیریان بکەین بریتینە لە پرۆسەی خۆسازدانو گونجان لەگەڵ ئەو سیستەمە هزرییانەی کە لەم لاو لەولا بۆمان دێن، کە کارەکەش بە پچڕ پچڕکردنی رەوتە توندڕەوییەکان کۆتایی هات، کاتێ کە مەزهەبی ئەشعوری لەناو سوننەدا (هەروەك مەزهەبی دوازدەیی — الاپنی عشری-لەناو مەزهەبی شیعەدا) توانی باوەڕزانی (علم العقیدة)و گوفتارزانی (علم الكلام) بنیات بنێتەوە. ئەوەش بەهۆی بەکارخستنی بەرنامەو چەمکە (هاوچەرخەکانی) ئەوکات، بەرنامەکانی لۆژیكو چەمکەکانی فەلسەفە، بۆیە (گوفتار) لە باوەڕدا لەجیاتی ئەوەی بە کردەوە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵو دەسەڵاتی هۆش (العقل)-واتە سیاسەت-پشتی بەهۆشێکی رووت (العقل المجرد) بەستا، هەروەك پێشتریش وابوو، ئەمڕۆش رەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە گۆڕەپانەکەدا دەکشێنەوە کاتێ کە لە ناوەڕاستی رێڕەوی پێشانخوازی هاوچەرخ چەند کەسێك راست دەبنەوەو بەراستیو بە کردەوە ئەرکی بنیاتنانەوەی شەریعەتزانی (الفقه) جێبەجێ دەکەن ئەوەش بە بەکارخستنی بەرنامەو چەمکە هاوچەرخەکانی ئێستا، بەرنامەو چەمکی زانستەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو

سیاسەت، ئەوانەی کـە پەرەسـەندنی زانـستو پێـشکەوتنی کۆمـەڵ هـەردووکیان پێکەوە بەدەریان خستن.

ئەمڕۆ پرۆسەکانی (پێکەوە سازانی) رووکەش سەردەمیان بەسەرچـووە، چـونکەئەو پرۆسانە بەوانە دەچن کەلە قۆناغەکانی سەرەتای دروسـتبوونی زانـستی ئاخافتنـدا لەلایەن ئەو زانستەوە زانراون. ئەوەی ئەمڕۆش لە گۆڕەپـانی شـەریعەتدا پێویـستە ئەوەیە هەمان ئەو کارانە ئەنجام بدرێن کە فەیلەسـووفەکانی (ئەشـعەری) لـەبواری بـاوەڕدا ئـەنجامیان داوە (وەك فخرالـدین الـرازی)، مەبەسـتم لێـرە ئەوەیـە کەبەرنامەسـازیی (میتۆدییـەتی) بیرکردنـەوە لـە شـەریعەت بـەگوێرەی چـەند پێشەکییەکی نوێو مەبەستێکی هاوچەرخ بنیات بنرێـتەوە. بە گوزارشتێکی دیکە ئـەوەی ئـەمڕۆ پێویـستە بریتییـە لـە نوێکردنەوەیـەکی ئـەوتۆ کـە تـەنها لـە دەستپێکردنی کۆششکاری لە لقەکانـەوە هەڵنـەهێنجرابێ بـەڵکو لـە گێڕانـەوەی رەسەنایەتی بنەڕەتەکانەوە، لەبنیاتنانەوەی ئەم رەسنایەتییەوە هەڵقوڵابێ.

خاڵی سەرەتای دەستپێکردنیش لەو سەردەمەی ئێمەدا پێویست بـەوە دەکـات کـە هۆشی کۆششکار (عقل المجتهد) سـەر لـەنوێ بـسازێندرێتەوەو بنیـات بنرێتـەوە، چونکە بەبێ هۆشی نوێ، کۆششکردنی نوێ ئەنجام نادرێ.

### ٥- لەپێناو کۆششکارییەکی هاوشانی بەردەوام:

بانگەشەکردنی (ئیجتیهاد)و (کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد) قسەیەکی بۆشە ئەگەر کردنەوەی ئەو عەقڵەی لەگەڵدا نەبێت کە ئەرکی ئیجتیهادی دەکەوێتە ئەسـتۆ.... ئەوەش لەبەر ئەوەی دەرگای ئیجتیهاد دانەخراوە، بەڵکو ئەو کاتە داخـرا کـە ئـەو هزرەی لە چوارچێوەیەکی شارستانیدا پیادەدەکرا داخراو هیچ بزاڤو پەرەسـەندنێکی تێدا نەما.



هەر لە دەستپێکردنی وشیاربوونەوەو هەڵسانەوەی نوێی عەرەبیو لە کۆتاییـەکانی سەدەی رابردوو بەتایبەتی، دروشمی (کردنەوەی دەرگای کۆششکاری) لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە بـەرز دەکرێتـەوە کـە (نـامۆیی) رەتدەکەنـەوەو داوای (نوێخـوازی)، لەچوارچێوەی هزری عەرەبی ئیسلامیدا، دەکـەن، ئـەوەش وەك چـارەیەك بـۆ ئـەو گرفتو رووبەڕووبوونەوە هاوچەرخانەی رووبەڕووی ئیسلام دەبنەوە، ئەو ئیـسلامەی کە وەك سیستەمێکی ژیانو چوارچێوەیەکی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە تایبـەتیو گشتییەکانیشە.

ئەگەر هەندێ لـەو هەوڵانـە دەربهێـنین کـە چـەند هزرمەنـدێکی ئیـسلامی پێـی هەڵساونو زۆریان شێوەی ئایدیۆلۆژی شەڕانگێزیان وەرگرتووە، ئەوا بانگەشـەکردن بۆ ((ئیجتیهاد)) تەنها وەك بانگەشـەیەکی رووت، بـەڵکو تـەنها وەك دروشمێکـی کاتی مایەوە کە لەژێر فشاری رووبەڕوو بوونـەوە کاتییـەکان بـەرز دەکرێتـەوە بـۆ ئەوەی سەرلەنوێ لێی بێدەنگ بنو ژیان بە رەوتی ئاسایی خۆی بڕواتو گرفتـەکان زیاترو ئاڵۆزتر بنو بۆشایی نێـوان فەقێیـەکانی رابـردووو کۆشـشکارییانو نێـوان واقیعی ژیانو ئاڵۆزی گرفتەکانی فراوان بێ.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە هـۆی ئـەم بارودۆخـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دەرنەکـەوتنی چـەند کۆششکارێکی ئەوتۆ کە مەرجە پێویـستەکانی پیـادەکردنی کۆشـشکارییان تێـدا هەبێ، پیادەکردنێکی ئەوتۆ بگاتە ئاستی سروشتی گرفتو رووبەڕوو بوونـەوەکانی سەردەم: بەتایبەتی مەبەستمان مەرجـە هزرییـە بەرنامەییەکانـە. ئـەوەش لەبـەر ئەوەی ئەگەر کۆششکاری لەبنەڕەتدا بۆ شەریعەت دانان بێ لـە ئیـسلامدا، بـەڵام وەك قورئانو سوننەت لە چەند دەقێك پێکنەهاتووە هەروەها ئەوەندە کۆنیش نییـە وەك ئەوانەی لە بنەڕەتدا لە (راکۆکی یاوەرەکان-اجماع الصحابة)ی پێغەمبـەر یـان (کاری خەڵکی مەدینە)وە هاتبنو راستگۆییو رەوایی ئایینیـان تێـدابێ... بـەڵکو ئەم کۆششکارییە بـەر لـە هـەموو شـتێك بریتییـە لـە بەرنامـە، بـە گوزارشـتی

ئوسولییەکانیش بریتییە لە هەوڵدانی بێ وچانی موجتەهید بۆ دەرهێنانو جیاکردنەوەی حوکمە شەرعییەکان لە بەڵگەکانی ئەو حوکمە شەرعییانە. ئەو کۆششەی مەبەستیشە بریتییە لە کۆششی هزری، کەچی بەڵگەی حوکمە شەرعییە سەرەکیو بنەڕەتییەکان، بریتینە لە قورئانو سوننەتو ئەوەی راکۆکی (اجماع) بڕیاری لەسەر داوە. کەواتە ئیجتیهاد، بەر لە هەموو شتێك، بریتییە لە کۆششی هزری. شایانی باسە کە ئەو کۆششە هزرییەی پێویستە ئەنجام بدرێ، چ لەو بوارەو یان لە بوارێکی دیکەدا، لە رووی جۆرو شێوازو ئامرازەکانییەوە-واتە لە رووی بەرنامەوە-جیاوازی هەیە، بە جیاوازی ئەو گرفتانەی پێویستییان بە چارەسەر هەیەو ئەو پرسانەی تۆژەر-یان موجتەیهد-مەبەستییەتی چارەیان بکات. ئینجاو لەبەر ئەوەی گرفتەکانی ئەم سەردەمەمان لە رووی جۆرەوە جیاوازییان لەگەڵ گرفتەکانی پێشتر هەیە، بۆیە پێویستە ئەو کۆششە هزرییەی ئەمڕۆ لەموجتەهید داوا دەکرێ لەڕووی جۆرەوە جیاوزی هەبێ، هەروەها جیاوازیشی لەگەڵ ئەو کۆششە هەبێ کە لە کۆششکارەکانی دوێنێ داوادەکرا.

بۆئەوەی لە چوارچێوەی شتە گششتیەکاندا خول نەخۆینەوە، پێوستە تیچاوێکی بەپەلە بەسەر جۆری ئەو کۆششە هزرییە بخشێنینەوە کە لەکۆششکاری دوێنێ هەم پێویستو هەم بەسیش بوو، ئەوەش بۆئەوەی لەمیانەی ئەو چاوپێخشاندنەوەیەدا جۆری ئەم کۆششە هزرییە بەدیار بخەین کە بۆ ئەمڕۆ پێویستە.

یەکەم جار تێبینی ئەوە دەکەین کە ژیانی ئێمەی عەرەبو موسڵمان تاکو کۆتایی سەدەی رابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیە، هەر لەدەرکەوتنی ئیسلامەوە لەسەر یەك شێوە رۆیشتووە، واتە لەچوارچێوەی چەند هەلومەرجێکی شارستانی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو دامو دەزگایی دەخولایەوەو لە سروشتو ناوەڕۆکیشدا هەروەك خۆی مایەوە.



بەڵێ کارەساتی نوێو زۆر رووبەڕووی موسڵمانان دەبووەوەو هەر ئەوانەش پاڵنەرییان هاندەری فراوانبوونی چالاکی کۆششکاریو دەرکەوتنی (فیقهی دیمانەیی- الفقه النظري) بوون کە بەزۆر شێوە لەبازنەی (فیقهی کردەیی- الفقه العملي) یان چارەسەرییە ئیسلامییەکانی تایبەت بەگرفتە کردەنییەکان چوونە دەرەوە. کەچی سروشتی ئەو کارەساتە نوێیانەی کە لەچوارچێوەی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدا لەماوەی سەدەکانی پێشتر دەخرانەڕوو، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە نزیکبوونەوەو پەیوەستبوونمان بە شارستانییەتی هاوچەرخی رۆژئاوا، هەموویان لە توخمی ئەو کارەساتە کۆنانە بوون کە سەردەمی پێغەمبەرایەتیو یاوەرەکان (الصحابة) چارەسەریکردوون. بۆیەش ئەو بەرنامەیەی لە کۆششکاریدا پشتی پێدەبەسترا بەگوێرەی پێوانێك دادەنرا، پێوانی بەشە بچووکەکان لەسەر بەشە بچووکەکان، پێوانی ئەوانەی دەقیان پێنەهاتووە لەسەر ئەوانەی لەحوکمکردنیاندا دەقیان پێهاتووە (یان لە حوکمیاندا دەق هاتووە)، پێوانی کارەساتو رووداووو گرفتە تازەباوەکان لەسەر (نموونەی پێشتر)، واتە لەسەر ئەو رووداوو کارەساتانەی پێشتر بە حوکمێك حوکمیان پێدراوە، ئەوەش یان بەپشتبەستن بەدەقێك، یان بەگەڕانەوە بۆ کۆششکارەکانی پێشوو.

شتێکی سروشتیش بوو کە لەگەڵ بەسەرچوونی کاتو زۆربوونی کۆششکارەکان، هەموو ئەو تواناییانەی ئەو جۆرە پێوانە (قیاس)ە دەیتوانی بەدەستیان بهێنێ لەبەردەست دەرچوون: چونکە بەشە بچووکەکانی رابردوو، کە پێشتر وەکیەكو هاوچەشن بوون، ئابڵووقەو دەور دران، یان تواندرا دەورە بدرێنو، دەقە شەرعییەکانیش سنووردارکرانو، کۆششکاریش کەوتە ناو بازنەی تێگەیشتنی بێژەکانو دەستنیشانکردنی نیشانەو هێماکانی... هتد، تاوایلێهات دەبوایە بگاتە خاڵێکی ئەوتۆ کە هیچی دیکەی نەخرێتەسەر، یان بۆی زیاد نەکرێت... بۆیە

لەئەنجامدا دەرگای کۆششکاری بەمسۆگەری خۆی داخرا، نەك دایانخست، وەك دەڵێن.

بەڕاستیش کەسێك لە ئیسلامدا، نە فەرمانڕەواکانو نە فەقێیەکانو نەهی دیکەش دەسەڵاتی ئەوەیان نییە دەرگای ئیجتیهاد دابخەن. لە ئیسلامدا نەکەنیسەو نەهیچ دەزگایەك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە دەرگای کۆششکاری (دابخا) یان (بکاتەوە)، چونکە کۆششکاری بنچینەیەکە لەبنچینەکانی شەریعەتزانی یان شەریعەتدانان. هەروەها، وەك گوتمان، بریتییە لە ئەنجامدانی کۆششی هزری لەپێناو وەدەستهێنانی زانست بە گوێرەی حوکمەکانی شەریعەت، ئەمەش مافی هەر موسڵمانێکە کە ئەو مافە زانستیانەی تێدابێ،

دەرگای کۆششکاری ئەوکاتە داخرا کەلەناو چوارچێوەی ئەو شارستانییەتەی موسڵمانان تێیدا دەژیان، بواری زیاتر بۆ کۆششکاری نەما بۆیە کاتێ کە هەموو گرفتەکان چارەسەرکرانو هەموو ئەو توانایانەش بەدەستهاتن کەدەق، لەرووی پەیوەندی بێژە بەواتا، دەیڕەخسێنێو ئەو شتانەی کۆنیش لەبەردەست نەمان کە پێوانەیان لەسەربکرێ... هتد. ئینجا هەر دەبوایە دەرگای کۆششکاری، لەخۆیەوە، دابخرێو خەڵك روو لەلاساییکردنەوە بکەن، بۆیە مەزهەبە فیقهییەکان تەنها لە چواری سەرەکی زیاتر نەبوونو خەڵك تەنها لاسایی پێشەواکانیان کردووەو چەندین پێشبڕکێی مشتومڕییان (مباراة جدلية) لەنێوان خۆیان ئەنجامدا کە بە (مشتومڕو ناکۆکییەکان) ناسران.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناتوانین بڵێین کۆششکاری بەتەواوی راوەستا، بەڵکو ناوە ناوە چەند زانایەکی ئایینی بەدیار دەکەوتنو داوای ئەوەیاندەکرد واز لەلاساییکردنەوە بهێندرێو هزری شەریعەتزانی (فیقهی) لەو چەقینو وەستانەی ناو ئەلقەی بۆشی (ناکۆکییەکان) رزگاربکرێت کە دووچاری بووە. بێگومان ئەو



بانگەوازانەو هەندێ لەگەڵیاندا ئەنجامدران لەوەوە هاتبوون کە هەست بەو ماوە لێکدوورخەرەوەیە دەکرا کە رووداوە کۆنو نوێیەکانی، سروشتی ئەمەیانو جۆری ئەوی دیکەیانی لێکدی جیادەکردەوە. ئەم هەستپێکردنەش لە (ئەندەلوس)ەوە سەریهەڵدا، بەتایبەتی کە چەندین هۆکاری مێژووییو هزرییو سیاسی یەکتریان گرتو وایانکرد ماوەی نێوان (نموونەییەکانی) پێشترو نێوان پێشهاتەکانی دواتری ئەم وڵاتە لەهی رۆژهەڵات فراوانترو قوولتربێت. لەپێناوی ئەمەشدا لەوێ- واتە لەئەندەلوس- لەوە وشیاربوونەوە کەلە کۆششکاریدا پێویستیان بەبەرنامەکارییەکی (میتۆدی) ئەوتۆ هەیە کەلەسەر (پێوان)، پێوانی نوێ لەسەر (نموونەی رابردوو)، پێوانی بەشە بچووکەکان لەسەر بەشە بچووکەکان، دانەمەزرابێ، بەڵکو لەسەر میتۆدێکی ئەوتۆ دامەزرابێ کەزۆرتر توانای وەڵامدانەوەیئەو دۆزە نوێیانەی هەبێ کە گەشەسەندنی شارستانییەت دەیانخاتەڕوو.

(الشاطبي)یش لەو بوارەدا، لەبواری بەرنامەکاریی (میتۆدییەتی) کۆششکاریدا بە دیارترین نوێخواز دادەنرێ.

(الشاطبي) لەوە بەچاکی ئاگاداربوو کە کۆششکاری بەشێوازی کۆن، هیچ وزەو توانایەکی تێدا نەماوەو سەرلەنوێ کردنەوەی دەرگای کۆششکاری-بەگوێرەی قسەی ئەو-پێویستی بە (رەسەنایەتی بنەڕەتەکان) هەیە، ئەوەش بە پشتبەستن بە هەموو بەشەکانی شەریعەتو مەبەستەکانی، نەك تەنها تێگەیشتنی واتای بێژەی دەقەکانو دەرهێنانی حوکمەکان لەو دەقانە، یان نەك پشتبەستن بە پێوانی رووداوێك لەسەر رووداوێکی دیکە سەبارەت بەوانەی دەقیان پێوە نەهاتووە.

ئا بەمجۆرە، ئەگەر پرۆسەیەکی راوەرگرتنی تەواومان بۆ ئەو بەشە بچووکانە (جزئيات) وەرگرت کە حوکمەکانی شەرعیان تێدا هاتووەو ئەگەر ئەنجامی ئەو راوەرگرتنەمان لە هەموو گشتییەکان دارِشت، ئەوا ئێمە ئەو کاتە چەند

بنەمایەکی هەمووەکیمان دەست دەکەوێ کە دەتوانین لەسەر هەر یەکێك لەو بەشە بچووکانەی رووبەڕوومان دەبنەوە جێبەجێ بکەین. هەر بەمجۆرەش ئەگەر لەو پێودانگەوە دەستمان پێکرد کە مەبەستەکانی شەریعەت لەکۆتایی شیکردنەوەدا بۆ بەرژەوەندی گشتییەو خودی دەقە شەرعییەکانیش ئامانجیان چاودێریکردنی ئەو بەرژەوەندی گشتییەیە، ئەوە بەرژەوەندی گشتی دەبێتە ئەو بنەمایەی کە لە هەموو بنەمایەکانی دیکە زیاتر پێویستی بە بوون هەیە. هەندێك لەوانەش کە بیرۆکەی (الشاطبي) کاری تێکردوون بۆ ئەوە چوونە کە بڵێن، ئەگەرهاتوو دەقێکی شەرعی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتییەکیان نەگرتەوە ئەوا کار بە بەرژەوەندی گشتی دەکرێ، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە دەق لەپێناوی ئەوەدا هاتووە کە چاودێری بەرژەوەندی گشتی بکات. هەر چۆنێکیش بێت، ئەوەی مشتومڕی لەسەر نەبێ ئەوەیە کە بەرژەوەندی گشتی دەنگی بارودۆخو هەلومەرجە مێژوویی‌و پێشکەوتنە مێژووییەکان وەردەگرێ، دواتریش ئەوا ئەو کۆششکارییەی پشتی بەو بەرژەوەندییە گشتییە دەبەستێ‌و لەویەوە هەڵدەقوڵێ، ئەگەر کۆششکارییەکی پڕ جوولەو خۆنوێکەرەوە نەبێ‌و ئەگەر لە عەقڵێکی جوولەدارو خۆنوێکەرەوە دەرنەچووبێ، ئەوا واتاو سوودی نامینێ.

لێرەشەوە بەدیار دەکەوێ کە بانگەشەکردن بۆ (کۆششکاری)و کردنەوەی دەرگای کۆششکاری، تاکو ئەو عەقڵەی کە ئەرکی کۆششکاری لەسەرە نەکرێتەوە، بە قسەیەکی بێ واتاو بۆش دادەنرێ...

ئەوەش لەبەر ئەوەی دەرگای کۆششکاری دانەخراوە، بەڵکو ئەوکاتە داخرا کە ئەو عەقڵەی لەچوارچێوەی شارستانییەت‌و رۆشنبیریدا پیادەی دەکرد بزاڤو گەشەکردنی نەماو داخرا. کەواتە دەبێ‌و پێویستە سەرلەنوێ عەقلی عەرەبی ئیسلامی بکرێتەوە بۆ ئەوەی رووبەڕووی کردنەوەی ئەو شارستانییەتە بێتەوە کە لە جیهاندا



روویداوە. بەبێ ئەوەش هیچ کۆششکارییەکی ئەوتۆ ئەنجام نادرێت کە لە ئاستی کارەساتەکانی هاوچەرخ بێت.

کرانەوەی عەقلیش بەکرانەوە بەسەر ژیاندا، بەسەر ئەو هەلومەرجە نوێیانەی ئەو ژیانە لەگەڵ خۆی هەڵیان دەگرێ‌و ئەو یاسایانەی پەرەسەندنی بەربەست دەکەن، دەستپێدەکات. کۆششکاری پێشان ئەوەی بەس بوو کە لە زانستەکانی عەرەبی وەك زمان‌و رێزمان‌و رەوانبێژی زانستەکانی ئایینی وەك لێکدانەوەو فەرموودەکان‌و زانستی شەریعەت زانیاریت هەبێ. کەچی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی، سەبارەت بە سروشتییەوە هەروەك خۆی بوو، واتە هیچ جیاوازییەك لەم بارەوە لەنێوان سەردەمی کۆششکارو سەردەمەکانی پێش ئەو نەبوو، دواتریش (بەرژەوەندی گشتی) هەروەك ئەو بەشە بچووکانەی رابردوو بوو کە پشتیان بە پێوان دەبەستا، لەیەك توخم‌و یەك سروشت بوون‌و بۆ زانیارییەکانیشیان شارەزایی رۆژانەیان بەس بوو.

کەچی ئەمڕۆ کارەکە جیاوازە.

ئەو گۆڕانکارییە زۆرەی لەگەڵ شارستانی پیشەسازیدا روویداوەو ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ سەردەمی (شۆڕشی زانستی)دا لە زانستەکانی فەزاو ئۆتۆم و بایۆلۆژیا، هەروەها لە زانستەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی روودەدا... وا دەکات کرانەوە لەسەر ئەم زانستانە، بەتایبەتیش لەسەر بنەما زانستییەکانی‌و دەرەنجامەکانی لەسەر ئاستی مرۆیی، ببێتە پێویستییەك لە پێویستییەکانی وەدەستهێنانی ئەو توانایەی کە کۆششکاری پێ بکرێت. پێویستبوون بەو کرانەوەیە لەم رووەوە لەو پێویستییە کەمتر نییە کە بە زانستیەکانی زمان‌و زانستەکانی ئایین هەیە، چونکە بەو کرانەوەیە لەسەر هزری سەردەم، هەر بەو بە تەنها، کۆششکاری لەگەڵ رەوتی ژیان‌و پێشکەوتنیدا دەڕوا... ئەو کەموکووڕییەی لە زۆربەی زانایانی ئایینی

ئیسلامی ئەمڕۆشدا هەیە بریتییە لە توانای ئەو کۆششکارییەی کە لەگەڵ ڕەوتی ژیان دەڕوا، کەچی ئەو کۆششکارییەی بەپێی ڕەوتی ژیان نییە ئەوا بۆ ئێستا بە کەڵك نییەو رابردووش لێی بەرییە.

کەواتە لە گۆڕەپانی کۆششکاریدا پێویستیمان بە تازە بنیاتنانی (سەردەمێکی نوێی تۆمارکردنە)، سەردەمێکی تۆمارکردنی ئەوتۆ کە لەپێناو کۆششکارییەکی لەگەڵ ڕەوت ڕۆیشتوو بەگڕو بە سۆز بێ، لەگەڵ ڕەوت ڕۆیشتنی ژیانی هاوچەرخیش بەر لە هەموو شتێك بریتییە لە مەسەلەی بەرنامە... مەسەلەی ڕەفتاری عەقڵی.

**٦- بەجێیەتی (معقولية) حوکمەکانی شەرعی:**

بنیاتنانی بەجێیەتی حوکمی شەرعی لەسەر (هۆیەکانی هاتنەخوارەوە) لەو چوارچێوەیەی کە بەرژەوەندی لەبەرچاو بگیرێ، بوار بۆ بنیاتنانی چەند لەجێیەتیەکی دیکە دەڕەخسێنێ کاتێ کە کارەکان بە(هۆیەکانی چەند هاتنە خوارەوەیەکی دیکە) پەیوەست دەبێ‌و واتە بەچەند بارودۆخێکی نوێ پەیوەست دەبێ. بەمەش ژیانی زانستی شەریعەت (فیقه) نوێ دەبێتەوەو خوێنی دێتەوە بەرو گیانی کۆششکاریش سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوەو شەریعەتیش وای لێدێ لە هەموو سەردەم‌و شوێنێکدا بۆ جێبەجێکردن بشێ.

لەلاپەڕەکانی ڕابردوو، لەچوارچێوەی قسەکردنمان دەربارەی دووبارە بنیاتنانەوەی هزری ئیسلامی، جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە بریتییە لە دووبارە بنیاتنانەوەی بەرنامەیی بیرکردنەوە لە شەریعەت، ئەوەش لە پێودانگی چەندین پێشەکی نوێ‌و (مەبەستی) هاوچەرخ. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە بریتییە لە نوێکردنەوەیەکی ئەوتۆ کە نەك تەنها لە دەستپێکردنی



کۆششکاری لە لقەکانەوە دەرهاتبێ، بەڵکو لە دووبارە (بە ڕەسەنکردنەوە هەڵقولاّبێ... )

دووبارە (بە ڕەسەنکردنەوەی بنەڕەتەکان).... ئەوە پرۆژەیەکی ئیمام (الشاطبي) شەریعەتزانی مالکی مەزهەب‌و خەڵکی ئەندەلوس بوو، کە لە ساڵی (٧٩٠ك) کۆچی دوایی کردووەو خاوەنی کتێبی (الموافقات)ە، ئەو کتێبەی کە تیایدا (الشاطبي) هەوڵیدا، بەرنامەیی بیرکردنەوەی ئوسولی لەسەر بنەڕەتی ڕەچاوکردنی (مەبەستەکان)، مەبەستەکانی شەرع دووبارە بنیات بنێتەوە، دوای ئەوەی کە ئەو (مێتۆدەی) بیرکردنەوە هەر لەکاتی (شافیعی)یەوە لەسەر (خستنەگەڕی یان وەبەرهێنانی بێژەکان)و (هەڵێنجانی هۆکارەکان)و پشتبەستن بە پێوانەکردن مابووەوە، ئەگەر بیرۆکەی ڕەچاوکردنی مەبەستەکان، بەقەد خودی یاسای ئایینی ئیسلامی کۆن بێت، ئەوا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو کەسەدا هەیە کە بیرکردنەوەو کۆششکاری خۆی لەسەر پێوانەکردن دادەمەزرێنێ، پێوانەکردنی لق لەسەر بنەڕەتدا بۆ کەسێك کە هەردووکیان (لق‌و بنەڕەت) پێکەوە کۆدەکاتەوەو ناوی لێدەنێ (هۆ)، دوای ئەوەش سەیری مەبەستی شەرع یان بەرژەوەندی ناکات، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە نەتوانێ (هۆ) بدۆزێتەوە، ئەوکاتە بەرژەوەندی دەبێتە هۆیەکی لەبار (هەروەك چۆن-غەزالی-ئەو کارەی کردووە) جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەوەی ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەرو لەنێوان ئەو کەسەدا هەیە، کە بنەڕەتی بیرکردنەوەو کۆششکاری خۆی لەسەر بایەخدان بە مەبەستەکان دادەمەزرێنێ‌و (ئەوانی دیکەش)، لەوانەش هۆکارەکان‌و وەبەرهێنانی بێژەکان...هتد، دەکاتە چەند توخمێکی یارمەتیدەر.

بەڵێ، لە کۆتایی شیکردنەوەکەماندا، دەستپێکەکە هەر ئەو دەستپێکەیە کە لەو بیرۆکەیە دەرچووەو دەڵێ: حوکمە شەرعییەکان، واتە ئەو فەرمانپێکردن‌و قەدەغەکراوانەی لە کتێب‌و سوننەتدا هاتوون، چەند حوکمێکی بێ مانا و بێ هۆ

نین، بەڵکو حوکمی بەجێن‌و حیکمەتیان تێدایە. مادامەکیش یاسادانەر لەزۆربەی حوکمەکاندا بە دەقێکی ئاشکراو راشکاوانە بەجێیەتی‌و حیکمەتی دیار نەکردووە (بۆ نموونە لەسەر هۆی حەرامکردنی مەی‌و هۆی بەتاوانکردنی داوێنپیسی-زینا-دەقی نەهێناوەتەوە)، هەروەها مادامەکی ئەو حوکمانەی لەکتێب‌و سوننەتدا هاتوون هەموو ئەو بەشە بچووکەو کارەسات‌و حالەتانە بەتەواوی ناگرنەوە کە بەهۆی گەشەسەندن دەردەکەون. پراکتیزەکردنی شەریعەتیش ئەوە لە کۆششکار دەخوازێ کە چەند بنەڕەتێك دابنێ‌و لەو کرداری جێبەجێکردنەدا (پراکتیزەکردنەدا) پشتییان پێ ببەستێ، ئەو بنەڕەتانەی کە ئەرکیان دامەزراندنی بەجێبەتی ئەو حوکمانە بێ کە کۆششکار دەربارەی کارەسات‌و پێشهاتەکان دەریان دەکات. شتێکی ئاشکراشە کە ئەو بەجێیەتییەی لێرەدا مەبەستە تەنها بەجێیەتییەکی رووت نییە-چونکە ئەمە کاری ئەو یاسایەیە کە مرۆڤ دایدەنێ-بەڵکو پێویستەو دەبێ ئەو بەجێیەتییە لەسەر ئەو شتانە بنیاتنرابێ کە ئەو حوکمە شەرعییانەی لەکتێب‌و سوننەتدا هاتوون، دادەنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمەی دوایی (سوننەت)، هەروەك گوتمان، بە زۆری بە دەق ئاماژەی پێنەکراوە،بۆیە کۆششکار هیچ چارەیەکی نییە دەبێ کار لەپێناوی بنیاتنانی‌و بەرەسەنکردنی بکات: چەند بنەڕەت‌و پێشەکییەکی بۆ دابنێ تاکو لەکاتی پێویستی بۆی بگەڕێنەوە. لێرەشدا هەردوو رێگا لێکدی جیاواز دەبنەوە: ئەو رێگایەی پشت بە پێوانەکردن‌و هۆ دۆزینەوەو بەدەستهێنانی بێژەکان دەکات، هەروەها ئەو رێگایەی کە داوای ئەوە دەکات مەبەستەکان بە بنەڕەت‌و دەستپێك دابندرێن.

رێگای یەکەم، هەر حوکمێك بە تەنها شی دەکاتەوەو لەو هۆیە گومانلێکراوە دەکۆڵێتەوە کەلەوانەیە یاسادانەری ئایینی لە دەرچوونیدا نرخی دابیتێ، پاشان کار لەپێناوی لادانی ئەو هۆیە دەکات، واتە کار بۆ ئەوە دەکات کە ئەو حوکمە لەسەر هەر حاڵەتێك، ئەو هۆیەی تێدا بێت، بڵاو بکاتەوە. نموونەی دیارو سادەش لەو شوێنەدا، نموونەی حەرامکردنی مەیە، بەڵام هۆی ئەم حەرامکردنە روون ناکاتەوە، کەچی کۆششکار دێت‌و مەعقولییەتی ئەو حەرامکردنە لەسەر ئەو هۆیە بنیات دەنێ کە



لەوانەیەو وا مەزەندە دەکرێ ئەو هۆیە بێ کە حوکمی پێ سپێردراوەو ئەویش (سەرخۆشبوونە)-واتە سەرخۆشبوون هۆش دەبات‌و ئەرکی لەسەرشان ناهێڵێ-پاشان حوکمەکە دەکرێتە گشتی، واتە شەراب‌و ئەوانی وەك ئەو لەبەر هەمان هۆ، هۆی سەرخۆشبوون، حەرام دەکرێن، ئەوەش بریتییە لەپێوانەکردن: پێوانەکردنی شەراب، کە لقێکە لە مەی‌و مەییش بنەڕەتەکەیە (چونکە دەقی پێهاتووە). ئەم رێگایەش سادەو کارسازییە، واتە بەسوودەو ئەنجامدانیشی ئاسانە، بەڵام تەنها لەو کاتەی کارەکە بە بەشە بچووکەکانی هەمان جۆر پەیوەست دەبێ‌و حوکمیش دەربارەی یەکێکیان دەرچووە. بەڵام کاتێ کە دەکەوینە بەردەم چەندین بەشی بچووکی کە لەهەمان جۆر نینە، یان دەکەوینە بەردەم چەندین پێشهاتەی کە لە یەکێك لەوانە هیچ حوکمێکیان دەستناکەوێ، بۆیە پرۆسەکە دەئاڵۆزێ‌و (هۆ دۆزینەوە)ش ناخۆش‌و لاواز دەبێ‌و لەوانەشە وا لە کۆششکار بکات لە کۆششەکە بوەستێ‌و دەستبکات بەلاساییکردنەوە، چونکە ئەو بازنەیەی تیایدا دەسوورێتەوە، بازنەی هۆدۆزینەوەو پێوانەکردن‌و بە دەستهێنانی بێژەکان، بازنەیەکی تەسکەو رێگە بەوە نادات کە کۆششکاری بەبێ پچڕان بەردەوام بێت.

کەچی رێگای دووەم، پێشنیاری ئەوە دەکات کە لە مەبەستەکانەوە دەستپێبکرێ، مەبەستەکانی شەرع لە پرۆسەی دانانی بەجێیەتی حوکمەکان (معقولیە الاحکام)، ئەوەش ئەو پرۆسەیەیە کە بەبێ ئەو ناتواندرێ شەریعەت نە لەسەر پێشهاتەکان‌و نە لەسەر بارودۆخە جیاجیاو هەمەجۆرەکاندا پراکتیزە بکرێ.

مادامەکیش مەبەستی یەکەم‌و کۆتایی یاسادانەر بەرژەوەندی خەڵك بێ (اللہ غني عن العاملين)، کەواتە رەچاوکردنی بەرژەوەندی بەجێیەتی حوکمە شەرعییەکان دابین دەکات‌و دواتریش هەر خۆی بنەڕەتی هەموو بنەڕەتەکانە. ئاشکراشە ئەو رێگایە لەناو بازنەیەکی فراوان‌و بێ سنوور دەخولێتەوە، کە ئەویش بازنەی بەرژەوەندییە، دواتریش ئەم رێگایە وا دەکات کۆششکاری لە هەموو حالەتێکدا بکرێ.

بۆ روونکردنەوەی سنووردارییەتی ڕێگای یەکەمو، سنوور دیارنەبوونی ڕێگای دووەم، بەسە لێرەدا ئەوە بڵێین، خاوەنی ڕێگای یەکەم، کە بەدوای (هۆ)ی حوکمدا دەگەڕێ، بایەخ بەوە دەدات کە بە مەزەندەی خۆی دەتوانێ بیدۆزێتەوە، ئەویش ئەو (هۆ)یەیە کە یاسادانەر لە حوکمەکەیدا ڕەچاوی کردووە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش دەڵێین (ئەگەرچی قسەکەش شیاو نییە): کۆششکار لەو حاڵەتەدا وا سەیری یاسادانەر (خوا) دەکات، وەك بڵێی سەیری دادوەرێکی مرۆڤ دەکات، هەوڵدەدات نیازەکانی بزانێ کە: بۆچی ئەو حوکمەی داوەو ئەوەی نەداوە...

زانینی نیازەکانیش پرۆسەیەکە پشت بە خەملاندنو گومان دەبەستێو بەهیچ شێوەیەك جێگای متمانە نییەو، سنووری ئەو گومانە بەهێزەش کە ڕێگا بەوە دەدات کارێك لەکارێکی دیکە بە پەسەندتر بزانێت، یەکجار تەنگە... کەچی خاوەنی ڕێگای دووەم، لە بنەڕەتدا لە پێشەکییەکی بەجێ دەستپێدەکات کە بریتییە لەوەی، (هۆ)یەکی سەرەتایی هەموو حوکمە شەرعییەکان دێنێتە کایەوەو پێویستیشە پرۆسەی پراکتیزەکردنی شەریعەت لە هەموو کاتو شوێنێکدا بێتە کایەوە، کە ئەویش ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتییە.

دوای ئەم بنەما سەرەکییە گشتییەش ئەوە دەمێنێتەوە کە بەرژەوەندی لە هەموو ئەو پەیامانەی لە ئاسمان دێنە خوارەوەو هەروەها لە هەموو حوکمێك دەستنیشان بکرێ، ئەمەش شتێکی ئاسانە چونکە گۆڕەپان لێرەدا گۆڕەپانی مرۆڤە، گۆڕەپانی ژیانێکی دیاریکراوە، نەك گۆڕەپانی ئەو (نیازانەی) خاوەنەکەی خۆیان نەبێ کەسی دیکە هیچ دەربارەی ڕاستییەکەیان نازانێ. ئەمەو بێجگە لەوەی کە ئەو ڕێگایە بە بەردەوامی دەرگا لەبەردەم تازەگەریو کۆششکاری دەکاتەوە، چونکە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکان بە پێشکەوتنی بەرژەوەندییەکانو پێشکەوتنی ڕەوشەکانو جیاوازی بارودۆخەکان، گەشە دەکات. لێرەدا جیاوازییەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێگای پێوانەکردنو هۆ دۆزینەوە، خاوەنەکەی بۆ زمانو بێژە (واتە دەقی حوکم) رادەکێشێ، بۆیە زمان هاوبەشی لە دانانی یاسا دەکات. ئەوەش لەبەر ئەوەی (دۆزینەوەی) هۆ، زۆر



کات، بەجۆرێك لە جۆرەکانی ئەو پەیوەندییە پابەندە کە کۆششکار لەنێوان بێژەو واتادا گرێی دەدا: بۆ نموونە ئەگەر دەق مەی قەدەغە (حەرام) کرد، ئەوا ڕێگای (هۆدۆزینەوە)و (پێوانەکردن) خاوەنەکەی بۆ ئەوە رادەکێشێ کە واتای (مەی) لە زمانی عەرەبی سەردەمی پێغەمبەر دیار بکاتو بڕوانێتە چۆنیەتی داڕشتنی ئەو فەرمانەی دەربارەی دەرچووە کەشەویش (لێی دوور بکەنەوە)یە، ئایا ئەمە فەرمانێکی سەپێنراوە (ملزم)ە یان ناسەپێنراو (غير ملزم)ە ((لەکتێبو سوننەتدا چەند شێوە داڕشتنێکی ناسەپێنراو (غير ملزم) هەیە، یان بەلایەنی کەمەوە لە ڕووی ئایینییەوە هێزی یاساییان نییە وەك: بڵاو بنەوە... بخۆنو بخۆنەوە... هتد))، هەروەها لەسەر کۆششکار پێویستە بە دوای مەسەلەیەکدا بچێتو یەکلای بکاتەوە کە یەکلاکردنەوەو بەدواداچوونی سەختە، ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە، ئایا مەبەست لەبێژە، شتە تایبەتییەکانە، واتە ئایا بۆ حاڵەتێکی تایبەتی یاسا دادەنێو لێی تێناپەڕێنێ، یان مەبەستی لێی شتە گشتییەکانە، لەوانەشە بە پێچەوانەبێ... یەکلاکردنەوەی ئەو مەسەلە سەختانەش پشت بە گومان دەبەستێ نەك بە یەقین، بۆیەش ئەو زانستی شەریعەتەی (فیقهەی) لەسەر ئەو ڕێگایە بنیات دەنرا بە تەواوی گوماناوی بوو. بۆ دەرچوونیش لەو حاڵەتەی (گومانکردنە)و لەپێناوی بنیاتنانی حوکمەکان لەسەر (بڕاندنەوە-القطع) کە ئەوە لە شەرعەکاندا لەگەڵ یەقینی کارە هۆشییەکاندا هاوسەنگە- تاکە ڕێگا ئەوەیە کە مەبەستەکانو هەروەها بەرژەوەندییەکان وەك بنەڕەتێکی دانانی یاسا دابنێین. ئەوەش لەبەر ئەوەی لەو حاڵەتەدا کۆششکار بیری خۆی، نەك بۆ بێژە (ڕاستی، خواستن، تایبەتییەکان، گشتییەکان..)، بەڵکو بۆ (هۆیەکانی هاتنە خوارەوە) ئاراستە دەکات، ئەمەش دەرگایەکی گەورەو فراوانەو بوار بەوە دەدا کە بەجێیەتی (المعقولية) بەشێوەیەکی ئەوتۆ بخاتە سەر حوکمەکان وا لە کۆششکاری بکات لەپراکتیزەکردنیداو هەروەها لە هەمەچەشنی پراکتیزەکردندا، سەرباری جیاوازی حاڵەتەکانو گۆڕانی بارودۆخەکان، کارێکی ئاسان بێت.

لێرەشدا کارەکە بە نموونە (دەست بڕینی دز) روون دەکەینەوە کە حوکمێکە لە قورئانی پیرۆز به راشکاوی دەقی پێهاتووە، بەڵام چۆن بە مەعقولی ئەو حوکمە بنیات دەنێین؟ رێگای یەکەم، کە پشت بە پێوانو سەوداگەریو بەدەستهێنانی بێژەکان دەبەستێ، سەبارەت بە بنیاتنانی بەجێیەتی ئەو حوکمە بە تەواوی دەستەوەستانە، بۆیەش هیچ رێگایەك لەبەردەمیدا نییە تەنها ئەوەنەبێ کە بڵێ قەدەغەکردنی (حەرامکردنی) دزیی رەچاوی بەرژەوەندی تێداکراوە (کە پاراستنی دارایییەکانە)، کەواتە ئەم رێگایە پەنا دەباتە بەر بەرژەوەندیو مەبەستەکان تاکو بیانکاتە (هۆی حوکمکردن).

بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە (هۆ) بدۆزێتەوە، بۆیە لەو رادەیەدا دەوەستێ: پاراستنی دارایییەکان پێویستییەکە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، کەواتە لەپێناوی بەرژەوەندیدا دزیی حەرام دەکرێ... بەڵام ئەگەر یەکێك پرسی: بۆچی سنووری دزیی بە (دەست بڕینی دز)ەوە هاتووە، واتە بۆچی ئەوەی دزیی بکات دەستی دەبڕدرێ، بەند یان قامچی خواردی (جلد) ناکرێ؟

خاوەنانی ئەم رێگایە-رێگای پێوانو هۆدۆزینەوە-وەڵامی ئەم پرسیارەیان لا نییە، ئەگەر هەوڵیشیاندا لەناو چەندین گریمانەدا ون دەبن کە لەوانەیە بۆ چەندین بەگژیەکداهاتنو بۆ بە تەواوی هەڵوەشاندنەوەی بەجێیەتییان رابکێشێ. لەوانەش بۆ نموونە (بڕینی دەست) لەوانەیە بەوە هۆی بۆ بهێنرێتەوە کە دزییەکە بەو دەستە ئەنجامدراوە، بۆیە پێویستە ببڕێ. لەبەر ئەوەی ئەم رێگایە پشت بە پێوانەکردن دەبەستێ، بۆیە لەوانەیە بەرپەرچدەرەوەیەك (ناقایلێك) بەوە قایل نەبێو بڵێ: ئەی بۆچی سنووری داوێنپیسی (زینا) بڕینی ئەو ئەندامە نییە کە کارەکەی پێ ئەنجامدراوە، یان بەلایەنی کەمەوە بۆچی ناخەسێندرێ، وەك (پێوانەکردنێك) لەسەر سنووردانانی دزیی؟ ئا بەمجۆرە خاوەنی پێوانەکردن دەچێتە ناو جیهانی گریمانەو بەگژیەکداهاتنو زیاترو زیاتر لە بەجێیەتی (المعقولیة) حوکمە شەرعییەکان دوور دەکەوێتەوە.



کەچی رێگای دووەم، ناکەوێتە ناو ئەو کونو قوژبنانە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا لە مەبەستەکانەوە هەڵدەقوڵێ، واتە لەوەوە هەڵدەهێنجرێ کە حوکم لە ناوەڕاستی هەر بارێکدا دەبێ هەم پاساوو هەم بەجێ بێت. ئا بەمجۆرە ئەگەر لە دەسەڵاتی پێوانەکردنو لە بەدواکەوتنی بێژەکان رزگاربووینو لەجیاتی ئەوە بەدوای (هۆیەکانی هاتنەخوارەوە)دا گەڕاینو بایەخمان پێدا، ئەوا دەبینین کە (بڕینی دەستی دز) تەگبیرێکی بە پاساوو بەجێیە لەو بارودۆخەدا. ئا بەمجۆرە بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری موسڵمانان (محەمەد)و، بە سەیرکردنی حوکمە شەرعییەکان لە چوارچێوەی ئەو رەوشەی ئەوکاتە باوبوو، دەگەینە ئەو هەلومەرجانەی خوارەوە:

یەکەم، دەست بڕینی دز پێش ئیسلام لە دوورگەی عەرەبدا کاری پێکراوە.

دووەم، لە کۆمەڵگەیەکی کۆچەریی کە خەڵکەکەی، خۆیانو رەشماڵو حوشترەکانیان، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەیانگواستەوەو بەدوای لەوەڕدا دەگەڕان، بەهیچ شێوەیەك نەدەکرا دزیکەر بەند بکەن، چونکە نە بەندیخانەو نەدیوارو نە دەسەڵاتێك هەبوو پاسەوانی بەندکراو بکاتو خواردەمەنیو پۆشاکی پێویستی بداتێ... کەواتە تاکە رێگا ئەوە بوو کە سزای جەستەیی بدەن. مادامەکیش بڵاوبوونەوەی دزیی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە مسۆگەری دەبێتە هۆی تێکدانی قەوارەی ئەم کۆمەڵگایە، چونکە نەسنوورو نە دیوارو نە گەنجینەکان هەنە... بۆیە پێویستی بەوە دەکرد سزای جەستەیی دوو ئامانج بگەیەنێ: توانای دووبارەکردنەوەی دزین هەتا هەتایێ نەهێڵێو نیشانەیەك لەسەر دزیکەر دابنێ بۆ ئەوەی خەڵك بیناسنو خۆی لێ بپارێزن.

بێگومان بڕینی دەست ئەم دوو ئامانجەی پێکەوە بە دەستدەهێنا. کەواتە بڕینی دەستی دز لە کۆمەڵگایەکی کۆچەریی بیابان گەڕ خەڵکەکەی لەسەر بارخستنو بارکردن بژین، تەگبیرکارییەکی بە تەواوی بەجێیە.

کاتێ کە ئیسلامیش هات، کە باری ئاوەدانیو کۆمەڵایەتی سەردەمی پەیامی پێغەمبەر لەگەڵ پێشەخۆی جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، کۆمەڵێ لەو دابو نەریتانەی هێشتەوە کە

له کۆمەڵگای عەرەبی پێش ئیسلامدا باو بوون، که یەکێك لەوانەش سزای دەست بڕین بوو وەك سنووردانانێك بۆ دزین، بەڵام لە چوارچێوەی رەوشتی ئیسلامی دانا، ئەو رەوشتەی وا لە تەگبیرکاری دەکات ببێتە حوکمێکی شەرعی نەك تەنها داب‌و نەریت (هەروەك ئەمەش دەتواندرێ سەبارەت بەو مەرجانە بگوترێ کە یاسازانەکان لە ئیسپاتکردنی کرداری داوێنپیسی (زینا) بە مەرجیان داناون. چونکە ئەو هەموو مەرجانەی دایانناون لەوانەیە لەو کۆمەڵگەیەدا هەبن کە هەموو شتێك تیایدا بیابان بێ، بێ دیوارو بێ پەرژین‌و بێ ژوور بێت، دواتریش شایەت (بینەر) دەتوانێ بە تەواوی کردارەکە ببینێ. ئایا رەوایە یان بەجێیە ئەو مەرجانەی پێشتر لە بارودۆخێکی وەك ئێستای شاری هاوچەرخ بە مەرج دابندرێن؟ ئەگەر هەمان مەرجەکانی پێشتر بە مەرج داندران ئەوا بێگومان قەت‌و قەت تاوانەکە ئیسپات ناکرێ).

بنیاتنانی بەجێیەتی (معقولیة) حوکمی شەرعی لەسەر (هۆیەکانی هاتنەخوارەوە-اسباب النزول) لە چوارچێوەی رەچاوکردنی بەرژەوەندی رێگە بۆ بنیاتنانی بە جێیەتییەکی دیکە خۆشدەکات کاتێ کە کارەکە بە (هۆیەکانی هاتنەخوارەوە)ی دیکە پەیوەست دەبێ، واتە بە چەند بارودۆخێکی نوێ پەیوەست دەبێ. بەهۆی ئەمەشەوە زانستی شەریعەت (فیقه) ژیانی دەکەوێتە بەرو کۆششکاریش گیانی نوێ دەبێتەوەو شەریعەتیش وای لێدێ لەگەڵ رەوتی پێشکەوتندا بڕواو لە هەموو سەردەم‌و شوێنێکیشدا جێبەجێ بکرێ.

ئەوەی لەمەوپێش باسمانکرد پرسێکی بنەڕەتی گرنگ دەخاتە گۆڕێ، پرسی (مەسەلەی): ئایا حوکمی شەرعی لەگەڵ (هۆ) یان لەگەڵ حوکم‌و بەرژەوەندی دەسووڕێ؟ ئەمە لە تۆژینەوەی دادێت تەوەری گفتوگۆمان دەبێت.

**٧- حوکمەکان‌و... سووڕانەوە:**

سووڕانەوەی حوکمەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکان خۆی دەسەپێنێ مادامەکی دەبینین کە بەرژەوەندی خۆی بنچینەی یاسادانانە، پاشانیش کۆششکاری پێویستە بۆ ئەوە بێ کە



مۆرکی میکانیکی لە چەمکی (سووڕانەوە) لابەرێت‌و هەوڵبدات بیرۆکەی بەرژەوەندی بگەیەنێتە ئاستی ئەو بەرژەوەندییە گشتییە راستەقینەیەی لە روانگەی رەوشتی ئیسلامدا هەیە.

بەم دواییە لەمیسر، بەهۆی فەتوایەکی قازی (موفتی) وڵاتی میسر، مشتومڕێکی زۆر وروژێندرا، کە لەو فەتوایەیدا حوکمی بە رەوایی سەبارەت بەو قازانجانە دابوو کە دەکەونە سەر هەندێ لەو سەوداگەرییە داراییانەی لە جۆری بڕوانامەکانی وەبەرهەمهێنان‌و قەواڵە (سەنەدە) بانکییەکانن، لەو حوکمەشیدا، یان لەو فەتوایەشیدا، پشتی بەوە بەستبوو کەوا ئەمجۆرە سەوداگەرییانە چەوساندنەوەیان تێدا نییە. ئەوەی ئاشکراشە کە حیکمەتی حەرامکردنی سوو(ریبا) ئەوەیە کە چەوساندنەوە نەمێنێ. یەکێکیش لەو کۆمەڵە رەتدانەوانەی بوارم بۆ رەخساوە سەیری بکەم‌و لێی ئاگادار بم، رەتدانەوەی یەکێك لە یاسازانانی میسرە، لەوانەی لە چوارچێوەی بۆچوونی ئیسلامی پۆلێن دەکرێن، کە پسپۆڕەو دەستێکی باڵای لە گۆڕەپانەکەدا هەیە، ئەم پیاوە بەهۆی چەندین بەڵگەوە بەرپەرچی فەتوای ناوبراوی داوەتەوە لەو بەڵگانەش ئەوەیە کە حوکمە شەرعییەکان لەگەڵ هۆیەکانیاندا دەسووڕێنەوە نەك لەگەڵ حیکمەتەکانیان.

لە زاراوەی شەریعەتزانانیشدا جیاوازی لەنێوان هۆو حیکمەت ئەوەیە، هۆ باسی ئەو شتە دەکات کە حوکمی پێ دەرچووە، بەو باسکردنەش بوونی حوکم دەزاندرێ. چونکە بە سەرخۆشی باسی مەی دەکات‌و بەهۆی ئەو سەرخۆشییە حەرامکردنی دەزاندرێ، کەواتە ئەوەیە هۆی حەرامکردنی، ئەو زیادەیەش یان (سوود)ەش کە لە سوو (ریبا)دا هەیە، ئەو باسکردنەیە (وەسفەیە) کە بەهۆیەوە ئەمجۆرە فرۆشتنانە حەرام دەکرێن، بۆیە ئەوە هۆی حەرامکردنە، هەروەها گەشتکردن‌و نەخۆشکەوتنیش هۆی رێگەدانن بە رۆژوو شکاندن لە رەمەزاندا...هتد، کەچی سەبارەت بە (پەندیاری-حیکمەت) ئەوە پاڵنەرێکە بۆ حوکمدان، کە بریتییە یان لە وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەك، یان لابردنی شتێکی خراپ: پەندیاری (حیکمەت) لە حەرامکردنی مەی بۆ ئەوەیە زیانی رۆیشتنی هۆش، بەهۆی سەرخۆشییەوە، لابردرێ، حیکمەتیش لە حەرامکردنی سوو (ریبا) ئەوەیە زیانی

چەوساندنەوە لابردرێ، حیکمەتیش لە ڕێگادان بە نەخۆش بە ڕۆژوو شکاندن لە ڕەزامەزاندا ئەوەیە خراپەی ناخۆشیو هیلاکی لەسەر لابردرێ... ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە لابردنی خراپەو زیان خۆی لەخۆیدا بەرژەوەندییە، کەواتە حیکمەت بریتییە لەو بەرژەوەندییەی کە لەکاتی دەرچوواندنی هەر حوکمێکدا ڕەچاوکراوە.

شەریعەتزانانیش، بەگشتی، بڕیاری ئەوە دەدەن کە حوکمی شەرعی لەگەڵ هۆیەکەیدا دەسووڕێتەوە، نەك لەگەڵ حیکمەتەکەی، ئەوەش بەهەنجەتی ئەوەی لەوانەیە (حیکمەت) شاراوە بێتو دیار نەبێت، کەچی (هۆ) یەکێك لە مەرجەکانی ئەوەیە بریتییە لە باسێکی (وەسفێکی) دیاری کۆنترۆڵکراو، کەچی لەوانەیە حیکمەت کارێك بێت بگەڕێتەوە بۆ خەملاندنی خەڵك، دیاریشە خەڵك لە خەملاندنی بەرژەوەندییەکاندا جیاوازن. حیکمەتیش لە ڕۆژوو شکاندنی گەشتیارو نەخۆش لە ڕەمەزاندا، هەروەك گوتمان، ئەوەیە ناخۆشیو هیلاکی لەسەر لابچێت، ئەگەر وامان لە حوکمەکە کرد لەگەڵ ناخۆشییەکەدا، بەبوونیو بە نەبوونی، بسووڕێت ئەوا دەربارەی خەمڵاندنی قەوارەی ئەو ناخۆشییەی دەکرێ ڕۆژووی تێدا بشکێندرێ یان تێیدا نەشکێندرێ تووشی بیروڕای زۆر جیاواز دەبینەوە، لەوانەشە وامان لێبکات لە ناخۆشی دیکەش، نەك هەر ئەوەی بەهۆی گەشتیاریو نەخۆشی تووشمان دەبێت، ڕێگا بە ڕۆژوو شکاندن بدەین، هەروەك ناخۆشی کارکردن لە کارگەکانو هی دیکەش. لە پێناو خۆلادان لەو هەموو شتانەش گوتوویانە، حوکم لەگەڵ هۆیەکەیدا دەسووڕێت، نەك لەگەڵ حیکمەتەکەی، چونکە هۆ، هەروەك گوتمان- بە زاراوەی ئەوان- بریتییە لە باسکردنێکی دیاری کۆنترۆڵکراو کە حوکمی لەسەر بنیات دەنرێو پێوەی دەبەسترێتەوەو لەگەڵ حیکمەتەکەشی دەگونجێ.

بێگومان ئەوجۆرە ڕێ بەدیکردنو بەڵگەهێنانەوەیە، لەچوارچێوەی سیستەمێکی زانستییانەی بەڵگەداری بنیاتنراو لەسەر ئەو بنەما بنەڕەتییانەی یاسازانە کۆنەکان دایانناون، بە تەواوی پاساوی خۆی هەیەو زۆر بەجێشە، لەوانەش بنەماکانی تایبەت بەهۆ دۆزینەوەو پێوانەکردنو سووڕانەوەو هی دیکە لەمجۆرە، بەڵام ئەو بنەما بنەڕەتییانە نە دەقی شەرعییان پێهاتووەو نە لە کتێبو سوننەدا هاتوون، بەڵکو ئوسولییەکان



دایانناون، ئەوانە بنەمای بیرکردنەوەن، بنەمای بەرنامەیین، هیچ شتێکیش نابێتە بەربەستی ئەوەی کە چەند بنەمایەکی بەرنامەیی دیکە پشتیان پێ ببەسترێ ئەگەر ببنە هۆی وەدەستهێنانی حیکمەت لە یاسادانانداندا لەسەردەمێکی دیاریکراوو بە ڕێگایەکی باشتر.

کۆششکارەکانیش بۆیە کۆششکارن چونکە لە خەڵکی دیکە بەوە جیادەکرێنەوە کە چەندین بنەڕەتو بنەما دادەنێنو پێیان پابەند دەبن، ئەوانەش (بنەڕەتو بنەماکان) لە کۆششکارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازیان هەیە. مەزهەبە فیقهییەکانیش (حەنەفیو شافیعیو مالکیو حەنبەلیو زاهیریو هی دیکەش) هەر یەکەیان لەوی دیکەیان بەوە جیاوازی هەیە کە هەر یەکێك لەوانە پشت بە چەند بنەمایەکی بەرنامەیی دەبەستێ کە بەلایەنی کەمەوە لە هەندێ ڕووەوە جیاوازی لەگەڵ مەزهەبەکانی دیکە هەیە. مەزهەبی وایان هەیە پشت بە هۆدۆزینەوە دەبەستێ کەچی هی دیکەیان هەیە ڕەتی دەکاتەوە، هی واشیان تێدایە کار بە پێوانەکردن دەکات، هی دیکەیان نکۆڵی لێ دەکات، مەزهەبی واش هەیە سووڕانەی حوکمەکان لەگەڵ هۆیەکانی باس دەکات، کەچی هی وایان هەیە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە باسی سووڕانەوە بکات (لەوانەش مەزهەبی حەنەفی)، هی واش هەیە دەڵێ سووڕانەوە دەبێتە هۆی یەقین (موعتەزیلەکان)، هی وایان هەیە دەڵێ گومان سوودی هەیە (ئەشعەرییەکان بەگشتی)، هەندێکی دیکە وا سەیر دەکەن کە سووڕانەوە مەرجێکە لە ڕاستو دروستی هۆ، بەڵام بەڵگەی ڕاستی هۆ نییە...هتد.

کەواتە ئەو قسەیەی دەڵێ، حوکمەکان لەگەڵ هۆیەکانیاندا دەسووڕێنەوە، نەك لەگەڵ حیکمەتەکانیان، قەسەیەکی بێ مانایە تەنها لای ئەوە نەبێ کە باسی هۆکارییو سووڕانەوە دەکاتو بڕوای پێ هەیە، کەچی ئەوەی نە بڕوای بەوەو نە بەوی دیکە هەیە ئەوا ئەو قسەیە پابەندی ناکات. ئێمەش لێرەدا کاتێ کە ئەو مەسەلەیە لەچوارچێوەی بانگەشەکردن بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی بنەڕەتەکان، بۆ دووبارە بە ڕەسەنکردنەوەیان، دەخەینە ڕوو، ئەوا دەمانەوێ بیری ئەو کۆششکارانەی بەڕاستی ئارەزووی کۆششکارییان هەیەو بەڕاستیش هەست بە بەردەوامبوونی ئەم کۆششکارییە دەکەن، بەرەو خودی ئەو

بنەما بنەڕەتییانە، بەرەو بنیاتنانەوەیان ئاراستە بکەین، ئەوەش بە ئامانجی دەرهێنانی پڕۆگرامێکی نوێی ئەوتۆ کە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی وەدەستهاتووە بڕوات، چ ئەوەش لە ئاستی پڕۆگرام‌و ڕێگاکانی بیرکردنەوەو ڕێبەدێیی، یان لە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئەو سەوداگەرییانەی تێیدا ئەنجام دەدرێن‌و پێشهاتەو پێویستییەکانی سەردەم دەیانسەپێنن.

ئەو بنەما بنەڕەتیانەی تا ئێستا زانستی شەریعەتی (فیقهی ئیسلامی) لەسەر بنیات دەنرێ بۆ سەردەمی تۆمارکردن، سەردەمی عەباسی یەکەم دەگەڕێنەوە، زۆریشیان بۆ دوای ئەم سەردەمە دەگەڕێنەوە.

کەچی پێش ئەم سەردەمی تۆمارکردنە، چەند بنەمایەکی داڕێژراوی ئەوتۆ نەبوو بۆ ئەوەی بیری کۆششکاری ڕێکبخاو بیخاتە ناو چوارچێوەیەك، هەروەك دوای ئەمە ڕوویدا. ئەو شەریعەتزانانەش کە ئەو بنەمایانەیان دانا ئەوا ئەو کارە کۆششکارییەی خۆیان لەو سیستەمە زانستییە هەڵێنجا کە ئەوکات باو بوو هەروەها لەو پێویستی‌و بەرژەوەندییانەیان هەڵێنجا کە ئەوکات خۆیان دەسەپاند.

مادامەکیش سەردەمی ئێمە جیاوازی لەگەڵ سەردەمی تۆمارکردن، چ لەسەر ئاستی پڕۆگرامەکان یان بەرژەوەندییەکان هەیە، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەم جیاوازییە بکرێ‌و کاریش لەپێناوی ئەو شتانە بکرێ کە سەردەمی ئەمڕۆمان دەیخاتە ڕووو دەیسەپێنێ.

ئەگەر عومەری کوڕی خەتاب، بەکۆششکارییەکەی خۆی‌و کۆششکاری ئەو یاوەرانەی (الصحابە) کە ڕاوێژی پێدەکردن، سەبارەت بە مەسەلەیەك دەقی تێدا هاتبێ کاری کردبێ کە دەقی تێدا هاتبێ‌و باجی لەسەر زەوی‌و زارە کراوەکان بە زۆر دانابێ لە جیاتی ئەوەی بەسەر جەنگاوەرانیان دابەش بکات، لەوەش ڕەچاوی بەرژەوەندی کردبێ، بەرژەوەندی ئێستاو ئایندە، هەروەها ئەگەر لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەستکەوتەکانی جەنگ پەشیمان بووبێتەوە، هەروەك چۆن پێغەمبەرو ئەبو بەکر دادپەروەرانە دابەشیان دەکردو ئەوەی بە چاك زانیبێ کە (دادپەروەری) ئەوە دەخوازێ کە ئەو دەستکەوتانە لەسەر بنەڕەتی کێ پێشتر هاتۆتە ناو ئیسلام‌و خزمایەتی‌و نزیکی لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) هەیە



دابەش بکرێن. ئەگەر عومەری کوڕی خەتاب-یاسادانەری یەکەمی ئیسلام دوای کتێب‌و سوننەت- بایەخی بە بەرژەوەندی‌و مەبەستەکانی شەرعی دابێ‌و لە سەرووی هەموو بایەخێکی دانا بن، ئەی بۆچی کۆششکارەکانی ئەمڕۆ پەیڕەوی ئەم جۆرە کۆششکاری‌و بیرکردنەوەیە ناکەن لەجیاتی ئەوەی پەیڕەوی شەریعەتزانانی سەردەمی تۆمارکردن‌و نەخشەکێشان بکەن... بۆچی بەرچاوی خۆمان تەنگ بکەینەوەو کۆششکارییەکەمان لە بۆتەی چەند بنەمایەکەوە بەند بکەین کە تەنها بەرژەوەندی‌و مەبەستەکانی ئەوکاتی، چ زۆرو چ کەم، دەهێنایە دی، ئەگەر ئەو بنەمایانە ئەمڕۆ هەمان مەبەست بەتەواوی نەهێننە دی. بەهەر حال ئەم بنەمایانە لەسەر گومانی کۆششکارەوە بنیاتنراون‌و بەدانپیانانی خاوەنەکانیان هیچ جۆرە یەکلایی‌و یەقینییان تێدا نییە. کەچی سووڕانەوەی حوکمەکان، شتێکی ئەوتۆیە خۆی دەسەپێنێ مادامەکی بڕیاری ئەوە دەدەین کە بەرژەوەندی بنەڕەتی یاسادانانە، لەو باوەڕەشدامە ئەو بنەمایە ئەوەیە کە لەلایەن عومەری کوڕی خەتابەوە دەرچووە. کەواتە کۆششکاری نابێ لە ڕازیبوون بەو بنەمایە یان ڕازینەبوون بەوی دیکەبێ، بەڵکو دەبێ ئەو کۆششکارییە مۆرکی میکانیکی چەمکی (سووڕانەوە) لابەرێت‌و لەپێناوی بەرزکردنەوەی بیرۆکەی بەرژەوەندییەکان بۆ ئاستی ئەو بەرژەوەندییە گشتییە ڕاستەقینەیە کار بکات کە لە دیدو بۆچوونی ئیسلامدا دەستنیشانکراوە. بەبێ ئەو جۆرە دەستنیشانکردنەش هەموو (کۆششکارییەك) لەچوارچێوەی بنەما بنەڕەتییە کۆنەکاندا، کۆششکارییەکی لاساییەکەرەوەیە، نەك کۆششکارییەکی نوێخوازی، هەتا ئەگەر فەتوای (نوێ)شی هێنابێ، هەتا ئەگەر (فرت‌و فێڵی فیقهیشی) هێنابێ کە لەلایەن شەریعەتزانانی (فیقهزانانی) کۆن باوبوو. ئەو پێشکەوتنەی لەو سەردەمەی ئێمەدا هەیە تیایدا ئەوجۆرە فرت‌و فێڵانە هەر چۆنێك بن سوود ناگەیەنن، چونکە ئەو پێشکەوتنانە لە ڕووی نیشتمانی‌و نێودەوڵەتییەوە، پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسین، تەنها هزرێکی ئەوتۆ وەریدەگرێ کە کۆششکاری‌و نوێخوازی بۆ ئاستی ئەم پێشکەوتنە بەرز بکاتەوە. بیروبۆچوونی ئیسلامیش لە هزری عەرەبی هاوچەرخدا، ئەوەی لێ داوا دەکرێ کە لە بازنەی ئەو ئاسۆیەدا کاری بنیاتگەری بکات‌و دووبارە بنیاتی بنێتەوە، لەسەر ئەو بنەڕەتەشدا،

ئەگەر بیەوێ لە دروشمی (ئیسلام خۆی چارەسەرە) تێپەڕێنێو بگاتە چەند چارەسەرییەکی کردەنی بۆ ئەو گرفتە کردەنییانەی کە ژیانی هاوچەرخ دەیانخاتە روو، چەند چارەسەرییەکی بە تەواوی ئیسلامی، بەڵام ئەوانیش هاوچەرخ بن.

## ٨- هەموو سەردەمێك پێویستی تایبەتی خۆی هەیە:

ئا بەجۆرە کاتێ لەوە سەرکەوتن بەدەستدێن کە پێویستییەکانی سەردەمان بکەینە بەشێك لە مەبەستەکانی شەریعەتمان، ئەوا ئێمە ئەوکاتە لەوانەیە نەك هەر بۆ کردنەوەی دەرگای کۆششکاری لە واقیعییەکانی سەردەمە نوێو پێشکەوتووەکەمان کارمان کردبێ، بەڵکو لەوانەیە لەپێناو دووبارە گەڕاندنەوەی رەسەنایەتی بنەڕەتەکانی هەمان شەریعەتمان بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەستمان بەکار کردبێ کە وەڵامدانەوەیەکی زیندووو کاریگەر بۆ هەر گۆڕانێك یان هەر رووداوێکی نوێ دەستەبەر دەکات.

هیچ مشتومڕێك لەسەر ئەوە نییە کە دیارترین سیمای ژیانی هاوچەرخ: گۆڕانو گۆڕانکارییە. ئەو گۆڕانکارییانەش کە روویانداوە یان روودەدەن، چ خەڵك بەچاوێکی پێشکەوتنو بەرزبوونەوە بەسەر پلیکانەکانی شارستانییەتو گەشەکردندا سەیریان کرد یان وا سەیریان کرد (گومڕاییەکی) زۆر بەخۆیەوە دەگرێو (بەها مرۆڤایەتییە شکۆمەندەکان) بەرەو دوواوە دەگێڕێتەوە، ئەو واقیعەی دەبێ دانیپیابنێین ئەوەیە پێشهاتەکان لە بوارە جیاجیاکاندا هەموو رۆژێ، بەڵکو هەموو ساتێ، یەك لەدوای یەکدی دێنو تێکدەچڕژێن، ئەو شتەش کە بەسەر خەڵکدا دەسەپێندرێ، (مەبەستم لە خەڵك ئەوانەن کە شارستانینو لەگەڵ رەوتی پێشکەوتن دەڕۆن) ئەوەیە کە بەدوای ئەو یاسایانە یان ئەو شەریعەتانەدا بچن کە بۆ خۆیانیان دادەنێنو بەهۆیانەوە رەفتاری تاکەکەسیو کۆمەڵییان پێ رێکدەخەن. ئێمەش، لەجیهانی عەرەبی ئیسلامییدا، کەلەناو ئەو گۆڕانەی سەردەمی ئەمڕۆماندا و لەناوەندی بۆ ماوەیەکی زیندووی جۆرا و جۆری سەردەمەکانی رابردوودا دەژین، زۆرجار ئەو راستییە فەرامۆش دەکەینو دەپرسین: ئایا



پێویستە چ لە کەلەپوورەکەمان وەربگرینو هەروەها چی لە یاساکانی سەردەمان وەربگرین؟ مەبەستم ئەوەیە، یاسای دەوڵەتان شارستانییەتی سەردەم بنیات دەنێنو شەرعیان بۆ دادەنێن، ئێمەش لەو پرسیار کردنەماندا لەیادمان دەچێ یان لەیاد خۆمان دەبەینەوە کە ئەو گۆڕانە قووڵو فراوانەی دووچاری ژیانمان هاتووە، وای لێکردووین بکەوینە بارودۆخێکی ئەوتۆ، کە بۆ چارەکردنی، پێویستە بە قووڵی بەدوای ئەو پێوەرو بنەما بنەڕەتییانەدا بچینەوە کە پشتیان پێ دەبەستین، نەك تەنها پرسیارکردن یان بیرکردنەوە لەوەی پێویستە لێرە یان لەوێ وەربگرین وەك بڵێی ژیان لەسەر یەك حالەتدا، وەکو پێشان، رەق هەڵگەڕابێ، یان وەك بڵێی رەوتی پێشکەوتن وەستابێو چاوەڕوانی ئێمە بێ تاکو بڕیار دەدەین یان بە کەیفی خۆمان هەڵدەبژێرین.

نا، نەخێر ئیتر ناتوانین، لەنێوان ئەوەی پێویستە لێرە یان لەوێ وەریبگرین، هەڵبژێرین. لەو بڕوایەشدام کە ژیانی ئادەمیزاد لەسەردەمە یەك لەدوای یەکەکاندا لەسەر ئەو هەڵبژاردنە دانەمەزراوە. لەراستیشدا ئەوەی خەڵك ئەنجامی دەدا بریتییە لە خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتەکان، چ ئەو پێشهاتانەی خەڵك لە بەرهەمهێنانیاندا بەشداری دەکەن یان ئەوانەی بەبێ ئەوەی مەبەستیان بن دەردەکەون. گونجانیش، واتە راهاتن لەگەڵ خۆ یان لەگەڵ کۆمەڵ، لەگەڵ رووداوە نوێیەکان، بەڵام نەك لەپێناوی ملکەچکردنو خۆبەدەستەوەدانی، بەڵکو لەپێناوی دووبارە گێڕانەوەی توانای جۆرێك لە دەسەڵات بەسەریدا. چەندیش وشیاری لەسەر جۆری ئەو پێشکەوتنەی روویداوە قووڵ بێ، ئەوەندەش تواناکان لە بەرامبەر خودی مرۆڤدا فراوان دەبن ئەوەش بۆ پاراستنی سەربەخۆییو رەسەنایەتیو بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامبوونی بنەڕەتو ژێدەرەکانی لەمیانەی ئەو پرۆسە راهاتنە پێویستەی کە ئەوسا چەند رەهەندێکی قوول دەپۆشێو دووبارە بنیاتنانەوەی واقیعو بنیاتنانەوەی بە رەسەنایەتی کردنی بنەڕەتەکان هەردووکیان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

ئەمە دەڵێینو لەهەمان کاتیشدا بیردەکەینەوە، یان راستتر بەشداری لەبیرکردنەوەدا لەگەڵ زۆربەی ئەوانە دەکەین کە لەو بڕوایەدان دەتوانین بەسەر زۆر لەو گرفتانەدا زاڵبین کە ژیانی

هاوچەرخ دەیانخاتە بەردەمان ئەوەش بەجۆرە خۆگونجاندنو تەواوکارییەك لەنێوان ئەو تازەگەرییەی سەردەم دەیسەپێنیو ئەو بەهاو یاساکاریانەی کەلەپوورمان پێشکەشمان دەکات کە بەشێکن لە ناسنامەو کەسێتیە شارستانییەکەمان. ئێمە لەو ڕێڕەوەدا دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بانگەشەکردن بۆ وەدەستهێنانی رەسەنایەتیو هاوچەرخێتی ئەگەر بۆ ئەو ئاستە بەرز نەکرێتەوە کە بکرێتە بانگەشەکردنێك بۆ خۆگونجاندنێکی وشیارانە لەگەڵ پێشهاتەکان بۆ مەبەستی زاڵبوون بەسەریاندا ئەوا تەنها وەك بانگەشەیەك دەمێنێتەوەو شەپۆلەکانی ئەو گۆڕانو گۆڕانکارییانەی خۆی بەسەر ژیانی هاوچەرخدا دەسەپێنێ بەولاو بەولایاندا فڕێدەدەن. لە خوارەوەش چەند شتێك لەوانەی بە مێشکماندا دێن دەخەینە بەرچاو کە لەو بڕوایەداین ببێتە هۆی ئاگادارمان سەبارەت بە هەندێ لایەنی ئەو گرفتەی خراوەتەڕوو.

کاتێ هەندێ لە یاسازانە ئوسولییەکان، ئەوانەی دوای (داخرانی) دەرگای کۆششکاری ئاراستەیەکی نوێگەرییان گرتەبەر، بیریان لە بنیاتنانەوەی رەسەنایەتی بنەڕەتەکانی زانستی شەریعەت (فیقهی) لەسەر بنچینەی بنیاتەکەیو لەسەر مەبەستەکانی شەریعەت کردەوە، لەجیاتی تەنها پشتبەستن بە پێوانەکردن لە کۆششکاریدا، پێوانەکردنی ئەو بەشە بچووکانەی دەقیان پێ نەهاتووە لەسەر ئەو بەشە بچووکانەی دەقیان پێ هاتووە. لەو (بنەڕەتەی) خوارەوە دەستیان پێکرد کە ئەمەیە (شەریعەت لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئێستاو داهاتوو دانراوە) مەبەستەکانیشی (واتە مەبەستەکانی شەریعەت) بەگوێرەی ئەمە دەکرێنە سێ بەش: زەرورەتەکانو، پێویستییەکانو، چاککردنەوەکان. کەچی زەرورەتەکانیشیان لەپێنج شت پێکهێناوە کە لە خوارەوە یەك لەدوای یەکدان: ئایینو دەروونو هۆشو وەچەو سامان (هەندێکیش دەروونیان پێش ئایین خستووە)، پێویستییەکانیش بریتینە لە هەر شتێك لەو شتانەی لەپێناوی لابردنی تەنگو چەڵەمەو ناخۆشی کاری پێدەکرێ، وەك ڕێگەدان بە گەشتیار یان نەخۆش لە رەمەزاندا رۆژوو بشکێنێ، یان وەك ڕێگەدان بە چێژوەرگرتن لە شتە بە تامەکانی کە لە هەموو بوارەکاندا رەوانە (حەلالن)...هتد، چاککردنەکانیش بریتینە لە وەرگرتنی ئەو دابو نەریتو



پێشهاتانەی هۆش پەسندیان دەکاتو هەروەها خۆلادان لەو شتانەی هۆش بە خراپیان دادەنێ، چ لەبواری زەروورەتەکان یان پێویستییەکاندا.

پاشان بۆ هەر بەشێك لەو بەشانە تەواوکەریان زیادکرد، بە جۆرێك نەبێتە هۆی لەکارخستنی بنەڕەتێك لە بنەڕەتەکان، هەروەها مەبەستە زەروورییەتەکانیان کردە بنەڕەتێك بۆ پێویستیو چاککردنو تەواوکارییەکان، لە کلاوڕۆژنەی ئەوەوە کە (بەرژەوەندییەکانی ئایینو دونیا لەسەر ئەم پێنج کاروبارە ناوبراوەدا بنیاتنراون) کە هەر پێنجیشیان بریتین لە پاراستنی ئایینو دەروونو هۆشو وەچەو سامان. ئەوەشیان فەرمووە کە ئەو پێنج کاروبارە لە ڕێگای بەدواداگەڕاندا لایان چەسپاوە نەك بە تەنها لە ئایینی ئیسلامەوە، بەڵکو بە (سەیرکردنی واقیعو دابو نەریتی میللەتانو شەریعەتەکانیان).

شەریعەتزانە کۆنەکان، وەك گوتمان، لەرێگای بەدواداگەڕان، زەروورەتەکانو ئەوانی دیکەیان دەستنیشانکرد، واتە بە رەچاوکردنی هەلومەرجە شارستانییەکانی سەردەمی خۆیان لەلایەكو، پێگیرکردنیش لەسەر فەرمانەکانی شەرعو شتە قەدەغەکراوەکانی لەلایەکی دیکە، بۆیە زەروورەتەکانیان والێکرد کە پاراستنی ئایینو دەروونو هۆشو وەچەو سامان بگرێتەوە. بە زۆریش لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامی بیریان لەو پێنج کاروبارە کردەوە کە ئەو کۆمەڵگەیە لەسەردەمی ئەواندا هەر بەخۆی جیهانێکی سەربەخۆ بووو سەر بە هیچ لە کۆمەڵگاکانی دیکە نەبوو هیچ ناوێکیشیان نەبوو، چونکە ئەوکات تەنها کۆمەڵگای عەرەبی ئیسلامی ناوو دەنگی هەبوو کە شارستانییەتەکەی هی سەرجەم جیهان بوو. کەچی ئەمڕۆ، ئێمە لەجیهانێکی دیکەدا دەژینو بووینەتە دواکەوتەی خەڵکی دیکە نەك خەڵکی دیکە دوامان بکەوێت، لەجیهانێکدا دەژین کە تیایدا رەوشەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووەو مافو ئەرکەکان گەشەیان سەندووەو هاڤرکێکاریو هەڕەشەکانیش زۆر بوونە، بۆیە پێویستە لەسەر هەر یەکێك، کە بە دڵسۆزی بیر لە تازەگەری دەکاتەوەو دەیەوێ دەرگای کۆششکاری بکاتەوەو رەسەنایەتیو هاوچەرخێتی هەردووکیان پێکەوە وەدەستبێنێ، دەبێ ئەو گۆڕانکارییانە لەبەرچاوی بن کە دێنە پێشو لەهەمان کاتیشدا گۆڕانکاری زۆرنو رەگیان قووڵە.

بەڕاستیش، ئەو پێنج کاروبارەی کە شەریعەتزانە کۆنەکانمان (زەرووڕەتیان) کردۆتە یەکێك لەوان، پێشترو ئێستاش‌و لەمەودواش بەراستی بە کاروباری زەرووری دەمێننەوە، واتە ئەو زەروورەتانە چەند مەبەستێکی بنەڕەتین بۆ هەر شەریعەتێك کە بیەوێ بەراستی خزمەتی (بەرژەوەندییەکانی خواپەرستان) بکات. کەچی ئەمڕۆ (بەرژەوەندییەکانی خواپەرستان) تەنها هەر پاراستنی ئایین‌و دەروون‌و هۆش‌و وەچەو سامان نییە، بەڵکو سەرباری پێنج کاروبارە ناوبراوەکە چەند کاروبارێکی دیکەش دەگرێتەوە، کە لەو بڕوایە داین دەبێ لێرەدا بیانخەینە بەرچاو، لەمانەش: مافی ئازادی رادەربڕین‌و ئازادی چوونە ریزی سیاسی‌و، مافی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران‌و هی دیکە لەمجۆرەو، مافی کارو نان‌و خانووو جل‌و بەرگ‌و، مافی فێربوون‌و خۆچارەسەرکردن... هەروەها چەند مافێکی هاوچەرخی دیکەی هاووڵاتی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا. کەچی دەربارەی پێویستییەکان، سەرەڕای ئەوانەی شەریعەتزانە کۆنەکان باسیان کردوون، چەند پێویستییەکی نوێش هەنە، وەك پێویستبوون بە تەندروستی‌و خۆپارێزی لە نەخۆشییەکان ئەوەش بەدابینکردنی چەندین نەخۆشخانەو هی دیکە، هەروەها پێویستبوون بەو شتە زۆر پێویستانەی بۆ چالاککردنی داهێنانە هزرییەکان لە بوارە جیاجیاکانی زانستی‌و هونەری‌و دیدەنی، دیسان پێویستبوون بەو شتانەی کە بۆ وەرگرتنی زانیاری راست‌و دروست دەربارەی واقیع‌و رووداوەکان پێویستن... کەچی دەربارەی چاککردنەکان، کە سەردەمی ئەمڕۆمان پێویستی پێیانە، ئەوا هەروەك دەڵێن، بە کەیفی خۆت دەربارەیان بدوێ‌و هیچ شەرعی ناوێ.

بەڵام ئەوانەی باسکران تەنها رووێکن لەو زەروورات‌و پێویستی‌و چاککردنکارییانەی ژیان لەو سەردەمەماندا پێویستی پێیانە، ئەو رووەی کە بەمافەکانی هاووڵاتی‌و پێویستییەکانی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا پەیوەستە. کەچی رووەکەی دیکە، سەبارەت بە تێکڕای نەتەوە، بەوە پەیوەستە کە زەرووری‌و پێویست‌و چاککەرەوەو تەواوکارە.

لەو بڕوایەشداین هیچ مشتومڕێك لەسەر ئەوە نییە کە ئەمڕۆ یەکێك لە زەروورییاتی مانەوەی عەرەب وەك نەتەوەیەکی بەهێز لەو سەردەمەدا ئەوەیە کە بەلایەنی کەمەوە



دەوڵەتەکانی ئەم نەتەوەیە یەکدی بگرن، ئەو یەکدیگرتنەش بەهۆی نەخشەدانانی هاوبەش‌و هاریکاری راستەقینەو لەسەر یەکێتی تەواو یان فیدراڵی... گومانیش لەوەدا نییە کە هەموو عەرەب ئەمڕۆ دان بەوەدا دەنێن یەکێك لە زەرووراتەکانی جێگیربوون‌و ئارامی قەوارەی عەرەبی‌و دەستەبەربوونی رادەی کەمی ئەو یەکێتییە بریتییە لە: رزگارکردنی فەلەستین‌و رێگادان بە گەلەکەیەتی بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان بەخۆیان دیاریی بکەن... هەموو کەسێکیش لەگەڵ ئەوەدایە کە زەرووڕەتەکان گەشەپێدان‌و بەرەوپێشەوەچوون لە نیشتمانی عەرەبی‌و لەو سەردەمەی ئێستاماندا پێویستی بەوە هەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتە عەرەبییانە لەسەر کۆڵەگەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دابمەزرێ‌و دەسەڵاتیش تیایاندا لەسەر چەندین بنچینەی دیموکراسی راستەقینە بنیات بنرێ. سەبارەت بە پێویستییەکانیش ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن: پێویستییەکانی پەرەپێدان‌و، پێویستییەکانی رزگاربوون‌و، پێویستییەکانی هێزو خۆڕاگری...هتد.

دەربارەی چاککردنەوەکانیش، ئەوانەش لە ژماردن نایەن، هەروەها سەبارەت بەوانەش کە زەروورییات‌و پێویستییەکان‌و چاککردنەکان تەواو دەکەن، دەتوانین بڵێین بریتین لە: پارێزگاریکردن لەناوی نەتەوە ئەوەش بەخۆلادان لەهەر شتێك کە بەهاو رەوشتەکانی ئەو نەتەوەیە خراپ بکات، هەروەها زەرووڕەتی بڵاوکردنەوەی تیشکی بەها رەونەقدارەکانی‌و، وەدەستهێنانی چەندین لایەنگیرو هاوپەیمان بۆ دۆزە چارەنووسسازییەکانی، لەهەر لا و ئاستێکدا.

ئەمانە بوون ئەو زەروورات‌و پێویستی‌و چاککردنانەی کە سەردەمەکەمان دەیانخاتە گۆڕێ، هەندێکمان وەك نموونە باسکردن، بێگومان ئەوانەی ئێستا، نە لەجیاتی ئەوانەی پێشترن کە یاسازانەکانمان لە پێنج کاروبارەکانی ناوبراودا ئاماریان کردوون‌و نە هەڵیاندەوەشێننەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمانە تەواوکەریانن، هەروەها زیاتریش لەوە چەند مەرجێکی زەرووریان بۆ دابین دەکەن بۆ ئەوەی لەژیانی هاوچەرخدا بپارێزرێن.

دواییەکەش بەو قسەیە بە کۆتا دەهێنین کە ئەگەر چەند زەروورەتێکی گشتی زیندوو، وەك ئەوانەی یاسازانەکانی دوێنێمان سەرژمێریان کردوون، هەبێ، ئەوا هەر سەردەمێك زەروورەتو پێویستیو تەواوکارییەکانی خۆی هەیە. بەمجۆرەش کاتێ لەوە سەردەکەوین کە زەروورەتەکانی سەردەمی خۆمان بکەینە بەشێك لە مەبەستەکانی شەریعەتمان، ئەوا لەوانەیە نەك هەر تەنها لەپێناوی کردنەوەی دەرگای کۆششکاری لە رووداوەکانی تازەگەریو پێشکەوتووەکەمان کارمان کردبێ، بەڵکو لەوانەیە هەروەها لە بە رەسەنایەتیکردنی بنەڕەتەکانی هەمان شەریعەتمان، کارمان بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەستپێکرد کە وەڵامدانەوەیەکی زیندووبێ بۆ هەر گۆڕانکارییەك روودەدا یان سەرلەنوێ دەردەکەوێ.

**٩- خۆتان لەو رادە شەرعییانە (حدود)انە بپارێزن کە بۆنی گومانیان لێدێ:**

فەرموودەیەکی پێغەمبەر دەڵێ:(تا دەتوانن خۆتان لە رادە شەرعییەکانی (حدود)ی سەر موسڵمانان بپارێزن، ئەگەر رێدەرچەیەکتان (مەخرەج) بۆ موسڵمانێك دۆزییەوە، لێیگەڕێن با دەرچێ، چونکە ئەگەر پێشەوا لە لێبوردندا هەڵە بکات باشترە نەك لە سزاداندا).

هەر لە دەستپێکردنی هەڵسانەوەی عەرەبی نوێ کە کزەباکەی لەگەڵ (ئەفغانی)و (عەبدە) بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هەڵیکرد، دروشمی (جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی) لەو دروشمانە بووە کە جەماوەری موسڵمانان لەپێناو ژیانێکی ئازادانەو خۆش، بەرزیان کردۆتەوە، تێکڕای موسڵمانانی جیهانیش چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکەن شەریعەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی ئەوتۆ جێبەجێ بکرێ کە زوڵمی کۆمەڵایەتیو سیاسی لابەرێتو ئازادیو سەربەرزیش بۆ هەر مرۆڤێك دەستەبەر بکاتو بواری کاری چاكو رەوشتی بەرز برەخسێنێ، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای ژیان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، بەڵکو لەسەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.



ئۆمەتی ئیسلامو هەروەها زۆر لە هزرمەندانی ئیسلام ئاگاداری ئەوەن کە بەتەواوی دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئیسلامییانەی سەربەرز، لەچەند بارودۆخێکی لە عادەت بە دەرنەبێ ئەنجام نادرێ، لەکۆتایی گەشتی مرۆڤیش لەسەر ئەم زەوییەدا، بەتەواوی جێبەجێکردنی شەریعەتو جێبەجێکردنی دادەپەروەری بەگشتی، بە هاتنی (مەهدی چاوەڕوانکراو) بەستراوەتەوە.

بیرۆکەی (مەهدی چاوەڕوانکراویش) هێمایەکە بۆ ئەوەی کە جێبەجێکردنی شەریعەت، واتە وەدەستهێنانی شارێکی چاکی ئیسلامی، لەسەردەمی مرۆڤدا لەسەردەمی سیستەمەکانی حوکمی مرۆڤدا بە رێژەیی دەمێنێتەوەو بەهیچ شێوەیەکیش تەواو نابێت تەنها بە هاتنی (مەهدی چاوەڕوانکراو) نەبێ کە بە تەواویو بە شێوەیەکی راستەوخۆ ویستی (ارادة)ی خوا لەسەر زەوی بەرجەستە دەکات.

لەو بڕوایەشدامە کە ئەو بیرۆکەیە لە ئیسلامداو لە سەردەمی پێغەمبەرەوە تاکو ئەمڕۆ ئەو کەسانەی ئاراستە کردووە کە خەریکی چارەسەریو کردنەوەی گرێکوێرەکان بوونە، لەوانەش خەلیفەکان یان پاشاکان یان شەریعەتزانەکان یان هی دیکە، ئەوانەی بەشێکیان، چ کەم چ زۆر، لە پەیڕەوکردنی شەریعەتی خوایی، لەلایەن مرۆڤەوە، لەسەر مرۆڤ-کە مرۆڤیش کەمو کوڕی هەیە- شتێکی رێژەییە، ئەو رێژەییەش مانایەك دەداتە ژیانی ئیسلام، چونکە ئەگەر تەواو دابین بوو نەژیانو نە شەریعەتەکان واتایان نامێنێ.

کەواتە رێژەیی ئەوەیە لە سەردەمە یەك لەدوای یەکەکاندا لەگەڵ پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامدا بووە، ئەوەش هەر لە دەرکەوتنی ئیسلامەوە خۆی، چونکە ئەو قورئانەی کە بنەماو حوکمەکانی ئەو شەریعەتەی تێدایە بە یەك جار نەهاتۆتە خوارەوە بەڵکو بەش دوای بەش لەماوەی بیستو سێ ساڵ هاتۆتە خوارەوە، بەمجۆرەش بۆیە جێبەجێکردنی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام بەو واتایە رێژەیی بوو، هەتا لە سەردەمی پێغەمبەریشدا، واتە پلە دوای پلە جێبەجێکراوە. ئەو پلەدارییەش قۆناغ دوای قۆناغ بووە: یەکەم جار حوکمێك دەهات، پاشان حوکمێکی دیکە ئەوەی پێشووی تەواو دەکرد یان هەمواری دەکرد، وەك بڵێی حوکمی یەکەم رێخۆشکەرێك بێ بۆ حوکمی کۆتایی.

هەر لە کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە تاکو رۆژی ئەمڕۆمان، ڕێژەیی مۆرکی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامە لەلایەن خەلیفەو کاربەدەستو شەریعەتزانانو کەسانی دیکە، لەراستیشدا جیاوازییەك لەو ڕێژەییەدا هەبووە. ئەگەر جێبەجێکردنی شەریعەتیش ڕێژەکەی بۆ هەشتا یان نۆهەد لە سەدا، یان زیاتر، لە سەردەمی چوار خەلیفەکانی راشیدەین بەرز بووبێتەوە، ئەوا دوای ئەوە زۆر دابەزی، هەتا تەنها دوای رۆیشتنی سەدەیەك دوای دەرکەوتنی ئیسلام خەڵك هەستیان بەوە کرد کە شەریعەت وای لێهاتووە جێبەجێ ناکرێ، بۆیە وشیارییەك لای لێپرسراوان، ئەوانەی سۆزی ئایینی راستەقینەو رەوشتی بەرزیان هەبوو، گەڵاڵە بوو، ئەویش ئەوەبوو کە جێبەجێکردنی شەریعەت وای لێهاتووە پێویستی بە پلە دوای پلەبێ، وەك بڵێی ئیسلام تازە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بێ.

دەربارەی ئەمەش خەلیفەی (پێنجەم) عومەری کوڕی عەبدولعەزیز شتێکی دەربڕیوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان (عەبدولمەلیك)ی کوری پێی دەڵێ: (بۆچی کاروبارەکان جێبەجێ ناکرێت، بەو خوایەی هیچ گوێ نادەمێ ئەگەر مەنجەڵەکان لەپێناو هەقدا منو تۆی کوڵاند؟) بە گوزارشتی سەردەمی ئێمە ئەمە واتایەکەیەتی: بۆچی شەریعەت بەتەواوی جێبەجێ ناکەی، هەرچی دەبێ با ببێ. عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، رەزای خوای لێبێ، وەڵامی دایەوەو گوتی: (کوڕی خۆم پەلە مەکە، خودا لە قورئاندا دوو جار زەمی (مەی) کردووەو ئینجا لە سێیەم جاردا قەدەغەو حەرامی کردووە. منیش دەترسم هەق بە کۆمەڵ لەسەر خەڵك بار بکەمو نەتواننو بە کۆمەڵیش رەتی بکەنەوەو ئاژاوە دروست ببێ.

ئەمە لایەك، لایەکی دیکەش ئەوەیە کە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام واتای ئەوە نییە تەنها رادەیان سنوور (حد) دابنرێ، بۆ نموونە وەك بڕینی دەستی دز. بەڵکو چەندین بنەماو حوکمی دیکە هەیەو پێویستە جێبەجێ بکرێن. وەك بنەمای (راوێژکاریی) لەژیانی سیاسیداو، بنەمای (هەر وەختە هەژاری ببێتە گومڕایی) لەژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریداو، بنەمای (هل یستوي الذین یعملون والذین لا یعملون) واتە ئەوانەی کاردەکەنو ئەوانەی کار ناکەن وەکو یەکن[1] لەژیانی هزریداو، بنەمای (خەڵك وەکو دانەکانی شانەوانە) لە لایەنە جیاجیاکانی ژیاندا...هتد.



لەو باوەڕەدام کە جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە دەبێ پێش هەندێ سنوورەکانی یان رادەکانی (حدود)ی شەرعی بکەون، بەتایبەتی سنووری (حد)ی دزیی، چونکە نەمانی ئەو هۆیە بابەتییانەی پاڵ بە دزەوە دەنێ بۆ ئەوەی دزیی بکات مەرجێکی پێویستە بۆ ئەوەی لێپرساوێتی تەنها بکەوێتە سەر هۆیەکانی تایبەت بە کەسەکە. ئاشکراشە کە سنوورەکان یان رادەکان (حدود) تەنها خۆیان مەبەستو ئامانج نینە، بەڵکو هۆکارێکن بۆ لابردنو سەرکۆنەکردنی ئارەزووە تێکدەرەکانی تاکە کەسێك، واتە ئەوانەی زیان بە بەرژەوەندی کۆمەڵ، بەرژەوەندی میللەتو نەتەوە، دەگەیێنن.

نەك هەر ئەوەو بەس، بەڵکو جێبەجێکردنی سنوورەکان (حدود)، وەك بڕینی دەستی دز، بەپێی فەرموودەیەکی پێغەمبەر رێکخراوەو حوکمی پێ وەرگیراوە کە دەڵێ: (خۆتان لەو رادە شەرعییانە (حدود) بپارێزن کە بۆنی گومانی لێدێ) ئەو فەرموودەیەش بووە بنەمایەکی بنەڕەتی لە شەریعەتی یان لەدانانی شەریعەتی ئیسلام. هەروەها فەرموودەیەکی روونترو بەهێزتر هەیە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (ادراوا الحدود عن المسلمین ما استطعتم، فان وجدتم للمسلم مخرجا فخذوا سبیله، فإن الإمام لأن یخطيء في العفوا خیر من ان یخطیء في العقوبة)، واتە تا دەتوانن سنوورەکان (الحدود) لە موسڵمانان دوور بکەنەوە، بۆیە ئەگەر رێدەرچەیەکتان بۆ موسڵمان دۆزییەوە لێیگەڕێن با دەرچێ، چونکە ئەگەر پیشەوای ئایینی لە لێبوردن هەڵە بکات باشترە لەوەی لە سزادان هەلە بکات. وەك هەستکردنێك لە لایەن شەریعەتزانانەوە (فەقیهەکانەوە) سەبارەت بە نیازی ئەو فەرموودەیە، زیاتر چوونە ناو بازنەی ئەو گومانەی کە سنوورەکان (حدود) دەڕووخێنێ، تاکو گوتیان: (هەر تەنها گومانکردن لە دەرەنجامی ئەو تاوانەی پێویست بە سنوور (حد) دەرکردنە، ئەوا بەبێ ئیسپاتکردنی ئەو تاوانە سنووری (حد)ی لەسەر نامینێ).

کارەکەش هەر لەمەوە ناوەستێ، بەڵکو شەریعەتزانەکانو بەتایبەتیش پێشەوا ئایینییە مەزنەکانمان، سەبارەت بە مەسەلەی سنوورەکان (حدود) چەندین هەوڵی کۆشکارییان هەیە، لێرەشدا تەنها باسی ئەوانەیان دەکەین کە تایبەتن بە دزی.

بۆ بڕینی دەستی دز، ئەو شەریعەتزانانە ئەوەیان بە مەرج داناوە کە شتە دزراوەکە دەبێ بگاتە رادەیەکی دیاریکراو، هەندێکیشیان ئەو رادەیەیان بە سێ درهەم دیاریکردووە (وەك ئیمامی مالكو فەقێهەکانی حیجاز)، کەچی هەندێکی دیکەیان بە (دە) درهەمیان دیاریکردووە (فەقێهەکانی عێراق).

جیاوازیش لەم خاڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی خوردکردنەوەی پارەکە یان خەرجکردنی، چونکە هەر یەکە لەو فەقێیانە لە وڵاتی خۆی بڕی پارەکەی بەگوێرەی بەهای ئەوەی دەستی دزی —لە سەردەمی پێغەمبەر- پێ دەبڕا دەخەملاند. هەروەها ئەگەر کۆمەڵە کەسێك دارایییەك یان پارەیەکیان بدزیبوایەو پارەکە بگەیشتبوایە ئەو رادەیەی کە (حد) لەسەر هەر یەکێکیان دابندرێ، ئەوا دەستی هیچ کامێکیان نەدەبڕا، ئەوەش وەك کارکردنێك بەو بنەمایەی کە دەڵێ: (دەستێکی زۆر لەو حالەتانە مەبڕن کە شەرع بڕینی یەك دەستی تێدا بە پێویست زانیوە)، هەروەها مەرجیشیان سەبارەت بە پارە یان سامانە دزراوەکە دانا کە دەبێ لەلایەن خاوەنەکەیەوە پارێزراوبێ بەجۆرێك بە ئاسانی نەدزرێ، لەو بنەمایەشدا پشتیان بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر بەستابوو کە دەڵێ: لاقطع في ثمر معلق ولافي حريسة جبل)، واتە ئەوەی بەری دار لەسەر داری باخچەی یەکێکی دیکە لێدەکاتەوە، یان ئەوەی مەڕ لە مێگەلی یەکێك دەدزێ کە خاوەنەکەی لە چیا، واتە لەشوێنێکی داخراوی پێوەنەدراو، دەیانلەوەڕێنێ، ئەوا ئەو دزەدەستی نابڕێ، چونکە لێرەدا خۆپارێزی دابیننەکراوە، واتە خاوەنی شتەکان بە تەواوی شتەکانی خۆیان نەپاراستووە. سەبارەت بە شتومەکی ناو ماڵیش جیاوازیان لەنێواندا هەبوو، بەڵام لەسەر ئەوە رێککەوتن کەبوونی دەرگای ماڵو پێوەدانی بریتییە لە خۆپارێزی، هەروەها لەسەر ئەوە رێکبوون کە هەر کەسێك لەماڵێك دزی کردو ئەو ماڵە لە خانووێکی هاوبەش دابوو، ئەو کەسە تاکو لەو خانووە دەرنەچێ دەستی نابڕێ، سەبارەت بە خانووی هاوبەشیش جیاوازیان لەنێواندا هەبوو، هەندێکیان گوتیان، ئەگەر دزەکە دانیشتووی خانووەکە بێت ئەوا دەستی دەبڕێت بەڵام بە مەرجێ لەخانووەکە دەربچێت، هەندێکی دیکەش گوتیان دەستی نابڕێ تەنها ئەو کاتە نەبێ بەجێدەهێڵێ، سەبارەت بە راوبۆچوونی ئیمامی



(مالك)یش ئەوەیە کە دەڵێ، دەستی ئەو کەسە نابڕێ کە شتێکی وەك زێڕو هی دیکە لەم چەشنەی لە منداڵێك دزی، چونکە منداڵ ناتوانێ شتەکانی خۆی بپارێزێ.

هەروەها پێشەوا ئایینییەکانی خاوەن رێباز هەموویانو فەقێیەکانی سەر بەوان کاریان بە بنەمای (ادراوا الحدود بالشبهات- خۆتان لەو رادە شەرعییانە بپارێزن کە گومانیان لێدەکرێ) دەکرد بۆیە گوتیان: گومانی بەهێزی مەلیك سنوور (حد) لادەبات، بڕیاریشیاندا کە ئەگەر کۆیلە پارەی یان سامانی خاوەنەکەی خۆی بدزێ دەستی نابڕێ ئەگەر یەکێك لە ژنو مێرد ماڵی ئەوی دیکە بدزێ دەستی نابڕێ، هەروەها بە بۆچوونی ئیمامی مالك ئەگەر باوك ماڵی کوڕی دزی دەستی نابڕێ. ئیمامی (شافعی)یش دەڵێ ئەستوونی وەچە (عمود النسب)، چ لە خوارەوە بۆ سەرەوەو چ لە سەرەوە بۆ خوارەوە، دەستیان نابڕێ، واتە ئەگەر کوڕێك ماڵی باوکی یان باپیری یان باپیری باپیری...هتد، یان باوکێك ماڵی کوڕی یان کوڕی کوڕی...هتد دزی، دەستی نابڕێت. (ئەبو حەنیفە)ش خوشكو دایكو ئەوانی لەمجۆرەی خستۆتە ریزی ئەمانە، واتە ئەوانەی پێکدی ناشێن دەستیان نابڕێت ئەگەر ماڵی یەکدیان دزی.

جیاوازیشیان دەربارەی ئەو کەسە هەبوو کە لە (بيت المال) یان لە دەستکەوتی جەنگ (المغانم) دەدزێ کە هەندێکیان گوتیان دەست بڕینی تێدانییە. هەروەها کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئەگەر دزێك شتێکی دزیو لەسەر دزینی ئەو شتە دەستی بڕا، پاشان دووەم جار هەمان شتی دزییەوە ئەوا لەم حالەتەدا دەستی نابڕێ. هەموو فەقێیەکانیش لە ئیسپاتکردنی دزیی ئەوەیان بە مەرج دانا کە دوو شایەتی دادپەروەر هەبن، یان دزەخۆی دان بە دزینەکەی خۆی بنێ ئەگەر ئازاد بێت، بەڵام ئەگەر کۆیلە بێ، ئەوا جیاوازی لە نێوانیاندا هەبوو کە ئایا دانپیانانەکەی رەچاو دەکرێ یان نا ؟

بەهەر حاڵ، لابردنی رادە (حد)، واتە نەبڕینی دەست لەبەر بوونی هەر گومانێك، واتای ئەوە ناگەیێنێ کە تاوانبار بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بێ تاوان دەبێ. لادانی رادە (حد) چ لەدزی یان لەداوێنپیسی (زینا) یان لە خواردنەوەی مەیو تاوان بە درۆخستنە پاڵ، واتە لابردنی جۆرێك سزای تایبەتی کە دەقی پێ هاتبێ (وەك دەست بڕین، لێدانی قامچی-

جلد...هتد) ئەمەش پێی دەڵێن هەقی خودا. دوای ئەوەش هەقی گشتی دەمێنێتەوە کە سزای دیکەی پێ دەدرێ، بۆ نموونە وەك بەندکردن لە حالەتی ئیسپات نەبوونی بێ تاوانی تاوانبار، ئەمەش بۆ تەمبێکردنو پاڵپشتیکردن... ئەوەش ئەوە دەگەینێ کە هەموو ئەو حوکمانەی فەقێیە کۆنەکان دەریانچواندووەو ئەوانەی دادگاکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بە نوێتی دەریاندەکەن، چەند حوکمێکی ئیسلامی ئەوتۆن کە تیایاندا شەریعەت لەپێناوی تەمبێکردنو پاڵپشتیکردن جێبەجێکراوە... واتە جێبەجێکردنێکی ڕێژەیی بووە، کەچی جێبەجێکردنی تەواو ئەوەیە کە ئەو سنوورەی (حد)ەی بۆی دانراوە ئەنجام بدرێ، بۆیە لەو بڕوایەدام کە کارکردن بە بنەمای (ادراوا الحدود بالشبهات) والە هەر قازییەکی خاوێنو دەستپاك دەكات کە بەر لە بڕیاردان هەڵوەستەیەکی زۆر بکات. لەوانەشە ناچاربێ تەنها بە بەندکردن پاڵپشتی بکات، بەتایبەتی لە گۆڕەپانی دزیندا، مادامەکی وا لە مرۆڤ بکات ناچار نەبێ لەژێر فشاری پێویستی دزی بکات. شتێکی زانراویشە کە عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی برسێتی رادەی (حد)ی لەسەر دزیی ڕاگرت.

سەرباری ئەوانەش، گومانەکانی ئەم سەردەمەمان بەهۆی ئاڵۆزی ژیانی هاوچەرخو جۆراجۆربوونی هاندەرەکانی ئەم ژیانە، زۆرنو چەندین لقیان لێبۆتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ سزای توندی یان پاڵپشتیکەری وەك بەندکردنو پێبژاردن بەسەو لەوانەشە ببێتە زەرووەت. کەچی ئەگەر گومانەکانی سیاسەتمان خستنە سەر، ئەوا ئەوکاتە فەرمانی جێبەجێکردنی سنوورەکان (حدود) لەگەڵ مەبەستو پاڵنەرە سیاسییەکان بە یەکدی دەچن، ئەمەش گومانە... وەك هەر گومانێك!

### ١٠- دەربارەی (پەیڕەوکردنی تەواوی شەریعەت):

برای خوێنەر زۆر لەو کێشانە هەنە کە مژووڵ و سەرقاڵمان دەکەنو نێوانمان تێکدەدەنو بەرەو دووبەرەکیو ناحەزیمان دەبەنو، هەندێ جاریش بۆ ئەوەمان دەبەن کە ناوو ناتۆرە لە یەکتر بنێین... ئەوانە لە ڕاستیدا کێشەی بابەتی نینە... کێشەی ئەوتۆن شتی گرنگمان



لەبیر دەبەن، بێجگە لە شتە گرنگترەکانیش لە سەرەتای هاوینی ئەم دواییە[٢] لە میسر مشتومڕێك، کە بێ توندوتیژی نەبوو، دەربارەی چەندێتی پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلام لە سەردەمەکانی مێژووی ئیسلامدا، وروژێندرا. ڕۆژنامەنووسی عەرەبی ناسراو (احمد بهاءالدین) لە گۆشەکەی خۆی لە ڕۆژنامەی (الاهرام) وتارێکی نووسی تیایدا دەڵێ: شەریعەتی ئیسلام لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامی پەیڕەونەکراوە. وتارەکەی مامۆستا بهاءالدین چەند کاردانەوەیەکی لەلایەن ئەو نووسەرو هزرمەندانەوە وروژاند کە گرنگی بە دۆزەکانی ئیسلامو هزری ئیسلامی دەدەن، ئەم کاردانەوەش، یان ئەو ڕەتدانەوانەش لە زیاتر لە ڕۆژنامەیەك بڵاوکرانەوە، ئەمەش وای لەمامۆستا (بهاءالدین) کرد ڕەتی ئەو ڕەتدانەوانە بداتەوەو راو بۆچوونی ژمارەیەك مامۆستایانی ئەزهەر یان دەرچووانی ئەزهەر بەشایەتی بهێنێتەوەو ئەوە دووپات بکاتەوە یان بسەلمێنێ کە شەریعەتی ئیسلام لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامدا بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو تەنها لەماوەیەکی کەمی دیاریکراودا جێبەجێکراوە، کە ئەویش سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکانی ڕاشدینە. گومان لەوەشدا نییە کە مامۆستا (بهاءالدین) دڵخۆش بووە، یان دەتوانم بڵێم (خۆی لە تەنگژە رزگار کردووە) کاتێ کە بینی مامۆستا دەسەڵاتدارەکانی ئەم بابەتە، واتە شێخە دەرچووەکانی ئەزهەر، ئەوە دەسەلمێنن کە شەریعەتی ئیسلامی لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامدا، سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشدین، بە تەواوی جێبەجێ کراوە، دوای ئەوەش چەند سەردەمێك یان ماوەیەك هاتوون شەریعەتیان تێدا بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە.

هەر لەو کاتەشەوە کە نووسینەکانی مامۆستا (بهاءالدین)و هی ئەوانەی ڕەتیان داوەتەوە، هەروەها ڕەتدانەوەی مامۆستاش بۆ ئەوانم خوێندۆتەوە، من لەناخی دەروونمدا وا هەست دەکەم کە ئەو شێوە وروژاندنە بریتییە لە چەند گرفتێکی (ساختەکاری)، واتە ئەو گرفتانەی نە هیچ بنەڕەتیان هەیەو نەهیچ سوودێك لە وروژاندنیاندا هەیە.

ئەوەش چونکە ئەو بایەخەی، بەڵکو ئەو مەترسییەی، دراوەتە بابەتەکە، بە بڕوای من، هیچ پاساوێکی نییە، تەنها بۆ ئەوە نەبێ کەکەشو هەوایەکە (یان بارودۆخەکە) زۆر گەرم

بکەن یان ژەهراوی بکەن، ئەو بارودۆخەی کە سۆزو هەڵچوون بەسەر بیرکردنەوەدا زاڵدەبێتو دوورەپەرێزی باڵی بەسەر ئەو بارودۆخەدا دەکێشێو دوای ئەوەش رووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە ناحەزان دەستپێدەکات، ئەوەش بە مەبەستی کۆڵپێدانو سەرکوتکردنی بەر لەوەی قسەی تەواو بکات یان هەموو گومانەکانی باس بکات.

بەسەربەرزیشەوە دان بەوەدا دەنێم، کە بەرامبەر بەوە سوپاسی خوا دەکەم، کەمن تا رادەیەکی زۆر لەو بارە ویژدانییەی کە خاوەنەکەی دەخاتە هەڵوێستێکی بەرگریکردنو لاواز، هەست بە ئازادبوون دەکەم، هەتا ئەگەر پێویستیش بەم هەستکردنە نەبێ-من هیچ شلۆقییەك نە لە ئایینیمو نە لە ویژدانمو نە لە هۆشم نابینم، ئەگەر بڵێم شەریعەتی ئیسلام قەتو قەتو رۆژێك لەرۆژان بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە، ئەوە دەڵێمو من واتاو مافی هەر وشەیەکیش دەدەم کە ئاماژە بەچی دەکات، بەتایبەتیش وشەی (بەتەواوی) کە بۆ دەرخستنو سەلماندنی خستوومەتە نێوان ئەو جووتکەوانەیە، چونکە کاکڵەی مەسەلەکەیە، ناویشی بە (گرفت) ناهێنم چونکە بابەتەکە هەمووی، بەدیدی من، ئاشکرایەو نە گرفتو نە دژواری تێدایە.

وا لە خوارەوەش روونی دەکەینەوە:

١- شەریعەتی ئیسلام (بە تەواوی) لەسەردەمی پێغەمبەر لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش هەموو ئەو کەسانە دەیزانن کە زانیاریان سەبارەت بە سەربردەو ژیاننامەی پێغەمبەر هەیە، کە بریتییە لەوەی شەریعەتی ئیسلام بە یەك کەڕەتو یەك جار نەهاتە خوارەوە، بەڵکو بە درێژایی ژیانی پێغەمبەر هاتنە خوارەوە، هەر لەو رۆژەی کە بووە پێغەمبەر تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد. ئەوەش لەبەر ئەوەی قورئان، کە بنەڕەتی یەکەمی شەریعەتە، تەنها ئەو کاتە تەواوبوو کە ئەو ئایەتە بەناوبانگە هاتە خوارەوە (اليوم اكملت لكم دينكم واتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينا)[٣] دەشڵێن کە پێغەمبەر دوای ئەم ئایەتە تەنها هەشتاو یەك رۆژ ژیاوە (لەوانەشە ئایەتی دیکە لەم ماوەیە هاتبێتە خوارەوە دوا ئایەتیش کە لە قورئان هاتبێتە خوارەوە هەروەك ئاشکرایە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە). کەچی سەرچاوەی دووەمی شەریعەت، کە سەرچاوەی یەکەم روون دەکاتەوە،



سوننەتی پێغەمبەرە، واتە بریتییە لەو قسەو کردارانەی لە پێغەمبەرەوە دەرچووەو خەڵك بڕیاریان لەسەرداوە، ئاشکراشە کە ئەم بنەڕەتەی دووەمە تەواونەبوو تا ئەو کاتەی پێغەمبەر وازی لە قسەو کردار هێنا، واتە تاکو کاتی کۆچی دوایی کردنی (د.خ). کەواتە بەر لە کۆتایی هاتنی هاتنە خوارەوەی قورئانو بەر لەوەی پێغەمبەر کۆچی دوایی بکات، شەریعەتی ئیسلامی (بە تەواوی) جێبەجێ نەکراوە، ئەوەش لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە کە هێشتا ئەم شەریعەتە بەر لەو کاتی تەواو نەبووە، ئەوەش وا دەگەینی کە ئەوەی لە شەریعەتی ئیسلامی لە هەموو قۆناغەکانی هاتنە خوارەوەی جێبەجێکراوە ئەوەندە بووە کە هاتۆتە خوارەوە، ئەوەش بەشێکە لە شەریعەت نەك هەمووی.

٢- لەسەردەمی (خەلیفەکانی راشدین)یش شەریعەت لەبەر هۆیەکی سادە جێبەجێ نەکراوە ئەویش ئەوەیە کە یاوەرەکانی پێغەمبەر رووبەڕووی چەند ئایەتێکی هاتووە خوارەوەی ئەو تۆ بوون کە لەسەردەمی پێغەمبەر دەرنەکەوتبوون، بۆیە پێویستی بەوە دەکرد کۆشش بکەنو راوێژ لەگەڵ یەکدی بکەن، دەبوایە گفتوگۆ دەربارەی بکەن و راوبۆچوونی جیاواز دەربڕن و دواتریش رێکبکەون، لە هەموو حالەتەکانیشدادەبوایە یان بەهۆی کۆششکاری یان بە راکۆکی (اجماع) هەڵسوکەوت بکەن.

هەروەك دەشزانین، کۆششکاریو راکۆکی (اجماع) لە بنەڕەتەکانی یاسادانانی ئیسلامدا بە بنەڕەتی سێیەم و چوارەم دادەنرێن. ئاشکراشە کە شەریعەت بەهۆی تەواوبوونی بنەڕەتەکانییەوە تەواو دەبێ (هیچ قسەو گفتوگۆیەکیش سەبارەت بە بەڵگەی راکۆکی و کۆششکارییەوە نەبوو، چونکە هەموویان-تەنها شیعە نەبێ-دەربارەی راکۆکی و کۆششکاری یاوەرانی پێغەمبەر رێکبوون، ناکۆکی تەنها دەربارەی کۆششکاری و راکۆکی ئەوانە هەبوو کە دوای یاوەران هاتن). بۆیە قسەکردن دەربارەی (بە تەواوی جێبەجێکردنی شەریعەت) لە بنەڕەتەوە راست نابێ، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە هەر چوار بنەڕەتەکەی شەریعەت بڕیاریان لەسەر هەمووی دا، ئەمەش رووی نەدا تەنها ئەو کاتە نەبێ کە یاوەرانی پێغەمبەر هی ئەوەبوون کە گرێکوێرەکان هەڵبوەشێننەوە، واتە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین.

٣- کەچی شەریعەتی ئیسلامی هەر ئەوە نییە کە لە قورئان و سوننە و راکۆکی یاوەرانی پێغەمبەر و کۆششکاریاندا هاتووە، بەڵکو بریتییە لەوەی کە فەقێیە کۆششکارەکانی هەموو سەردەمەکان بڕیاریان لەسەر داوە و هەروەها بریتییە لەوەش کە فەقێیە کۆششکارەکانی سەردەمە جیاجیاکانی داهاتوو بڕیاری لەسەر دەدەن.

کەواتە مادامەکی شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ هاتنی پێغەمبەر بڕیاری لەسەر دراو بنەما گشتییەکانی و پایە بنەڕەتییەکانی لە سەردەمی پێغەمبەردا (بە کتێبو سوننەت) تەواو بوون و چەندین لایەنیشی روون بوونەوە و کۆششکاری یاوەرەکانیش زیاتر روونی کردنەوەو بەردەوامیش بەهۆی کۆششکاری فەقێیە کۆششکارەکان لە رابردووو ئێستا و ئایندەدا زۆرتر و زیاتر روون دەکرێتەوەو تەواوتر دەکرێن، بۆیە ناکرێ بڵێین شەریعەتی ئیسلامی لەو سەردەمە یان لەوی دیکەیان (بە تەواوی) جێبەجێ کراوە، چونکە شەریعەتی ئیسلام لەبەر ئەوەی بۆ هەموو سەردەم و کاتەکانە، بۆیە کۆششکارەکانی پێویستە بە دوای چارەو شێوەی شەرعی هەموو ئەو بابەتانەدا بگەڕێن کە لە رۆژانی ئایندە دێتنە پێش، واتە لێرەدا دەڵێم مادامەکی شەریعەتی ئیسلامی ئەوەیە کە باسمانکرد، بۆیە هیچ مانای نییە بڵێین (بە تەواوی) جێبەجێکراوە، بەڵکو راستتر وایە بڵێین ئەو شەریعەتە بەردەوام تەواو دەبێ (یان کارەکە پێویستە ئەوها بێت).

بەڵێ لەوانەیە بگوترێ: مەبەست لە (بێ پەلەیی یان تەواوەتی-کمال) بەو واتایە نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەو شەریعەتەی لە سەردەمی پێغەمبەر و سەردەمی خەلیفەکانی راشیدەین هەبووە بە تەواوی جێبەجێکراوە. ئەمەش بۆچوونێکە دەتواندرێ تەنها لەسەر ئاستی مشتومڕەوە بەو کارانەی خوارەوە بەرهەڵستی بکرێ:

- شەریعەتی ئیسلام لەسەردەمی پێغەمبەر، چ لەسەر ئاستی دەقی قورئانی یان لەسەر ئاستی سوننەتی پێغەمبەر، پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە بینی کە وای لێکرد ببێتە شەریعەتێکی زیندوو، نەك شەریعەتێکی بەستەڵەکی وشك، پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بوو کە لەبوونی (الناسخ والمنسوخ) رەنگی دەدایەوە. ئەو پرسیارەش کە لێرەدا دەتواندرێ بکرێ ئەوەیە:



ئایا ئەو حوکمانەی کاریان پێدەکراو پاشان سڕانەوە یان رەشکرانەوە (بخير منها او بمثلها)[٤] واتە بە باشتر لەوان یان وەك ئەوان، دەکەونە ناو بازنەی (بێ پەلەیی-کمال) پەیڕەوکردنی شەریعەت یان ناکەونە ناوی؟ ئایا لێرەدا (بێ پەلەیی-کمال) بۆ رەشکەرەوە، نەك بۆ رەشکراوە، نییە؟ پاشان ئایا هەموو ئەوانە لە سەردەمی پێغەمبەر بوونە ئیسلام، هەموو حوکمە بڕیار دراوەکانیان جێبەجێ دەکرد، واتە ئایا نوێژیان دەکرد و رۆژوویان دەگرت و زیناکەریان بەردباران یان قامچی خواردیان دەکرد، یان ئایا تەنها بە جاڕدانی ئیسلامبوونیان دەستی دزیان دەبڕی؟ ئایا پێغەمبەر بەوە رازی نەبوو کە شاندی هۆزەکان تەنها موسڵمانەتی خۆیان ئاشکرا بکەن (واتە شەهادەت بهێنن)، پاشان ئینجا قۆناغی (فێرکردنی کاروباری ئایینییان) دێت بەهۆی ئەو کەسەی کە بۆ ئەم مەبەستە بۆیان دەنێردرێ؟ پاشان ئایا زۆر لە عەرەبە دەشتپیەکانی ئیسلام بوون (ولما يدخل الايمان في قلوبهم)[٥] لە جێبەجێکردنی ئەو شەریعەتەی هەبوو کەمتەرخەم نەبوونو ئەمەش لە پێغەمبەر شاراوە نەبوو؟ بۆیە ئایا دەتوانین بڵێین، بە حیسابکردنی ئەمانەو ئەمانی دیش، شەریعەت یان ئەوەی لەو شەریعەتە هەبوو، لە سەردەمی بە تەواوی لەسەر هەموو خەڵك جێبەجێ کراوە، مەبەستم ئەو خەڵکانەیە کە لە سەردەمی پێغەمبەر بوونە ئیسلام.

- هەروەك ئەمەش سەبارەت بە سەردەمی یاوەرانی پێغەمبەر، سەردەمی داگیرکارییەکان (فتوحات) دەگوترێ. چونکە ئەو موسڵمانانەی لە کاتی فەتحکردندا، لەسەردەمی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو هەروەها سەردەمەکانی دواتر بوونە ئیسلام، شەریعەتیان جێبەجێ نەکرد یان بە تەنها ئاشکراکردنی ئیسلامەتییان چ بە خۆویستیو چ بە زۆری، دەبوایە بارودۆخەکان جێگیربن تا ئەوکاتەی قازیو خوێنەران دادەنرێن، واتە دەبوایە وەختێك بەسەریاندا بڕوات بێ ئەوەی شەریعەتیان بە تەواوی بەسەردا جێبەجێ بکرێ لەکاتێکدا کە ئیسلامیشن.

-ئەدی دەبێ چی بڵێین سەبارەت بە کۆششکاری خەلیفەکانی راشیدین کە هەر بەوە دەچن رەشکەرەوەو رەشکراوەیان تێدابێ: هەروەك زانراوە، ئەبوبەکر دەستکەوتەکانی جەنگی لەسەر چەندین شێوازو رێگاو پێوەرەوە دابەشدەکرد، کاتێ کە عومەری کوڕی خەتتاب

هات، ئەو شێوازو ڕێگاو پێوەرانەی بە ئیدیکە گۆڕی. کەچی خەلیفەی سێیەم عوسمان کوڕی عەفان، ئاشکرایە لە زۆر کاروباردا ڕێبازی ئەبوبەکرو عومەری نەگرتەبەر، بێ ئەوەی کە جۆرە سەرنجێك دەربارەی سالآنی دوایی خەلافەتەکەی هەبوو. کام لەوانە (بەتەواوی) شەریعەتی جێبەجێ کردووە: ڕێبازی ئەبوبەکر کە ڕێبازەکەی عومەری سڕییەوە، یان ئەو چۆنێتییەی عوسمان هەڵسوکەوتی پێکرد؟ پێویستە لەسەرمان ئەوە بڵێین کە فەقێیەکان گوتوویانە: ئەوانە کۆششیان کردووە، بەڵام ئایا هەموو کۆششکارییەك دەچێتە ناو بازنەی (بێ پەلەیی) شەریعەتەوە.

- با بگوازینەوە سەردەمەکەی خۆمان و ئەو سەردەمانەی دوای ئەو دێن، دەبا ئەوەش بڵێین کە بازنەی شەریعەتی ئیسلام کاتێ لەسەر ئەو موسڵمانانە جێبەجێ دەکرێ کە ئەوان بۆ ناو مانگ گەشت دەکەن، یان لە بۆشایی ئاسماندا دەگەڕێن، یان هەڵوێستێك دەربارەی زگپڕیی دەستکرد لە ڕێگای چاککردنی ناو لوولە شووشەییەکان وەردەگرن، زۆر لە بازنەی هەمان ئەو شەریعەتەی وەك ئەمڕۆ جێبەجێ دەکرێ، یان وەك رابردوو جێبەجێ دەکرا، فراوانترە، کەواتە ئایا لەو حالەتەدا لاربوونەوەو نزیکبوونەوەی شەریعەت لە بێ پەلەیی-تەواوی لە سەردەمەکانی پێشتر بەهێزتر نییە؟

ئەوەی دەمانەوێ لەو پرسیارکردنە مشتومڕییانە پوختی بکەینەوە ئەوەیە کە بگەینە ئەو راستییە روونو ئاشکرایەی خوارەوە:

ئەویش ئەوەیە کە (بێ پەلەیی-تەواوی) لەبواری جێبەجێکردنی شەریعەتەکان وەك لە هەر بوارێکی دیکەدا، تەواوییەکی ڕێژەییە، چ کارەکە پەیوەست بێ بە سەردەمی پێغەمبەرەکان یان سەردەمی حەواریو یاوەرەکانیان، یان ئەو سەردەمانەی دوای ئەوان هاتن و دێن. بەڵام هیچ تەواوییەك لەو دنیایەدا نییە، نە لە بواری جێبەجێکردنی شەریعەتو نە لەبواری دیکەشدا.

دواتریش، برای خوێنەر، ئایا تۆش لەگەڵ من ئەوە نابینی کە زۆر لەموکێشانەی خەریکمان دەکەن و دووبەرەکی دەخەنە نێوانمان و بەرەو نەیاری و ناحەزیمان دەبەنو



هەندێ جاریش وامان لێدەکەن ناوو ناتۆرە لە یەکتر بنێین.... ئەوانە لە راستیدا کێشەی بابەتی نینە: چەند کێشەیەکن و وا دەکەن سەرباری گرنگترینیان گرنگەکانیش فەرامۆش بکەین. گرنگو گرنگترینیش هەمیشە بە ئێستا و ئایندەوە پەیوەستن. دەبا بە تێڕوانینێکی مێژووییانە سەیری تەواوی رابردوومان بکەین، تێڕوانینێکی ئەو تۆ پشت بە (هۆیەکانی هاتنەخوارەوە) ببەستێ، با هەموو وەربگرین و وەك مێژوویيەك بۆ ئیسلام و موسڵمانان دانی پیابنێین، مێژووی بەهێزی و لاوازییان، راستی و هەڵەیان، تێڕوانینێکی مێژوویی ئەوتۆ کە (بێ پەلەیی-تەواوی) وەك بەردەوامبوونێك دەبینی، نەك وەك هەلومەرجێکی تەیاری ئامادەکراوی سەهۆڵبەندی مەییو.

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

١- القرآن الكريم (سورة الزمر) الآية ٩.

٢- ئەم وتارە لە ١٩٨٧/١٠/٥ نووسراوەو بلاوکراوەتەوە.

٣- القرآن الكريم (سورة المائدة) الآية ٣.

٤- هەمان سەرچاوە ژێدەر (سورة البقرة) الآية ١٠٦.

٥- هەمان ژێدەر (سورة الحجرات) الآية ١٤.